# کورد لەمێژووی ڕووداوەکانی سەردەمدا

# ١٩٣٠_١٩٦١

ناوی کتێب

کورد لەمێژووی ڕووداوەکانی سەردەمدا ١٩٣٠_١٩٦١

نووسەر

عبدولقادر شكاك

دیزاینی بەرگو ناوەوە:

ئومێد محەمەد

تیراژ: ١٠٠٠ دانە – نرخ: دینار

ژمارەی سپاردن

ی ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە

چاپی یەکەم ٢٠١٤

سەرپەرشتیاری کتێبەکان

بەختیار سەعید

لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان ٢٠١٤

ناونیشان: سلێمانی - کاسۆ مۆڵ - بەرامبەر مزگەوتی گەورە - نهۆمی چوارەم

سوودو سەرمایەی ئەم بڵاوکراوانە بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفال کراوانە.

مافی چاپکردنەوەی بۆ دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان پارێزراوە.

لەسەر ئەرکی (د. تەها ڕەسوڵ) چاپکراوە

# کورد
# لەمێژووی ڕووداوەکانی سەردەمدا
# ١٩٣٠_١٩٦١

نوسینی: عبدولقادر شکاك



**ئەم بەرهەمە پێشكەشە بە:**

* گیانی ئەو پیاوەی کە باوکمە ویەکترمان نەناسی وهیچ یادگاریەکمان نەبووە بەیەکەوە. بەڵام بووە بە ناسنامەم.
* ڕۆحی پاکی (دوڕی خانم)ی دایکی سمکۆی شکاك، کە بە دڕندانەترین شێوە شەهید کرا.
* ڕۆحی بێگەردی(یەشار خانم)ی خێزانی ژەنەراڵ ئیحسان نوری پاشا کە تامردن لەگەڵ یادگاریەکانی هاوسەرەکەیدا ژیا .
* گیانی پاکی (ساڵیحەخان) ی خێزانی شەهید خەیروڵلا عەبدولکەریم کە بەوەفابوو تا کۆچی دوایی کرد .
* چیرۆك نووس و ڕەخنەگر و خاوەن هەڵوێست خواڵێخۆشبوو کاکە حەمەی مام ئەوڕەحمان کە بەبێ دەنگی مرد.
* تێکڕای گیان بەختکردوانی ڕێگای ئازادی نەتەوەکەم ...

**عبدولقادرشکاك**

**دەستپێك ...**

دوای ئەوەی بیرۆکەی نوسینەوەی مێژووی کورد لە سەدەی بیستەمدا وەك بروسکەیەك بە مێشکما هات و هاندانی هەندێك لە هاورێکانیشم کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە سەرم دانا و ئەوە بوو دەستمپێکرد بە پشتیوانی خوا . کارەکەش بەباشی هات بەدەستەوە . دوای تەواوبوونی ودانانی ناوێکی شیاو بەناوی (بارودۆخی سیاسی کوردستان لە نێوان سالآنی ١٩٠٥_١٩٣٠) ئەوەی بووە جێگای سەرنجی خوێنەرانی ئەوکتێبە ، زۆر پرسیاریان لە هەلبژاردنی سالی ١٩٠٥یاخود لە سالی ١٩٠٥بۆ دەست پێ دەکات ؟

وەلآمم تەنها ئەوەیە سالی ١٩٠٥سالێکی پڕکارەساتە ئەگەر بەوردی تەماشای ئەوسالآنە بکەین زۆرترین کارەسات و ڕوداوی جۆراوجۆری تێدایە . دوای ئەوەی بەرگی یەکەم تا کۆتایی سالی ١٩٣٠ تەواو بوو . دوای تەواوبوونی کەوتەبەر دیدەی خوێنەران . پاش ماوەیەك هەرچی سەیرم کرد مێژووەکەم بەکەم و کورتی دەهاتە پێش چاو . بۆیە بیرم کردەوە کە هەرچۆنێك بێت هەول بدەم تەواوی بکەم واتە لە سالی ١٩٣٠ یەوە بۆ سالی ١٩٦١ وسەرەتای سەرهەلدانی شۆڕشی ئەیلول.ئەوەش سوپاس بۆخوا تەواو بوو جانازانم تاکوێ و تاچەند خوێنەری کتێبەکە ڕازین . بەلای منەوە گرنگ ئەوەیە ، کە بلێم هەر هێندەم لەتوانادا بووە و لەڕوانگەی بیروهزری خۆمەوە توانیومە خزمەتێك بە مێژووی نەتەوەکەم بکەم . کەم تا زۆر ئەوەش لای ئێوەی خوێنەرە.

لە کۆتایی دابەهیوای سەرکەوتن بۆ گەل و نیشتیمان تا بە ئاواتی دێرینەمان شادبین ، کە لە سەربەخۆیی کوردستاندا خۆی دەبینێتەوە .

**عەبدولقادر شکاك**

**٢٠١٣/١٢/١٣**

## ناوەرۆك


١.پێشەکی ..................................

٢.بەشی یەکەم ............................

٣.دامەزراندنی کۆماری  مەهاباد و ڕۆڵی کوڕەکانی سمکۆی شکاك.........

٤.ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان ..................

٥.ڕێکەوتنی حکومەتی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان ............

٦.خۆبەدەستەوە دانی پێشەوا قازی محەمەد........................

٧.نامەکەی قازی محەمەد پێش لەسێدارەدانی ........................

٨.ڕۆیشتنی بارزانی بۆ تاران........................................

٩.ڕۆژهەلأتی کوردستان دوای جەنگی دووەمی جیهان .............

١٠. سەردار ڕەشیدی ئەردەلأنی لەدوا ڕۆژەکانی ژیانیدا ............

١١.هەڵوێستی عەشیرەتی جوانڕۆ لەدامەزراندنی کۆماردا............

١٢.تیشکێك بۆسەر کاری ئەنجومەنی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا....

١٣.بەشی دووەم (کورد لەیەکێتی سۆڤیەتی جاران)..................

١٤.بەشی سێیەم (تیشکێك بۆ سەرکوردی سوریا)......................

١٥.بەشی چوارەم (تیشکێك بۆ سەر کوردی تورکیا)...................

١٦.بەشی پێنجەم (باشووری کوردستان دوای شۆڕشەکەی شێخ مەحموودی نەمر).....

١٧.کودەتای بەکر سدقی....................

١٨.چالاکی ڕۆشنبیری کوردی.......................................

١٩.کۆمەڵەی برایەتی...................................

٢٠.کۆمەڵەی دارکەر...........................

٢١.حزبی هیوا.........................................

٢٢.ڕەمزی نافیع ئەندامی حزبی هیوا و کردەوەی ماموٚت لە هاوینی ١٩٤٣........

٢٣.حزبی شیوعی لە کوردستان (شۆڕش).........................

٢٤.دامەزراندنی لقی سلیمانی ڕێکخراوی ژ.ك.......................
٢٥.حزبی ڕزگاری.....................
٢٦.ڕێکخراوی دەستەی کورد.................................
٢٧.شۆڕشی ساڵی ١٩٤٣ی بارزان...............................
٢٨.دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق...............
٢٩.گەڕانەوەی شێخ ئەحمەدی بارزانی بۆ عێراق..............
٣٠.بارودۆخی سیاسی دوای ڕۆیشتنی بارزانی ................
٣١.پەیمانی پۆرتسمۆپ ١٩٤٨..................................
٣٢.کۆنگرەی سێهەمی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق.........
٣٣.پەیمانی بەغدا.......................................
٣٤.خەباتی نەتەوایەتی کوردلەدیدی حزبی شیوعی عێراقەوە.........
٣٥.کۆچی دوایی شێخ مەحموودی نەمر.............................
٣٦.چالاکیەکانی قوتابیانی کوردستان.............................
٣٧.شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨بە سەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسم ......
٣٨.بەياننامەيەك بۆ گەلی کورد............................
٣٩.گەڕانەوەی بارزانی بۆ ولاَت.................................
٤٠.دامەزراندنی کاژیك لە ٤ ٤ ١٩٥٩.............................
٤١.گەڕانەوەی بارزانی بۆ ولاَت .......................................
٤٢.بزوتنەوەی شەواف.......................................
٤٣.شێخ ڕەشیدی لۆلان لە دوو ڕیانێکی بێ ئەنجامدا ............
٤٤.هەرای کەرکوك١٩٥٩..........................................

**پێشەکی:**

دەمێکــەو هــەتاکو ئێســتاش بــەردەوام لەرۆژنامــەو گۆڤارەکانــداو چــاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنــەکانما بەنووســین‌و قســە داوا دەکــەم کــە لێپرســراوان لەحکومــەتی هــەرێمی کوردســتان لــەوە ئاگــاداربن ئێمــەی کــورد بەدرێــژایی مێــژوومان داگیرکــەران ســتەمیان لێکردووین و خاکیان داگیرکردووین و مێژووەکەمانیان شێواندووە.ئێستا لە رۆژگاری حکومەتی هەرێمدا لەهەموو کاتێك زیاتر بارودۆخەکە لەبارترە بۆ نوسینەوەی مێژووی نەتەوەکــەمان ، ئــەو مێــژووەی کــە بەدەســتی ناحــەزان نوســراوەتە وە و شــێواندویانە . لــەرۆژگاری ئەمرۆمانــدا بــۆ ئێمــەی کــوردی مێــژوونووس کــات لــەبارە لــەو دەســتانە ، مێژووەکەمان پاك بکەینەوە و دووری بخەینەوە لە ئاشووری‌وبابلی ولە خامەی ئەو ناحەزانە. بەڵگەی دەستیشمان لەم نوسینەوەیەماندا کۆمەڵێك بەڵگەنامەو سەرچاوەو پاشماوەی شارستانیەتە یەك لەدوای یەکەکاندا کە هەن‌و دوژمنانمان کردوونی بەموڵکی خۆیــان و ئێمــەی کــوردیش بووینەتــە پاشــکۆیان هــەروەکو بەمێــژووی ســەلاحەدینی ئەیوبییەوە دیارە. مێژووی کوردو شارستانیەتەکەی لەسەر بەڵگە شوێنەواریەکان لای هەمووان دیارە بە دۆست‌و دوژمنیشەوە کە مێژوویەکی چەند هەزار ساڵەیە و هەتاکو ئەمرۆش رووداوەکانی ناوی روو لەزیادبووندایە . من ناڵێم لەنوسینەوەی مێژووماندا شتێك نەکراوە ، بەڵام ئەوەی هەیەو نووسراوە و لەبەردەستدایە زیاتر هی سەردەمەو ئەگەر بەراوردی بکەین بەمێژووە کۆنەکەی لە١٪ی ناگرێتەوە. ئەوەش کە هەیە زیاتر خامەی تاکەکەسی پێوە دیارە بەمانا کاری بەکۆمەڵی بۆنەکراوە بەو شێوەیەی کە عەرەبەکان لەنوسینەوەی مێژوویاندا کردوویانە. ئەوەیش لەمێژوومان نوسراوەتەوە بۆ ئەو نوسەرە بەرێزانە دەگەرێتەوە کە دڵسۆزو بە وەفان بۆ ئەو مێژووەی گەل و نیشتیمانەکەیان . لای دۆست‌و دوژمنیش ئەوە دیارە کە مێژووی گەلی کوردو بابەتی رووداوەکانی هێندە زۆرن لەناو بەڵگە نامەکانداو تۆمارە شاراوەکاندا ئەگەر سۆزی کوردایەتی‌و خۆشەویستی بۆ

نیشـتیمان لـەدڵمانا بسـوتێت، دەتـوانین لـەڕێگای چـەند  لیژنەیەکـەوە بەسەرپەرشـتی دەزگایـەکی پێشـکەوتووی زانسـتی کـاری نووسـینەوەیان لەماوەیـەکی دیـاریکراودا بـۆ ئەنجامبدەین. دیارە لەنوسینەوەی مێژووی سەردەمماندا گەلێك سەربازی نەناسراو هـەن کە توانیویانە خزمەتی گەورە لەو بوارەدا پێشکەش بکەن. یەکێك لەو نوسەرانە کاك قادر شکاکە کە توانیویەتی لەم ماوەیەی دواییدا دووبەرگ لەمێژووی هاوچەرخمان بنوسێتەوە کە بۆ نێوان ساڵانی(١٩٠٥–١٩٦١) دەگەڕێتەوە.ئـەم نوسـەرە یەکێکـە لـەو سـەربازە نـە ناسراوانەی کورد کە، هەرچەندە لەو دنیایە  دا لای خوێنەر هێشتا بەو جۆرە ی پێویستە ناسراوو نییە. بەڵام بەرهەمـەکانی مـژدە بەخشـن بـۆ دوا ڕۆژی کـوردو دۆزی نەتەوایـەتی ڕەوای، کە دەتوانین بیکەینە ناسنامە بۆ دڵسۆزییەکەیو کوردایـە تیەکـە ی .مـن دڵنیـام ناوبراو لە دوارۆژدا یەکێك دەبێت لەنوسەرە بەتواناکان،  کـە زیـاتر بناسـرێت و زیـاتریش لەنووسینەوەی بابەتەکانی مێژوییدا قوڵتر ببێتەوە بۆ خزمەتی نەتەوە بێکەسەکەی. لـەم بەرگەدا کەبەشی دووەمی مێژووەکەیەتی توانیویەتی دوای مانـدوبونێکی زۆر و گـەڕانێکی درێژخایـەن بـەدوای سەرچـاوەکانا ڕووداوەکـانی سـاڵانی(١٩٣٠–١٩٦١)کۆبکاتــەوە و قسەیان لەسەر بکات و ڕایان لەسەر دەربڕێت.بـەم کارەشـی توانیویـەتی ئاسـانکاری بـۆ خوێنەری بەڕێز بکات و هەموو ئەو زانیاریانە بخاتە بەردەم عاشـقانی مێـژووی کـورد، بـۆ ئەو سەردەمەی سنورردارکراوە بۆ مێژووەکـەو ڕۆژگارەکـانی .بەلاپـەڕەکانی ئـەو بەرگـەدا دیارەو بەخوێندنەوەیان ئەوە بەرچاو دەکەوێت ، کەنوسە ر لەکەسانی خـاوەن زانیـاریو بەڵگەنامەو سەرچاوە مێژوویەکانەوە توانیویەتی زانیاری نوێ بخاتە ناو لاپـەڕەکانی ئـەم بەرهەمـە نوێیـە وەی ، کەلـەهیچ سەرچـاوەیەکی تـری مێژوویـدا باسـیان نییـە و بەرچـاو ناکـەون لەوانە،کـە پەیوەسـتە بەئەفسـەرێکی شـکاکەوە لـەناو سـوپای تورکـدا کەچـۆن یارمەتی بارزانی نەمرو هـەڤاڵانی داوە لەپەڕینەوەیانـدا دوای ڕوخـانی کۆمـاری مـە هابـاد بەدەستی بەکرێ گیراوانی شا بۆ سنوری سۆڤیەتی جاران .

جگە لەوەش بۆ یەکەمجارە کەهەندێك زانیاری دەگمەن لەسەر شەهیدی نیشتیمان بەکر سدقی کورد لەم بەرگەدا بڵاودەبێتەوە کە شایەتی ئەوە دەدەن کە ناوبراو چەند بۆ کوردو کوردستانەکەی بەپەرۆش بووە بۆئەوەی خزمەتی بکات لەوانە دامەزراندنی چەندین ئەفسەری کورد لەناو سوپای عێراقدا .بەڵام هەزار مەخابن دەستی ناحەزانو چڵکاو خۆرەکانی بێگانەی ئینگلیزو شۆڤینیەکانی عەرەبو ئاسورییو ئەوانی تر لەسەردەمی پاشایەتی مەلیك غازی مۆڵەتیان بەو کەسایەتی یە گەورەیە نەدا کە نەخشەی کوردستان وەکو وڵاتێکی سەربەخۆ دیاریبکات و کوردیش ببێتە خاوەن دەوڵەت. جارێکی تر لەم بەرگەی مێژووەکەی کاك قادر شکاك بەخوێندنەوەی زانیاری زۆر لەسەر هاوپەیمانەکانی شەڕی جیهانی دووەمو وڵاتانی میحوەرو پیلان گێڕانیان دژ بەکوردو پرسی ڕەوایو فیتنە گێڕانو نانەوەیان لەناو کوردی هەژاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو لایەنگرییان بۆ کوردی خۆفرۆش دەخوێنێتەوە لەناو عەشایەرەکاندا بەئامانجی ڕووخاندنی کۆماری مەهابادی ساوا.لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا،کە زلهێزەکان لەناوچەکەدا لەپیلان گێڕاویانە جارێکی تر لاوازی کوردیش خۆی لەناو ئەو مێژووە دا بەرچاو دەکەوێت .کە هێزە سیاسیەکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا نەیانتوانیوە بەپێی بەرنامەیەکی ڕوونو دیاریکراو بارودۆخی ناوچەکەیانو ڕۆژگارەکە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بگۆڕنو بەهانای یەکترەوە بڕۆن بۆ یارمەتی دانی براکانیان دژ بەداگیرکەران بوەستنەوە لەبەرەیەکی یەکگرتوودا. نابێت ئەوەش لەیاد بکەین دووبەرەکی کورد لەناوخۆیانداو نەبوونی کۆمەکی هاوپەیمانان بۆیان کوردی نەگەیاندە ئامانجو بەرەو داماوی زیاتری برد ،کە نموونەی لەبەرچاو ڕووخاندنی کۆماری مەهابادو هاتنەوەی سوپای ئێران بۆ ئەو بەشەی کوردستانو لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرە قارەمانەکەی کوردلەلایەن دەسەڵاتدارانی پاشایەتی عێراقەوە گەلێك کاری ناڕەوای تر کە دەرهەق بەکوردی باکوور کرا.هەموو ئەو نەهامەتیانەش کەبەسەر کورد دا هات

دەوڵـەتێك لـەو زلهێزانـە نـەبوو پشـتگیریمان لێبکـات بـۆ بەدەسـت هێنـانی مـافی ڕەوامـان.ئـەوەی لـەم بەشـەی مێـژووەدا خوێنـەر دەیخوێنێتـەوە خیانـەتی سـەرۆك عەشایەرەکانی کوردە لەو بەشەی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا کە چۆن لەسەرەتاوە لەگەڵ کۆماری مەهابادو قازی محمدی پێشەوا دابوون بەچەکدار پشتیوانیان لێکردووە بەڵام دواتـر گەڕاونەتـەوە بـۆ لای شـاو بەنامـە وەفـای خۆیـان بـۆ دەربڕیـوە ،کـە خـادمی عەرشـەکەیین لەپێشـەوەی ئـەو خزمەتکارانـە عومـەر خـانی شـکاك دێـت ،کـە نامـەکانی ئەرشیف خانەکەی تارانی جەنجاڵ کـردووەو لەوێدا پـارێزراون. هـەموو ئـەو زانیاریانـەی کـەباسمان کـرد لـەناو ئـەو بەرگـەدا هیـوام وایـە زانیاریـەکانی نـاوی ببێتـە وانەیـەك بـۆ دڵسۆزانی کورد عیبرەتی لێوەربگرن و وانـەی تـازەی کوردایـەتی لێـوە فێـربن بـۆ زیـاتر خزمەتکردنی کوردی ستەم لێکراو. لەکۆتاییدا ئاواتە خوازم ئەم بەرهەمە نوێیەی نووسەر شـوێنی شـیاوی خـۆی لەکتێبخانـەی کوردییـا بگرێـت .کـە پێویسـتی زۆری بـەم جـۆرە سەرچـاوانە هەیە،هـەروەها داوام لـەدەزگاکانی حکومـەتی هـەرێم ئەوەیـە بەتایبـەتی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری–بەڕێوبەرایـەتی چـاپو بڵاوکردنـەوە سـلێمانی بـەپیر هـە مـوو نوسەرێکی مێژووی یەوە بچن کە بەرهەمەکانیان دەبێتە بەشێك لەخزمەتی نەتەوەکـەمان ئـەم بەرگـەش لـەناو لاپەڕەکانیـدا زانیـاری بەسـوود هـەن کـە بۆمێـژووی ئـەم سـەردەمە بەکەڵکن.بەتایبەتی بۆقوتابیانی بەشی مێژووی زانکۆکانی کوردوستان.

**کەمال نوری مەعروف**

**تشرینی دووەمی ٢٠١٣**

# بەشی یەکەم

سەرەتای ساڵی سییەکان بۆ کورد هیچ جیاوازی یەکی نەبوو لەگەڵ ساڵانی پێشووتردا ، بەڵکو وڵاتانی داگیرکەر ، بەتایبەتی هاوسنورەکانی کوردستان زیاتر دەست کراوەتربوون بۆ بەجێ گەیاندنی مەرامەکانیان ،کەئەوەش پاکتاوی ڕەگەزی بوو بۆ کورد کە زیاتر لەلایەك هەوڵ ئەدرا لەبۆتەی بەفارس کردن دا بتوێنرێتەوە لەڕۆژهەڵاتداو لەباشوریش بەهەمان شێوە بەعەرەب کردن بەردەوام بوو باکوریش حاڵی لەڕۆژئاوا باشتر نەبوو چونکە گۆڕینی ڕەگەز درێژەی هەبوو بۆیە لەم بەشەدا هەوڵ ئەدەین هەر بەشەی کوردستان بەجیا لەسەریان بدوێین لەدوای شکستی شۆڕشەکان.کاتێکیش ، مەیدان چۆڵ دەبێت ئەوە دیارە دوژمنان بەچ شێوەو بەچ کردارێك مامەڵە لەگەڵ نەتەوە ژێر دەستەکاندا دەکەن ،کە جگە لەبێ ڕێزی کردن بەبنەماکانی مافی مرۆڤ و مرۆڤ بوون هیچ شتێکی تریان بەدیاری پێنەبوو. ئەمانە بەبەرنامەیەکی تۆکمە کاریان لەسەر سڕینەوەی نەتەوەی کورد دەکرد، گەلی کوردی بێ چارەش،بە تەنها بەرگری بۆ مابووەوە ، ئەمەش بەگیانی خۆی تەواو دەبوو، کە بەردەوامی بە تێکۆشانی دەدا بۆیە حەزرەتی عیسای کوڕی مەریەم دەفەرموێ (کەسێك کە پێویستیان بەیارمەتی تۆیە ئەگەر بەدەنگیانەوە نەچێت. ئەوا هیچت زیاتر نی یە لەو ئاژەڵەی کە تێناگاتو هەست ناکا) .دوای شەهیدبوونی سمکۆی شکاکو خامۆش بوونی شۆڕشەکەی،بەشێوەیەکی دڕندانەو دوور لەگشت بەهایەکی مرۆڤانە، مامەڵە لەگەڵ خەڵکی کوردستان دەکرا و بێ ئومێدبوون لەسەرکەوتن بۆیە ترسو دڵەڕاوکێیان لەنێو تەواوی خەڵك دا بڵاوکردبووەوە . کوردیش باش دەیانزانی چ چارەنوسێك چاوەڕوانیان دەکات. دامو دەزگاکانی ڕەزاشا و کوڕەکەی لەساڵانی سییەکانو چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە بەردەوام بوون لەسەر پیادەکردنی

هـەمان پـەیڕەوو بەرنامـەکانی سـاڵی  بیسـتەکان لەبەرامبـەر دانیشـتوانی وڵات جگـە لەفارسـەکان.(١)  ئـەو ڕێوشـوێنانەش پەیوەنـدی داربـوون بەڕاگواسـتنی زۆرە ملـێ ی ڕەوەنـدەکان بـۆ ناوشـار، هـەروەها نیشـتەجێ کردنـی ئـەو خێڵانـەی کەبیروبۆچـوونی بـە(فـارس) کردنیـان  قبـوڵ نـەدەکرد، هـەروەها داماڵینیشـیان لەچـەك ، لەبەرامبـەر ئەمانەشـدا چـەندین جـار ڕاپـەڕینی کوردەکـان بـەرپابوو لەکوردسـتانی ئێـران دا، بڵاوبوونەوەی هزری نەتەوایەتی لەکوردستانی تورکیاش ڕۆڵـی هـەبوو لـەم ڕاپەڕینانـەدا ، لەو کاتـەدا لەکوردسـتانی تورکیـا بزوتنـەوەی نیشـتیمانی کـورد شـێوازی کۆتـایی خـۆی وەرگرتبوو.  ئەم هزر و بیروبۆچوونانەش دەگونجـا لەگـەڵ خواسـتی کوردەکـانی ئێـران، ئـەو کوردانـەی کـە لەهـەردوو دیـوی سـنور دەژیـان، لەهاوینـدا کۆچیان دەکـرد بـەدوای لەوەڕگادا دەگەڕان، لەزستانیشدا دادەبەزین بۆ ناو شیوو و دۆڵەکانی ئەو دیو سنوور کـە بە وڵاتێکی تر دەناسرا دامو دەزگاکانی ئێرانیش بەسەپاندنی سیاسەتی ڕۆژانەو دوربینی بـۆ تێکـدانی ژیـانی سروشـتی لەکوردسـتان تادیـاریکردنی سـنوورەکان بێـزاری هەسـتی نەتـەوەیی زۆری وروژانـد لای کوردەکـان.لێـرە بـە دواوە دەتـوانین ئامـاژە بـە مێـژووی عەشرەتی جەلالی یەکانی کوردستانی ئێران بدەین و بیگێڕینـەوە بـۆ ئەسـفەهان ئەمـەش وەك وێنایەکی زیاتر ڕوونی نموونـەیی چـالاکی یـەکانی دامو دەزگـای ڕەزاشـا لەبەرامبـەر بەکورد دەردەخات. جەلالی یـەکان نیشـتەجێ ی لاپاڵـەکانی شـاخەکانی ئـارارات بـوون ، بەشـداریان کـرد لەڕاپەڕینـەکانی کـورد لەبەشـە کوردسـتانیەکەی تورکیـا، ئـەو زەوی‌و زارانەش کە تیایدا نیشتەجێ بوون سەر بەخاکی ئێران بوو کە کەوتبوونە

بەردەم یەکە سەربازی یەکانی تورکیا ، یەکـە چـەکدارییەکانی کـوردیش لـەپاش شکسـت هێنانیان لەبەرامبـەر سـوپای تـورك دەگەڕانـەوە ئـەو ناوچـانە تـاکو بـەڕێڕەوە شـاخاوی یەکانی سەر سنوری تورکیاو ئێران بگەڕێنەوە بۆ ووڵاتەکەی خۆیـان. لەبەرامبـەر ئەمـەدا

دەسـەڵاتدارە تورکـەکان دوای راپـەڕینی کـورد لـە ١٩٢٩-١٩٣٢سـووربوون لەسـەر گواستنەوەی پاشکۆیەتی شاخەکانی ئاراراتی ئێران بۆ تورکیاو ڕاگواستنی جەلالی یـەکان بۆ ناو قووڵایی خاکی ئێران. پاشـان لەسـاڵی ١٩٣٦هەسـتان بەنیشـتەجێ کردنـی جـەلالی یەکان لەناوچەکانی قەزوینو ئەسفەهان.ئەم ڕاگواستنەش بـووە هـۆی لەناوچـوونی٤٠٪ی ئەم خێڵەو هەموو سەروەتو سـامانو ئاژەڵـەکانیان لەدەسـت داو سـاڵانێك بـارودۆخێکی دژواریان بەڕێ کرد.هەروەها ڕێگەنەدرا بەگەڕانەوەیان بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان تا ئەو کاتەی (ڕەزاشا) لەسەر تەختی دەسەڵات لابرا لەئەیلولی ١٩٤١ جگـە لەجەلالیـەکان بەڵکو تێکڕای عەشیرەتە گەورەکانی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان هـەمان چارەنوسـیان هـەبوو لەکۆتایی ساڵی ١٩٢٩ حەسـەن ئەرفـەع نوسـەرو ئەفسـەری گـەورەی ئێرانـی     دەڵـێ : چەند بۆسەیەکمان دانا بۆ محمود خانی دزڵی تا بیگرین بەڵام بۆمـان نـەگیراو خـۆی کـرد بەکوردستانی عێراق دا بەڵام لەوێش ڕزگاری نەبوو لەدەست ئینگلیزەکانو پاشان دەست بەسەرکراو لەبەندیخانەی کەرکوك زیندانی کرا بۆماوەی حەوت ساڵ تا سـاڵی ١٩٣٧ئـازاد کرا جگـە لەمانـەش. شـکاکەکان دوای نـەمانی سـەرکردەکەیان، ڕژێمـی ئێـران هـەوڵی دا ناکۆکی لەنێوان گشت تیرەو تایەفەکانیدا دروست بکـات تـا زیـاتر لاوازیـان بکـات بـیر لـە یـەکگرتنو شـۆڕش نەکەنـەوە. هـەرواش دەرچـوو ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ ڕۆڵیـان لەناوچـەکەدا کزدەبوو، تەنانەت بەڕێوەبردنی کاروباری عەشرەت وای لێ هاتبوو کە هەر بنەماڵەیەك بـۆ خۆیـان سـەرۆکی خۆیـان هـەبوو ، تـا کـار گەیشـتە ئـەوەی بەتـەواوی گشـت ئەڵقـەکانی عەشـرەت لەبەریـەك هەڵبوەشـێننەوەو ئـیتر سـەرۆك عەشـیرەتەکانی دراوسـێ ی شـکاك کۆبوونەوە تا هەرچۆنێك بێت سەرۆکێك بۆ خۆیان دیاری بکـەن ، ئـەوە بـوو تایـەر خـانی سمکۆ لەتەمەنی ١٤-١٥ساڵیدا (سارا خـاتوونی کچـی قاسـم ئاغـای هـەرکی بـۆ داخـوازی دەکـەن تـاوەك بنەماڵـەی سمکـۆی شـکاك حسـابی تایبـەتییان بـۆ بکـەنو لـەدەوری

کۆببنەوە، بەڵام نەك هەر ئەوان بەڵکو تیکڕای هێزە کوردیەکان ، یان دەبوایە تەسلیم بە ڕژێمی ئێران بن ، یان هیچ دەسەلاتێکیان نابێ ، بەو شێوەیە گشت تیرەو تایەفە کوردی یەکان خۆیان ئامادەکردبوو بۆ ئەو ڕۆژەی ،کە چۆن بتوانن شۆڕش بەرپابکەن چونکە هیچ کەسایەتیەك نەما کەبتوانی لەڕووی ڕژێمی ڕەزاشادا بوەستێتەوە تەنانەت گشت شارو شارۆچکەکانی کوردستان بوو بوە سەربازگەو مەڵبەندی سەربازی، پەیتا پەیتا هێزی نیزامی زیاتری بۆ دەهات،تابتوانن چاوترسێنی خەڵکی کوردستان بکەن‌و نەتوانن بیر لە یاخی بوون بکەنەوە.

هەرچەندە لەسالانی سیەکان دا چەند ڕاپەڕینێك ڕوویدا بەلام زیاتر مۆرکی ناوخۆیی لەخۆگرتبوو، چونکە خاوەنی سەرکردایەتییەکی تۆکمەو دامەزراو نەبوون وبۆ یەك ئامانج کاریان نەدەکرد ، تەنها یاخی بوون و هەڵگەڕانەوەی جوتیارەکان زیاتر هیچی تر نەبووە. بۆیە هەرزوو سەرکوت دەکران‌و بلاوەیان پێ دەکرا.سەبارەت بە شۆڕشەکانی پێشووتریش نوسەرانی ئەو دەمە هەریەك بەجۆرێك خوێندنەوەیان بۆ دەکرد.مامۆستا کەریمی حسامی لەکتێبەکەیدا لاپەڕە ٢٩-٣٠دەربارەی هەڵسەنگاندنی بزوتنەوەکەی سمکۆ دەڵێ مێژونوسانی کورد زۆر خۆیان ماندوو نەکردووە بەڕاپەڕینەکەی سمکۆوە، بەلام زۆربەی نوسەرو مێژوونوسانی ناسیونالیزمی فارس لەسەر ڕاپەڕینی سمکۆ نوسیویانەو بەڕێگرو پیاوکوژو تالانچی باسیان کردووە . وەك ئەحمەد کسرەوی مێژوونوسی بەناوبانگی ئێرانی دەربارەی سمکۆ نوسیویەتی : (عوسمانیەکان کوردنشینەکانیان هان دەدا هەتا خەڵك بکوژن‌و گوندەکان تالان بکەن، کوردیش هەمیشە لەکاری ئاوا دەگەڕان . سمکۆ یەکێك بوو لە پێش قەرەوڵی ئەو تالانچیانە کەلەتۆڵەی جەعفەر ئاغای برایدا دەستی بەخوێنی بێ تاوانان سوور کرد). کاك کەریمی حسامی لەباسەکەیدا لەسەری ئەڕواو ئەڵێ: هەروەك دەبینین بەدرێژایی مێژوو، شۆفینیزمی بالا

دەست بووە بۆیە بەدناوکردنی کورد لەم چەکە ژەنگاوی یەو وەك ڕێگرو تالانچیو هاندانی بێگانەو بە جیاخواز و بەیتو بالۆرەی پڕو پوچی لەو جۆرە کەلکیان وەرگرتووە. بەپێچەوانەی بوختانو درۆی نوسەرانی بێگانە، سمکۆ لەسەردەمی خۆیدا پیاوێکی ژیرو تێگەیشتوو و خاوەن کەلتوور بووە. کاتێك لەشکری عەجەم دەگاتە (چاری)یە مالی سمکۆ تالان دەکەن، دەبینن لەماڵەکەیدا تەلەفۆنو پیانۆ هەیەو بەتەلەفۆن لەگەل ورمیەو سابلاخو شوێنە دوورەکانی کوردستان قسەی کردووەو دەنگوباسی وەرگرتووە.دوژمنانی کورد هەرچی لەبارەی سمکۆوە بلێن، ناتوانن ئەو ڕاستی یە بشارنەوە کە ڕاپەڕینی سمکۆ ڕاپەڕینێکی میللی بووە بۆ وەدەستهێنانی ئازادیو سەربەخۆیی کورد تێ دەکۆشا).عەلی ئازەری لەکتێبەکەیدا (مێژووی هەژدە ساڵەی ئازەربایجان) لەگەل دەربڕینی قینو ژاراوی بوختان کردن بەکورد، دیسان ناچار بووەوە کە ددان بەو ڕاستی یەدا بنێتو بنووسێ: سەربزێویو یاخیبوونی سمکۆ لەلایەن بێگانەوە پشتیوانی لێ دەکرا. سمکۆیان هان دەدا کەلەدەوڵەت هەلگەڕێتەوە، سمکۆ لەو سەردەمەدا داوای جیابوونەوەو سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە خۆی ئامادە دەکرد کەیەکێك لەو تۆوە ئاژاوە چییانەی کە ئەوروپاییەکان لەڕۆژهەلات چاندیان بریتی بوو لە ئاواتی جیابوونەوە.(٢)جولاندنی بیری سەربەخۆیی نەتەوەیی لەکوردستانی تورکیاوە دەجولێنراو خۆپیشاندانی شارە کوردی یەکانی تورکیاو هاندانو پشتگیری ئەوان بۆ کوردانی پارچەکانی تر ڕۆلێکی گرنگی گێڕاو تەنانەت لەو خۆپیشاندانەدا ١٢٠کەسی ناسراوی کورد گیرانو لەسێدارە دران مامۆستا کەمال مەزهەر لەکتێبەکەیدا (کوردستانو کورد) بەپێی بەلگەنامە نهێنی یەکانی حکومەتی بەریتانیا کە دێتە سەرباسی مەهاباد هەندێك شت دەگێڕێتەوە وەك باس کردنی خۆئامادەکردن بۆ دامەزراندنی لەشکری سەربەخۆی کوردو ناوزەندکردنی قازی محەمەد بۆ پۆستی سەرۆك

کۆماری کورد هەر لەو بەڵگەنامەیەدا دەڵێت.دوو کەس جولێنەری سەرەکی ڕووداوەکانن خەلیل بلوریو عەزیزی فەیزوڵڵا بەگی ئەو دووانە ڕۆژی ١٥ی شوبات ئاژاوە چیانیان هاندا هێرش بەرنەسەر پۆستی پۆلیسی مهاباد وەك دەڵێن ئەو دووانە پیاوانی هۆزەکانی دەوروبەری مهاباد هان دەدەن بدەنە پاڵ لەشکری سەربەخۆیی کوردستان دژی فەرمانو ئارەزووی سەرۆکەکانی خۆیان، ئەوانە داوایان لەسەر لەشکری ئێرانی لەتەوریز کرد فریایان بکەوێت، ئەمیش یاریدەدەرێکی خۆی نارده مەهاباد بۆ سۆراخی ئەو هەواڵانە هەروەها لەسەری دەڕواو دەڵێ : هیوادارم دوای گەڕانەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری هەواڵەکانی مەهابادبم، هەواڵنێرێکمان لە ڕەزائیە دەڵێت سەردارانی شکاکو هەرکیو بەگزادە چەند کۆبوونەوەیەکیان لەنزیك شار سازداوەو سورن لەسەر ئەوەی هاوکاری کوردی مەهاباد بکەن وادیارە ڕەهبەرانی ئەم هەڵوێستە بریتین لەتاهیری کوڕی سمکۆی شکاکو رەشید بەگی هەرکی و سەعید خانی برای ، هەرچی عومەر خانی شکاکە وا دیارە خۆی دوورە پەرێز گرتووە.(٣)وا پێ دەچێ جموجۆڵی کوردی مەڵبەندی رەزائییە (ورمێ) تاڕادەیەك بووبێتە هۆی ناڕەزایی تودەییەکانی گوندەکانی ئەو ناوچەیە. ئەو گوندنشینانە ،کە هیچیان دژی کوردە شەڕخوازەکان لەلایەن کۆمیتەی ناوچەیی تودەوە بۆ نەکرا، پەنایان بردە بەر پارتی تودە خۆی. ژمارەیەك لەسەرۆك هۆزەکانی کوردو بۆ ئەم کارە هانیان دان، یەکێك لەوانە زیرۆبەگی هەرکی بوو، ڕاپۆرتێکی تر کەلە مەهابادەوە پێمان گەیشتووە، باسی ئەوە دەکات چۆن سێ حەفتە لەمەوبەر کاتێك جێگری کۆنسوڵی سۆڤیەتی لە ورمێ هاتۆتە مەهاباد بەبۆنەی کردنەوەی لقی (کۆمەڵەی ڕوناکبیرانی ئێرانی–سۆڤیەتی)یەوە لەوێ گاردی شەرەفی لەشکری سەربەخۆیی تازە دامەزراوی کورد پێشوازی کردووە).لەگەڵ هەموو ئەو زانیاریانەشدا نابێت ڕۆڵی حەمە ڕەشید خانی بانە لەناو ڕوداوەکاندا گومناو بکەین کەپێشتر لەگەڵ محمود خانی دزڵیو

سمكۆی شكاك هاوپەیمانەتییەكیان بەستبوو بۆ ئەوەی بەهەموولایەك هاوكاری شێخ مەحمود بكەن تابتوانن لەپارچەیەكی كوردستان دا دەسەڵات بەدەست بهێنن. حەمە ڕەشید خانی كوڕی قادرخان كوڕی عبدالله بەگ كوڕی بارام بەگی كوڕی سلێمان بەگی بانەیە.لەساڵی ١٨٩٨لەگوندی شیوە وگوێزان لەناوچەی پێنجوێن لەدایك بووە. هەر لەسەرەتای لاوی یەوە لەكۆڕی خەبات دا بووە لەساڵی ١٩٢٥ هێزێكی گەورەی سوپای ئێران بەسەركردایەتی سەرهەنگ (مەهدی قولی خانو بەپاڵپشتی هەندێك لەعەشایەری كورد لەبەرزایی یەكانی(گامارۆ و حەوتاش) پەلاماری گوندی وێنەیان دا لەدۆڵی شلێر كەبنكەی سەرەكی دەسەڵاتەكەی بوو لەئەنجام دا لەشكری ئێرانی شكاو ئەم شەڕەش لەمێژوودا بەشەڕی (ئاغا دەوەن) ناسراوە. بۆ بەشداری لەكۆماری كوردستان لەمەهاباد بەخۆی ٢٥٠چەكدارەوە دەچنە مەهاباد لەرۆژی ١٩٤٦/٢/٢٥بەئامادەبوونی نوێنەری ڕووسیا (هاشمۆف)و(حەمە حسێن خان) وەزیری جەنگی كۆمارو میرزا سدیق وەزیری ڕاگەیاندن لەلایەن پێشەواوە پلەی جەنەراڵی پێ دەبەخشرێ كە ئەمیش یەكێك بووە لەو چوار كەسە  كە پلەی جەنەڕاڵی پێ بەخشرا كە ئەوانیش عومەر خانی شكاكو مستەفا بارزانی و زیرۆبەگی هەركیو حەمە ڕەشید خانی بانە)بوون.

## (دامەزراندنی كۆماری كوردستان و ڕۆڵی كوڕەكانی سمكۆی شكاك)

هەرچەندە كوڕەكانی سمكۆی شكاك لەسەروبەندی دامەزراندنی كۆماری كوردستان دا منداڵ بوون جگە لە خەسرەوی سمكۆ كە ئەو كاتە لەكۆلێجی سەربازی ئەستەمبوڵ دەرچوو بوو، بەڵام لەگەڵ ئەفسەرێكی تورك دەبێتە ناكۆكیانو خەسرەو ئەفسەرە توركەكە دەكوژێو پاشان زیندانی دەكرێت. بابەخانی سمكۆ كوڕی بچووكی سمكۆ

لەتەمەنی ١٩ ساڵیدا لەگەڵ برا گەورەکانی قوباد خانو تایەر خـان لەدەسـپێکی کۆمـاری کوردسـتاندا بەشـداری بەرچـاویان هەبووە،تایـەر خـان وەکـو سـەرۆکی هـۆزی شـکاكو قوبادخان وەکو ئەندامی پایە بەرزی سەربازی لەسوپای کوردستاندا، بەپلـەی سـەرهەنگ دەست بەکاربوو، تایەر خان ٥٠٠چەکداری لەگەڵ دابووەبەهەمانشێوە بەپلـەی ئەفسـەری سەربازی و لەشەڕەکاندا بەشداربووە تەنانەت لەشەڕی نزیك سەقزیش کە ڕوویـدا تایـەر خان زۆر بەسەر سوڕمان لەمردن ڕزگاری بووە.(٤) عومەر خانی شەریفی وەکـو سـەرۆکی مامەدیـەکانی شـکاك ٨٠٠ چـەکداری لەگەڵـدا بـووە مامەدیـەکان بەشـێکن لـە عەشـرەتی گەورەی شکاك . ناکرێت عەمەر خان وەکو سەرۆکی هـەموو شـکاك حسـابی بـۆ بکرێـت . چونکەسەرۆکی عەشرەتی شکاك هەمیشە لە عەبدۆییەکان بووەکـە ئـەوەش باووبـاپیرانی سمکۆ بوون. لەسەروبەندی شەڕی جیهانی دووەمدا بەرلەوەش کوردستانی ئێـران کەوتـە ناو ژیانێکی نوێوە کە دامەزرانـدنی پـارتێکی سیاسـی بـوو بـۆ ڕابەرایـەتی بزوتنەوەکـەی کورد لەوبەشەدا . مامۆستا جەمال نەبەز لەکتێبەکەیدا بـەناوی کوردسـتانو شۆڕشـەکەی لەو ڕووەوە دەنوسێ: ساڵی ١٩٣٥ڕەزاشـا بەفـەرمی نێـوی ئێرانـی لەدەوڵـەتی فـارس نـا ئەمە لەکاتێکدا بوو کوردی ئێران و شۆڕشی کوردەکـانی تورکیـای سـاڵی ١٩٢٧– ١٩٣١ هەروەها لەلایـەکی دیکـەوە پەیوەنـدی کـوردە نیشـتیمان پـەروەرەکانی عێـراقیش لـەو ڕووەوە کاریگەری لەسەریان هەبوو بۆیە هەوڵی خۆ ڕێکخستنیان دا. ئەوە بـوو لـە سـاڵی ١٩٣٩ بەڕێبـەری عـەزیز زەنـدی پارتێکیـان بـەنێوی پـارتی ئـازادیخوازی کوردسـتان دامەزراند. ئەم پارتە زۆر نەژیا . بەهۆی ئەوەی پرۆگرامێکـی چەسـپاوی نـەبوو و ئـەوەی ئەنجامیانـدا دەرکردنـی بەیاننامەیـەك بـوو کەلەسـاڵی ١٩٤١دا بـەخێرهاتنی لەشـکری شورەوییان کرد و داوای مافی چارەنوسی کوردیان لەڕووس دەکـرد لەسـاڵی ١٩٤٢، ئـەم پارتە زۆری نەخایاند هەڵوەشایەوە. لە هەمان ساڵدا پـارتی هیـوای کوردسـتانی عێـراق

لەرێگەی ئەفسەرێکی کوردەوە بەناوی (میر حاج ئەحمەد) پەیوەندی کرد بەهەندێ نیشتیمان پەروەری کوردستانی ئێرانەوە لە ٩/١٦پارتی (ژێ کاف)دامەزرا (ژێ کاف) پارتێکی نهێنی بوو. ئەندامانی خۆی بەپێی دابو دەستورێکی تایبەتی گۆش دەکردو رۆژنامەیەکیان هەبوو بەناوی (نیشتیمان)کە ئۆرگانی پارتەکە بوو.دامەزرێنەرانی(ژێ کاف)کەسانی سادەی نێو گەل بوون ، زۆربە ئەمەكو خۆبەختکەربوون بەلام ئامانجی خۆیان لەقالبی ئایدۆلۆژیایەك دا. دانەرشتبوو چونکە خاوەنی قوتابخانەیەکی فیکری نەبوون. لەناوخۆیاندا هەمیشە ناکۆك بوون و هەرچەندە هەموویان لەژێر ناوی هەستی نەتەوایەتی دا پێکەوە لکابوون.(٥)بروایان وابوو ئەوەی لەکورد زەوت کراوە تەنها لەرێگەی هێزەوە دەسێنرێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە رەخنەیان لەدەرەبەگو سەرۆك هۆزە تەقلیدی یەکان دەگرت.بۆ خۆناسینو خۆچەسپاندن ساڵی ١٩٤٤ناودارێکی وەکو (قازی محەمەد)یان کردە ئەندامی خۆیان. قازی محەمەد توانی لەماوەیەکی کەمدا تواناو کەسێتی خۆی دەربخات و ببێتە سەرکردەی حزبەکە پاشان حزبەکەی بەئارەزووی خۆی و ویستی کاربەدەستانی ئەو کاتەی شورەوی هەڵدەسوراند،لە ١٩٤١/٨/٢٥لەشکری شورەویی‌و ئینگلیز چوونە خاکی ئێرانەوە. بۆ پەردەپۆشکردنی ئەم داگیرکردنە بەهانەی پەیوەندیو جموجۆڵی نهێنی بەکرێگیراوانی (ئەڵمان)یان راگەیاند.پاش سێ رۆژ بەرهەڵستی ئێران خامۆش بوو لە ١٩٤١/٩/٦ رەزاشا ناچارکرا وازبهێنێ و بۆ خوارووی ئەفەریقا دورخرایەوە.لە١٧/ئەیلوول دا تاران لەلایەن هێزەکانی شورەویو ئینگلیزەکانەوە داگیرکراو محەمەد رەزا پەهلەوی کوریشی زۆر بێ دەسەلاتانە بەرامبەر رووداوەکان راوەستابوو.رازی بوو بەو جێنشینی یەی کەبۆیان دیاری کرد لەجێگای باوکی دورخراوە ی و دوای لەکارخستنی رەزاشای ئێران سەدان تێکۆشەرو هەموو سەرانی دیموکراتی ئێران کەلەسایەی رژێمی شای ئێران دا زیندانی کرابوون، ئازادکران.

جولانەوەی سیاسی کەئامانجەکەی هێنانە کایەی ژیانێکی دیموکرات بوو وولاتی تەنیەوە، گەلانی ئێران هەموو کۆت‌و زنجیرەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری شایان پچڕاندو بەئومێدی هێنانە دی ژیانێکی ئاسوودە بوون.لەئۆکتۆبەری ١٩٤١دا حزبی تودەی ئێران دامەزرا و هاتنە سەرشانۆی سیاسەت، ئەو حزبە کرێکاران‌و ڕەنجدەران، ڕوناکبیر و دیموکرات و لایەنە پێشکەوتووەکانی تری ولاتی لەژێر ئالاکەیدا کۆکردەوە.(٦)هەرچەندە ئینگلیزەکان بۆ هیچ هەنگاوێکی کوردەکان بەمەبەستی ئیدارەیەکی خۆجێ یەتی ڕازی نەبوون، بەهانەشیان ئەوەبوو کە کوردستان بەپێی پەیماننامەکانی نێوان ڕووسەکان‌و ئینگلیزەکان. ئێران بەناوچەیەکی بێ لایەن حسابی بۆ کرابوو. دەکرێت بلێین هەر پەیمانی نێوان ڕووسەکان‌و بەریتانیەکان بوو، چونکە ئێران توانای بەڕێوەبردنی خۆشی بەئاستەم بۆ دەکراو خاوەنی بڕیاری لەو شێوەیە نەبوو. چونکە ڕووسەکان‌و ئینگلیزەکان بۆ دابەش کردنی ئێران لەنێوان خۆیاندا پەیمانی ساڵی ١٩٠٧ یان هەبوو کە باکوری ئێران بەر ڕووسەکان دەکەوت‌و باشوریش بۆ ئینگلیزەکان ئەو پەیمانە تا دوای جەنگی جیهانی یەکەمیش هەردوو لایان پەیوەست بوون ، بە لام شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧لەڕووسیا دا ئەم پەیمانەی لەگۆڕنا، ئینگلیزەکانیش هەمیشە لەهەل دەگەڕان بۆ ئەوەی ناوچە کوردیەکان نا ئارام بن، بۆیە هاوکاری حەمە ڕەشیدخانی بانەیان دەکرد کە دەست بگرێ بەسەر شارە کوردیەکان دا. ئەمەش وەکو باسمان کرد لەبێ توانای سوپای ئێرانی یەوە بوو.حەمە ڕەشیدخان توانی ١٩٤١/٩/١دا شاری بانە لەژێر دەسەلاتی ئێران ئازاد بکات و ئیدارەیەکی کاتی تیادا دابمەزرێنێ و توانی لەڕۆژی ١٩٤١/٩/١٣شاری سەقزو لە١٩٤١/٩/٢٤شاری سەردەشت ڕزگاربکات هەرچەندە هێرشی کرد بۆ سەر شاری مەهاباد بەلام بەهۆی ناکۆکی لەمێژینەی حەمە ڕەشید خان لەگەڵ عەشایەری ئەو ناوچەیە. پەلامارەکەی شکستی خوارد. بەلام خانی بانە کۆڵی نەدا پەلاماری شاری دیواندەرەی

داو ئـەو شارەشـی گـرتو دوای شـەڕێکی گـەورە. کەبەشـەڕی (عەلەمـەین)ناسـراوە.هـەر بەهاوکاری ئینگلیزەکان ساڵی ١٩٤٣ شاری مەریوانیشی ڕزگار کرد دیارە بـە هـۆی پشـت تێکردنـی ئینگلیـزەوە. حەمـە ڕەشـید خـان سـەرکەوتنەکانی زۆری نەخەیانـد . سـوپای ئێرانی ١٩٤٤/١٠/١هێرشی هێناو کۆتـایی بەدەسـەڵاتی حەمـە ڕەشـیدخانی بانـە هێنـا... کاتێك سوپای ڕووسیا لە ٢٥/ئاب١٩٤١بەتەواوی سنوری ئێرانـی جێهێشـت ، ئـیتر گـەلانی ناوچـەکە هەسـتیان بـەئازادی دەکـرد، دورخسـتنەوەی ڕەزاشـا لـەئێران کاربەدەسـتانی حکومی لەناوچەی مەهاباد و دەوروبەری بێ هیوا کردبوو هەرچـی کاربەدەسـتانی غـەیرە کورد بوو کارەکانیان جێ هێشتو گەڕانەوە بۆ شارەکانی خۆیـان و بەمـەش بۆشـاییەکی سیاسی بەڕێوەبردن لەناوچەکەدا دروست بوو.بەدوای ئەوەدا چـەند ڕێکخراوێکـی کـوردی دروست بوون بۆ  بەڕێوەبردنی ناوچەکە. دەستکاری دامو دەزگاکـانیش نـەکراو پـۆلیسو ئاسایشو فەرمانگەکانی تـریش کەوتنـە دەسـت کوردەکـان و سیسـتەمی بـەڕێوەبردنیش وەکو پێشوتر مایەوە، ئەمەش وای کرد کە کوردەکان چالاکی یـەکانیان پەرەپێبـدەن لـە هەمان کاتیشدا و خۆئامادەکردنێك بوو بۆ حـوکمی خۆجێیـەتی و سـەلماندیان کـە کـورد ئەتوانێ خۆی بەڕێوەبەرێو ئاسایشو ئارامی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی بپارێزێ و وای کرد کوردەکان ئامادەییان تێدا بێت بـۆ ڕاگەیانـدنی کۆمـاری کوردسـتان لەمـەهاباد.دوای ئەوەی (جەعفەر باقرۆڤ) داوای لەقازی محەمـەد کـرد نـاوی (ژێ کـاف)بگـۆڕێ بـۆ پـارتی دیموکراتی کوردستان لەمانگی نۆڤەمبەری ١٩٤٥دا لەو کاتـەدا جەعفـەر بـاقرۆڤ سـەرۆکی ئازەربایجانی شورەوی بوو. لەگەڵ ئەوەشدا پارتی دیموکرات توانیان کۆمەڵێك کەسایەتی نیشـتیمان پـەروەرو ئـاییینیو کۆمەڵایـەتیو سـەرۆك هۆزەکـانو مولڵکـدارە گـەورەکان هەڵبژێرنو دوای ئەم کارانە لە١٩٤٦/١/٢٢دا قازی محەمەد بانگی کۆمـاری کوردسـتانی دا بـەگوێ ی جیهانـداو شـاری مـەهابادی کـردە پایتـەختی کۆمارەکـە. هەرچـەندە ( قـوام

السلطنة) ی ئێران واتە سەرۆك وەزیرانی ئێران داوای لەقازی محەمەد کرد با ئۆتۆنۆمییەك پەیوەست بێت بەتارانەوە . بەڵام قازی محەمەد ئەم داوایەی پشتگوێ خست،ئەمەش بەپشت بەستن بەبەڵێنو پەیمانەکانی (ستالین )ی پێشەوای ڕووس چونکە هیچ کارێکیان بەبێ پرسی ڕووسەکانو باقرۆڤ نەدەکرد. قازی بێ ئاگابوو لەوەی( ستالین) لە پێناوی بەرژەوەندی یەکانی دا هیچ بەهایەك بۆ هاوپەیمانیو دۆستایەتی دانانێ. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمار توانی لەماوەیەکی کورت دا هەنگاوی باش هەڵنێ بۆ پێشەوە. بۆ هاندان و پێشخستنی زمانی کوردی و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤار جگە لەمەش دابینکردنی زەمالە بۆ خوێندکاری کورد، کە ڕوو لە شورەوی بکەن بۆ خوێندن.بەڵام ئیمتیازی نەوتو گەڕانی کۆمپانیای ڕووسی لەناوچەی باکوری ئێران بۆ دەرهێنانی نەوت وای کرد کە( ستالین) لەکوردستانو ئازەربایجان بکشێتەوە. جگە لەو بەڵێنانەی تریش کە دوای شەڕ دەبوایە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیان جێبهێڵن ئێرانیش ئامادەیی نیشان داو بەڵێنی دا لەلایەن گەلەوە پەرلەمان هەڵبژێرێو ئەو پەرلەمانەش ئەو پەیمانە مۆر دەکات وتوێژی تارانو ڕووس لەنێوان (سادتیشکۆف)ی باڵوێزی ڕووسیاو( قوام السلطنة) سەرۆك وەزیرانی ئێران لەڕۆژی ٥/٤/ ١٩٤٦گەیشتن بەم ڕێکەوتنە.

١-هێزەکانی سوپای سوور لە٣/٢٤/لەماوەی مانگو نیوێك دا دەبێت هەموو خاکی ئێران چۆڵ بکەن.

٢-پەیمانی دامەزراندنی کۆمپانیایەکی ڕووسی/ئێرانی هاوبەش لەماوەی حەوت مانگدا لە٣/٢٤وە دەدرێتە پانزەهەمین کۆبوونەوەی ئاسایی پەرلەمانی ئێران تاڕازی بوونی خۆی لەسەر دەربڕێت.

٣- پرسی ئازەربایجان وەکو پرسی ناوخۆیی ئێران،لەلایەن ڕژێمی ئێرانو دانیشتوانی ئازەربایجانەوە بەئاشتیانە چارەسەر بکرێ. شایەنی باسە کوردو کێشەکەی بەهیچ

جۆرێ باسی لێوە نەکرا.(٧) زۆر بەڵگەو سەرچاوەی تریش باسی گرتن وتەسلیم کردنەوە و دەرکردن،وراونان و کوشتن‌و دورخستنەوەی هەزاران ئێرانی لەئازەربایجانی سۆڤیەت‌و تورکمانستان و ئۆزبەگستان کۆمارەکانی تری سۆڤیەت،بگرە لەڕووسیاش دەکات، بەتایبەتی کوردێکی زۆر کەپاش تێکشکاندنی بزوتنەوەکانی کوردی خۆراسان‌و گەیلان پەرتەوازەی سۆڤیەت بووبون لەوانە هاوبیرانی (خودا وێردی ،زڵفۆ،زولفەقارو خاڵۆ قوربان‌و هتد....) ئەم تاوانە گەورەیە ساڵی ١٩٣٧دەستی پێکرد تاوانی ڕژێمەکەی ستالین بوو کەتائێستا هەزاران کتێب‌و وتاریان لەسەر نووسیوە بەکۆمەڵ گواستنەوەی گەلانی سۆڤیەت‌و کوشتنو گرتنی ملیۆنەها ڕوناکبیرو خەڵکی بێتاوان جگە لەکوردەکانی ئێران کە قۆناغی یەکەمی بەکۆمەڵ گواستنەوە بوون، ئینجا کوردەکانی سۆڤیەت کە قۆناغی دووەم بوو پاش هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی سوور کەئەم کارە تاساڵی ١٩٤٤ بەردەوام بوو ئەم تاوانە گەورەیەش زۆربەئاسانی تێپەڕێنرا ،کە دەبێ بوترێ تەسلیم کردنەوەی ئەو شۆڕشگێڕو ڕوناکبیرە ئێرانیانە بەفارس‌و ئازەری و کوردەوە بەڕژێمی ڕەزاشا کەژمارەیەکیان گوللەباران کران و هەندێکیشیان زیندانی‌و بەشێك لەوانەش دوورخرانەوە یان خرانە ژێر چاودێری‌و خۆناساندنی ڕۆژانەی دەزگاکانی پۆلیس. ئەوەش تراژیدیایەکی گەورەبوو، کەبزوتنەوەی دیموکرات وئازادیخوازی ئێرانی بۆماوەیەکی دوورودرێژ تووشی بوو.جگە لەوەش تراژیدیای بنەماڵەکانیشیان بوو. ئەو مرۆڤانە لەدەست ڕژێمە خوێن مژەکەی ڕەزاشا هەڵهاتبوون‌و پەنایان هێنابوو بۆ وولاتی سۆڤیەت ،کەلافی پشتیوانی‌و یارمەتی گەلان‌و مرۆڤی ئازادیخوازی لێ دەدا. خۆ ئەوانە بەپێی یاسای بنەڕەتی سۆڤیەت پەنابەری سیاسی بوون.(٨) لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا قازی محەمەد بەرامبەر بە ڕووسەکان هەر ئومێدی هەبوو ،کە دەتوانێت سوود لە دۆستایەتی‌و هاوپەیمانێتی دەوڵەتی شوورەوی وەربگرێت. چونکە وای دەزانی کە بەڵێن و

هاوپەیمانییو قسەی بریقەداری ڕووسەکان تاسەرەو کاتێکی زانی لەگشت ئەو بەڵێنانە پەشیمان بوونەتەوەو کەوتنە دۆستایەتی لەگەڵ ئێرانیەکانو پرسی کوردو ئازەریەکانیش بووە قوربانی بەرژەوەندی یەکان و فەرامۆش کرا.

## ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان

لەو بارودۆخە ناهەموارەدا و لە بێوەفایی زلهێزەکانی ڕۆژگارەکەدالەژێر دروشمی (شەرعیەتو دادپەروەریو شارستانیەتی دا ڕۆژی ٢٢کانونی دووەمی ١٩٤٦پێشەوا قازی محەمەد لەڕێوڕەسمێکی گەورەدا لەگۆڕەپانی چوارچرا لەشاری مەهاباد کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند ڕێورەسمەکە بەسوێندخواردن بە (قورئان)و(نەخشە)و (ئالآی کوردستان)جێ بەجێ کرا،ئالآی کوردستان لەسەر دام و دەزگاکانی حکومەت لەشارەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماردا بەرزکرایەوە هەرچەندە تەمەنی کۆمار کەمتر لە١١مانگ بوو بەڵام توانرا لەو ماوە کورتەدا کۆمەڵێك دەستکەوت بۆ گەلی کورد بەدەست بهێنن وەك: دامەزراندنی دەزگای چاپو دەرکردنی ڕۆژنامەو بڵاوکراوە بەزمانی کوردی.وەکو ڕۆژنامەی کوردستان کەزمان حاڵی کۆمارو حزبی دیموکرات بوو. هەروەها لەشاری بۆکان گۆڤاری هەڵاڵەو یەکێتی لاوانی دیموکراتیش گۆڤاری (هاواری نیشتیمان)یان دەرکرد گۆڤارێکیش بۆ منداڵان بەناوی (گڕوگاڵی منداڵانی کورد) دەرکرا کە ئەمەش بەیەکەمین گۆڤاری منداڵان دێت جگە لەمانەش کردنەوەی شانۆی کوردی کە بۆخەڵکی کورد بەسوود بوو چونکە ٩٠٪ ی خەڵکی ئەو کاتەی کوردستان نەخوێندەواربوون.

بەشداری پێکردنی ئافرەتی کوردیش لەکاری سیاسیو ڕۆشنبیری دا ،قازی موحەمەد هانی(میناخانم)ی خێزانی خۆی داپێشەنگی ئافرەتان بێت ئەویش لەسەر ڕاسپاردەی قازی لە١٩٤٦/٣/١٤دا یەکێتی ئافرەتانی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند.لەهەمان کاتیشدا سوپای کوردستان دامەزراو خەڵکێکی زۆر لەنیشتیمان پەروەران چوونە ڕیزی سوپاوە.لەماوەی ١١مانگی تەمەنی کۆماردا تەنها یەك کەس کوژرا کە ئەوکاتەش زۆرترین دیاردەی چەکداری هەبوو.

لەسەرو ئەم هەموو دەستکەوتەشەوە بەدەست هێنانی ئازادی و سەربەخۆیی بوو بۆ پارچەیەکی کوردستان لەباسکردنی کۆماریشدا ناکرێ ڕۆڵی مستەفا بارزانیو بارزانی یەکانی هاوڕێ ی لەبیربکرێت تا دروست بوونی کۆمار ئەو خێزانە زۆرەی بارزانی یەکان هاتنە کوردستانی ڕۆژهەلات کەزۆربەیان منالو ئافرەتو پیرو بریندارانی شەڕەکانی باشوری کوردستان بوون و ژمارەیان زیاتر لە(٩٠٠٠)هەزار کەس دەبوون مستەفا بارزانی تەنها(٢٠٠٠)چەکداری خۆی لەگەڵدا بوو کە بەشداری دیاریان هەبوو لەکۆماری مەهاباد داو بوونە جێگای ئومێدی خەڵکی ڕۆژهەلات تەنانەت هاتنی ئەو هەموو پێشمەرگەیەش بووە مایەی دڵخۆشیی وتەنانەت هۆنراوەیان بۆ دەنووسین لەوانەش سەدری قازی کەئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بوو بەو بۆنەیەوە شیعرێکی بۆ بارزانی نووسیوە ، دەڵێ:

**یاخوا بەخێربێی هەڵۆی بەرزە فڕی بارزانەکەم**
**ڕەمزی پیرۆزی گەلو نیشتیمانەکەم**
**بارزانی دوژمن شکێنی شێری ژیانەکەم**
**پێت لەسەر چاوو قەزات لەماڵو گیانەکەم**

تەنانەت سەدری قازی لەکاتی دادگای کردنـدا لەسـەر ئـەو شـیعرەی بـوو کـەتاوانبارکراو سزای لەسێدارە دانی بۆ دەرچوو.

ئەو چوار کەسەی کەپلەی سەربازییان وەرگرت بەپلەی ژەنەراڵ ئەویش مستەفا بارزانیو حەمەرەشید خانی بانەو زیرۆ بەگی هەرکی و عومەر خانی شکاك بوون. بارزانی هێزەکەی کردبـە چواربەشـەوە .هەربەشـێك لـەو هێزانـە ئەفسـەرێکی کـوردی عێـراق فەرمانـدەی دەکرد.یەکەم شەڕ کە بارزانیەکان ڕووبەڕوی سوپای ئێران بوونەوە شەڕی (قـاراوا) بـووە کـە دوو فـەوج لـە سـەربازگەی سـەقزەوە ڕوویـان کـردە بـەرەی فـەوجی یەکـەم و ئـەو شوێنەیان گرت ، تۆپەکانیان لە بەرزاییەکانی (قادرئاوا)وە تۆپبارانی ناوچەکەیان دەکرد بـەڵام زۆری نـەبرد چـونکە فـەوجی یـەکی بارزانیـەکان بـە فەرمانـدەیی عەقیـد بـەکر عەبدولکەریم کۆیی بە هەرسێ سریەکەیەوە هەڵمـەتێکی کتـوپڕی کـردە سـەریان و شـەڕ گەرم بوو سوپای ئێران تێکشکا لەو شەڕەدا و زیانی دوژمن کوژرانی ٨٠ سەربازی ئێرانـی و ١٢٠ دیلیش کەوتە دەستی بارزانیەکان. بەپێی نووسینەکانی کـاك مەسـعود بـارزانی لـە کتێبـی بـارزانی و بزوتنـەوەی ڕزگـاری خـوازی کـورد لاپـەڕە (١٨٢) ئامـاژەی داوە بـە بەشـداری کردنـی هێـزی ئاسمـانی ئێرانـی و تانـك و تـۆپ . دیلـەکانیش لـە ڕێگـەی حەمامیانەوە نێردرانەوە بۆ مەهاباد پاشان شەڕی (مامە شا) بە هەمان شێوە ڕوویـدا کـە دوو سەربازگەی ئێـران یـەکێك لـە سەردەشـت و ئـەوی تـر لـە بانـە کـە ڕێگـای یارمـەتی گەیاندن بۆیان لەژێر دەستی کوردەکاندا بوو . بەڵام جەنەڕاڵ (ڕازا مـارا ) بـە پـەلـە هاتـە ناوچەی سـەقز گوایـە هـاتووە بـۆ وتووێـژ لەگـەڵ کوردەکانـدا بـەڵام بـۆ نەخشەکێشـانی سەربازی ناوچەکە هاتبوو . پاشان هێزێکی هێنایـە ناوچـەکە و شـەڕ دەسـتی پێکـرد لـە ناوچەی (مل قەرەنی) سوپای ئێـران لـەم شەڕەشـدا سـەرکەوتوو نـەبوو و یـەکێکیش لـە فەرماندەکانی بـارزانی شـەهید بـوو کـە ئـەویش (خۆشـەوی خـەلیل خۆشـەوی )بـوو کـە

تەمەنی ١٩ ساڵان بوو لەبەر ئازایەتیەکەی کردبوویان بە فەرماندە .هەرچەندە لە گەرمەی شەڕ و خۆ ئامادەکردندا بوون بۆ بەرگری کردن بەڵام نەخۆشی پەتا لەو کاتە هەستیارەدا لەناو بارزانیەکاندا بڵاو بووبووە و نزیکەی ٢٠٠٠ کەس لە ژن و منداڵ و پیر گیانیان لە دەستدا ئەمەش کاریگەریەکی زۆری هەبوو لەسەر کوردەکان ئەو فەرماندانەی کە لە کوردستانەوە لەگەڵ بارزانیەکان چووبوونە مە هاباد جگە لە چوار ئەفسەرەکە ئەم فەرماندانەش ڕۆڵی گرنگیان هەبوو :

١-ڕائید بەکر عەبدولکەریم حەوێزی کەلە دوایی دا پلەکەی بەرزکرایەوە بۆ عەقید.

٢-نەقیب میرحاج ئەحمەد. پاشان کرا بە موقەدەم.

٣-نەقیب سەید عەزیز سەید عەبدوڵلا. دوایی کرا بە موقەدەم.

٤-ملازم نوری ئەحمەد تەها . پاشان پلەکەی بەرز کرایەوە بۆ نەقیب.

٥-ملازم جەلال ئەمین .ئەویش پلەکەی کرا بە نەقیب .

جگە لەم فەرماندانە وەهاب ئاغای جوندیان وەك فەرماندە بەشداری کردووە لە شەڕەکاندا بەڵام لەم چەند سەرچاوەیەی کە لە بەردەستمدا بوون ناویم بەر چاو نەکەوت زۆرم هەوڵدا کە بتوانم لە سەرچاوەیەکدا ببینم بەڵام دەستم نەکەوت وەك دەڵێن جێگری سریەیەکی بارزانیەکان بووەو پلەی سەربازیشی دراوەتێ بەڵام دوور و نزیك کاك مەسعود بارزانی ناوی لە ناو فەرماندەکاندا نەهێناوە پاش ڕوخاندنی کۆماری مەهاباد بە ناچاری ژمارەیەك لەبارزانی یەکان بەسەرۆکایەتی شێخ ئەحمەد بارزانیو ژمارەیەکیش لەئەفسەرە کوردەکان خۆیان دایە دەست حکومەتی عێراقی بەپشت بەستن بەو بەڵێنانەی حکومەتی عێراق بۆ لێخۆشبوون کە دەریکردبوو.بەڵام حکومەتی عێراق بەڵێنەکەی نەبردەسەرو هەرچوار ئەفسەرە کوردەکە.(رائید عیزەت عەبدولعەزیز و نەقیب

خـەیروللاّ عەبدولکـەریم و نـەقیب مسـتەفا خۆشـناو مـولازم محەمـەد قودسـی) لـەڕۆژی ١٩/حوزەیرانی ١٩٤٧بەبریارێکی ستەمکارانە لەسێدارە دران.(٩)

ئەم چوار ئەفسەرە نەمرە زۆر دڵسـۆز بـوون بـۆ خـاكو نەتەوەکـەیان ، زۆر ئازایانـەو زۆر بەجەرگانە هەڵوێستیان نواند. کاتێك نەقیب مستەفاخۆشناو بەرەو پەتی سێدارە بردیـان بەسەربەرزی یەوە هاواری کرد:(ئەی جەللادەکان بەسەرانتان بڵێین کە خوێنی من بەفیڕۆ ناچـێو تۆڵـەی مـن دەکرێتـەوە مـن بـڕوام بـەهێزی ئێـوە نیە،شـانازی دەکـەم کـە نـاوم لـەیادەوەریی گەلەکەمـدا هەردەمێنێتـەوە و دەچـێتە ڕیـزی هـەموو ئەوانـەی لـەپێناو بەختەوەری کوردستانو بەرزی ئەم خاکەدا دەبمـە قوربـانی) هـەروەها عـە قیـد عیـزەت عەبدولعـەزیز ووتـی:( داری ئـازادیم بـەخوێنی خـۆمو هاوڕێکـانم ئـاودا، هیـوادارم زوو گەشـەبکاتو ئـازادیو بەختـەوەری بـۆ نیشـتیمانم بێنێـت،مردن بـۆ داگیرکـەرانو نۆکـەرەکانیان) پاشـان نـەقیب خـیرولاّ عبـدولکریمو مـلازم محەمـەد قودسـی بـەدلێریو سەربەرزی یەوە چوونە بەر پەتی سێدارە، بەر لەچـەند کاتـژمێرێك لـەجێ بـەجێ کردنـی حوکمی لەسێدارەدانی ئەو نیشتیمان پەروەرانەی کورد نامەیەکیان ئاراستەی گەلەکـەیان کردبوو کەتێیدا هاتووە[ئەی برایانی کوردی خۆشەویست ئەم نامەیەتان دوای کاتژمێرێك لەئاگادارکردنـەوەمان بەرلەسـێدارەدان دەنووسـین( برایـان کاتێـك ئـەم نامـەیاتان بـۆ دەنووسین ژیانمان بەستەمی داگیرکەران نەخشێنراوە کە١٤سەعاتی دیکە بەردەوام دەبێ دواتر پەتی سێدارە ملمان دەپەڕێنێ برایان... زۆر خۆشحاڵین چونکە دەزانین کە ئـەرکی پیرۆزی خۆمان لەبەردەم گەلە خەباتگێڕەکەمان جێ بەجێ کـردووە، داواتـان لێ دەکـەین یـەك بگـرنو ڕیزەکانتـان یـەك بخـەن زۆر بەجەرگانـە دژی داگیرکـەر خـەبات بکـەن کـە گەلەکەمان دەچەوسێننەوە بەم شێوەیە ئێوە هەموو گەلو نەتەوەکـەمان رزگـار دەکـەن کەبەدەسـت سـتەمی داگیرکـەرەوە دەتلێتـەوە.برایـان.نـەزانین دوژمنـی سـەرەکیمانە،

بەهەموو هێزێکمانەوە دژی خەبات بکەن. شەهیدبوونمان چاکترین گەواهیدەرە لەسەر خەباتی بەردەوام، لەپێناو ڕزگارکردنی نەتەوەی کورد.پێویستە خەبات بکەن لەپێناو ناموس‌و نیشتیمانتان،ئازادی گەلەکەمان نزیکەو گومانی تێدا نی یە،برایان...تەنانەت پەتی سێدارەش ناتوانێ بڕوای بونمان بەسەرکەوتنی کۆتایی لەق بکات. ئێمەی خەباتگێڕ لەپێناو ئازادی دا بەهەموو هێز درێغی ناکەین لەپێناو رزگارکردنی گەلەکەمان،چاکترین بەڵگەش ئامادەبوونمانە لێرە لەبەردەم پەتی سێدارە بۆ پێشەوە بەرەو یەکێتی‌و ئازادی بــژی کــورد......بــژی کوردســتان). حکومــەتی عێــراق دامرکاندنــەوەی کــوردی بەسەرکەوتنێکی گەورە لەقەڵەم دا ، جێنشینی پاشا عەبدولئیلا بەمەرسومێك پیرۆزبایی لەسوپاکرد هەروەها هەندێ لەدەرەبەگە خۆفرۆشەکانی کوردیش مەدالیای (ڕافیدەین) یان پێدرا. چونکە بەشداربییان لەدامرکاندنەوەی راپەڕین دا کردبوو ئەو مەدالیایە کەشاعیرێکی کورد بەراستی بە(مەدالیای شەرمەزاری‌و سەرشۆڕی) ناوی بردووە.(١٠)

## (ڕێکەوتنی حکومەتی ئازەربایجان‌و کۆماری کوردستان)

شکستی هێزە کوردی یەکان‌و بڵاوەکردنیان زیاتر دەرئەنجامی ڕێکەوتنی ڕووسەکان بوو لەگەڵ حکومەتی ئێران‌و بەرژەوەندیەکانی ڕووس‌و بێ بەڵێنی ستالین ، بووە هۆی ڕووخاندنی کۆمارو تەسلیم بوونی حکومەتی ئازەربایجان بەبێ بەرگری کردن ، کەئەمەش بووە هۆی ئەوەی کوردەکان لایەکییان لێ بگیرێ و بێ ئومێد بوون و بێ پشتیوانی و زۆری هێزو جبەخانەو فڕۆکەو تانك وای کرد حکومەتی کوردی خۆی پێ ڕانەگیرێ. هەرچەندە کوردەکان هاوپەیمانیەتییەکی جەنگی‌و ئابوری یان هەبوو لەگەڵ ئازەری یەکاندا کەپێشتر هەردوولا مۆریان کردبوو کە هیچ کارێك بێ هاوکاری یەکتری نەکەن ،

هەردوو لا هەوڵی تەواو بدەن تا سەربەخۆیی هەردوو  کۆمارەکە بپارێزن، کەئەمەش دەرئەنجامی پێشنیازکراوی پێشەوا قازی محەمەد بوو کە حکومەتی کوردستان پەیمانی دوو قۆڵی لەگەڵ ئازەربایجان ببەستێ، لەڕۆژی٢٤/نیسان١٩٤٦لە کۆشکی مەجلیسی میللی ئازەربایجان سەرانی حکومەتی ئازەربایجان‌و کوردستان کۆبونەوە.بەناوی دوو وولاّتی  سەربەخۆ، و پەیمانی جەنگیی‌و ئابووری یان پێکەوەبەست.

ئەندامانی دەستەی حکومەتی کوردستان بۆ ئەو پەیمانە پێکهاتبوون لە:

١-پێشەوا قازی محەمەد سەرۆکی حکومەتی کوردستان.

٢-سەید عەبدوڵڵای گەیلانی ئەندامی کۆمیتەی حزبی دیموکرات.

٣-عومەر خانی شەریفی سەرۆکی هۆزی شکاك.

٤-ڕەشید بەگی جیهانگیری سەرۆکی هۆزی هەرکی.

٥-زیرۆ بەگی بەهادۆری ئەندامی حیزبی دیموکرات.

٦-قازی محەمەد خدری نوێنەری شاری شنۆ.

٧-سەیفی قازی وەزیری جەنگی کوردستان.

ئەندامانی حکومەتی میللی ئازەربایجان پێك هاتبوون لە:

١-حاجی میرزا علی شەبوستەری سەرۆکی میللی مەجلیسی ئازەربایجان.

٢-جەعفەر پیشەوەری سەرۆکی وەزارەتی میللی ئازەربایجان.

٣-سادق پادگان مەعاونی دەستەی مەرکەزی حزبی دیموکراتی ئازەربایجان.

٤-سەلامولڵاّ جاویدی وەزیری ناوخۆ.

٥-پیریا وەزیری فەرهەنگ.

ئەو خالاّنەش کەلەسەری ڕێکەوتبوون :

١–لەو شوێنانەی کە پێویستە هەردوو حکومەتی ئازەریو کورد، ئەتوانن باڵیۆز و کونسوڵ لە وڵاتی یەکتردا دابنێن.

٢–لەوڵاتی ئازەربایجاندا ئەو شوێنانەی زۆرینەی کوردە دەبێت کارو فەرمانی حکومەت بەڕێوەبردن لە دەستی خۆیاندا بێت هەروەها لە کوردستانیش دا بەهەمان شێوە دەبێت.

٣–بۆ جێ بەجێ کردنی کاروباری ئابووری هەردوولا کۆمەڵێك لەپیاوانی هەردوولا دائەنرێن.پاشان سەرۆکی حکومەت بڕیاری لەسەر ئەدات

٤–لەکاتی پێویستیدا هەردوو حکومەت هاوکاری یەکتری دەکەن و یەکێتی بۆ جەنگ و سەربازی پێك دەهێنن ئەوەی پێویست بێت بۆ کۆمەك کردنی یەکتری بەجێ ی دێنن.

٥–ئەگەر کاتێك پێویست بوو گفتوگۆ لەگەڵ تاران بکرێ ئەبێ هەردوو حکومەتی کوردستانو ئازەربایجان پێکەوە بڕیاری لەسەر بدەن.

٦–ئەو کوردانەی کە لە وڵاتی ئازەربایجان نیشتەجێن دەبێت مافی ئازادیو فەرهەنگیو زمانی (دایك) یان بۆ فەراهەم بکرێ بەهەمان شێوە لەکوردستانیش دا.

٧–ئەگەر کەسانی گێرەشێوێن ویستیان زیان بەو پەیوەندی یە بگەیەنن ئەوا بەهەردوولا هەوڵ ئەدەن بۆ لەناوبردنی ئەو دەستەو تاقمانە.

پاشان ئەم بەندانە لەڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوەو وەریانگێڕان بۆ سەر بۆ زمانی کوردیو ئازەری.....(١١)

لەدوای ئەم پەیمانە کە مۆرکرا کوردەکان کەوتنە کار کردن بۆ جێ بەجێ کردنی کاری ئەو هێزانەی کە هەیانبوو لەدەوری بانەو سەردەشت بۆ زیاتر بەهێزکردنیانو ناوچەی سەقزو سەراش بوونە بنکەی سەرەکی بەگزادەکانی سوێسنایەتیو گەورك لەدەوری سەردەشت ، پشدەری یەکانی عێراقیش کۆبوونەوە.حەمە ڕەشید خانی بانەش لەلایەك و لەلایەکی تریش فەیزوڵابەگی یەکان لەدەوری سابڵاخ خۆیان قایم کردبوو. لەرۆژی ١٠ی

نیسانی ١٩٤٦وەفدێکی کوردی لەگەڵ وەفدی ئازەری یەکان بەسەرۆکایەتی جەعفەر پیشەوەری بۆ گفتوگۆکردن چوونە (تاران) بەڵام حکومەتی ئێران چوونەکەیانی بەهەند وەرنەگرت.چونکە ئیشی خۆی تەواو کردبوو لەگەڵ ڕووسەکان. ڕژێمی ئێرانی لەوە گەیشتبوو کە چ کوردەکان و چ ئازەری یەکان ناتوانن بەرامبەریان بوەستنەوە. چونکە دەیانزانی ڕووسیا پشتیان ناگرێت.هەرواش بوو وەك لەپێشتر باسمان کرد خۆ بەدەستەوە دانی حکومەتی ئازەربایجان بەبێ بەرگری هۆکاری سەرەکی بەچۆکدا هاتنی حکومەتی مەهاباد بوو. هەرچەندە جارێکی تر دەستەیەك لەئازەریەکان چوونەتە وە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ تاران بەسەرۆکایەتی (شەپوستەری)سەرۆکی ئەنجوومەنی میللی ئازەربایجان لەڕۆژی ١٩٤٦/٧/٢٠داو چەند خاڵێکیان خستەڕوو بۆ ئەوەی بتوانن لەپێش چاوی بگرن و مەرجی گفتوگۆبێت وەك:

١-ئەو ئەفسەرانەی لەسوپای ئێران هەڵهاتون و چوونەتە لەشکری ئازەربایجانەوە بگەڕێنەوە بۆ لەشکری ئێران بەزیاتر لەپلەکانی خۆیان .

٢-ئەو ئەفسەرانەی کەلەشکری دیموکراتدا هەن هەموویان وەك ئەفسەر بناسرێن.

٣-حکومەتی ئێران لە میزانیەیدا ساڵانە ملیۆنو نیوێك تمەن بخاتە میزانیەی لەشکری ئازەربایجان.

٤-فەرماندەی لەشکرو ئامر فەوجەکان بگەڕێنرێەوە بۆ ئازەربایجان. ئەبێ بڕیاریش لای ئەیالەتی ئازەربایجان بێت.

٥-خزمەتی سەربازی ئیجباری بۆ دانیشتوانی ئازەربایجان ئەبێت لە ناوچەی خۆیاندا بێت.

٦-ئەگەر شەڕو هەرایەك ڕوو لەئێران بکات ئەبێ لەشکری ئازەربایجان بچێو بەرگری بکات بەمەرجێ ئەنجوومەنی میللی ڕەزامەندبێت.

٧–ئەفسەرانی ئازەربایجان هەر لەوێ دەبن وئەفسەری تر ناتوانن بچنە جێگایان مەگەر ئەنجومەنی ئەیالەت ڕەزامەندبێت.

خوێنەری بەڕێز ئەگەر تەماشای ئەم بەندانەی سەرەوە بکەین ئەوسا دەزانین هەرچی ڕێکەوتن‌و بەندەکانی هەیە،دورو نزیك پەیوەست بەکوردەوە نی یە ئەمە وانیشان ئەدات کە تەنها بۆ بەرژەوەندی ئازەری کارکراوە یاخود کۆماری مهاباد زۆر بێ هیوا بووە کە ڕەنگە هەرواش بووبێت چونکە دەبوایە زۆر تاکەم داواکاری خۆیان هەبوایە.چونکە بەهەر پێوەرێك بێت پێوانەی کوردستان گەلێك زیاتر بووەلەئازەربایجان و دانیشتوانەکەشی زیاتر بوون. بۆیە لێرەدا دەگەینە ئەو ڕایەی کەکوردەکان تەنها بێ پشتیوانی‌و بێ هیوایی تەنگی پێ هەڵچنیبوون،لەگەڵ ئەو ڕێکەوتن و بەندانەشدا کەچی ئازەریەکان دەبینین بێ بەرگری خۆیان ڕادەستی سوپای ئێرانی کردو کوردیش بەتەنها مایەوە.

## خۆبەدەستەوەدانی پێشەوا قازی محەمەد

دوای بێ هیوابوونی کورد لەبەردەوامی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆماری کوردستان‌و دڵنیابوون لەگەڕانەوەو سەرکەوتنی سوپای ئێرانی.قازی محەمەد بڕیاری دا خۆی ڕادەستی ئێران بکات بەمەرجێ خوێنی خەڵکی نەڕێژرێ.(حەمەی حەمە تاڵی بانە) لەیاداشتەکانیدا دەڵێ من بچووکترین پێشمەرگەی کۆماربووم ئەو ڕۆژەی کە قازی چووە مەیدانی چوارچرا خەڵکێکی زۆر لەگەڵی ڕۆیشتن‌و وتارێکی بۆ خەڵکی مەهاباد پێشکەش کرد لەو کاتەدا مستەفا بارزانی‌و چەکدارەکانی هاتن و جەماوەر خرۆشا و بوو بەهوتاف کێشان.پاشان قازی‌و بارزانی یەکتریان لەئامێز گرت.(حەمەی حەمە تاڵ) بەردەوام دەبێت‌و دەڵێ من زۆر نزیك بووم تەنانەت بەباشی گوێم لەوتووێژەکانیان بوو.بارزانی

بەقازی وت   وا باس دەکرێ کە خۆت ڕادەستی دوژمن دەکەی قازی وتی لەبەر بەرژەوەندی خەڵکی شارەکە ناچارم ئەوە بکەم بارزانی پێی ووت جەنابی پێشەوا ئەو کارە مەکە من خۆمو هەموو پێشمەرگەکانم لەسەر کۆمار خۆمان بەکوشت ئەدەین و هەرچیمان پێ بکرێ دەیکەین.قازی ڕووی کردە بارزانیو وتی بڕیاری کۆتایم داوەو خۆم ڕادەست دەکەم ئیتر قازی رووی کردە بارزانی و وتی. ئەوە ئاڵای کوردستان بەئامانەت لای تۆبێت،دڵنیام ڕۆژێك لەسەر دەستی تۆدا لەکوردستان ئەشەکێتەوە ئەوەش کلیلی جبەخانەو ئەوەش کلیلی خەزێنەی کۆمار بارزانی ئاڵاکەی وەرگرتو ماچی کردو لەسەر سەری داناو پاشان کلیلی جبەخانەکەی وەرگرت بەپێی نوسینەکانی کریس کوچیرا لە کتێبەکەیدا بە ناوی (کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا)ل٢٣٠ دەڵێ ٣٠٠٠تفەنگ و ١٢٠ ڕەشاش و ٢ تۆپی گەورەی لە جبەخانەکە دەرهێناو . خەزێنەی پارەکەی دایەوەو ووتی ئەوە بەشی خەڵکی کوردستانە دابەشی بکەنەوە بەسەر خەڵکدا.بارزانیو هاوەڵەکانی دوای   خواحافیزی ڕۆیشتن. قازی محەمەدیش بڕیاری خۆی دابوو کە خۆی ڕادەستی دوژمن بکاتەوە .سەروان( کیۆمەرس ساڵح) وەك هەواڵدەرێکی چاپوکو چالاکی ئەو سەردەمە. کە باوەڕپێکراوی لەشکری ئێران بووە خۆی ئامادەی دادگایی کردنەکەبووە، بەو پێیەی کە (کیۆمەرس)خوشکەزای سەرلەشکر (فەرەیدون جەم) بووە کە ئەویش مێردی (شەمس)ی خوشکی شای ئێران بوو. بۆیە زۆر لێی دڵنیابوون هەر ئەو کەسە دەیگێڕێتەوە کە زۆرترین نامەی وەفاداریو دڵسۆزی لەئەرشیفەکەدا هەیە کە سەرۆکی هۆزەکان ناردویانە بۆ شای ئێران،لەوانە هۆزی دیبۆکری، عەلی یار ئەسعەد سەرۆکی عەشیرەتی مامەش،قەرەنی ئاغاو ڕەشید بەگی هەرکیو حەسەن تیلۆو قۆقیاس مامەدی ونوری بەگی بەگزادەو محەمەدەمین چەپی هەرکی وحەمزەی قادری مامەش،لەمەش سەیرتر پەیوەندی عومەر خانی شکاکە کە ئامر هێزی لەشکری کۆمار بووە لەسەقزو

دەوروبەری نزیکەی(١٧)نامەی دڵنیایی بۆ (شا)ناردووە کەدڵسۆزیو وەفاداری خۆی بۆ شا دووپات دەکاتەوە، هەروەها جێگەی ئاماژە بۆ کردنە، کە سەرداری دیبوکری (عەلی یار ئەسعەد) لەیەکێك لەو نامانەدا چۆنیەتی چوونیان بووە لەگەڵ قازی محەمەد بۆ باکۆو ئازەربایجانی ڕووسیاو کۆبونەوەکانی بێ کەمو کورتی بەتێرو تەسەلی ناردووە بۆ شاو ئەوانیشی ئاگادارکردۆتەوە کەئەمەش دەکرێت بڵێین گەورەترین گورزبووە لەکۆماردراوە. لەڕووی ڕێژەیی نامەکانیشە وە عومەر خانی شکاك زۆرترین نامەی ناردووە. دوابەدوای دەرچوونی لەشکری ڕووس لەکوردستان، عومەر خان بەپەلە نامەیەکی بۆ(شا)ی ئێران نووسی وەو داوا دەکات هەرچی زووترە سوپای ئێران بگاتە کوردستان بەمەشەوە نەوەستاوە بۆ دڵنیابوونی شا دوو کوڕی خۆی بەناوی (قادرو لەزگین)ناردووە بۆ تاران تالەکاتی هاتنی سوپای ئێران بۆ کوردستان بەتایبەت بۆ مەهاباد ڕێنوێنی سوپا بکەنو ببن بەچاوساغیان جگە لەعومەر خان ، زۆربەی سەرۆك هۆزو خێڵەکان، ئەڵقە لەگوێیی خۆیان بوون براو کەسانی نزیك لەخۆیان ڕەوانەی تارانیان کردووە.(١٢) دوای ئەوەی قازی محەمەد خۆی ڕادەستی دوژمن کرد. سەدری قازیو سەیفی قازی وکۆمەڵێکی تر لە کاربەدەستانی کۆمار بەپێی ئەرشیفی (کیۆمەرس ساڵح) هەواڵنێری گۆڤاری ئەرتەشی شاهنشای ئێران کە خۆی لەدادگایی کردنەکەدا ئامادە بووە. لەبەر ئەو هۆکارانەی کە لەپێشوتردا باسمان کرد. کە (کیومەرس) ئەم زانیاریانەی لە ساڵی ١٩٤٧ لەژمارە (٧٥)(ماهنامە)(مانگنامە) بڵاوکردۆتەوە بەرلەوەش لە ژمارە (٦٦) ساڵی ١٩٤٦ دەنوسێ: دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەمو گەڕانەوەی لەشکری ڕووسو ئینگلیز بۆ وولاتی خۆیان . ئەرتەشی ئێران کەوتە جموجۆڵو جولاّنەوە هەر ئەو هەواڵنێرە لەژمارە (٤٤–٦٤)ی (ماهنامە)دا (مانگنامە )دا ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٤٣–١٩٤٦ی کوردستان و ئازەوربایجان دەگێڕێتەوە کە هەندێکیان نامەی سەرۆك هۆزەکانە

که لەپێشوتردا باسمان کرد. پاشان دوای گەیشتنی سوپای ئێران دامەزراندنیان لەناوچەکەدا پەیوەندیان کرد بەتارانەوە بۆ دیاریکردنی قازیو هاوڕێکانی. ڕۆژی ٦ڕێبەندان لیژنەی دادگا بەسەرۆکایەتی سەرهەنگ( غولام حسێن عەزیمی)و دادوەر( سەرهەنگ حسن کووفانیان) و داواکاری گشتی (سەرگورد جەعفەر سانعی)و لەژێر چاودێری سەرهەنگ (ئەمیر هۆشەنگ خەلعەت بەری )گەیشتنە مەهاباد، دادگای قازی یەکان دەستی پێکرد. سەروان (کیۆمەرس) دەڵێت کە خۆم ئامادەی کۆبوونەوەی دادگایکردنە کە بووم. کە دانیشتنەکان چەند سەعاتێك درێژەیان هەبوو. بەشی زۆری تاوانەکان لەلایەن تاوانبارانەوە واتە (قازی یەکان)ڕەت کرانەوە.

هەروەها قازی یەکان زۆر بوێرانە داوای هێنانەوەی بەڵگەیان دەکرد، بەڵام پێشتر هەر لەتارانەوە تاوانەکان دەست نیشان کرابوون، هەر لەوێشەوە بڕیاری کۆتایی وەرگیرابوو بڕیاریش نەبوو هیچ بەڵگەیەك بۆ ئەو تاوانانە پێشکەش و پەسەند بکرێ. بۆیە دانیشتنی دادگا وەك گاڵتەجارییەك دوای چەند کاتژمێرێك کۆتایی هات، دوای نیو کاتژمێریش بڕیاری لەسێدارەدانی قازی یەکان پەسەند کرا.

هەرچەندە ئەو خاڵانەی کە قازی پێ تاوانبار کرابوو ئەگەر خوێندنەوەی بۆ بکـەین ،ئـەوا دەچێتە خانەی دڵسۆزی بۆ گەلو نیشتیمانوە وەك:

١-بازرگانی کردنی نەوت لەگەڵ دەوڵەتی ڕووسیا بەبڕی ٥١٪بۆ ڕووسەکانو ٤٩٪بۆ کۆماری کوردستان،بەبێ ئاگاداریو ڕەزامەندی دەوەڵەتی ناوەندی ئەم بڕگەیە ئەگەر سەرنجی بدەین خۆی لەخۆیدا نەك تەنها کارێکی باشە بەڵکو زۆر ژیرانەیە. دوای ٦٥ساڵ حکومەتی هەرێم هەمان هەنگاوی ناوە کە ئێستا ئەنجامەکەی دەبێتە خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی کوردستان . جگە لەمانەش هاندەرێکە بۆهاتنی کۆمپانیا گەورەکان . کە ئاسودەییو ئارامی بۆکوردمسۆگەر دەکات.

٢–گۆڕینو دەستکاری کردنی نەخشەی ئێرانو جیاکردنەوەی لەشاری ورمێ ،کرماشان، سنە، تەورێز،ئیلام.

ئەمەش بەشێکی ترە لەدەسەڵاتی خۆجێ یەتی،کە کۆمار بانگەوازی سەربەخۆیی دە کردوناکرێت چەند شارێکی کوردی پەراوێز بخات؟ نەخێر چونکە نەك لای قازی بەڵکو لای خەڵکیش تاوان بووەو دەچووە خانەی خیانەتەوە. ئەگەر وای نەکردایە.

٣–دانانو دروستکردنی ئاڵا بۆ کۆماری کوردستان بەئاڕمی چەکوشو داس لەسەر شێوەی ئاڵای ڕووسیا. ئەمەش نازانین کاربەدەستانی کۆماری کوردستان چۆن ئەوەی کردووە.چونکە کۆماری کوردستان تەنها پارتێکی سیاسی لەپشتیەوە کارەکانی ڕائەپەڕاند ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. ئیتر داسو چەکوش شتێکی ترەو نازانین چۆن کرا بە ئاڕم یان لەوانەیە بۆ ڕازی کردنی دڵی ڕووسەکان بوبێت کە بۆ ئەو ڕۆژگارەی کۆمەڵگای کورد کارێکی قورس بووە .

٤–لێدانی دراو (پارە)بەوێنەی ڕۆبڵی ڕووسیو وێنەی قازی ئەمەش دەری دەخات کە زیاتر ڕووسەکان باڵادەست بوون و هیچی تر یان کوردەکان ویستوویانە سۆزی ئەوان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن بۆیارمەتیدانیان

٥–سازکردنی نەخشەی کوردستانی گەورە هی هەر چوار پارچەی کوردستان ئەمەش بەشێکە لەدڵسۆزی کە هەر لەسەرەتای کۆمارەوە کاریان کردووە بۆ هێنانەدی خەونێکی لەمێژینە کە سەربەخۆیی هەر چوار پارچەی کوردستانە بەئێستاشەوە.

٦–هێنانی بێگانە بۆ ئێران.ئەمەش مەبەستیان لەمەلامستەفا و ئە فسەرە ئازادی خوازەکان بووە کە بیانوویەکی بێبنەمایە و کوردیش لە هەر پارچەیەکی کوردستان دابێتماڵی خۆیەتی و دەبێت بە هانای براکەیەوە بڕوات لە کاتی تەنگانەدا.

٧–ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان و گێڕانەوەی بەشێکی گەورە لەخاکی کوردستان.

ئێمە لێرەدا دەپرسین جا ئەگەر قازی محەمەد ئەوبڕیارانەی نەدایە کەواتە کۆماری کوردستان چ مانایەکی دەما ، ئەمەش بەشێکە لەو هەوڵە گەورەییەی کە کاربەدەستان دەستەبەریان کرد.

جگە لەتێکڕای خاڵەکانی تر کە ڕەنگە شایەنی نووسین نەبن یاخود هیچ پێناسەیەك هەڵناگرێ. ئەوەی کە جێگەی ستایش کردنە.ئەوەیە کە لەماوەی کەمتر لە ١١ مانگ ئەم هەموو کارە کراوە. بەڕاستی جێگای دەست خۆشی و دڵخۆشی یە کەکورد لەو سەردەمەدا کە زۆربینەی زۆری نەخوێندەوار بوون بتوانن ئەم هەمووبڕیارە ئەنجام بدەن.یان لە بەرنامەی کاریاندابووە کە بیکەن هەر ئەوەش قازیو کۆمارەکەی کردۆتە سومبولی نیشتیمان پەروەری

## ( نامەکەی قازی محەمەد پێش لە سێدارەدانی)

پێشەوا قازی محەمەد پێش لە سێدارەدانی لە بەندیخانەدا ئەم نامەیەی بۆ خەڵکی کوردستان نووسیوە:(میللەتی ڕۆڵەو برا عەزیزەکانم، برابەش خوراوەکانم، میللەتە زوڵم لێ کراوەکەم، من لەدوایین ساتەکانی ژیانم دا ، چەند ئامۆژگاریەکتان دەکەم، وەرن بۆخاتری خوا چیتر دوژمنایەتی یەکتر مەکەن، یەك بگرنو پشتان وە یەکتر بدەن، لەبەرامبەر دوژمنی زۆردارو ستەمدا بووەستن خۆتان بەخۆڕایی بەدوژمن مەفرۆشن، دوژمن هەر ئەوەندە ئێوەی دەوێ تا کاری خۆی پێتان جێ بەجێ دەکاتو قەت بەزەیی پێتان دا نایەتەوە،لەهەر هەلێکدا بێ.قەت لێتان نابورێ ، دوژمنانی گەلی کورد زۆرن ،زاڵمن، زۆردارن، بێ بەزەیین، هێمای سەرکەوتنی هەر گەلو نەتەوەیەك،یەکگرتنو یەکبوونە، پشتگیری تەواوی میللەتە ، هەر میللەتێ یەکێتیو تەبایی نەبێ، هەردەم ژێر دەستی دوژمنانی دەبێ ئێوەی گەلی کورد هیچتان لەگەلانی سەر ئەم زەمینە کەمتر نیە.

بەڵکو لەپیاوەتیو غیرەتو لێ هاتوویی زۆر لەو گەلانەی کە ڕزگاربوون لەپێشترن،ئەو میللەتانەی لەچنگی دوژمنە زۆردارەکانیان ڕزگاربوون، یەکێتییان لەناودا هەبووە. با ئێوەش وەك میللەتانی سەر ڕووی زەوی ، چیتر ژێر دەستە نەبن،حەسودی بەیەك نەبردن و خۆنەفرۆشتن بەدوژمنان لەدژی نەتەوەکەمان دەتوانن بەوە ڕزگاربن.

براکانم: چیتر فریوی دوژمن مەخۆن، دوژمنی کورد لەهەر ڕەنگو دەستەو قەومێك بێت، هەر دوژمنە، بێ بەزەییە، بێ ویژدانە، ڕەحمتان پێ ناکات. بەیەکترتان بەکوشت دەدات. تەماحتان وەبەر دەنێ بەدرۆو فرِوفێڵ بەگژ یەکترتاندا دەکات. لەناو هەموو دوژمنەکانی کورد،دوژمنی عەجەم لەهەموویان زاڵمترو مەلعون ترەو خوانەناسترو بێ بەزەیی ترە. لەهیچ تاوانێك بەرامبەر بەگەلی کورد دەست ناگێڕێتەوە هەر بەدرێژایی مێژوو لەگەڵ گەلی کورد کینەی ڕیشەداریان هەیە. تەماشاکەن بڕوانن تەواوی گەورە پیاوانی گەلەکەتان لە سمکۆی شکاکەوە بگرە تا جەعفەر ئاغای برایو هە مزە ئاغای مەنگوڕو چەندو چەندین مرۆڤی دیکە هەر هەموویان بەفریودان ئارامیان کردنەوەو خەڵکیان لەپشت کردنەوە، ئینجا زۆر نامەردانە کوشتنیانن، هەموو ئەوانەیان بەسوێندو قورئان فریودان کە گوایە عەجەم نیەتیی خێری لەگەڵیان باشە. چاکەیان لەگەڵ دەکات، بەڵام هەر کوردیش خۆش باوەڕە بەسوێندو سۆزی عەجەم فریوی خواردووە و باوەڕی پێ هێناون،کەچی تائێستاش بەدرێژایی مێژوو،کەس نەیدیوە تاکو جارێکیش عەجەم بەسوێندو وادەو ئەو پەیمانانەی کەبەسەرانی کوردی داوە،وەفای پێ بکاو وادەکانی لەگەڵ کورد بەجێ بگەیەنێ،هەر هەمووی درۆو فرِو فێڵ بووە جامن وەکو برایەکی بچوکی ئێوە لەڕێگەی خوادا بۆ خاتری خوا پێتان دەڵێم یەك بگرن.قەت پشتی یەکتر بەرمەدەن، دڵنیابن ئەگەر عەجەم هەنگوینتان بداتێ، دیارە ژەهری تێ کردووە، بەسوێندو بەڵێنی درۆی عەجەم

فريو مەخۆن ئەگەر هەزاران جار دەست لەقورئانی پیرۆز بداو بەلێنتان پێ بدا،دڵنیابن تەنها فریودانی ئێوەیە تاوەکو فێڵێکتان لێ بکات(١٣)........هتد

**خزمەتگوزاری گەل و نیشتیمان**

**قازی محەمەد**

دوای ئەم وەسیەتە مێژووی یە قازی محەمەد لەگەڵ ١٥سەرکردەی کۆماری کوردستان دا لەنیوە شەوێکی درەنگ دا لە٣١/ئازاری ١٩٤٧لەگۆڕەپانی چوارچرای شاری مەهاباد لەسێدارە دران جگە لەوەش لەشکری ئێرانی لەو ماوەیەدا بێ سڵەمینەوە لەکاتی پەلاماردانەکەدا نزیکەی ١٥هەزار کەس لەخەڵکی بێ بەرگری کوردستان شەهیدکران (١٤).
پاشان کۆمەڵێك بەگزادەو نیشتیمان پەروەری تریش لە٧ی نیسانی ١٩٤٧ لەسێدارە دران کە ئەم شەهیدانە بوون:

١–سەرۆك حەمید مازۆچی

٢–سەرۆك رەسوڵ نەغەدە

٣–مولازم عەبدوڵلا رۆشنفکر

٤–ملازم محەمەد ناڤمی

لەبۆکانیش هەریەك لە

١–عەقید عەلی شێرزادی.

٢–عەقید ئەمین کەسنەزانی

٣–ئەحمەد خان فاروقی لەگەڵ دوو برای

٤–محەمەد بەگ شێرزادی

٥–ئەحمەد خان کلتەکی

٦–مەحموود خان تورکمان کەندی.

٧–محەمەد خان بابا خان

٨–ئاغا صدیق یازبلاخی

٩–علی ئاغا تمووتە

١٠–رەسوڵ ئاغا میرەدێ

جگە لەم پۆلە شە هیدانەش، تاوانەکانی ڕژێمی ئێرانی هەر بەردەوام بوو. هەر جارەو لەژێر بیانوویەکداو بەپاساوی جیا جیاو بەڵگەی بێ بنەما کە تەنها بۆلێدانی بزافی رزگاری خوازی گەلی کوردبوەو هیچی تر.بەڵام ئەمەش نەیتوانی بەر بە فیداکاری گەلی کورد بگرێ لەپێناو بەدەستهاتنی ئازادیو سەربەخۆیی دا .

## (ڕۆیشتنی بارزانی بۆ تاران)

مەلا مستەفای بارزانی کە هێزەکانی چەکدارو ئامادەبوون وەك خۆیان مابوونەوە لە١٩٤٦/١٢/٢٠دا چوو بۆ مەهاباد چاوی بەسەرلەشکر هومایونی کەوت وپێی ووت کەئامادەیە بگەڕێتەوە بۆ عێراق بەمەرجێ باڵیۆزخانەی بەریتانیا زەمانەتی سەلامەتی بکەن،بارزانی لەگەڵ میر حاج ئەحمەد، حەمە دەمین میر خان و جەمیل تۆفیق بامەڕنی ، خالید زراری و عیزەت عەبدولعەزیز نوری ئەحمەدی تەهادا بە هاوڕێیەتی سەرهەنگ غەفاری ، بۆ گفتوگۆ لەسەر چارەنووسی خۆی و هەڤاڵەکانی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێرانیو سیاسەتوانانی بەریتانیا چووە تاران.بارزانی کەلەتاران لەمیوانخانەی ئەفسەران بەرامبەر نوسینگەی سوپا سالاری ئێران جێی بۆ دانرابوو،یەك مانگی تەواو لەتاران مایەوە بەر لەگەڕانەوەی بۆ مەهاباد لە١٩٤٧/١/٢٩دا دیداری لەگەڵ شاو سیاسەتوانانی بەریتانیاو ئەمەریکا کرد بارزانی نەیتوانی زەمانەتی پێویست لەئینگلیزەکان بەدەست

بهێنـێ. ڕازی بـوو بـەو پێشـنیازە ئێرانـی یـە کـە (١٠٠٠٠)دەهـەزار کەسـێك لەئەنـدامانی عەشیرەتەکەی لەناوچەی ئەڵوەندی نزیـك هەمـەدان نیشـتەجێ بـن.بـەڵام شـێخ ئەحمـەد کەلەنەغەدەبوو لەدیدارێکیدا لەگەڵ سەرلەشکر هومایونی لە١٩٤٧/٢/١٩دا مـەلا مسـتەفاو شێخ ئەحمەد هومایونیان تـێ گەیانـد کـە لیـبڕاونو تەسـلیم بـەعێراق دەبنـەوە.ئەمـەش ڕەنگە بۆ هێمن کردنەوەی ئێـران بوبـێ تاخۆیـان قوتاربکـەن. سـوپای ئێـران بـۆ مـاوەی مانگێك لە٣/١١تـا ١٩٤٧/٤/١٢کەوتـە چـاودێری کردنـی هێـزی بـارزانی یـەکان لەناوچـە شاخاوی یەکانی ڕۆژئاوای شنۆ نزیکی سنوری ئێـرانو عێـراقو تورکیـا.هـەڤاڵانی بـارزانی وەك جــەنگاوەری بەدەسـتو جەربــەزە، خۆیـان نوانـد لەناوەڕاسـتی ئـازاردا سـوپای ئێران(١٢)کوژراو(٧٠) دیلی هەبوو. بەڵام خێزانی بارزانیەکان کە چـەند هـەزار ژنو منـداڵ دەبـوون پیاوەکانیـان لـەژێر گوشـاری سـەرمای تونـدی زسـتانێکی سـەختو بۆردومـانی ئاسمانیدا بوون. بڕیاریاندا لەگـەڵ شـێخ ئەحمـەددا خۆیـان تەسـلیم بەحکومـەتی عێـراق بکەنەوە.شێخ ئەحمەد دوای وەرگرتنی ئەمان لەگەڵ بەشی زۆری عەشیرەتەکەی و چوار ئەفسەرەکە تەسـلیم بوونـەوە وەکولەپێشـوتردابا‌سمانکرد(١٥).مامۆسـتا حسـێن حـوزنی موکریانی لە یاداشتەکانیدا دەڵێت ڕۆژی ١٩٤٧/٤/١٩لە بەڕێوبەری داواکاری گشـتی یـەوە بەیانێکی ڕەسمـی بـڵاو کرایـەوە لـەبارەی بارزانیەکانـەوە دەڵێـت ( بارزانیـەکان لەسـاڵی ١٩٤٥چـوونەتە ئێـران لـەولاوە تـەنگیان پـێ هەڵچـنیون و خۆیـان خزاندۆتـەوە عێـراق ،ناچـاربوون بـێ هـیچ مـەرجێك خۆیـان ڕادەسـتی حکومـەتی عێـراق بکەنـەوە ڕۆژی ١٧و١٨نیسانی ١٩٤٧ئەمانە خۆیان بەدەستەوە داوەکە ژمارەیـان ١٥٥٠ پیـاو و ١٦٧٦ژن و ١٣١٩ منداڵ دەبوون حکومەتی عێراق ئەوانی بۆ جێگای تایبەتی ناردووە کـە گـوزەران بکەن لەدوای ئەوە ڕۆژی پێنج شەمە و شەوی هەینی ٢٤ نیسان بەوشەوە بەشەمەندەفەر لە ڕێگای کەرکوکەوە شێخ ئەحمەدو شـێخ خالیـدی کـوڕی شـێخ بـابۆ ،شـێخ عەبـدوڵڵاو شـێخ سـادقی کـوری شـێخ بـابۆ ،شـێخ ئیسـماعیلی کـوڕی شـێخ عەبدولسـەلام و شـێخ

ئیبراهیمی کوڕی شێخ عەبدولسەلام وشێخ محەمەدسدیقی برای شێخ ئەحمەد و حاجی تەهای عەبدولعەزیزی خەڵکی ئامێدی مەلا حەسەنی مەلا ئەمین ونوعمان ئەمین و ساڵح مستەفا و ئەحمەد خالید و ئیسماعیل جەجۆ ،محەمەد بابەکرمامە ڕەش بۆ بەیانی زوو گەیەنرانە بەغدا وە لە بەندیخانە دابەزێنران بۆ ئێوارەش گەیەنرانە بەسرە لەوێ هەموویان بەند کران پاشان حاجی تەها و شێخ بابۆ یان گەڕاندەوە بەغدا ،لە پۆلیسخانە بەند کران . شێخ ئەحمەدو هاوڕێکانیان لە بەندیخانە لە ژوورێکدا زنجیر کران .

لێرەدا دەبێت ئەوە بە بیر خوێنەر بهێنینەوە بەدوای ئەوەی کۆمار ڕووخا واتە کۆماری مەهاباد هەندێك لەبارزانیەکان لەگەڵ مەلا مستەفا دا،بڕیارێکی کوردانە و شەرەف مەندانەیان دا. خۆبەدەستەوەدانیان قبولْ نەکردو ڕێگەی سەختی نێوان عێراقو ئێرانو تورکیایان گرتەبەر و درێژەیان بەڕۆیشتن دا کە ٣٥٠ کم بوو بە١٤ڕۆژ توانیان گەورەترین سەروەری بۆ کورد تۆمار بکەن. خورشید بارزانی کەیەکێك لەهاوەڵەکانی بارزانی نەمر بووە لەو ڕێگە کردنەدا دەیگێڕێتەوە کە ئەوەندەی ئەم سێ وولاتە پێیان کرا کردیان بەلام خۆڕاگری شۆڕشگێڕەکانو ئەو ورە بەرزەیان دوژمنانی بەچۆکدا هێنا، خورشید بارزانی درێژە بەقسەکانی دەداتو دەڵێ دوا شوێنمان لە سێگۆشەی هەرسێ ولاتدا تەنها ڕێگایەك مابوو بەچیایەکدا سەربکەوین دنیا بەفر بوو ئەو چیایەش جەندرمەی تورکی پێوەبوو. تەنها ڕێگاش هەر ئەوێ بوو. بارزانی لەگوندنشینەکانی پرسی.ئەفسەری ئەو سەربازگەیە کێ یە.؟ لەوەلامدا ووتیان کوردەو لەعەشیرەتی شکاکە ناوی (جەنەراڵ صالح)ە و خەڵکی( وانە). خێرا بارزانی نامەیەکی بۆ نووسی و ناردی. کەنوسیبووی (چارەنوسی ئێمە کە ژمارەمان (٥٠١) کەسە لەدەستی تۆدایە ئێمەش لەپێناوی کورددا تێ کۆشاوین ئەو ڕێگەیەمان بۆ بکەرەوە بۆ چەند سەعاتێك چارەنوسمان لەغیرەتو مەردایەتی تۆدایە). پاشان ئەفسەرەکە کە نامەکە دەخوێنێتەوە.خێرا ڕەزامەندی دەرئەبڕێو فەرمان دەکا بەبیانووی ساردی کەش و هەواو زۆری بەفرو سەرما با

جەندرمـەکان بگەڕێنـەوەو بێنـە خـوارەوە. ئـیتر بـارزانی و هاوڕێکـانی خێـرا ئـەو چـیایە دەبڕنو پاشان دەگەنە سەر ئاوی ئاراس. لەو کاتـەدا کـە خـەریکی پەڕینـەوە بـوون بـە (قەیاغ)دوو سواری شکاك دەگەنەلای بارزانی و دەکەونە گفتوگۆ و بەبارزانی دەڵـێن دوای ڕۆشـتنی ئێـوە هـەواڵگری تـورکی بەکارەکـەی زانیووەومەجلیسـێکی سـەربازیان پێـك هێناوەو بەتۆمەتی خیانەتکردن ئەفسەرە کوردەکەیان لەسێدارەداوە.

خورشید بارزانی دەڵێ دوای گەڕانەوەمان بۆ وولات ڕۆژێك کـوڕی ئەفسـەرە شـەهیدەکەی کەلەسێدارە درابـوو هاتـە لای بـارزانیو خـۆی پـێ ناسـاندکە خوێنـدکاری زانکۆیـە .مـەلا مستەفا پێی ووت کەهاتیت بۆ ئێرە حکومەتی تورك زانیویەتی ؟ ووتـی نـەخێر. بـارزانی ووتی دەباشە بگەڕێڕەوە بۆ تورکیاو زانکۆکەت تەواو بکە ئەگەر هاتیتەوە بـۆ ئێـرە ئـەوا منیش وەك کوڕەکانی خۆم حسابت بۆ دەکەم.دەڵێن بارزانی زۆر ڕێزی لـەو کـوڕە گرتـوو بەڕێزیشەوە بەڕێی کردەوە[1]

بۆیــە دەکرێــت بڵــیین کەســانی نەتــەوەییو نیشــتیمان پــەروەری واهەیــە کەشــەهید بوونەکەشـی ڕەنگـە لای زۆرێـك لەخـەڵکی کوردسـتان نامۆبێـت بـەڵام لەویـژدانی گەلـدا هــەردەم بەزینــدوویی دەمێنێتــەوە هەرچــەند خــەڵکانێك هــەبووە بــەکرێ گـیراوی ئـەو وڵاتانەبوون و بست بەبست بەدوای بـارزانی و هاوڕێکـانی یـەوە بـوون شـەڕیان کـردووەو هەوڵیان داوە بیان کوژن.بەڵام دوورلەگومان ئەوانـە ئێسـتا لەزبڵخانـەی مێـژوودا ناویـان تۆمارکراون.[2]

---

[1] . ئەم بەسەرهاتە بەڕێز كاك شێخ جەلالی بارزگان بۆی گێڕامەوە کەئێستا لەژیاندایەو خوا تەمەنی درێژبکات.کە دراوسێی و کەسێکی نزیکی خوا لێ خۆش بوو خورشید بارزانی بووە.

[2] . ئەوەی جێگای پرسیارە کەزۆرێك لە سەرۆك هۆزەکان بەشدارنەبوون لەدامەزراندنی کۆمـاری مهابـاددا بـەڵام ئەگەر سەرنج بدەین دوو کەسـایەتی کەسـاڵانێك دەردە سـەرییان چەشـت بـەهۆی هەڵوێسـتە کوردانەکەیانـەوە کەئەوانەش مەحموود خانی دزڵیو مەحموود خـانی کـانی سـانان،بوون ڕاسـتە مـەحموود خـانی دزڵـی لـەرۆژی

## (ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای جەنگی دووەمی جیهان)

دوای کۆتـایی هـاتنی جـەنگی دووەمـی جیهـان کـە زۆربـەی وڵاتـانی دنیـای تێـوەگلاو بەوانەشـی کـە نەچـوونە بـەرەی شـەڕەوە، بـەڵام بەشـێوەیەك لەشـێوەکان بەشـداربوون یاخود لایەنگری خۆیان بۆ لایـەك لـە سـەربازگەکانی جیهـان دووپـاتکردەوە. دەرئـەنجام وڵاتــانی هاوپــەیمانان ســەرکەوتن بەســەر بــەرەی میحــوەردا ئــەم جەنگــە لەســاڵی ١٩٣٩دەستی پێکردو لەساڵی ١٩٤٥کۆتایی هات. وڵاتانی ئەڵمانیاو یابان تەسلیم بـوون . ســوپای ســووریش چــووە ئــەڵمانیاوە، ئەمــەش جگــە لــەماڵ وێرانــیو تیاچــوونی زیاترله٦٠ملیۆن مرۆڤ و کـاول بـوونی چـەندین ووڵاتو شـار کەهـەتا ئێسـتاش ئاسـەواری خراپی و کاریگەری بەسەر مرۆڤایەتی یەوە هەرماوە ،کوردستانیش بەتایبـەتی ڕۆژهـەڵات جگــە لەشــەڕی جیهــانی توشــی شــەڕێکی تــری نــاوخۆییش بــوو کەســوپای ئێرانــی قەســابخانەیەکی تــری بــۆ کــوردان دروســت کــرد، تاشکســت بەشۆڕشــەکەیان بهێنــیٚو حکومەتی مەهاباد بڕوخێنیٚ هەرواش دەرچوو. بەوەش خەڵکی کوردستان تـەواو نائومێـد

١٩٤٦/٩/٣کۆچی دوایی کـردووە لەڕێگـەی ژەهـر خـواردن کـە دەسـەڵاتی ئـەو کاتـەی ئێـران لەڕێگـەی یـەکێك لەئەفسەرەکانی یەوە دێنە لای مەحموود خان لەگوندی ملەخورد لەناوچەی هەورامان لەڕێگەی (چا)وە ژەهـری پیٚ دەدەنو دوای ٩ڕۆژ لە ١٩٤٦/٩/٣دا شەهید دەبێت

هەرچەندەپێشتر خزمانی گومانی ئـەو ژەهـرە دەکـەن بـەڵام مـەحموود خـان هەرئـەو چـایە دەخواتـەوە،دیارە مــەحموود خــان زۆر بێزاربــووە لــەژیان ونەیویســتووە زۆر بمێنێتەوە،ئەمــەش زۆر لەســەرکردەکانی مێــژوو لەشکستهێناندا پەنا بۆ مردن دەبەن،هەروەها مەحموود خانی کانی سانان لەزیندانی قەسری قاجـاری ئێـران دا دەبێت لەتاران کە ڕۆژنامەی (کۆهستان)ژمارە(٤٣) ڕۆژی ١یکانوونی دووەمی١٩٤٥بەناونیشانی (چەند یادگاری یـەکی تـاڵ)هـەواڵی کۆچـی دوایـی مـەحموود خـانی کـانی سـانانی بڵاوکردۆتـەوە.خـەڵکی کوردسـتانیش وەك قارەمانێکی کوردو کەسایەتیەکی گەورەی ناوچەکە.غەمو پەژارەیان بۆ دەربڕیوە.

بوون و بێ هیوایی تێکڕای گشت چین‌و توێژەکانی گرتەوە.ڕژێمی شای ئێرانیش بۆ ئەوەی تۆزێك باری کەوتووی خۆی ڕاست بکاتەوە،ویستی کۆمەڵێك چاکسازی بکات.دوای ئەوەی کەهەڵمەتێکی تری دژبە خەڵکی جوانڕۆ ودژ بەکەسایەتیە کانی وەك سەردار ڕەشیدی ئەردەڵانی دەستپێکرد. سەردار ڕەشید ماوەیەك بە ناوی حوکومداریەوە لە سنەدا ناوبانگی پەیدا کردبوو پاشان وردە وردە شەڕی یەکەمی جیهانی ١٩١٤_١٩١٨ بەسەرچوو حوکومەتی ئێران تۆزێك بووژایەوە سەردار ڕەشید هەستی کرد مانەوەی لە سنەدا بە قازانجی ناشکێتەوە بۆیە بڕیاریدا شوێنی حوکومڕانیەکەی لە سنەوە بگوێزێتەوە بۆ ڕەوانسەر پاشان سەردار ڕەشید بە فروفێڵی (عەلی محەمەد خان)ئەلدەولە لە ساڵی ١٩١٦ دا دەگیرێت و ڕەوانەی تاران دەکرێت پاش ماوەیەك دەتوانێت خۆی بگەیەنێتەوە ناوچەکەی خۆی و لەم کاتەدا بە فڕوفێڵی (ڕەزا خانی پەهلەوی ) زۆربەی سەرۆك عەشیرەتە کوردەکان پشتیان تێکرد ئەویش بە ٤٥٠٠ سوارێکەوە پەلاماری هێزی عەشایەر و جافەرسانی لە کێوەکانی شمشێرە دا بەڵام سەرکەوتنی بە دەست نەهێناو گەڕایەوە ڕەوانسەر دوای چەند شەڕ وشۆڕێك تەسلیم بە حکومەتی ئێران دەبێت و بەیەکجاری لە ئێران دادەنیشێت بەڵام حکومەت وازیان لێنەهێناو بەزۆر لەژێر چاودێری توندا مایەوە تاکو مرد.

## سەردار ڕەشیدی ئەردەڵانی

## لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیدا و بارودۆخی سیاسی کوردستان

دوای ئەوەی عیسا پژمان ئەفسەری سوپای ئێرانی پەیوەندی لەگەڵ سەردار ڕەشید پەیداکردبوو دەڵێ: سەردار ڕەشید چەند ساڵێك لەئاوارەیی‌و بێ کەسی دا مایەوە

لەساڵی ١٣١٣ی هەتاوی کەدەکاتە ١٩٣٤زایینی گەڕایەوە مەڵبەندی خۆی.پاش لێبـوردنی لەلایەن رژێمی ئێرانەوە، بەڵام حکومەتی ئێران زۆری نەخایاند لەبـەڵێنی خـۆی پەشـیمان بۆوەو سەرلەنوێ ماوەی حەوت ساڵی تر لەزینـدانی (قەسـری قاجـار)دا هێشـتییەوە لـە ڕۆژی ٢٦ئەیلوولی ١٩٤١داو لەکاتێکدا کەزیندانی ناوبراو شـکێنراو سـەردار ڕەشـید لەگـەڵ هەموو زیندانیو سەرۆك عەشیرەتەکانی تـردا کەبەندکرابوون،گەڕایـەوە شـوێن و هـەواری خۆی.بەڵام جارێکی تر حکومەتی تاران وازی لێ نە هێناو بانگی کـردەوە بـۆ تـاران بـەبێ ئـــەوەی هـــیچ شـــتێکی کردبـــێ.ئـــەمجارەیان بەدەستبەســـەریو لـــەژێر چـــاودێری دا مایەوە.سەردار ڕەشید وەکو عیسی پژمان باسی لێوە دەکات کە ژیانی زۆر خراپ بووە. (عیسـا پـژمان) دەڵـێ کـارو پیشـەکەم زوو زوو ئـەمبینیو سـەرم لێ ئـەدا.ئـەو حاڵەتـە ناخۆشەی کاری تێ کـردم داوام لەلایەنـە بەرپرسـەکان کـرد کـە سـەردار رەشـید توانـای هیچی نەماوەو لەژورێکی ئوتێلێکی کۆن دا کە دەکەوێتە پشت بەڕێوبەرایـەتی شـارەوانی تارانەوەیە کە حاڵەتی خراپـە بابگەڕێتـەوە ناوچـەکەی خۆی،بائـەو چـەند سـاڵە کەمـەی ژیانی کە ماوە لەشوێنی خۆی بەسـەر بـەرێ. یـان بەلایـەنی کەمـەوە شـوێنێکی باشـتری بدەنێ هەرچەندە لێپرسراوانی ئێـران پێشـنیازەکەی منیـان پەسـەند کـرد بـەڵام سـەردار ڕەشید ڕازی نەبوو کە بگەڕێتەوەو ووتـی(تـازە بـۆ کـوێ بگەڕێمـەوە کـە هـەموو شـتێکم لەدەسـت داو خێزانەکـەم نـەماوە و سـەرو سـامانم بـەتاڵان ڕۆیی،بەنـدیم لەتارانـدا زۆر لاخۆشترە کەبەم شێوەیە بگەڕێمەوەو ببمە مایـەی گاڵتـەجاڕی لەلایـەن دوژمنەکانمـەوە) بەم جۆرە لە ژورێکدا ماوەی (٥)ساڵی تـر مایـەوەو دواتـر کۆچـی دوای کـردو تاماوەیـەك کەس بەمردنەکەی نەزانیبوو.جەستەی بەشێوەیەك تێکچووبوو کـەهیچ کـام لـەکرێکارانی میوانخانەکە توانای ئەوەیان نەبوو کە بیهێننە دەرەوە بەخاکی بسـپێرن تـا (ئـەمبوڵاس) هاتو بردی لەشوێنێکیدا نێژرا کەنازانرێ شوێنەکە کوێ یە(١٦).

لەدوای ئەم هەموو کارەساتەی کەبەسەر خەڵکی کوردستاندا هات ئینجا ڕژێمەکەی شای ئێران بیری لەچاکسازی و دڵدانەوە دەکردەوە هەر بەوەش چاوی لەسەر عەشیرەتەکانی جوانڕۆ هەرمابوو و لەبیانوو دەگەڕا تا لەمانگی ئەیلوولی ١٩٥٠تا مانگی شوباتی ١٩٥٦ هێزەکانی شا بەبیانووی ئەوەی کە عەشایەری جوانرۆ سەرپێچی لەدانی باجو چەکدانان دەکەن گوایە خەریکی چاندنی حەشیشەن،کەوتە پەلاماردان و سەرکوت کردنیان بەڕای شارەزایان کارامەییو سەرکەوتویی هێزی ئێران لەم ڕووداوەدا یەکەمین ئەنجامی پەیمانی بەغداد بوو لەساڵی ١٩٥٥.

پاش ئەم ڕووداوە دەوڵەتی ئێران،بۆ دڵدانەوەی کوردەکان کەوتە هەندێك ریفۆرمی کۆمەڵایەتی باشو تەنانەت کۆمەکی بە کۆمەڵانێکی زۆری خەڵکی کوردی ناو ئێران کرد لەمانگی نیسانی ١٩٥٩تا مانگی ١٩٦٣/٥ڕۆژنامەی هەفتانەی(کوردستان) بەڕێکوپێکی بڵاو دەبۆوە ،لەم ڕۆژنامەیەدا بابەتی ئەدەبی و ئاینیو مێژوویی و تەنانەت سیاسیش بڵاو دەبۆوە.هەرلەوکاتەدا دەوڵەتی عێراق دەوڵەتی ئێرانی تاوانبارکرد، کەبەشێوەی ماددی و مەعنەوی یارمەتی ڕاپەڕینی کوردەکانی عێراق دەدات بەلام لەگەڵ ئەو هەڵوێستەشدا دەوڵەتی ئێران هێشتا هەر بەدگومانی سەرانی ئێران دەرهەق بەکوردەکانی خۆیان نەگۆڕا(١٧).ئەمەش باسێکە لە کتێبی کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلام دا هاتووە ئەو ماوەی ١٥ساڵە پڕ زەحمەتە کەهەرچی پێیان کرا بەخەڵکی کوردستانیان کرد کەچی بەچەند دێڕێك لەمێژوویەکی قرچۆکو لاواز زیاتر هیچی تێدا نەبوو بەرامبەر بەو بێ ویژدانیانەی کەبەرامبەر بەنەتەوەیەك ڕۆژانە پەیرەو دەکرا. بۆ ئەمە لازاریف لەبەشێکی نووسینە پڕ بایەخەکەیدا ئەو ماوەیەی دوای جەنگی جیهانی زیاتر باس دەکات و دەنووسێ: کوردستان لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی سەردەمی ڕژێمی داگیرکاری هەرەسی هێنا و ڕابوونی بزاڤی نیشتیمانی ئازادیخواز لەهەموو جیهان بەگشتی جێگای

گرتەوە ، بە وڵاتانی هەردوو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو نزیکیشەوە لەهەمان کاتیشدا ئەم ناوچەیە بووبە بنکەی جەنگی سارد ئەمەش کاتێك دەستی پیٚ کرد کەیەکێتی سۆڤیەت پشتی بەستبوو بەبزاڤە نیشتیمانیو ئازادی خوازەکانو سەربازگەی ڕۆژئاواش گرەنتیەکانی لەسەر ڕژێمە موحافیز کارو ئاینی یەکان بوو.لەڕاستیدا ئەم ململانییە بارودۆخی کوردستانی دوای شەڕ دیاری کرد.

ئەوەبوو وڵاتە ڕۆژئاواییەکان.ئەوانەی کەڕاوەستان لەدژی مەترسی سۆڤیەتی کەتادەهات زیاتر دەبوو لەگەشەکردنی هۆشیاری نەتەوایەتی لەئاسیای ڕۆژئاوادا ئەم وڵاتە ڕۆژئاوایی یانە دەستیان کرد بەدامەزراندنی هاوپەیمانی سەربازی لەناوچەکەدا لەو کاتەشدا بەریتانیا بەهێزترین وڵاتی گەورەی ناوچەکەبوو. هەر ئەویش یەکەمجار پێشنیاری پیادەکردنی ئەم بەرنامەیەی کرد، ساڵی ١٩٤٦-١٩٤٧پێکهێنانی پەیمانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەبەشداری عێراقو بەریتانیا و تورکیاو ڕۆژهەڵاتی ئوردون بوو.بەڵام هەوڵەکانی بەریتانیا بۆ بەشداری پێکردنی دەوڵەتانی تری عەرەبی شکستی هێنا.لەگەڵ ئەوەشدا چەندین هاوپەیمانی دوو قۆڵی هاتە ئاراوە بۆ نموونە ڕێکەوتننامەی نێوان تورکیاو عێراق کەیەك ئاراستەبوو بۆ دژایەتی بزاڤی نەتەوایەتی کورد.دوای جەنگی دووەمی جیهان هەرەسهێنانی رژێمی تیرەگەریو خێڵایەتی لەکوردستان ڕووی لەزیادبوون بوو ، بەڵام پەیوەندی یە کۆمەڵایەتیە کشتوکاڵیە باوەکان بەردەوام بوو هەروەها گواستنەوەی خێڵە ڕەوەندەکانیش بۆ ژیانی شار بووە هۆی باشترکردنی بارودۆخی ژیان(دامەزراندنی تۆڕی پەیوەندی یەکان و،سەپاندنی.ڕژێمی یاساییو دانانی ترومپای ئاو) بووە هاندەر بۆ جوتیارانو تێکەڵ بوونیان لەگەڵ شار.لەگەڵ ئەمەش دا دامو دەزگاکانی حکومەت دەستی دەگەیشتە شوێنە دوورەکان کەپێشتر زۆر سەخت بووە.ئەمەش بووە هۆی لاوازبوونی پەیوەندی یە خێڵەکیەکان بەجۆرێك لەهەموو شوێنێك

تێبینی دەکرا(١٨). خۆرهەڵاتناسەکانیش گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی کەتەمەنی مەسەلەی کوردو کێشەکانی کەبە ئالۆزترین کێشەی سیاسی ئەم ناوچەیە دائەنرێ سەد ساڵ زیاترە گەلی کورد بەسەر تورکیاو ئێران و عێراقو سوریادا دابەش کراوە، لەڕووی سیاسییەوە یەکگرتوو و سەربەخۆ نی یە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان کەبەئاگرو ئاسن گەلی کورد دەچەوسێننەوەو دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان کە پشتیوانیان لێ دەکەن.هەموو هێزو توانای خۆیان بۆ لەناوبردنی گەلی کوردو تواندنەوەی لەناو گەلە سەردەستەکاندا خستۆتە گەڕ. ئەم دەوڵەتانە نایەڵن کورد بەزمانی باوباپیرانی خۆیان بدوێن یان بخوێنن لەهەموو پێشکەوتنێکی ئابوری.سیاسی.کەلتوری.کۆمەڵایەتی،بێ بەشیان دەکەن. بەپێی زانستی مارکسیزم،جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی نیشتیمانی کوردستان بریتی یە لە خەباتی بورژوای تازە پێگەیشتووی کوردستان دژی،بۆرژوای گەلانی سەردەستی تورکیاو عێراقو ئێران و دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییان .کونسوڵی ڕووس لەشاری ورمێ (واسیلی نیکیتین) لەکتێبەکەیدا (فەرهەنگی سیاسی) لاپەڕە (١٢٠١-١٢٠٤)لەبارەی پرسی کوردەوە.نوسیویەتی: (ناشێو نابێ کەس گومان لەبوونی مەسەلەی کورد بکا ئەم پرسە بۆ سیاسەتی جیهانی هێندە گرنگە کەکێشو سەنگی تایبەتی خۆی هەیە و جەنگی جیهانیو پەیدابوونی چینی ڕۆشنبیری کوردی زاخاو دراو بەبیروباوەڕی نوێی دیموکراتی) (١٩).هەروەها مەسەلەی بانگەوازکردنی کۆماری کوردستان.کە هەندێك بەپێشوەختی دەزانن، هەندێکی تریش لەگەڵ بانگەوازەکەشدا نەبوون تەنانەت (باقرۆف)بەگوێرەی گێڕانەوەی(ولیام ئیگلتن)نووسەری کتێبی کۆماری مەهاباد ساڵی ١٩٤٦دەڵێ:باقرۆف بەسەر سامی یەوە هەر لەسەرەتاوە دەڵێ کورد پەلەی چیانە لەدامەزراندنی دەوڵەتی جیا)بەڕای ئەو ئازادی کوردستان پەیوەستە بەخەباتی جەماوەری یەوە. نەك لەئێران بگرە هەر لەتورکیاو عێراقیش کوردی ئێرانیش مافی

خۆیانــه خۆشـحاڵ بـن بـۆ وەدیهـاتنی یـەکێتی هــەموو میللـەت و خۆشـحاڵ بـن بـەوەی کەبەشێك بن لەئازەربایجان. لەڕاستیدا ئەمە دەقاو دەق ئەو سیاسـەتە بـوو کـە بـاقرۆف لەدواییـدا گرتییــە بــەر (٢٠) بەڕاســتی لــۆژیکێکی هەڵــەو نــەخوازراوە کەئەگــەر لەهــەر ڕوویەکـەوە سـەیری پێـك هاتـەی جوگرافیـای سیاسـیو ئابوری،تەنانـەت کۆمەڵایـەتیش بکەین زۆر جێگای سەرسوڕمانە بەشـێکی کوردسـتان ئۆتۆنـۆمی لەلایـەك وەرگرتبـێ کـە لەگشت ڕووەکانەوە گونجاو نەبێت.هەر لـەڕووی خـاكو سەرچـاوەو ژمـارەی دانیشـتوانو تەنانـەت مێـژووشمان ئەمـە ناسـەلمێنێ کـە کـورد لـەژێر سـێبەرو سـایەی ئـازەردا بێـت دەکرێـت ئەمــە پێچـەوانەکەی زۆر ڕاسـتتر بێـت وادیـارە لـە پشـت پرسـەکەوە مەسـەلە سیاسیەکە ڕۆڵی بینیوە(نوسەر) قازی محەمەدو سـەرانی تـری کۆمـاری مـەهاباد.ئەبوایـە ئەوەیان پێ بزانیایە کە (کۆمارەکەیان) لەمەترسـیدایە ویەکـەمین نیشـانەش بـۆ ئەمـە چۆڵ کردنی ئێرانە لەلایەن هێزەکانی سـۆڤیەتەوە لـە١٠/٥/١٩٤٦دا لـەدوای سـەرهەڵدانی قەیرانی نێونەتەوەیی وادیارە بـارودۆخی ڕۆژگارەکـە و بۆشـایی بـەڕێوە بـردن و سـۆزی نەتەوایەتی و بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژانەی ناوچەکە زیاتر لە هەڵەکەیاندا ڕۆڵی بینیوە(٢١).

دووەمین نیشانە دەرکردنی وەزیرانی (تودە)بوولە دەزگاکانی لەدەوڵەت لە١٩/١٠/١٩٤٦دا سێهەمینیش قسەکانی ڕۆژی٢٧/١١/١٩٤٦ی جۆرج ئالنی باڵیۆزی ئەمەریکابوو لەتاران دا کە دووپاتی کردەوە دەوڵەتی ئەمەریکا پارێزگاری لەسەرانسەری خاكو سەروەری ئێـران دەکا(٢٢). کۆماری مەهاباد وێڕای بچووکی خاکەکـەی و کـورتی تەمەنی،جێیـەکی گرنگـی لەمێژووی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردا هـەبووە ئەمـە یەکـەمین بزوتنـەوەی کـوردی بـوو کە(ڕۆشـنبیرێك)سـەرۆکایەتی بکـات و نیشـانی بـدا کـەکوردەکان ئەگـەر دەرفـەتیان بـۆ بڕەخسێت تالانچی نین(٢٣) بەڵکو دەتوانن بناغەی حکومەتێك بەمانای حکومەت دابنێن و خۆیان ئیدارەی خۆیان بەڕێوە بەرن .

## (هەڵوێستی عەشیرەتی جوانڕۆ لەدامەزراندنی کۆماردا)

دوای ئەوەی کۆماری کوردستان ڕاگەیانرا لەمەهاباد پیاوانی عەشـیرەتی جـوانڕۆ دڵخـۆش بوونو هەندێکیان ئاهـەنگیان گێڕا،هـەر بـەو بۆنەیـەوە نوێنـەری جـوانڕۆ بەسـەرۆکایەتی میرزا محەمەد لەوێدا ئامادە بوو وتارێکی نیشـتیمانی خوێنـدەوە کـە زۆر بەپـەرۆشـەوە، ئامادەیی یان دەربڕی بۆ هاوکاریو پشتگیری کۆماری کوردستانو بەرگری کردن لێی. لە وتارەکەیدا ئاماژەی دا بەبوونی(١٨٠٠٠)چەکداری جوانڕۆ، کەئامادەن بۆ بەرگری لـەکۆمار دژی داگیرکــەران.لەگــەڵ ئەوەشــدا کەناوچــەی جــوانڕۆ بەرامبــەر بەدەشــتاییەکانی (مایدەشــت)ەو ســەر بــەپارێزگای کرماشــانەو ئــەو ناوچــانەش لەلایــەن بــەریتانیاوە داگیرکرابوو. ،بەڵام بزوتنەوەی نەتەوایەتی لە جوانڕۆدا زۆر بەهێزبوو.نوێنەرانی کۆماریش بــەردەوام پەیوەنــدی یــان لەگــەڵ تێکــڕای عەشــایەرەکاندا هــەبوو و بڵاوکراوەکــانی مەهابادیش دەگەیشتە ئەو ناوچانە کە هەرچەندە پەیوەندیشـیان تـەنیا لەگـەڵ سـەرۆك خێڵەکانو کەسانی ئایینیو ڕۆشنبیرەکان داهە بوو. بێ ئەوەی هەوڵ بـدەن پـەیوەنـدیان لەگەڵ جوتیاراندا هەبێت، خاڵێکی تریش کە ئەبێت ئاماژەی پێ بدرێ لێپرسراوەکان لـەو بارەیەوە ئەوانی پشتگوێ خستبوو هیچ بەرنامەیـەکیان نـەبوو بـۆ باشـکردنی گـوزەرانو بـاری ئـابووریو بـاری کۆمەڵایـەتی جوتیـاران .کەئـەتوانین بڵـێین ئـەو چـینە زۆرتـرین پێکهاتەی کوردستانن کەئەمەش هۆکارێك بوو کەبەرگری نەکەن لەکۆمار. یان لە دواڕۆژی خۆیان بە گومان بن بەهۆی دواکەوتوویی فیکری بۆ ئەو پێکهاتە زۆرینەیەو گەشەنەکردنی هوشیاری نەتەوەیی لای زۆربەی خەڵكو ئەرکی بـەرگری کـردن لـەم قـەوارە تـازە لـەدایك بووە کەوتە سەرشانی دەستەیەکی دیاری کراو لەئەندامان لەناو کۆمەڵگـەی کوردەواریـدا .ئاشکرایە ئەو دەستەبژێرە مەیلی بـەلای بزوتنـەوەی ڕامیـاریو کۆمەڵایەتیەکـەدا هەیـەو

پشتگیریشـیان دەکـات ئەمـە ئەگـەر زیـانی بۆبەرژەوەنـدی ئـابوریو کۆمەڵایـەتی نـەبێت .کاتێکیش کەهەسـت بکەن،کەمەترسـیەك بۆسـەر بەرژەوەنـدیان هەیـە.ئـەوا لێیـان دوور دەکەونـەوە تـەنها وەك سـەیرکەرێك دەمێننـەوە.ئەمـە لەکاتێکـدا ئەگـەر نەچـنە ڕیـزی دوژمنانــەوە.لێـرەدا پرسـیارێك بـەبیری هەنـدێ کەسـدا دێ سـەبارەت بەڕاسـتی ئـەو هۆکارانەی کەلەپشت ئەم هەڵوێستە نەرێنییەوە لەلایەن توێـژێکی کۆمەڵایـەتی فراوانـەوە سەبارەت بەدەستکەوتی نەتەوەیی گەورە لەئارادایە. هەرچەندە جـوانڕۆ ئاسـان بـوو بـۆ ئێران داگیری بکات چونکە هیچ لەمپەرێکی سروشتی تیانی یە کە ڕێگری لـە داگیرکردنـی بکات بەهۆی ئەو سروشتەی خاکەکەیـەوە نـەیانتوانی بەربـەهێزەکانی حکومـەتی ناوەنـد بگرن.لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی و ڕوخانـدنی کۆمـاری کوردسـتان.هێزەکـانی حکومەتیش هیچ گوێیان پێ نەداو بەڵام خۆڕاگری جوانڕۆییەکان بووە هۆی تێکشـکاندنی حکومەت.ئەوانیش ڕقو کینەی خۆیان لەدوایدا بەسەردا ڕژاندن. ئـەوەی گرنگـە ئەوەیـە. جوانڕۆییــەکان لــەتێکڕایی بروســکەو ڕاپۆرتــەکانو فەرمانــەکانی نــاو لەشــکری ئێــران ئاگاداربوون.ئەمەش لەڕێگەی (دەروێشە شەل)ی گەڕۆك کە هەموو بەیانی یەك دەهات بۆ (دەوڵەت ئاوا)تا ئێوارە ئەمایەوە لەڕۆژدا دەچوو بـۆ ژوری فەرمانـدەییو ژووری جیهـازی بـێ تـەلو گـوێ گـرتن لەهــەواڵ و زانیارییــەکانی کـۆدەکردەوە .دوای تاریـك دەیهێنـا و لەشەودا دەگەڕایەوە بۆ قـەڵای جـوانڕۆو لەچـۆنیەتی کاروبـارو دەنگوباسـەکان ئاگـاداری دەکردنەوە .لەڕێگەی ئەم سەربازە ونەوە جوانڕۆییەکان لەتەواوی

بڕیارەکانو بروسکەکان کە بۆبارەگای هێزەکان دەچوو.ئاگادار دەبـوون.بـەهۆی ئـەوەوە لـەبارێکی ئامـادەیی تـەواودا بـوون بـۆ ڕووبەڕووبونـەوەی هێزەکـانی مـیری وسـەنگەریان لەسەر بەرزایی یەکانو گردەکان لێـدا بـوو کـەدەیڕوانی بەسـەر دەشـتایی یەکانـدا و ئـەو جێگایەی کە (مایدەشت)و ناوچە نزیکەکانی جیادەکردەوە.ئەگەرچی گردەکانو بـەرزایی

یەکان دارستانێکی سروشتی درەختی بەڕووبوون لەگەڵ ئەوەشدا سەنگەرەکانیان،بەهۆی لـق‌و پـۆی دارەکانــەوە داپۆشـراو بـوون لەترسـی فڕۆکـە، بـەڵام بەپێچـەوانەی ئـەوەی کەچاوەڕوان دەکرا وەك لەسەرەتاوە دەرکەوت کەشێوەیەکی کلاسیکی بوو زیاتر لـەوەی کەشەڕێکی شێوازی نوێ بێت.لـەدوا ئێـوارەی دوای دەسـت پێکردنـی هێرشـەکە تێبینـی جموجـۆڵی ناسروشـتی سـوپای ئێـران‌و کـوردە بـەکرێ گیراوەکـان دەکـرا جـا ئـەوەی دەرکـەوت هێـزی حکومـەت بـوو خـۆی بـۆ هێـرش ئامـادە ئـەکات لەبەرەبـەیانێکی ڕۆژی دواتردا هێزە پیادەکـان، بـەرەو جـوانڕۆ جـوڵان‌و پێشـڕەویان کـردو پێشـەنگیان کـوردە بـەکرێ گیراوەکـان بـوون. جوانڕۆییـەکان ورەیـان بـەرز بـوو.چـونکە بڕوایـان وابـوو کەلەشەڕەکەدا سەردەکەون لەلایەکی ترەوە جوانڕۆییەکان ئاگـاداری هێرشـەکانی ئـەوان بـوون .لەبەرئـەوە بەشـێکی زۆری چـەکدارەکانیان جوڵانـدو لەچـەمەکەی بەردەمیانـدا پەڕینەوەو بۆسەیان بۆدانان،بێ ئەوەی هێزی ئێرانـی بـەم کـارە بزانن،هێزەکـانی ئێرانـی لەپێشڕەوی دا بوون بەرەو چەمەکە کاتێکیان زانی دەورە دراون و کەوتنە ناو بۆسەکەوە ئیتردرانە بەر ڕێژنەی گوللە ولەهەموولایەکەوە غافڵ گیر کران. ئەم شەڵەژاندنە بێ سەرو بەرەیی یەکی هێنایە ئاراوە.کە زۆربەیان کوژران یان برینداربوون شەرەکە بـەردەوام بـوو بێ ئەوەی فڕۆکەو زرێپۆش بەشداری تیادا بکات ئەمەش بـاڵا دەسـتی جوانڕۆییـەکانی لێ کەوتــەوە.کـاتێکیش ئێـوارە داهـات ،هێزەکـانی مـیری کەوتنـە گواسـتنەوەی برینـدارو کوژراوەکان و گواسـتنەوەیان بـۆ (دەوڵـەت ئـاوا)پاشـان لەوێشـەوە بـۆ کرماشـان کاتێـك هەواڵی شکاندنی لەشکری ئێرانی بڵاوبووەوە،خۆشی‌و شـادی بـاڵی بەسـەر شـاردا کێشـاو بەڵام هێزەکانی ئێران هەر کۆڵیان نەداو ئەو هەراو بگرەو بەردەیەش نزیکەی شەش ساڵی

خایاند[٣](٢٤). جامەبەست لێرەدا هێنانەوەی هەر بڕوبیانویەکی دوژمن بۆ هێرش کردنە سەر کوردو شۆڕشەکانی هەمووی بێ بنەمایەو پاساو هێنانەوەیە بۆ کارە نامرۆڤانەکەیان.کە دەرهەق بەخەڵکی بێ دیفاعی کوردستان لەهەر پارچەیەك بێت ئەنجام دراوە هەندێکجار بە جوداخوازو نۆکەری بێگانە تۆمەتبار کراون .کە ئەمەش دوورە لەڕاستی یەوە پرۆفیسۆر دکتۆر جویس بلو لەکتێبەکەیدا بەناوی (دۆزی کورد)دەنوسێ. دوای ئەوەی قازی محەمەد حکومەتێکی پێك هێناو دامو دەزگاکانی دامەزراند قازی محەمەد چوو بۆتاران داوای خود موختاری بۆ کوردستان دەکرد هەرچەندە من (نوسەر)لەو بڕوایەدا نیم کە قازی چووبێت بۆ تاران بەڵکو(ڕەنگە تەنها ئەو وتوێژەبێت کەلەوەڵامی پەیامنێری ئاژانسی دەنگوباسی (فرانس پریس)ی فەڕەنسی کە داوای لێ کرد باسی وەزعی ئێستای کوردستان بەرامبەر بەدەوڵەتی مەرکەزی بکات قازی محەمەد جەختی لەسەر سێ خاڵ کردەوە کەیەکێکیان خود موختاری بوو بۆ کوردستان)پرۆفیسۆر دکتۆر (جویس بلو)دەڵێ قازی داوای لەحکومەتی مەرکەزی کرد کە ئۆتۆنۆمی بۆ تەواوی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و هەروەها داوای کرد کارمەندانی ئیداریو هێزە سەربازی یەکان لەخەڵکی ناوچەکە دابین بکرێت. بەڵام هێشتا گفتوگۆ

---

[٣] . خوێنەری بەڕێز ئەم بابەتەی سەرەوە کە خوێندوتەوە هەرچەندە لەگۆڤاری (هەزارمێرد)ەوە وەرگیراوە بەزمانی عەرەبی نوسراوە. خاوەنی بابەتەکە سوپاس بۆ خوا لەژیاندا ماوە و ئەویش بەڕێز مامۆستا(حەسەن عەبدولکەریم)ە خۆم چوومە خزمەتی دوای دووجار ئینجا توانیم چاوم پێی بکەوێت کەلەزمانی خۆیەوە دەیگێڕێتەوە کەدەڵێ لە ساڵی ١٩٤٦من تەمەنم کە ١٦–١٧ساڵان بوو.کوڕێك خەڵکی جوانڕۆ بوو بۆ خوێندن هاتبوو بۆ سلێمانی.ئیتر بوینە هاوڕێ .پاشان ئەو گەڕایەوە بۆ جوانڕۆ، منیش بەبۆنەی ئەوەوە چووم بۆ ئەوێ هاوڕێکەم ناوی مەلا مەجیدی وەڵەد بەگی بوو بەڵام لەئێران بە (مەلا عەبدوامەجید موەحد)ناسرابوو. ئەو ڕۆژانە شەڕەکانیم هەمووی بیستوەو هەندێکیشم بینیوە.کە منیش (نوسەر)چوومە خزمەتی مامۆستا حەسەن عەبدولکەریم تەمەنی لەدەوروبەری ٨٣ساڵاندابوو. خوای گەورە تەمەنی درێژبکاتو تەندروستی باش بکات

لەگەڵ نوێنەرانی کورد کۆتایی نەهاتبوو کە دەوڵەتی ئێران هێزە سەربازی یەکانی خۆی ئامادەباش کرد،دژی ئازەربایجان‌و کۆماری کوردستان.حکومەتی میللی مەهابادیش هەوڵی دا بەرگری بکات لەکوردەکانی دەرەوەی چوارچێوەی کۆماری مەهاباد لەڕیزیاندا ڕۆشنبیران ، ڕۆژنامەنوسان ، نوێنەرانی مجلسی ئێران لەڕێی یاداشتێکەوە بەرزیان کردەوە بۆ دەوڵەتی ئێران داوای پێکهێنانی شورای باڵای کوردستانیان کرد کەپێکهاتبوو لەشەش ئەندام ٣کوردو ٣غەیرە کورد ،لەسەرەتای مانگی حوزەیرانی ١٩٤٦خودی قازی محەمەد بەهەواڵنێری(A.F.P)ی ڕاگەیاند ئەگەر دەوڵەتی ئێران بەڕاستی بڕیاری جێ بەجێ کردنی یاسا دیموکراتی یەکان لەسەرانسەری ئێراندا بدات. ئەو یاسایانەی کەلەبواری فێرکردنی زمانی کوردی لەتەواوی ناوچە کوردنشینەکان‌و هەروەها خود موختاری ئیداری‌و دابینکردنی هێزی سەربازی کەلەکوردستاندا هەیە بەڕەسمی بناسێ ئەوا کوردەکانیش ڕەزامەند دەبن(٢٥).یاخود چوونی قازی محەمەد بۆ تاران ئەبێت بەزەمانەتی ڕووسەکان بووبێت. کەدانوستانەکان لەمانگی شەشەوە وەستابوو بەڵام لەمانگی هەشت دا دانووستان دەستی پێکردەوە.لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ڕایکردنی کارەکان زیاتر سەدری قازی لەو نێوەندەدا دەوری دەبینی. ئەو جارەش کە قازی چووەتە تاران بۆ گفتوگۆ.تا دیاریکردنی سنووری دەسەڵاتەکەی تا سنەو کرماشا کەهەر خۆی قازی بێت‌و بەرپرسی یەکەم بێت هەندێك دەڵێن کە سەرۆك وەزیرانی ئێران( اقوام السلطنة ) ڕازی بووە بەمەرجێ دکتۆر جاویدی پارێزگاری ئازەربایجان ڕازی بێت بەهەر حاڵ قازی محەمەد بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێك بەدەست بێنێ گەڕاوەتەوەبۆ مەهاباد(٢٦). دوای ڕوخاندنی کۆماری کوردستان‌و لەسێدارەدانی قازی‌و هاوڕێکانی و گرتنی ژمارەیەك لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستان و ڕاکردنی ئەندامانی تری حیزب بۆ عێراق،بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد بەکردەوە هەرەسی هێنا.لەگەڵ ئەوەشدا

کەکوردستان لەنائارامی دا دەژیا حاڵی سەرانسەری ئێران خراپتربوو دوای دورخستنەوەی شای ئێران بۆ (جوهانسبۆرگ)تالەویێ بەیەخسیری مایەوە .دوای ئەوە دکتۆر مصدق گەڕایەوە تاران‌و لە خولی چواردەهەمینی پەرلەماندا بەنوێنەر هەڵبژێردرایەوە لەو کاتەدا(اقوام السلگنه ) ڕێکەوتنی نەوتی لەگەڵ ڕووسیا بەست، بەڵام مصدق دژی وەستا.هەروەکو هەمیشە دژی نەوت دان بەئینگلیزیش دەوەستا.هاوکاری نەوتی ئەنگلۆ ئێرانی لەساڵی ١٩٤٩دا کە(ڕازامارا) سەرۆك وەزیران بوو بەتەمای درێژە پێدانی (امتیاز)ی نەوت‌و تاڵان کردنی ئێران بوو.بەڵام گەلی ئێران بەرامبەری وەستانەوە ئەوەبوو (ڕازامارا)ش تیاچوو دوای ئەویش (اقوام السلطنة )کە شا بەزۆر سەپاندی بەسەر حوکمدا گەلی ئێران لەڕۆژی ٢٥/تەمووزی ١٩٥٢دا لەسەر کار لایان داو لەسەر خواستی گەل دکتۆر مصدق هات کە ڕابردوویەکی پاك و پیاوێکی نیشتیمان پەروەربوو. لای گەلیش خۆشەویست بوو.

جگەلەپیاوە هەڵپەرست و پیاوەکانی ئیمپریالیزم نە بێت . تەنانە ئیمامەکانی وەك کاشانی و بەقائی ئەوانیش پشتگیری بوون،هەرچەندە لەدوایدا کەگەیشتنە مەبەستی خۆیان ئەوان‌و زۆری تریش لێی هەڵگەڕانەوە.پەرلەمان تەواوی دەسەڵاتی پێ بەخشی ئەویش لەناو ئێراندا دەستی کرد بەگۆڕینی یاسا ڕزیوەکانی پێشوو گەلێك یاسای پێشکەوتوخوازانەی ئەوتۆی دانا کە هەموو بۆ سوودی گەلی ئێران بوو. یەکێك لەوانە یاسایسەندنەوەی نەوتی ئێران بوو لەئینگلیز. واتا خۆماڵی کردنی نەوت. بەوەش لەئەیلوولی ١٩٥٢شکاتیان لەئێران کرد.مصەدەق بەرامبەر بەوە داوای (٤٩ملیۆن)پاوەن قەرزی ئێرانی بەسەر هاوکارەکانیەوە کردئینگلیزەکان زۆر پێیان لێ هەڵبڕی و سەرکێشیان کرد.مصەدەق پەیوەندی لەگەڵ بڕین،پاشان دادگای عەدل مافی دا بەئێران ئەوجا ئینگلیزەکان

لەئەنجومەنی ئاسایش شکاتیان کرد.مصەدەق خۆی چوو داوای مافی ئێرانی کرد.لەو ڕۆژەوە ئینگلیزو ئەمەریکا کەوتنە فرۆفێڵو فیتنە نانەوە لەئێران دا. (ئایزنهاوەر)سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمەریکا بەبیانوی بڵاوبوونەوەی شیوعیەتەوە دەستی کرد بەهەڕەشەکردن لە٢٨شوباتی ١٩٥٣کۆمەڵێك ئەفسەر لەژێر فەرمانـدەیی زاهدی دا هەڵیان کوتایە سەر ماڵی مصەدەق بۆ کوشتنی بەڵام هیچیان بۆ نەکراو بەڕێوبەری گشتی پۆلیس یان فراندو پارچە پارچەیان کرد.موصەدەق دوای ئەمە هیچ بڕیارێکی دەرنەکردکە دەبوایە دەستی پیاوەکانی ئیمپریالیزمی بقرتانایە.تا لە١٩ی ئابدا ماڵی مصەدەقیان دایە بەر تۆپو دەستیان گرت بەسەر هەموو شتێکدا مصەدەق گیرا لەگەڵ جەنەراڵ ڕیاحی سەرۆکی سوپادا ڕاپێچی دادگا کران(٢٧).ئیتر ئێران بەو شێوەیە مایەوە تا ئەمەریکاو ئینگلیزەکان هەرچی نیشتیمان پەروەرەکان بوو لەکونجی بەندیخانەدا توندکرانو هەریەکە بەبیانویەك کۆتایی یان پێ هێنان .ئەمەش لەپێناوی بەدیهێنانی مەرامەکانیان و بەرژەوەندیە ئابوریو سەربازی یەکانیان وڕاگرتنی بالانس بەرامبەر سۆڤیەتو هاوپەیمانەکانیان لەڕۆژهەڵاتدا. مام جەلال لەکتێبەکەیدا (کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد)دا هۆکاری سەرنەکەوتنی شۆڕشی نیشتیمانی کوردی لەبەدیهێنانی ئەرکەکانیدا سەرەڕای پاڵەوانەتییەکانو قوربانیو ئازایەتییەکان،بۆ ئەم سەرنەکەوتنە لەبەدیهێنانی ئامانجە ڕزگاریخوازی دیموکراتیەکانی گەلی کورددا چەندین هۆکار هەیە لەوانەش داگیرکەرانو بەتایبەتی ئینگلیز چەندین سەدەیە کاریان کردووە،لەدژی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد،هەروەکو چۆن بەرژەوەندی یەکانی وڵاتانی گەورە ی وەك ڕووسیای قەیسەری و ئینگلتەرا ویستویانە دوژمنایەتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بکەن،ڕێگە نەدەن کوردستان رزگاری بێت،هەروەك چۆن ڕەوشەکانو بارودۆخە نێو دەوڵەتیەکان چەندین جار دژو پێچەوانە بوونەتەوە.لەگەڵ

بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی کوردستان.دوای جەنگی جیهانی یەکەم داگیرکەری بەریتانی بووە دوژمنی سەرسەختی دۆزی کوردو ئاستەنگی یەکەم لەبەردەم ڕزگاربوونی کوردستان دا.ئینگلیزەکان سوپای پڕ چەکی قورسو فڕۆکەو تانكو تۆپە قورسەکانی بۆ ماوەی نزیکەی چل ساڵ لەعێراق دا بوو لەدژی شۆڕشو بزوتنەوەی کوردستان دا بەکارهێنا. بەڵام بێجگە لەمە هۆکاری تریش هەبوون.کە پەیوەندیان هەبوو بەبزوتنەوەی گەلی کوردەوە(٢٨). لەگەڵ ئەمانەشدا خەباتی هێزە پێشکەوتوخوازەکانی کورد دژی کۆنەپەرستانی ئێران نەوەستا بەڵکو پارێزگاری لەهێزە چەکدارەکان کردوو لەشەڕدا دژ بەسوپای ئێران بەردەوام بوو، دوای ئەوەی کورد ڕووی لەچیاکان کردەوە ئەم جارە نەك هەر لەخەبات بەردەوام بوو، بەڵکو هەوڵی دا بەهەڵەکانی سەردەمی کۆماری مەهابادا بچێتەوە لەکۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستاندا دووپات کرایەوە کە کۆماری مەهاباد توانی بەشێکی کوردستانی ئێران لەدەسەڵاتی کۆنەپەرستی ڕزگار بکاتو ئۆتۆنۆمی ڕۆشنبیری پەیڕەو بکات.وێڕای ئەمە کۆنگرەی حزبی دیموکرات ئاماژە ی کرد بەگرنگیو گەورەیی چالاکی حزب لەدامەزراندنی بەرەی نیشتیمانی بۆ هەموو حزبە پێشکەوتووخوازەکانی ئێران لەخەباتکردن لەپێناو دیموکراتیەتو پێش کەوتندا.هەروەها لەو کۆنگرەیەدا هۆکاری روخاندنی کۆماری مەهابادو هۆی شکستی بزوتنەوەی کورد لەساڵی ١٩٤٥-١٩٤٦بریتی بوو لەلاوازی حزبو ڕێبازی سەرکردایەتی هاوبەشو سەرکردایەتی حکومەتی نیشتیمانی(٢٩).هەروەها کۆنگرە دانی نا بەوەی حزبی دیموکراتی کوردستان لەئێران لەگرتنەبەری هەنگاوی دروست سەرنەکەوتووە،دواتر لەخەبات بەردەوام بوو لەگەڵ ئەوەشدا کە هێزە چەکدارەکانی مستەفا بارزانی زیاتر ڕێکخراوبوون بەڵام پاشەکشەی کردو شەڕێکی سەرکەوتووی کرد دژی کۆنەپەرستانی ئێران بە لەبەر چاوگرتنی ئەمە دامەزراندنی کۆماری مەهابادو قۆناغێکی گرنگ بوو

لەکاروانی بزوتنەوەی نەتەوەیی دیموکراتی لەکوردستانی ئێران دا ئەمەش هاوکار بوو بۆ چەسپاندنی هۆشیاری نەتــەوەیی کــوردو بەرزکردنــەوەی ئاســتی سیاســیو ئابووری،بــەم مانایــە بزوتنــەوەی نەتــەوەیی دیمــوکراتی کوردســتان گرنگــی یــەکی پێشــکەوتوخوازی هــەبوو.کۆمــاری مهابــادیش هــەر ئــەو حزبــە دایمەزرانــد،هاوکات خــاڵێکی چەســپاندنی بزوتنەوەی دیموکراتیو گشتی ئێران بوو لەخەباتکردندا دژی کۆنەپەرستی ئیمپریـالیزمی جیهــانی(٣٠).پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان هــەنگاوێکی سیاســی تــری نــا بــەگرتنی کۆنفرانسێکی گشتی لەباکۆ لە١٩/١/ ١٩٤٨کە نوێنەری هەموو کوردی کوردستانی عێراقو ئێــران بەشــداریان تێــداکرد. بــارزانی لــەم کۆبوونــەوە گەورەیــەدا وتــارێکی گرنگــی داو سەرکردایەتیەکی هاوبەش پێکهێنرا. بڕیــاریش درا بەرنامەیــەکی ڕۆژانــە لــەڕادیۆی بــاکۆدا بەزمانی کوردی پەخش بکرێتو ڕۆژنامەیەکیش بڵاوبکرێتــەوە. دوای ڕوخانــدنی کۆمــاری کوردستان کە شکستی یەکی گەورە بــوو لەتێکۆشــانی نەتەوایــەتی کــورد. ئــەم هــەنگاوە دەرگایــەکی هیــوای خســتە ســەر پشــت بــۆ درێــژەدان بەخــەباتی نەتەوایــەتی کــورددا. پەنابەرانی کــورد زیــاتر ورەیــان پەیــداکرد، زانیــان ئــەو هــەموو ئــازارو دەردی ســەرییەی چەشتویانە بەفیرۆ نەچووە یەکێتی سۆڤیەتیش بەردەوامە لەسەر یارمــەتی دانــی گــەلانی زوڵم لێکراو.هەر ئەم هەنگاوەش بوو گڕوتینێکی زۆری پێدانو چاوەڕوان بــوون، لەپڕێکـدا بانگ بکرێنەوە بۆ نیشتیمان. لەلایەکی ترەوە ئەم هەنگاوە وئەو هاوکاری یەی سۆڤیەت، حکومەتی ئێرانی تۆقاندبوو بۆیە ناڕەزایی نامەیەکی توندیان نارد بــۆ ســۆڤیەت کەبۆچــی بارزانیو هاوەڵەکانیان وەك پەنابەری سیاسی وەرگرتووەو داوایان کــرد ڕادەســتی ئێــران بکرێنەوە. بەڵام سۆڤیەت گــوێ ی نەدایــە ئــەو ئاگــاداری نامەیەی،کــە ســەرۆك وەزیرانــی ئێران بۆ باڵوێزی سۆڤیەت لەتاران رۆژی ١٩٤٩/١/١٣کەناردویەتی بەڵام (بــاقرۆف)لەســەر هەمان رەفتاری نادروستی نەتەوەخوازی خۆی مایەوە دەیویست دەسەڵاتی خۆی بەسەر

سەرکردایەتی ئازەربایجانـەوە ڕەنگدانـەوەی هـەبێت ، کەئـەویش هـەمان دەردی کـوردی بەسـەردا هـاتبوو. بـەڵام بـارزانی وەك قـازی محەمـەد نەچـووە ژێـر داوی بـاقرۆفو زۆر بەتونـدی بەرپەرچـی دایـەوەو ئەمـەش بـاقرۆفی نیگـەران کـرد. بـاقرۆف بـەهۆی نزیکـی لەستالینەوە ئەو جۆرە زیادەڕەوییانەی دەکـرد. تەنانـەت جارێـك لەدیدارێکـدا هەڕەشـەی لەبارزانی کرد . کە ئەگەر پێشنیارەکانی پەسەند نەکا ئەوا لەدوا ڕۆژدا خـۆی بەرپرسـیار دەبێت.(بـارزانیش وەڵامـی دایـەوە ووتـی هـاوڕێ بـاقرۆف ئێمـە نەهاتووینەتـە ئێـرە تـۆ هەڕەشەمان لێ بکەیت. ئەگەر ئێمە لەهەڕەشە بترساینایە تـۆ لێـرە منـت نەئـەبینی ئێمـە بۆیە هاتوینەتە یـەکێتی سـۆڤیەت کـە دەنگـی زوڵـم لێکـراوی گـەلی کوردسـتان بەگـەلانی سۆڤیەت ڕابگەیەنین . ئەوەش بزانە ئێمە گەلێکین سەر بۆ هەڕەشە دانانەوێنین. ناشـبین بەپاشـکۆی هـیچ کەسـێك.)(٣١)هەرچـەند کـاك مەسـعود بـارزانی گلـەییو گازنـدەی زۆری لەهەنـدێك لەسـەرکردایەتی پـارتی دیمـوکرات لـەئێران دا هـەبوو کـە گوایـە سیاسـەتێکی شەرماوی یـان هـەبووە لەبەرامبـەر بـاقرۆف و بوونەتـە داردەسـتو بـۆ بـەجێ گەیانـدنی مەرامەکانی باقرۆف ، کە ڕەنگە بووبنە هۆکاری دابڕانی ڕیزەکانی پارتی دیموکرات. بەڵام نازانین ئەو سەرکردە شەرمنو داردەستانە کێن؟ چونکە ناوی نـەهێناون .ئەمـەش خـۆی لەخۆیدا گرنگی بابەتەکە دەخاتە ناو گومانەوە بۆ دەرخستنی ڕاستی یە مێژووییەکان.

## (تیشکێك بۆ سەرکاری ئەنجوومەنی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا)

دوای شکستی کۆمارە بچووکەکەی مەهاباد حکومەتی ئێران چـاپخانەی مـەهابادی وێـران کردو تەواوی ئەو کتێبە کوردییانەی بەزمانی کـوردی چـاپکرابوون، هـەمووی سـوتاندن و فێربوونی زمانی کوردیشی قەدەغە کرد پاشان ئێران پەیوەست بوو بەپەیماننامەی سەعد

ئابـادەوە، کەلـەنێوان وڵاتـانی عێـراقو تورکیـاو ئێـرانو ئەفغانسـتان بـوو بەچـاودێری بەریتانیا و مەرامیشیان لەمەدا تەنها دژی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردسـتانو سەرکوتکردنیان بوون جگە لە ئەفغانستان ئەم پەیمانە لە ٨/ تـەمووزی 1937 مـۆرکرا کەلە (١٠)خاڵی بنەڕەتی پەیمانەکـە چـواریان پەیوەنـدی بـەکوردەوە هـەبوو.ئامـانجێکی تری ئەم پەیماننامەیە بەشداری کردن بوو لەهـەر پرسـێکدا کەفاکتـەری کاریگـەربێ دژی بزوتنەوەی نەتەوەی کوردبوو. لەڕاسـتیدا دەوڵـەتی ئێـران لـە١١تشـرینی ١٩٥٩دا بڕیـاری خۆی بۆ بەشداری لەم پەیمانەدا ڕاگەیاند ،بڕیارێك کە لانی کەم هەفتەیەك کاتی پێویست بوو تا لەلایەن دوو ئەنجومەنـەوە پشـتگیری بکـرێ.لەئێسـتادا ئەنجومـەنی خوێنـدکارانی کورد لەئەوروپا پێگەی ئێستای کۆمەڵگای کورد لـەئێران واپێنـاس دەکـەن کەکورسـتانی ئێران هیچ ڕۆژنامەو خوێندنگایەکی بەزمانی کوردی تیانییەو ناوچەکەش بەتـەواوی لـەژێر دەستی سەربازی دایەو هەموو ملکەچی پۆلیسو هێزە سەربازی یەکانن‌و نەتەوەی کـورد لەهــەموو جــۆرە ئــازادی ڕاگەیانــدن‌و مافــە نەتەوایــەتی‌و فەرهەنگیــەکانی خۆیــان بێبەشن.تەنها ڕۆژنامەی کوردی کەلـەتاران بـەناوی (کوردسـتان) چـاپ دەکـرێ لەناوچـە کوردنشـینەکاندا بڵاوناکرێتـەوەو ئـەم ڕۆژنامەیـە.لەبنەڕەتـدا بـۆ کوردەکـانی دەرەوەی ئێرانەو لەبەرگێکی پڕوپاگەندەیی زیاترشتێکی تر نی یـە. بەرنامـە ڕادیۆییـەکان بـەزمانی کــوردی لــەڕووی فەرهەنگیــەوە، زۆر ســەرنج ڕاکــێش نــین‌و بەتــەواوی لایــەنێکی پڕوپاگەندەییان پێوە دیارە. بانگەوازی ئەنجوومەنی خوێندکارانیش، خواستەکانی کـورد لەئێران بەم شێوەیە نیشان دەدەن:

1–ئازادکردنی تەواوی زیندانیە سیاسی یەکان.

٢–مۆڵەتی چاپو بڵاوکردنەوەی هەرچی زووتری ڕۆژنامە کوردی یەکان.

٣- مۆڵەتدان بەبڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی تـر بـەزمانی کـوردی نـەك تـەنها لـەتاران بـەڵکو لەگوندەکانی کوردستانیشدا.

٤-کردنەوەی خوێندنگا بەزمانی کوردی لەشارەکانی کوردستان.

٥- ناسینی زمانی کوردی بەفەرمی وەك زمانی تری فەرمی لە ناوچە کوردی یەکاندا .

٦-بەخشینی ئازادی ڕاگەیاندنویەکسانی نەتـەوەی کـورد بـە نەتـەوەی فـارس لـە مـافی یەکسانی لەچوارچێوەی ئێران دا.

٧-دابەش نەکردنی ناوچـە کـوردی یـەکان لـەڕووی ئیـداری یـەوە وەك لکانـدنی بـاکوری کوردستان بەئازەربایجانی ڕۆژئاواوە

کە ناوچـەکانی لوڕسـتانو بەختیاریشـدەگرێتەوە. (٣٢)هەرچـەندە ڕژێمـی ئێـران گـوێ ی نەدایە ئەم بانگەوازەو پەیوەست بوو بەسیاسەتە چەوتەکەیەوە بۆ گوشـار خسـتنە سـەر کورد،ئابووریو ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیانی کوردسـتان بـەجۆرێك دابـەزی کەخـەڵکی کـورد لەبرسـان هانـای بـۆ بەشـەکانی تـری کوردسـتان دەبـرد.جگـە لـەوەش نەخۆشـی یـە باوەکانیش خەڵکیان هەراسان کردبوو. ئاوڵەو،چاوە قووڵەو سیل.

لەنەخۆشی یە ناسراوەکان بوو کەچارەسەریان گەلێك گران بـوو گونـدی کـورد نشـینی وا هـەبووە بەئاسـتەم چـەند کەسـێکی ڕزگـاربووە لەیـەکێك لـەم نەخۆشـیانە لەڕۆژهـەڵاتی کوردستان زۆر بڵاوبووە لە کوردستانیش وەك گشت ناوچەکانی تـری ئێـران سیاسـەتی چـەککردنی عەشـایەر بەیەکـە سـەربازی یـەکانو ژاندرمـەکان ڕاگـەیانرا، عەشـیرەتەکان زۆربـەیان چـەکەکانیان تەسـلیمی دەوڵـەت کـردەوە.بـەڵام ژمارەیـەك چـەکەکانیان بـردە عێراقو لەوێ بـەنرخێکی بـاش فرۆشـتیان، لەبەرئـەوە کاتێـك بزوتنـەوەی جـوانڕۆ شـکا، کەسـە شۆڕشـگێڕەکان بـەرەو عێـراق ڕایـان کـرد، دوای تێپـەڕبوونی ماوەیەك،گەڕانـەوە ئێرانو چـەکەکانیان لای عەشـیرەتی (ئـالانی، جـافو باجـەڵان) بـەجێ هێشـت.شۆڕشـی

ساڵی ١٩٥٨لەعێراق، ڕەنگدانەوەیەکی بەپەلەی هەبوو لەسەر کوردەکانی سـەر سـنووری ئێران،دەوڵەتی نوری سەعید یش هیچ پەیوەندی یەکی سیاسی لەگەڵ یـەکێتی سـۆڤیەت نـەبوو. تەنانـەت شـەڕە جنێویشـیان بەیەکـەوە هـەبوو. لەسـەر ڕادیـۆ و قسـەی سـوکو ناشیرینیان بەیەکتر دەگووت.(٣٣)

## بەشی دووەم

## کورد لەیەکێتی سۆڤیەتی جاران

د.عبدالرحمان قاسملو لەکتێبەکەیدا (کوردستان‌و کورد) دەڵێ کوردەکانی سۆڤیەت. ساڵی ١٨١٣لەپاش پەیمانی گوڵستان لەنێوان ئێران‌و ڕووسیادا هەندێك مەڵبەندی کوردستان کەوتە بەر خاکی ڕووسیا،کوردەکان لە ویلایەتی (ئەلیزابیت پول) دەژیان پاشان بەپێ ی پەیمانی ١٨٢٨ی تورکمانچای بەشێك لەکوردەکانی ویلایەتی ئیرەوان و لەدوایشدا کوردەکانی قارس‌و ئەردەهانیش کەوتنە بەر ڕووسیا .لەپاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر ،بەپێ ی پەیمانی نێوان رووسیای سۆڤیەتی و تورکیا لە ٢١/مارسی ١٩٢١دا مەڵبەندی قارس‌و ئەردەهان درانەوە بەتورکیاو لەیەکێتی سۆڤیەتی زیاتر لەچەند هەزار کوردێك نەمانەوە ،کە زۆربەیان لەکۆماری ئەرمەنستانی سۆڤیەتدا لەمەڵبەندی تالین‌و ئالاگۆز دەژیان‌و ژمارەیان لەپاش جەنگی جیهانی دووەم دەگەیشتە (٢٦٠٠٠)کەس.(٣٤)هەرچەندە ئەم ژمارەیە د.عبدالرحمان قاسملو ئاماژەی بۆ هیچ سەرچاوەیەك نەکردووەو نازانرێ ئەم ژمارەیە چۆن هاتووە بەلاَم پێدەچێت سەرچاوەی زانیاریەکەی لەدایکیەوەوەرگرتبێت چونکە عیسایی بووە ،پرۆفیسۆر دکتۆر جویس بلو لەکتێبەکەیدا بەناوی دۆزی کورد کە دێتە سەر باسی کوردەکانی ڕووسیا ئاماژە بە (١٦٠٠٠)هەزار کەسی کورد دەکات کە دیارە ئەم ژمارەیە ڕەنگە زیاتر لەڕاستی یەوە نزیك بێت چونکە ئاماژەی داوە بەسەرچاوەیەکی ناسراو وباوەڕپێکراو ئەویش(فلادیمیر مینۆرسکی )یە کە لەبیستەمین کۆنگرەی میللی رۆژهەلاتناسی لە بروکسل ساڵی (١٩٣٨)باسی کردووە.(٣٥) .کوردەکان لە سۆڤیەت دا لەناوچە کشتوکاڵیەکانی ئەرمینیاو

ئازەربایجانو جۆرجیاو ژمارەیەکی تر لە کۆمارەکانی تری یەکێتی سۆڤیەت نیشتەجێ بوون.کوردەکانی ئەودیوو قەوقاز بەشێوەیەکی گشتی پشتگیرییان دەکرد لەدەسەڵاتی سۆڤیەتی و بەشداریشیان دەکرد لەدامەزراندنی دا بەڵام بارودۆخیان لەساڵانی دوای شۆڕش لەو پەڕی نەهامەتیو ناڕەحەتیدا بوو ئەمەش دەرەنجامی شەڕی ناوخۆو هاتنە ناوەوەی بەریتانیا بۆ باکۆو هێرشو پەلامارەکانی تورکیا بۆسەر ئەرمینیاو ئازەربایجان دروستی کرد. لەم بارودۆخەدا حکومەتی ئازەربایجان بڕیاری دا بەدامەزراندنی قەزای کوردستان لەناوچەکانی(کالیجار، لاچین، کوباتلین، زانگلیان) چونکە بەشێوەیەکی چڕ لەم ناوچانە نیشتەجێ بوون. پاشان ئەم قەزایە گۆڕا بوبە هەرێمی نەتەوەیی کوردستانو خاوەنی ئۆتۆنۆمی بوون کەناوەندەکەشی شاری (لاچین)بوو بەڵام لەساڵی ١٩٣٠هەرێمی کوردستانی خاوەن حوکمی خۆجێی یان لەناوبردو وازیان هێنا لەووشەی کوردو بەشێوەیەکی فەرمی ژمارەی کوردەکان کەم کرایەوە بوو بە (٤٨٠٠٠)کەس.

بەڵام لەساڵی ١٩٧٩دا ئیتر کوردی تیا نەما ئەگەر زۆری منداڵ بوون لەخێزانە کوردەکانداو گەشەکردنی سروشت لەیەکبدەینەوە دەبێت تاکۆتایی شەڕی دووەمی جیهان ژمارەی کوردەکان لەئازەربایجان لە(١٠٠٠٠٠)سەد هەزار کەس کەمتر نەبێت.هەمان شێوەش کوردەکانی دانیشتوی تورکمانستانیش بەپێی هەندێك خەمڵاندنی سەرەتایی لەبیستەکاندا (١٠٠٠٠٠)کوردی تیا دەژیان بەڵام دەرکەوت کە ژمارەیەکی زۆر لەوانە کە سەر بەنەتەوەی کوردن لەگشت ناوچەکاندا کەمی کردووە کە کوردی تیا نیشتەجێ بوون لەساڵی١٩٣٧ بەهۆی ڕاگواستنەکانی کوردەکانی ئەو دیووی قەوقاز بۆ ئاسیای ناوەڕاستو کازاخستان.پاشان لەساڵی ١٩٤٤دا کوردو تورکو هەمەشیەکان لەخاکی جۆرجیا دەرکرانو بەرەو هەمان ئەو کۆمارانە،ژیانێکی خراپو لەژێر چاودێرییەکی توندو

لەبازنەیـەکی دیـاریکراودا نیشـتەجێ کـران ومـافی دەرچـوونیان لـەو بازنەیـەدا نـەبووە.
هــەروەها بێبــەش کــران لەمافــە دەســتوری یــەکانیش.تەنانــەت زۆریــان ناچــاربوون دەستبەرداری ڕەگەزی نەتەوەیی خۆیان بوونو چوونە سەر ڕەگەزی ئازەری یان کازاخی یــاخود ڕەگــەزێکی تــری گــەلانی ناوچــەکە، ئەمــەش لەبــەر خــۆ دورخســتنەوە لەچەوساندنەوەبوو،بۆ ئەوەی مافی چوونە دەرەوە یان هەبێت بۆ خوێندن دوای سالآنێك لەسەرەتای حـوزەیرانی ١٩٢٤دەسـتەی سـەرۆکایەتی لیژنـەی ناوەنـدی حیزبـی شـیوعی لەئـەرمینیا دەسـتیان کـرد بـەتاوتوێ ی پرسـی کـارکردن لـەناو کوردەکانـدا. هـەروەها پێشنیازیان کرد بۆ لیژنـەکانی قـەزای (لیـنین ئاکـان)و (زیمیـادزین) کەلەچوارچـێوەیەکی فراوانــدا بەشــداری بــەکوردەکان بکــەن. لەگشــت پرۆژەکــان دا وەك دروســت کردنــی قوتابخانەو رێکخراوە هەرەوەزیەکان کەئەمەش هۆشیاری نەتەوایەتی لە ناو کوردەکاندا زیاتر کرد. پاشان بەشداربوون لەژیانی سیاسی ولآتدا لەسالّی ١٩٣١دا پەیمانگای هونەری پەروەردەیی کوردی کرایەوە و لـە (یـەریڤان) چـەندین خـول ئـەنجام درا بـۆ پێگەیانـدنی مامۆستایانی کورد پاشان بۆ بەرزکردنـەوەی ئاسـتی مامۆسـتایانی کـورد کۆنگرەیـەکیان سـازکرد ئـەو کـۆنگرە گشـتی یـە لەسـالّی ١٩٣٤دا بەسـترا بـەناوی (کوردناسـەکان-کوردۆلۆجیا) (٣٦).

کە دەتوانین بلّێین کوردەکان زۆر سەرکەوتوو بوون لەتەواوی قۆناغەکانی ژیـانی ئاسـایی خۆیانداو پاشان گـەلێك نووسـەرو پرۆفیسـۆرو دکتـۆر و خـەلّکانێکی دلّسـۆزی بەسـودیان پێگەیاند لەوانەش (قەناتی کۆردۆو عەرەبی شەمۆ و جەلیلی جەلیلی. هتد.....)

لەگەلّ ئەوەشدا ئەنجوومـەنی فیـدراڵی ڕووسـیا چـەند ڕێوشـوێنێکی گرتـە بـەر بۆیاسـای بـەڕێوەبردنی خۆجـێ یـەتی کـەلتوریو ڕۆشـنبیری نەتـەوەیی بۆکەمـە نەتـەوەکان، بـەم

یاسایەش یەکێتی ڕووسیا دەرفەتێکی ڕەخساند بۆ دروست بوونی جوڵانەوەی بیری نەتەوەیی بەتایبەتی لای کوردەکان ، بەڵام نەبوونی زامنی ماددیو کەشو هەوای سیاسی نەتەوەیی هاوکارنەبوون،بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە.بەشێوەیەکی گشتی کوردەکان لەبارودۆخێکی خراپدابوون لەیەکێتی کۆمارە سەربەخۆکانی دوای یەکێتی سۆڤیەتی جاران.

## بەشی سێهەم

## تیشکێك بۆ سەر كوردی سوریا

دوای شـەڕی جیهـانی یەكـەمو هاتنـە كایـەی پـەیمانی سـایكس بیكـۆ ١٩١٦ز لـەنێوان بەریتانیاو فەڕەنساو ڕووسیاداو ڕێكەوتنیان لەسـەر دابەشـكردنی ئـەو ولآتانـەی كەلـەژێر دەسـەلآتی دەولـەتی عوسمـانی دابـوون. سـوریا لـەم دابەشـكردنەدا كەوتـە بـن دەسـتی فەرەنسـا،تا ماوەیـەكی زۆریـش پـاش چارەسـەركردنی پرسـی موسـلێش لەسـالی ١٩٢٥دا،كێشەی نێوان فەڕەنساو توركیـا هـەر چارەسـەر نـەكرا، تـاوای لێهـات فەڕەنسـا هاوكـاری نـەیارانی نـاوخۆیی توركیـا بكـات كەئـەوانیش ڕێكخـراوی(خۆیبـوون)بـوون ، دەیانویسـت جولآنـەوەی نیشـتیمانی خـەلكی كوردسـتان بـۆ ئامانجـەكانی خۆیـان بەكاربهێنێنن(٣٧).دوای ئەوەی فەرەنسیەكان لە سوریا مەلیك فەیسەلی كوڕی حسـین یـان لەولآت دەركردوو تەواوی دەسەلآتی خۆیان لـەناو خـاكی سـوریا دا سـەپاند .ئـیتر هـۆزە عەرەبـەكان بوونـە دوژمنـی سەرسـەختی فەرەنسـیەكان ،كوردەكـانیش بەهەمانشـێوە ڕاپەڕین دژی دەسەلآتی فەرەنسیەكان .لەوكاتـەدا ئیـبراهیم هـەنانۆ كەكەسایەتی یـەكی دیاری كوردەكـان و خـاوەن پێگەیـەكی كۆمەلآیـەتی بـوو لەچیای (زاویـە )لـە باشـووری ڕۆژئاوای شاری حەلەب نیشتەجێبوو ،هەولێدا لەگەل گشت سەرۆك هۆزە كوردەكاندا ڕێـك بكەوێت بەتایبەتی لەگەل مستەفا ئاغا لە (فەریریە ) وتوانیان چوار گروپـی چـەكدار پێـك بهێنن كـە زۆربـەیان لـە جوتیـارانی كـورد بـوون لـە ١٩٢٠/٩/١٦ دا لەناوچـە كوردیەكانـدا شۆڕشـیان ڕاگەیانـد (ئیـبراهیم هــەنانۆ) ڕونكردنەوەیـەكی بـۆ دانیشـتوان دەركردتێیـدا هۆكاری هەلگیرساندنی شۆڕشی بۆ ڕونكردنەوەو باسی بەلێنە درۆكانی داگیركـەرانی كـرد

و پاشان شەڕو ڕووبەڕوو بوونـەوەی خوێنـاوی لـەنێوان کوردەکـان و سـوپای فەرەنسـیدا ڕوویدا هێزەکانی (هەنانۆ)توانیان زیانێکی گـەورە بـە هیزەکـانی دوژمـن بگەیـەنن .بـەلأم جەنەڕاڵ (غۆرۆ )ی سەرکردەی گشتی فەرەنسیەکان هێزێکی زۆری جولأنـد و لەئەنجامـدا توانی هێزەکانی کورد بشـکێنێت ئـیتر ئیـبراهیم هـەنانۆ هـەڵهات بـۆ سـنووری ئـەردەن و داوای هاوکاری کرد لە عەبـدوڵڵای کـوڕی حسـەین بـەلأم کاتێـك بـەخۆی زانـی هێزەکـانی بــەریتانیا گرتیــان ڕادەســتی فەرەنســیەکانیان کــردەوە، دوای ئــەوەی لــە دادگــای فەرەنسیەکاندا هەنانۆ قسەی خۆی کردو پەیامی خۆی گەیاندە داگیرکەران و پێی وتـن ، ئێوە ی داگیرکەر مافی ئەوەتان نی یە من دادگایی بکەن چونکە ئێوە داگیرکەرن وگـەل ئێوە ی ناوێت . لەوکاتەدا تێکڕای چـین و توێـژەکانی گـەل داوای ئـازادکردنی هـەنانۆیان دەکرد .پاشان لەژێر فشاری جەماوەردا ناچـاربوون ئـازادی بکـەن ، ئیـبراهیم هـەنانۆ بـۆ ماوەیەك دانی بەخۆدا گرت لەساڵی ١٩٢٥دا جەماوەری هاندا کەخۆپیشاندان و ڕاپەڕین لە چیای (زاویـە) دا دەسـتپێبکەن لەگـەڵ ئەوەشـدا پەیوەنـدی پتـەوی لەگـەڵ سـەرکردەی دروزیەکا ن و عەلەویەکاندا دامەزراند بەربـەرەکانی هـەنانۆ تاسـاڵی ١٩٣٥ بـەردەوام بـوو ئـیتر بۆماوەیـەك نـەخۆش کـەوتوو لەسـاڵی ١٩٣٦دا کۆچـی دوایـی کـرد لەهـەمان سـاڵدا لەئــەنجامی باجــدانان لەســەرجووتیارانی ناوچــەی عــاموودا کــارێکی وای کردبــوو کــە جووتیاران نەیان ئەتوانی بژێوی ژیانیان دابین بکەن بۆیە سەعید ئاغای سەرۆکی هـۆزی( دەقوری ) و سەرۆکی هۆزی( گاباری ) (شێخمووس هەسۆ) لـەکاتی دروێنـەدا بڕیاریانـدا کەباج نەدەن بەخاوەن زەویەکان کە فەرەنسیەکان پشتگیریان دەکردن . ئەمـەش بـووە هۆی دەرکردنی تەواوی نوێنەرەکانی حکومەت .کوردەکان خۆیان بـۆ بـەرەنگاری دوژمـن ئامـادە کـرد لـەمانگی ١٩٣٧/٦ دا بەسـەرۆکایەتی سـەعید ئاغـا توانیایـان حکومـەت

لەناوچەی (عامودا ) دەربکەن .پاشان ڕاوێژکاری سەربازی فەرەنسی یەکان لـە قامیشـلۆ هێزەکانی ڕاسپارد ، کە ڕاپەڕینی کوردەکان لەناو بەرن . شەڕو پەلاماری نێوان حکومەت و کوردەکـان زۆربـەی ناوچـەکانی گرتــەوە و کوردەکـان توانیـان سـەرکەوتنی گـەورە بەدەست بهێنن .بـەلاّم بـەردەوام بـوونی فەرەنسـیەکان لەهێرشـکردن بـە هـەموو جـۆرە چەکێك و بەشێوەیەکی نامرۆڤانە ئیتر سەعید ئاغا ناچار بو پەنا بباتە بەر چیای شەنگار لەهەمانکاتیشـدا ڕاپـەڕین گەیشـتبوە ناوچـەی( سـەرێکانی ) لەناوچـەی( سـەفەح)یـش (جاجان)ی ڕاویژکاری حکومەتی فەرەنسا بەدەستی کوردەکـان کـوژرا[٤] لەگـەڵ ئەوەشـدا بزافی نەتەوایەتی کورد هەربـەردەوام بـوو بەتایبـەتی بزافـی ڕۆشـنبیری لەسـاڵی ١٩٤٦دا ڕێکخراوی پەیوەندی خوێندکارانی کورد پێکهات . چالاکی ئەم ڕێکخـراوە بریتـی بـوو لـە خوێندن بەزمانی کوردی و نووسین بـە پیتـی لاتینـی . نەخشـاندنی ئـالأی کـورد بـە قـور قوشم و دابەشکردنی بەسەر خوێندکاراندا دوای سـاڵی ١٩٤٨ ئـەو خوێنـدکارەی بەباشـی زمانی کوردی فێربوایە و نوسینی کوردی بزانیایە خێرا لە ڕێکخراوەکە وەر دەگـیرا . ئـەو ڕێکخـراوە زۆر لـە ڕۆشـنبیران و مامۆسـتایان و لاوانـی (جەبـەل ئـەکراد ) ی لـەخۆگرت و پەیوەندیان کرد بە ئەندامانی ڕێکخراوەکەوە کە بریتی بوون لـە (ڕەشـید حـەمۆ،ئیبراهیم قادر ،ڕەشید عەبدولرەحمان ،عەلی خۆجە )[٥]

دوای تێکشکاندنی شۆڕشـی شـێخ سـەعید لەسـاڵی ١٩٢٥سـوریا بـوو بەپەناگـەی کـوردە ڕاکردووەکانی بـاکوور کـە لەسـوریا دەحەوانـەوە. تاڕێکـەوتنی نێـوان تورکیـاو فەڕەنسـا بەپێی بەندی پەیمانەکە بەشێکی کوردستان بۆ سوریا بەجێ هێڵـرا. هـەر لـەدوای شـەڕی

[٤] . مجلە دراسات اشتراکیە ص١٠٨_ ١١٠ رموشیخو الفرحە / وەرگێرانی سەلام عەبدولکریم

[٥] . ڕۆژنامەی (النهار ) لوبنانی ژمارە (٢٣٠٤)بەیاننامەی حزبی ڕزگاری ڕۆژی ١٩٤٦/٢/١٧

دووەمی جیهانیش کوردەکانی سوریا چاپخانەی کوردی یان هەبووە. ژمارەی کوردەکان لەو ولاَتەدا کە دەژیان لەلاپاڵی چیاکان‌و ناوچەکانی خۆیان کە ژیانیان بەسەر دەبەن نزیکەی(٥١٠٠٠٠)کورد نیشتەجێ بوون جگە لەو کوردانەی کەلەچەند گەڕەکێکی شاری حەڵەب‌و حەماو دیمەشق دەژیان هەر وەك باس دەکرێن کە زۆربەی ئەو گەڕەکانە کوردن‌و سێ یەکی دانیشتوانی شاری حەڵەب کوردبوون.

بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی سوریا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژدا لەبرەودا بووە. لەلایەن کوردەکانەوە پێشوازییان لێ کراوە،هەرچەندە زمانی کوردی بە فەرمی لە هیچ دام‌و دەزگایەکدا بەکارنەهێنراوە بەلاَم کوردەکان لەژیانی سیاسی سوریادا بەشداری ڕاستەوخۆیان هەبووە.جەنەڕاڵ (فەوزی سلۆ)هەڵبژێردرا بۆ سەرۆکی دەوڵەت‌و جەنەڕاڵ ئەدیب شیشەکلی‌و خالید بەگداش‌و ئەکرەم حورانی‌و ئیبراهیم هەنانۆ و چەندانی تریش. خالد بەگداش وەك کەسێکی شیوعی لەگەڕەکێکی کوردنشینی دیمەشق هەڵبژێردرا بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران.لە ساڵی ١٩٦٠ دا کۆمەڵێ کەسایەتی کوردی دەستبەسەرکران. تاوانی ئەمانە تەنها هەوڵدان بووە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی‌و سەربەخۆیی.لەوانەش نوری علی بەرپرسی حزبی دیموکراتی کوردی لەبەیروت و ڕۆڵی عوسمان سەبری (ئاپۆ)و هەوڵەکانی لەپێناو گەلەکەیدا بەرز نرخێنراوە.جگە لەوەش ئەتوانین بڵێین کە کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان زۆر دڵسۆزانەو ئازایانە هەمیشە هاوکارو پشتیوان بوون بۆ گشت پارچەکانی تر. کاتێك ئینگلیزەکان بۆردومانی بنکەی شۆڕشگێڕانی شێخ مەحمودیان دەکرد ئەوان هاوسۆزبوون و هەموو بۆنەیەکیان بەدەرفەت ئەزانی کە کۆمەکی براکانیان بکەن هەر ئەو هاوکاری یانە بوو بۆ کوردەکانی باشوور کە وای کرد ئەم هەواڵە لەڕۆژنامەکانی ئەو کاتەی ساڵی ١٩٣٠بلاَوبکرێتەوە کە کوردەکانی سوریا کۆبونەتەوەو

چوونەتە مزگەوتی ئەمەوی لەنزیك گۆڕی سەلاحە دینـی ئـەیوبی فاتیحـە بخـوێنن لەسـەر گیانی شەهیدانو وتار خوێندنەوەو پارە کۆکردنەوە.جگە لەبانگـەوازو هانـدان بـۆ کـوردو شۆڕشەکەی(٣٨).

د.عەبدولرەحمان قـاسملۆ لەکتێبەکەیدا دەڵێت :پـێش دەسـتپێکردنی شـەڕی دووەمـی جیهـانی و لـەدوای شـەڕیش کوردەکـانی سـوریا چـاپەمەنی کوردییـان هـەبوو بـەڵام لەساڵەکانی پاش شـەڕدا بارودۆخیـان بـەرەو خراپـی زۆر گـۆڕا.دیـارە هـیچ باشـبوونێکی بنەڕەتی بەسەر بارودۆخیان دا نەهاتووە. بەڵام هـەتا هێـزە دیموکراتیـەکان سـەرکەوتنی زیاتریان بەدەست بهێنایەو زیاتر دیموکراتی بڵاوبوایەتەوە لەوڵاتدا ئاسـۆی دابـین کردنـی مافـە نەتەوایـەتی یـەکانی گـەلی کـورد ڕوونـاکتر دەبـوو. بەپێچـەوانەوە ئەگـەر هێـزە کۆنەپەرستەکان پەلاماری هێزە دیموکراتی یەکانیان دابێ، ئەوا پـەلاماری ئـەو ڕێکخـراوە کوردیانەشـیان داوە کـە داوای مـافی نەتەوایـەتی گـەلی کوردیـان کـردووە. کوردەکـان لەهەموو مـافێکی نەتەوایـەتی بێبـەش بـوون سـەرەڕای ئـەوەش کاربەدەسـتانی سـوریا. کارێکیان کردووە بەناوی سەرژمێری یەوە کە ویستوویانە  بەسەدان هەزار کـورد لەگشـت مافێکی هاووڵاتی بوون بێ بـەش بکـەن بـەو پێیـەش ئـەو هاوڵاتیانـە ئـیتر نـاتوانن زەوی بکڕنو مافی خوێنـدنو کـارکردن نابێـت وەك میـوان لەسـەر زەویو خـاکی باوباپیرانیـان تەماشا دەکرێنو بەناوی پشتێنەی عەرەبی یەوە لەمەڵبەندی (جەزیرە)و شـوێنەکانی تـر دەرئەکرێنو دەگوێزرێنەوە بۆ شوێنی دوورو.

کۆچیان پێ دەکەن بۆ ناوچە بیابانی یـەکان گونـدی کـوردی وا هەیـە کـە زیـاتر لەچـەند سەدەیەك بەچەند گوندێکی عـەرەبی دەورە دراوە،بـەڵام ئێسـتاش نـەیانتوانیوە دوریـان بخەنەوە لەکەلتورو زمانو شارستانیەتی خۆیان، تەنانەت هەندێك لەو گوندانە خەڵکەکەی

تا ئێستاش نەك جلو بەرگیان نەگۆڕیوە بەڵكو فێری زمانی عەرەبیش نەبوونو بـەكوردی یەكی پاراو قسە دەكـەنو تـا كـار گەیشـتۆتە ئـەوەی ژنو ژنخوازیشـیان لەگـەڵ عـەرەب نەكردووە بەڵكو بەكەلتورو مێژوو و زمانی خۆیانـەوە شـانازی دەكـەن، ئەمـەش تائێسـتا بۆتە جێگای سەر سوڕمانو جێگای سەرنجی گشت لایەك.

## بەشی چوارەم

## تیشکێك بۆ سەر كوردی توركیا

دوای شكست هێنانی شۆڕشی ئارارات و شەهیدبوونی زۆر لەسەركردەكانو ڕۆشتنی جەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا بۆ ئێران و خۆڕادەست كردنی بەرژێمی ئێرانی .دەسەڵاتدارانی تورك گوشارێكی توندیان خستە سەر خەڵكی كوردستان.دەركردنی چەند هەزار كورد لەسەر شوێنو زێدی خۆیانو ناردنی جەنەڕاڵ كەنعان پاشا فەرماندەی سوپای چوارەمی دیاربەكر بۆ شەرناخ لەمانگی ئابی ١٩٣٤ئەمەش بۆ دامركاندنەوەی ڕاپەڕینی كوردەكان بوو، بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بێ پسانەوە چیاكانیان تۆپباران كرد(٣٩). جەنەڕاڵ كەنعان لەساڵی ١٩٣٤–١٩٣٥بۆ چاوترساندنی كوردە ڕاپەڕیوەكان ژمارەیەكیان لە (مەعمورەی عەزیزییە)لەسێدارەدا. (٤٠)ئەمەش هۆكارێكی گرنگ بوو كەوای لەكوردەكان كرد كە خۆیان ئامادە بكەن بۆ جارێكی تری ڕاپەڕین.هەرچەندە لەوەزارەتی ناوخۆی توركیا نەخشەیەك ئامادەكرا بوو بۆ سڕینەوەی سروشتی كەسایەتی كورد تاوایان لێ بكات كەبڕوایان بەهێزو توانای خۆیان نەبێتو متمانەش لەنێوان كۆمەڵگای كوردی دا لاواز بكات ئەمەش بەبەرنامەیەكی داڕێژراو بوو كە ناسرابوو بەنەخشەی (عابدین ئۆزمەن)ئەم نەخشەیە تەواوكەری یاساكەی ساڵی ١٩٣٢بوو كەلەلایەن حكومەتی توركیاوە پەسەندكرابوو بەهەمان یاسا دەتوانرا كوردەكان لەباشووری ڕۆژهەڵاتەوە لەژێر هەر ناوێكدا بگوازێتەوە بۆ ڕۆژئاواو بەپێچەوانەشەوە ئەتوانرا توركەكان لەڕۆژئاوای توركیاوە بهێنرێن بۆ جێگای كوردە ڕاگوێزراوەكانو لەسەر زەویو زارو كشتوكاڵی ئەوان درێژە بەژیان بدەن ئیتر كوردە ڕاگوێزراوەكان لەڕۆژئاوای وڵات یاساكە ڕێگەی پێ نەئەدان لەقوتابخانە بەزمانی دایك بخوێنن دەبێت هەموو بەزمانی زۆرینە كە ئەویش

زمانی تورکی بوو بخوێنن ئەم سیاسەتە ترسناکە پەیڕەو دەکرا بەمەبەستی تواندنـەوەی نەتەوەیـــەك لـــەناو نەتەوەیـــەكی سەردەســـتدا ئەنجامـــدرا.ســـەرئەنجام (عابـــدین ئۆزمەن)خاوەنی ئـەو بیرۆكـە نـەخوازراوە داوا دەكـات گشـت یاسـاكان لاببرێـتو كاربـەو یاسایە بكرێتو هەنگاوی خێرا بنرێ بۆ جێ بەجێ كردنی ئەو كارە. ئەو هەموو سانسۆرە لـە كوردسـتانی توركیـا بەتایبـەتی لەناوچـەكانی دەرسـیم هۆكـاری سـەرەكی بـوون بـۆ ناڕەزایی دەربڕین دژی دەسەڵاتدارانی تورك تەنها ڕۆژنامـەش لـەتوركیا ڕۆژنامـەی (سـۆن تەلەگراف)بـوو لـەڕۆژی ١٩٣٧/٥/٢٣ئـەم هەواڵـەی بڵاوكـردەوە هـەر بۆیـە دەسـەڵاتداران دەستیان گـرت بەسـەر ڕۆژنامەكـەدا ئەمـەش بەمەبەسـتی شـاردنەوەی ڕاسـتیەكان بـوو. لەبەر ئەو هۆیانەو گەلێ هۆی تر لەوانـە حكومـەتی توركیـا بڕیـاری دا عەشـیرەتەكانی كـە نیمچە سەربەخۆبوون لەناوچەی دەرسـیم نـەیاهێڵێ ، لەهـەولێكی تـردا زانایـانو ڕۆژنامـە نووسانی تورك ڕایان گەیاند كەكوردی زازا لە دەرسیم توركنو لەدەشـتەكانەوە چـوونەتە چـیاكانو لەوێـدا نیشـتەجێ بـوون ئەمانـەش لەتوركـەكانی تـر لـەڕووی شارسـتانیەتەوە دواكـەوتووترن ،بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا حەزدەكـەن لەگـەڵ هاونیشـتیمانیانی خۆیـان یەكبگرنەوە.لەیەكێك لەبەندەكانی دەستوری توركیادا هاتووە كە(زۆرینەی كوردی توركیا بەزمانی توركی قسە دەكەنو وەك تـورك دەژین،ئێمـەی تـورك ئـەوان بەنەتەوەیـەكی تـر لەقەڵەم نادەین)لەبەرئەوە خشتەی كارەكـانی ئەنجومـەنی نەتـەوەیی توركیـا بەفـەرمانی مسـتەفا كـەمال ئـەتاتورك ئـەم پرسـەی لـەخۆ گرت،دەرسـیم كرایـە وڵاتێكـی خـاوەن ڕێكخستنی تایبەت وناوەكەی گۆڕا كرا بە (تونجێلی)(٤١). پاشان چەندین لقی پشـكنینی گشــتی لــەئیلیازگ دامــەزرا كــە بریتــی بــوو لــە لقــی ڕاوێــژكارانی ســەربازی،گروپی هەواڵگری،گروپی تایبەتی ئەفسەرانی سـوپا سـالاری گشـتی دادگـای سـەربازی،دوو لقـی دارایـیو دادوەری جەنـەڕاڵ(عەبـدوڵڵا ئالـب دۆغـان)فـەرمانێكی دەركـرد كـە ئابڵۆقـەی

(تۆنجیلی)و( ئیلیازگ)و (بینگۆل) بدرێو داوای لەکوردیش کرد ٢٠٠هەزار پارچە چەك ڕادەستی حکومەت بکەن،ئەگینا سزای توند ئەدرێن.سەید ڕەزای سەرکردەی کوردەکان نامەیەکی بۆ (ئەلبدۆگا)ناردو داوای لێ کرد کە حکومەت هەوڵ بدات ئەو یاسا تازەیە هەڵبوەشێنێتەوەو دان بنێ بەمافی دانیشتوانیدا (٤٢). لەوەڵامی ئەم نامەیەدا جەنەڕاڵ ئالب دۆغان تیمێکی سەربازی پیادەو فەوجێکی جەندرمەی دژبە دانیشتوانی دەرسیم ڕەوانە کرد، بەپاڵپشتی (١٠)فرۆکەی ئاسمانی تورکیا،کە ڕۆژانە بەسەر دەرسیمدا دەسوڕانەوە. لەگەڵ هاتنی وەرزی زستانی ساڵی ١٩٣٦سەرکردایەتی تورکیا ناچار بوو، پرۆژە سەربازی یەکانی لەبەر بارانو سەرمای سەختی ناوچەکەو داخرانی ڕێگاکان بەبەفر بوەستێنێ .سەرەتای ساڵی ١٩٣٧سەید رەزا کوڕەکەی کەناوی (ئیبراهیم) بوو ڕەوانەی سەرکردایەتی لای جەنەڕاڵ ئالب دۆغانی کرد (٤٣).

بەڵام یەکێك لەفەرماندە سەربازی یەکان بەناوی (شەوکەت)ئیبراهیمی برد بۆ گوندی(دەشت)لەوێ زۆر بەنامەردانە شەهیدیان کرد. ئەم بێ وەفاییو بێ بەڵێنی یە کارێکی تازە نەبووە بەلای نەتەوە پەرستە سەردەستەکانی داگیرکەری کوردستانەوە . سەید ڕەزا دوای ئەم کارەساتە کە کوڕەکەی وەك نوێنەر ناردە لای تورکەکان بەو شێوە نامرۆڤانە شەهیدیان کرد .ئیتر بەناچاری بانگەوازێکی بۆ گشت سەرۆك خێڵە کوردەکان بڵاوکردەوەو داوای لێ کردن کە هێزەکانیان یەك بخەن .بۆ ئەم مەبەستەش چەند خێڵێك بەپیر بانگەوازەکەوە هاتن،لەوانە سەرۆك عەشیرەتی یوسفانو سەرۆکی عەشیرەتی حەسنان.وردە وردە بازنەی ناوچەکان فراوان دەبوون لەدەنگی پشتگیریو ناڕەزایی دژی ڕژێمی تورکیا.هەرچەندە لەگێڕانەوەی ڕاپەڕینی دەرسیم دا زیاتر زانیاری یەکان کەمن بەڵام دکتۆر (نوری دەرسیمی ) هاوەڵو هاوکاری سەید ڕەزا بووە و تاقە نووسەرێکیشە لەسەر شۆڕشی دەرسیمی نووسیوە.بەڵام ئەمیش بەکورتی نووسیویەتی ئەتوانین زیاتر

متمانەمان بەگێڕانەوەو نووسینەکەی دکتۆر نوری دەرسیمی هەبێت چونکە خۆی لەو ڕۆژانەدا ژیاوەو هاوکار بووە.هەرچەندە ڕەنگە سۆزی نزیکایەتی بۆ ڕاپەڕینو سەید ڕەزا هەبووبێت. بەڵام دەتوانین بڵێین ئەو نووسینانە ڕاسترینیانە. وەك دەگێڕێتەوە دەڵێ سەید ئیبراهیم لەگوندی (دەری ئاهری)دەژیاو دەسەڵاتێکی فراوانی هەبوو لەو ناوچەیەدا.کە هەمووشیان سەر بەتیرەی (حەسنان )ن کە یەکێکن لەعەشیرەتە ناسراوو باوەڕپێکراوەکان.سەید ڕەزا بچوکترینی هەر چوار کورەکەی سەید ئیبراهیم بوو. سەید ڕەزا لای یەکێك لەزانا ئاینی یە گەورەکان بەناوی محەمەد عەلی ئەفەندی دەرسی ئایینی خوێندووەو کاریگەری لەسەری هەبووە وەك کەسێکی نەتەوەیی پەروەردەی کرد. نوری دەرسیمی نوسیویەتی :کە سەید ڕەزا هەموو تایبەتمەندی یەکانی سەرکردەیەکی میهرەبانو دڵسۆزی تیا بووە.دوای ئەوەی کە سوپای تورکیا نیازی وابوو کە کۆمەڵێك سەربازگەی تازە لەناوچەکانی دەرسیم دابنێ سەید ڕەزا وەك سەرکردەیەکی باوەڕپێکراوبووە لەلایەن زۆربەی هۆزەکانی ناوچەکەوە نیازیان بوو کە بەرپەرچی ئەم کارەی سوپای تورك بدەنەوە کاتێك تورکەکان پێی دەزانن کە کوردەکان بەسەرکردایەتی سەید رەزا دەیانەوێ لەڕووی حکومەتدا بووەستنەوە.ئیتر جەنەراڵ عەبدوڵلا ئالب دوغان سەرکردەی سوپا لە (ئەلعەزیزیە) داوای دانووستان دەکات دوای ماوەیەك جەنەڕاڵ عەبدوڵلا ئالب دوغان داوا لەعەشیرەتە کوردەکان دەکات کە بەپێی قەبارەو ڕێژەی خۆیان تفەنگەکانیان تەسلیم بەحکومەت بکەنەوە.هەر لەگەڵ ئەم بڕیارەدا سەید ڕەزا داوا لەحکومەت دەکات کە کار بەو بڕیارە نەکاتو لەبەری ئەوە ئیدارەیەکی دڵسۆز بەخەڵکەکە فەراهەم بکەنو مافی هاوڵاتی بوونی کورد دیاری بکەن. لەبەرئەو هەڵوێستە نەتەوەیی یەی سەید ڕەزا حکومەت لەدژی کوردەکان هێز کۆدەکاتەوە. ئیتر هیچ ماوەیەك نەما بۆ گفتوگۆو دانوستان ناوچەکە سەراپا بووە

مەیدانی جەنگو سیمای جەنگی لێ دەرکەوت وردە پێکدادان لـەم لاو لـەولا دروسـت بـوو سەید ڕەزا هێزی کۆکردەوە و داوای ڕادەست کردنـی بکـوژانی کوڕەکـەی دەکـات. بـەڵام نەك تەسلیمیان نەکرد بەڵکو بکوژەکان ڕاستەوخۆ خەڵات کران(٤٤).

هێرشی تورکەکان بۆ سەر شۆڕشگێرە کوردەکان بەپشتیوانی هێـزی فڕۆکـەوانی دەسـتی پێکردو تەنانەت بۆ یەکـەم جـار زرێپـۆش بـەکارهێنراوە. زۆربـەی عەشـیرەتە کوردەکـان کۆمەکی خۆیان بۆ سەید ڕەزا نیشان داو هەزاران چەکداری لێ کۆبۆوە و هێرشـیان کـردە سەر پێکهاتە سەربازی یەکانی تورکیا و پردو ڕێگاوبانو هێڵـەکانی تەلـەگرافیان تێك داو لەئەنجامدا فەرماندەی سەربازی تورکیا،هێزێکی دژ بەکوردەکان ڕەوانەی ناوچەکە کرد.

بۆ پاڵپشتی کردنی هێزە سەربازی یەکان (عیسمەت ئینۆنۆی) سەرۆك وەزیران بـەیاوەری (شوکری کایای) وەزیری ناوخۆ گەیشتە شـوێنی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازی یەکـە .بـۆ ئـەم مەبەستە فەرماندەی تورکیا فەرمانێکی دەرکـرد بەسـوتاندنی دارسـتانەکانی دەوروبـەری دەرسیم،تا شۆڕشگێڕان ناچار بکرێن لەسەنگەرو شوێنە قایمـەکان بێنـە دەرەوە،ئەمـەش کوردەکانی ناچار کرد سەنگەرەکان جێ بهێڵنو ڕووەو سنوورەکانی عێراق بـڕۆن لەمـەدا هەواڵگری تورکیا بەشوێنی سەید ڕەزا دەزانن کەلەناوچەی(ئۆزۆن—میشی) ئیتر بەفڕۆکەو تۆپ ڕووەو شوێنی سەید ڕەزا هێرشیان بردو لەناوچەی( قۆزلجە)شەڕ لەنێوان هێزەکـانی تورکو هێزەکانی سەید ڕەزا ڕوویداو لەم شەڕەدا سەید ڕەزا برینـدار ئـەبێت و کوردەکـان زیانێکی گەورەیان بەردەکەوێت(٤٥).

لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی زانیاری یەکانی ناوەندە سیاسی یەکانی ڕۆژئاوا،هێزی فڕۆکـەوانی تورك زیانێکی زۆری بەرکەوتووە. بەڕێکەوت هەندێك لەسیاسەتوانی ئینگلیـزی دانیشـتوی ئەنقـەرە لەگفتوگۆیەکـدا لەگـەڵ یـەکێك لـە کارمەنـدانی وەزارەتـی کاروبـاری گشـتی کەلەدەرسـیم دێتـەوە،بۆیان دەردەکـەوێت کـە شـۆڕش لەوناوچـانەدا هـەر بەردەوامـەو

جەنەڕاڵ ئەڵب دۆغان بەهیوایە ساڵی ئاینده تەواو کۆنترۆڵی ناوچەکە بکات چونکە زۆری بەفرو نەبوونی ڕێگای سەربازی بوونەتە ڕێگر لەبەردەم ئۆپەراسیۆنەکەدا. بۆیە جەنەڕاڵ (ئاڵب دۆغان)نامەیەکی نارد بۆ سەید رەزا کە داوا دەکات بۆ کۆتایی هێنان بەخوێن ڕشتن با ڕێگای گفتوگۆ و دانوستان جێگا بگرێتەوەو وتوێژ دەست پێ بکەن.دوای ئەوەی سەید ڕەزا باوەڕی بەنامەکەی ئالب دۆغان هێناو بەمەبەستی وتوێژو دانوستان کەوتە ڕێ بۆ ئازەربایجان. بەگەیشتنی بۆ شوێنی مەبەست دەستبەجێ دەستگیرکراو لەمانگی ئەیلوولی ١٩٣٧دا بردیانە بەردەم دادگا(٤٦).

ئیتر کاری سەرکوتکاری دەستی پێکردو زۆر بێ بەزەییانە کەوتنە گیانی کوردەکان بە هەزاران منداڵو ژنو پیرو پەککەوتە ناچار بوون پەنا بۆ ئەشکەوتەکان بەرن . لەدۆڵی (ئیکسۆر)دا لەئەنجامی ئاگرو دوکەڵ لەئەشکەوتەکان هاتنە دەرەوە زۆربەیان لەدوکەڵدا خنکان و زۆریشیان سوتان.یەکێك لەکوڕەکانی سەید رەزا بەناوی (حەسەن)لەئاکامی شەڕەکەدا پارچە تۆپێك برینداری دەکات.دایکی لەتاو کوڕەکەی دەیبات بۆ (ئەلعەزیز)ییە و ڕادەستی ئەفسەرێکی تورکی دەکات تانەمرێو برینەکەی سارێژ بکەن. ئەوانیش لەبری چارەسەرکردنی لەژێر ئەشکەنجەدا دەیکوژن(٤٧).بێ بەزەیی و بێ ویژدانی تورکەکان کارێکی وای کردبوو تەنانەت خەڵکانی عەشیرەتی (کۆریچا)کەبێلایەن بوون لەگەڵ عەشیرەتی(کوراکانەکان)کە جاشی تورك بوون چوونە پاڵ سەید ڕەزاو وئەوانیش زۆر خراپتر قەتڵو عام کران. تورکەکان لەمەدا هەوڵیان داوە بەهەر شێوەیەك بێت وا لەسەید ڕەزا بکەن لەکاتی لێکۆڵینەوەدا بڵێ ڕووسەکان هاوکاریان کردووم و چەکیان پێ داوم. بەڵام سەید ڕەزا دەڵێ: لەخێزانێکدا پەروەردە بووم ،کە هەرگیز ئەڵقە لەگوێ ی هیچ کەس و لایەنێك نەبوومو سەدان ساڵ بەگیانی نیشتیمان پەروەرانەولەبەر بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی خەباتم کردووە.ئیتر پاش چوار ڕۆژ دادگایی لە ١١/١٤لەگەڵ

١٠كەسی تر لەهاوەڵەکانی سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو و لە١٩٣٧/١١/١٨فەرمانەکە جێ بەجێ دەکرێ.سەید ڕەزا لەبەردەم سێدارەدا دەڵێ: (من تەمەنم حەفتاو پێنج ساڵە،دەچمە ڕیزی شەهیدانی تری کوردستانەوە،دەرسیم شکستی هێنا،بەڵام کوردو کوردستان ئەمێنێ،لاوانی کوردستان تۆڵەمان دەستێنن. نەفرەت لەخائینانی ستەمکار)(٤٨) . سەید حسێنی سەرۆکی خێڵی (کۆریچا)وعلی ئاغا سەرۆکی خێڵی یوسفانو سێ کەسی دیکە لەسەرانی خێڵەکان لەگەڵ سەید ڕەزا لەسێدارە دران.

(عیسمەت ئینۆنۆی) سەرۆك وەزیرانی تورکیا دەڵێ :زیانی ئێمە کوژرانی یەك ئەفسەرو ٢٨سەرباز بووە پەنجا بریندارێشمان هەیە زیانی کوردەکانیش ٢٦٥کوژراو ٣٠بریندارو ٨٤٩کەسیش خۆی تەسلیم کردۆتەوە.بەڵام هەندێك سەرچاوە ئاماژە دەدەن کە زیاتر لە٤٠هەزار کەس لەکوردەکان کوژراوە. هەر لەچوارچێوەی ئەو کارە دڕندانەیەی حکومەتی تورك دەرهەق بەخەڵکی سڤیلی کوردستان،پەیامنێرێکی ڕۆژنامەی (تایمز)لەئەنقەرە دەڵێ: (سێدارەکانی دەرسیم گوڵیان گرتبوو، هێشووی شۆڕشگێڕانی کورد پێوەی هاتبوونە خواری). هەندێك لەنیشتیمان پەروەران لەتاراوگە دەژیان،نوسراوێکیان بۆ کۆمەڵەی گەلان بەرزکردەوە.سەبارەت بەو کۆمەڵکوژیەی تورك دژ بەکوردەکان لەبانگەوازەکەدا هاتووە. کەدەوڵەتە گەورەکان بێنە دەنگ. ئەمینداری گشتی کۆمەڵەی گەلان لە ٢٠تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٧دا بەدورو درێژی باسی لەستەمی دەسەڵاتدارانی تورکو دڕندەییان بەرامبەر بە کوردەکان کردبوو(٤٩).لەبانگەوازەکەدا هاتووە کەکورد لەڕووی زمانو مێژوو و کەلتور جیاوازییان لەگەڵ تورکدا هەیە چونکە کورد بەسەدەیەك پێش ئەوان لەسەر ئەو خاکە ژیاوەو کەلتورێکی ڕەسەنیان هەیە ،حکومەتی تورکیا بەبیانووی پەرەپێدانی ئەو ناوچانە،سیاسەتێکی دوو فاقی لەبەردەم جیهاندا پیادە دەکات.لەبەڵگە نامەکەدا هاتبوو

کەدانیشــتوانی کوردســتان دووچــاری چەوســاندنەوەی دڕندانــەو پاکتــاوی جەســتەیی دەبنــەوە.هــەروەها گونــدەکانیش دەکەونــە بــەر بۆردومــانی فڕۆکــەکانو تۆپخانــەکانی تورکیـاو هـەموو قوتابخانـە کـوردی یـەکانیش داخـراون.قسـەکردنو نوسـینو دەرکردنـی گۆڤارو ڕۆژنامـە بـەزمانی کـوردی قەدەغـەیان کـردووە بـەڵام بانگەوازەکـەی کوردەکـانی تاراوگە بۆ کۆمەڵەی گەلانو دەوڵەتـە گـەورەکان بـێ وەڵام بـوو. لـە شـۆڕش و ڕاپـەڕینی خەڵکی دەرسیمدا گەلێك کەس ڕۆڵی سەرەکیان تێدا بینی و تواناى خۆیان بە کارهێنا، لە پێناوی سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکەدا یەکێك لەو سەرکردانە (علی شێر) ناوێك بـوو کـە وەکـو سەرچـاوەکان ئامـاژەی پـێ دەکـەن بەتایبـەت نووسـەری فەرەنسـی کـریس کۆچـێرا دەنوسێ کە علی شێر وەکو سەید ڕەزا لە تیرەی حەسنان بوو لە گوندی عومرانی نزیکـی کۆچکری لە دایـك بـووە لـە قوتابخانـەی ناوەنـدی سـیواس خوێنـدبووی . لـە سـەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید و پاش ئەوەی بـە دانـان و نووسـینی شـیعر نـاو و شـورەتی پـەیدا کرد. پاشان بوو بە سکرتێری مستەفا بەگی سەرۆکی خێڵی (کۆچکری) ، پـاش کوشـتنی مستەفا بەگ بە دەستی والی دەرسیم ئیتر بوو بە مامۆستای کوڕەکانی هەرئەویش بووە کە توانی هەموو تیرە و تایەفەکانی ناوچەکە ڕێکبخات . علی شێر لـە خـەباتی نەتـەوەیی دا بەردەوام بوو هەمیشە داوای جێ بـەجێ کردنـی پـەیمانی سـیڤەری دەکـرد و بـە هـۆی بەشداری ڕاستەوخۆوە لە شۆڕشی کۆچکری دا سزای لە سێدارە دانی لەلایەن دەسـەڵاتی تورکیاوە بۆ دەرچوو، بەڵام علی شێر توانی لە زیندان هەڵبێت . بـەڵام مخـابن تورکـەکان وازیان لێ نەهێناو لەڕێگەی برازایەکی سەید ڕەزاوە بە ناوی (ڕێبەر) کە ژێراو ژێـر لەگـەڵ تورکەکاندا ڕێکـەوتبوو لـە شـەوێك لـە شـەوەکاندا علـی شـێر شـەهید کـرا. کـە ئەمـەش خەسارەیێکی گـەورەبوو بـۆ کوردەکـان . تورکـەکان هـەر خـەریکی پـیلان گێـڕان بـوون ئـەوەتا لـە یـەکێك لـە بەڵگەنامـە نهێنیەکانـدا کـە لـە نووسـینگەی سـەرۆك وەزیرانـەوە

دەرچووە ئامـاژە بـە چـەند کـارێکی ترسـناك دەکـات دەرهـەق بـە خـەڵکی دەرسـیم و ڕاپەڕینەکەی. ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتـووە کـە تورکـە کەمالیـەکان هەمیشـە لـە بۆسەدان بۆ گشت نەتەوەکانی ناو تورکیا بە تایبەت کوردەکان کە هەموو کات بە کۆسپ و تەگـەرەی سـەر ڕێگـای خۆیانیـان دەزانـی ، بۆیـە هـەوڵی بـەردەوامیان تـەنها بـۆ سڕینەوەی نەتەوەیەك بووە و لە بۆنەی بە تورك کردندا.

وەك ئەم بەڵگە نامەیە/

زۆر نهێنی

بەیاننامە

4ی مەی ١٩٣٧

نوسینگەی سەرۆك وەزیران

هێڵی گشتی.

لەسەر ئەو ڕاپۆڕتانەی کە لە پەیوەنـدی لەگـەڵ سـەرهەڵدانەکانی ئـەم دواییـەی هـەرێمی تونجـەلی(دەرسـیم) ئامـادەکران. بـە ئامـادەبوونی ئـەتا تـورك و سـەر لەشـکری سـوپا لێکۆڵینەوە و گفتوگۆیان لەسەر کرا ئەم بڕیارانە دران:

١–ئەبێت ئەو هێزە چەکدارانەی کە یەکیان گرتووە لە هەر هێرشـێکی کاریگـەردا خۆیـان بگەیەننە هێڵەکانی نازمییە و کێچیزەکەن و سێنە و کارۆگلان.

٢–دەبێت ئـەمجارە دانیشـتوانی ئـەو ناوچـە ڕاپەڕیوانـە بگوێزرێنـەوە بـۆ جێگایـەکی تـر دەبێــت لــە هێرشــەکانی ســەر گوندەکانــدا دەســتبگیرێت بەســەر هــەموو چــەك و تەقەمەنیەکانداو دانیشتوانەکەشی ڕابگوێزرێت.

چـونکە دەوڵـەت حسـابی ئـەوە دەکـات کـە دەسـتبەجێ دوو هـەزار کـەس بگوێزرێتـەوە دەوڵەت لەو بڕوایەدایە کـە لـە هێرشـێکی سـوکدا بتوانرێت سەرچـاوەی ڕاپەڕینـەکان لـە

کاربخرێت به مانەیەکی تر لە لایەك کاریگەری ئەوانەی کە چەکیان هەڵگرتووە نـەهێڵرێت، لەلایـەکی تریشـەوە بـە شـێوەیەکی سیسـتەماتیك ، گونـدەکان کـاول و وێـران بکـرێن و خێزانەکانیشیان پەرتەوازە بکرێن .لەسەر ئـەو بنەمایـەی کـە ئێسـتا لـە بەرەکـەدا هێـزە پەروەردە کراوەکانی (مالاتیـە) و ئەنکـەرە لـەوێن، لەڕێگـەی چـالاکیە هەواڵگریـەکان لـە ناوچەکەدا و ڕێکخستنی بە تالیونێك کە لە (دیاربەکر)ەوە ڕەوانەی ئەوێ دەکرێت دەبێت لە ماوەی یەك هەفتەدا واتە ١٢/٥/ ١٩٣٧ دەست بە هێرش بکرێت

تێبینی : پێویستە بە هەر نرخێك بێت خەڵکێکی زیاتر کـارا بکرێـت بـە قـازانجی خۆمـان، دەبێت کەڵك لـە گروپـەکانی ناوچـەکە وەربگیرێـت، ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی کـە دەبێـت بودجەیـەکی زیـاتر تـەرخان بکرێـت (٥٠). ئەمـەش بەڵگەیـەکی حاشـا هەڵنـەگرە کـە کەمالیەکان پـێش ڕاپـەڕینیش چـۆن خۆیـان مـەڵاس داوە بـۆ کوردەکـان. ڕەنگـە ئەگـەر ڕاپەڕینیش نەهاتایەتە ئاراوە هەر جینۆسـاید دەکـران و ڕاگواسـتنیش بـەردەوام دەبـوو، بۆیە بەپێی ئەو بەرنامەیە ڕەشەکوژی خەڵکی ناوچەکە دەستی پێکرد لە ٢١ی تەمووزی ١٩٣٨ دۆڵی (لاچ)کەوتە دەستی سوپای تـورك و ڕاپەڕینـە چـەکدارەکە کۆتـایی پێهـات . ئینجا سوپای تورك ڕژانە ئەو دەڤەرە هەرچەندە دەرسیمیەکان هەندێك بەرەنگاریان کرد بەڵام بە گرتنی (لاچ) ڕاپەڕینەکە کۆتایی هـات . دەوڵـەت سـوپاکەی نەکێشـایەوە بـەڵکو سوپای دیکەی هێنا بۆ ئەنجامدانی مەبەستەکەی کە قڕکردنی دانیشتوانی ناوچەکە بـوو، لە بەیاننامەیەکدا کە سەرۆکایەتی ئەرکان دەری کردووە دەڵێت : ئـەو (مونـاوەرە)یـە لـە قۆناغی یەکەمدا هەموو ناوچەکانی دەرسیم دەگرێتەوە بەم جۆرەش ئەنجام دەدرێت: لـە هەموو لایـەکی ناوچـەکەوە دەسـت پێـدەکرێت بـە کـەمترین کـات کۆتـایی بـە یـاخیبوان دەهێنین .

جەلال بایار سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتەی تورکیا دەڵێت: مستەفا کەمال تەماشای کردم و وتی: ئەزانم لەو ناوچانەدا ئاسایش بەرقەرار دەبێت هەرچی ڕوو ئەدا با ڕووبدات و بەرپرسیارێتیەکەی دەخەمە ئەستۆی خۆم .لێیاندەن دوای ئەوە ئێمەش فەرمانەکەمان جێ بە جێ کرد. سەرۆکایەتی ئەرکان ئەنجامی موناوەرەکەی ئاشکرا کرد. دوای ۱۰ی ئابی۱۹۳۸ لەیەکەم قۆناغدا ئەو ناوچەیە پاککرایەوە و بە هەزاران لەوێدا دەستگیرکران . کۆمەڵ کۆمەڵ بۆ ناوچە دوورەکانیان دەگواستنەوە و بە هەزارانیش لەناوبران. بێگومان هەزاران نییە بەڵکو ڕاستیەکەی دەیان هەزاری تێپەڕاندووە . لە ۳۰ی ئابی ۱۹۳۸ مستەفا کەمال تەلەگرافێکی (فەوزی چەقماق) دەگاتە دەستی بەم شێوەیە (سوپای بە توانا و بالأدەستمان وەکو هەمیشە جێگای بڕوای میللەتە موناوەرەی پڕ شانازی یەکەی سوپا کارێکی گەورەی ئەنجامداوە. تەلەگرافی سەرکەتنەکانم پێگەشت. پڕ بە دڵ سوپاسگوزاری سوپا دەکەم) (٥١)

بەم جۆرە سێ هەم ڕاپەڕینی گەورەی کورد لە تورکیا کپ کرایەوە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی یەوە تا سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی قوربانیدانی کورد گەورە بوو لە نێوان چل تا حەفتا هەزار کورد بەپێ ی زانیاری یە جیاوازەکان کوژران (٥٢) دەرسیم بووە کەلاوە و وێران کرا، دوای ۱۰ ساڵ عوسمان مەتی ڕۆژنامەوانی ڕۆژنامەی (سون پوستە) کاتێ سەردانی دەرسیم دەکات ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە حوکمەت ئەم دەڤەرەی پشت گوێ خستووە. لەوێدا تەنها جەندرمە و باج وەرگر دەبینرێت، نوری دەرسیمی لە کتێبی دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا دەڵێ:لێرەدا نە پیشەسازی نە کشتوکاڵ نە بازرگانی بوونیان نییە. تەنانەت دکتۆریش نیە دانیشتوانەکەی مانای وشەی دکتۆر نازانن چی یە لێرەدا ڕێگا بۆ دێهاتیەکان نی یە. (٥٣) شکستهێنانی دەرسیم دوا شکستی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی تورکیا بوو. لە نێوان جەنگی جیهانی یەکەم و

دووەم دا. هەرچەندە ڕاپەڕینەکەی دەرسیم بلأونەبوەوە تەنها ناوچەی دەرسیمی گرتەوە . بەلأم لە ناوەندی کورددا دەنگی دایەوە لە ناو تورکیا و لـە دەرەوەی سـنور لـە ولأتـە بیابانییەکانیشــدا ئــەو ســەرکوت کردنــە دڕندانەیــە ، ئــەو کوشــتارە خوێناوییــە دژی شۆڕشگێڕان لـە کوردسـتاندا وە لـە بەشـی ئێرانـدا جـەماوەر ناڕەزاییـان دەربـڕی. هێـزە سەربازیەکانی تورکیایان بەوە تۆمەتبارکردکە گـازی کیمیـاوی لـە دژی کوردەکـان بـەکار هێنراوە ، هەروەها کوردەکانی سوریاش ناڕەزاییان دەربڕی چەند جارێـك هـەوڵیان دا بـۆ یارمــەتی دانــی شۆڕشــگێڕانی دەرســیم بــەلأم ســەرکەوتوو نــەبوون(٥٤) لــە باشــووری کوردستانیش لە شاری کەرکوك (ئیمام قاسم )و (ئیسـماعیل حـەقی) بانگـەوازێکیان بـلأو کردەوە داوایان لە ولأتە ڕۆژئاواییەکان و حکومەتی عێراق کرد بگەنـە فریـای کوردەکـانی دەرسیم و لیژنەیەکی بێلایەن دابمەزرێنن بۆ ئاشکرا کردنی دڕندایەتی هێزەکـانی سـوپای تورکیا.(٥٥) کوردەکـان هەمیشـە دەکەوتنـە نێـوان ئـاگری چـەکەکانی ولأتـە گـەورەکانی ناوچــەکە. یــاخود دەبوونــە ســوتەمەنی هەڕەشــەکانی ڕووس و ولأتــانی ئــەوروپا. کــە بەرژەوەنـدی یـە بالأکانیـان وای دەخواسـت بـەردەوام بـن لـە ململانـێ و . بـەکارهێنانی نفوسی خۆیان لـە ناوچـەکەدا بـە تایبـەتی لـە هەرسـێ ولأتـی عێـراق و ئێـران و تورکیـا. کوردەکان هەر جارەی بە دەسکەلای ولأتێك تاوانبار دەکران، ئەو هـەموو کوشـتارەی لـە دەرسـیم دەرهــەق بــە خــەڵکی ڕەش و ڕووتــی کــورد کــرا. کەچــی ئیتاڵیــەکان لــە بــاتی سەرزەنشـت کـردن دەیـانگوت چـەك و پـارەی ڕووس ڕۆڵـی گرنگـی بینیـوە لـە شۆڕشـی دەرسیم دا (٥٦) بەلأم ئەمەش بۆ کورد سـەخت بـوو کـە تورکـەکان لـە دنیـای دەرەوەدا توانیویانــە هــەموو خــەباتی ئــازادیخوازی کــورد بــۆ ڕای گشــتی جیهــانی وەکــو کــردەی چەتەگەری و هەموو ئەو پاڵەوانانەی کە لە گۆڕەپانی شانازی دا شەهیدکران وەکو ڕێگـر بناسێنێ هەندێك جار لەوەش زیاتر ڕۆیشتوون یاخود زیادە ڕەوییان کردووە. کوردیان بە

جینۆسایدی ئەرمەنیەکان گوناهبار کردووە. ئەو کۆمەڵ کوژی یەی کە لەلایەن سەرانی تورکەوە بیری لێکرایەوە و لەلایەن هێزی سەربازی تورکەوە جێبەجێ کراوە ئەگەر بەرێکەوتیش دەنگێك بەرز بووبێتەوە بۆئەوەی داکۆکی لە کورد بکات ئەوا تورك بێشەرمانە دێتوو ئەوە دووپات دەکاتەوە کە کورد مسوڵمانن و بەشێکن لە ڕەگەزی تورك و لەگەڵ تورك یەکەیەکی جیانەکراوەن .کۆماری تورکیای ئەمڕۆو عوسمانی دوێنێ یاخوود هەرشێوە حوکمێکی ئایندەش هەمیشە لەگەڵ ئەوەدان کەهەرگیز شوێنێك بۆکورد لە بەر خۆرهەتاو دیاری نەکەن(٥٧) لە ساڵانی ١٩٣١ لەناوچەکانی( مەنا مەن )، (ئەرز ڕوم )و( دیاربەکر)دا هەست بەجۆرە بارگرژی و ناڕەزاییەك دەکرا . لە زنجیرە وتارێکدا کە لە حاکمیەت ملی بلاوبوونەتەوە بورهان ئاسەف بەگ پیلانی ئەرمەن و کوردەکان مەحکوم دەکات دوای ئەو زنجیرە وتارە لە ڕۆژی ١٩٣٢/٥/٥دا یاسایەکیان لەتورکیا دەرکرد کە بە پێی ناوەڕۆکی ئەویاسایە کوردەکان لەشوێنی خۆیانەوە بۆ شوێنێکی تری ناو تورکیا ڕابگوێزرێن ئەم یاسایە پاش سەردانی شای ئێران بۆ ئەنکەرە لە هاوینی ساڵی ١٩٤٣دا پیادە کرا لەو ساڵە بەدواوە ئیتر بە فەرمی نکوڵی لە بوونی کورد لە خاکی تورکیادا کرا لەوکاتەوە کوردەکانی ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەلاتی تورکیا ناونران تورکە شاخاویەکان پێشتریش هەوڵی توانەوەی نەژادی کورد و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردان هەڵەیەك بوو ،کەوەك پریشکێك ئاگری شۆڕشی ساڵی ١٩٣٧ _١٩٣٨ ی لێوە هەڵگیرسا هەرچەندە لەدوای ساڵانی ١٩٤٦وە ڕژێمی تورکیا لەناوچە کورد نشینەکاندا ڕێبازێکی هێمن تری گرتە بەر بەڵام لەهەمانکاتدا ڕۆشنبیرانی کورد هەمیشە لە ژێر چاودێری تەواو دا بوون تەنانەت لە مانگی دوانزەی ١٩٥٩دا ٤٩کەس لەڕۆشنبیران بەتۆمەتی جیا خوازی دەسگیر کران . کودەتای سوپایی لە ١٩٦٠/٥/٢٧ دا دەستوورێکی تازەی لەگەڵ خۆیدا هێنا کەلەوەی جاران لیبراڵتر بوو

لەگەڵ ئەوەشدا بەیانامەو ڕاوبۆچونی هەندێك لەدەسەڵاتدارانی دەوڵەت و ژمارەیەك وتار دەربارەی کورد و کوردستان لەچاپەمەنیەکانی تورکیادا بڵاوکرانەوە لەساڵانی ١٩٦٥ تا١٩٦٨دا لەهەنێك ڕۆژنامەی وەك (دیجلە و فورات و دەنگ ) ڕێزمانێکی کوردی و فەرهەنگێکی کوردی _تورکی ونمایشنامەیەك بەناوی (برینا ڕەش) و شیعرێکی درێژی کلاسیکی بەناوی (مەم و زین )ەوە بە ئاشکرا بڵاو بوونەوە بەڵام زۆری پێنەچوو، جارێکی تر لە سەرانسەری وڵاتدا نووسراوە کوردیەکان قەدەغە کران وڕۆژنامەکان داخران .هەر ئەمەش وای کرد کە خوێندکاران لە ١٩شاری کورد نشیندا خۆپیشاندان سازبکەن و ئەوە بخەنەڕوو ،کە ئەو بابەت و نووسینانە پێچەوانەی مادەی ١٢ ی دەستورە هەروەها دژی مادەی ٣٧ و٤٤ی پەیمانی لۆزانی ساڵی ١٩٢٣یە (٥٨).

## بەشی پێنجەم

## (باشوری کوردستان دوای شۆڕشەکەی شێخ مەحموودی نەمر)

هەر لەسەرەتای سالآنی(١٩٣٠)بەدواوە بزوتنەوەی کورد زۆر بەئاشکرا بێ ئومێدیو گڕوتینی کزبوو بوو. ڕاپەڕینەکانی کورد لەتورکیاو وئێرانو عێراق دا یەك بەدوای یەکدا شکستی هێناو کوردی هەژارو بێ کەسو پشتو پەنا نەیدەزانی لەچ دەرگایەك بدات و نەیدەزانی کام دراوسێ هاوسۆزی بۆی هەیە.دوای بە ستنی پە یمانی نێوانی عێراق و بە ریتانیا ، شلّە ژانێك لە عێراقدا و بە تا یبە تی لە ناوچە کوردیە کاندا سەری هە لّدا،گردبونە وەی خە لّك وباسکردنی ئەو پەیمانەو کاردانەوەکانی بە ئاشکرا دیار بوو . بۆیە حکومە ت بڕیاری دا لە ڕۆژی ١٩٣٠/٧/١٠ دا دەستبکرێت بە دیاریکردنی نائیبەکان بۆ پەرلەمان تا ٩/١٠ /١٩٣٠ لە کاتی خۆیدا کۆتایی بێت و تا ئەوانیش لە پەرلەمان لەسەر پەیمانی ٣/حوزەیرانی/١٩٣٠ دەنگی لەسەر بدەن و بە واژۆکراوی بیبەن بۆ لەندەن پاشان مەندوبی سامی لە عێراق (هەمفرین) لەگەلّ نووری سەعید چوون بۆ لەندەن مەندوب (یالغ)ی لە جێی خۆی داناو نووری سەعیدیش جەعفەر عەسکەری وەزیری بەرگری کرد بە وەکیلی خۆی کە لە هەمان کاتیشدا کەزاواشی بوو. بۆ هێورکردنەوەی خەلّکی کوردستان جەمیل مەدفەعی وەزیری ناوخۆ و جەمال بابان وەزیری داد بە فڕۆکە هاتنە کەرکوك و پاشان بۆ هەولێرو دوایی بۆ سلێمانی.کاتێك لە شاری سلێمانی بینیان کە خەلّك خرۆشاوە جەعفەر عەسکەری و یالغی نوێنەری ئینگلیز قسەیان بۆ خەلّك کرد و کۆمەلّێك بەلّێنیاندا بۆ چاکسازی و باشکردنی گوزەرانی خەلّك و داواکاریەکانیان بە هەند وەرگرن لەم کاتەدا (ڕەمزی فەتاح) لە ناو خەلّکەکەوە بە دەنگێکی بەرز ڕووی کردە نوێنەرەکان و وتی: (جەعفەر عەسکەری! ئەم قسانە بخەرە گیرفانتەوەو بگەڕێرەوە بۆ بەغدا . جارێکی تر ئێمەی کورد بەم قسانە هەلّناخەلّەتێین،

ئەو جۆرە فرمێسکانەی کە تۆ دەیرێژی دڵمان فێنك ناکاتەوە ، ئەمەش تەنها بۆ ئەوەیە چاو لە سەربەخۆیی خۆمان بپۆشین، یان ئێمە یا سەربەخۆیی و ئازادی )[٦] هەر لەو کۆبونەوەیەدا عەلی کەمال مەعاونی پۆلیس بوو لەگەڵ چەند پۆلیسێکدا هاتبوو بۆ هاورێیەتی کردنی نوێنەرەکان . خەڵکی سلێمانیش دەچوونە لای بەو پێیەی عەلی کەمال خەڵکی سلێمانیەو پرسیاریان لێدەکرد لە بارەی سەربەخۆییەوە ئەویش لە وەڵامدا دەیگوت ئێستا کاتی سەربەخۆیی نییە دەبێت داوایەك بکەن کە بۆتان جێبەجێ بکرێت.

بەڵام بۆ سەربەخۆیی هیچ وەڵامتان نادەنەوە. لەو کاتەدا ئەوە ڕای عەلی کەمال بووە کە کورد ناگاتە ئامانج کە سەربەخۆییە، ڕەنگە وەڵامەکەی زۆر ڕاست بووبێت چونکە ئەو زیاتر لەناو حکومەت و کاربەدەستانی ئینگلیزدابووە وئاگاداری بارودۆخیش بووە جگە لەوەش زۆر ئاگاداری ناوەڕۆکی پەیمانەکەی نێوان عێراق و بەریتانیا بووە کە ناسراوە بە پەیمانی ئەنگلۆ عێراقی .هەربۆیە بەڕاستی وەڵامی خەڵکەکەی داوەتەوە بۆ ئەو مەبەستە مەندوبی سامی کۆمەڵێك خاڵی دیاری کرد کە ئەمەش هەر بۆ هەڵخەڵەتاندن بوەو هیچی تر وەك دانانی یاسای بەکارهێنانی زمانی کوردی و دانانی مەعاونی مودیری داخلیە لەڕەگەزی کوردوقوتابخانەکانی کوردستان لەژێر چاودێری موفەتیشی کورد دا بێت و دانانی وەرگێڕ لە وەزارەتی داخلیە بۆوەرگێڕانی یاساو فەرمانەکان بەکوردی، ئەمانە هەموودرۆ وکات بەسەربردنبووە . مەبەستیش هێورکردنەوەی خەڵکی کوردستان بووە چونکە بەدانانی وەرگێڕێك یاخود موفەتیشێك چی لەبارودۆخی کوردستان دەگۆڕی لەکاتێکدا شێخ مەحمود نەی ئەتوانی لەسەر سنوورەکانیش خۆی دەربخات .خۆ هەر ئەوکاتانەش کورد پۆستی گەورەتری هەبوو لەناو حکومەتدا وەك سەرۆکی وەزیران کە نوری سەعید بوو، وەزیری بەرگری جەعفەر عەسکەری و بەکر سدقی سەرۆکی ئەرکان کە

---

[٦] . بروانە مێژوی ڕاپەڕینی کورد عەلائەدین سەجادی ل٧٨ _ ٧٩

هەردووكيان خەڵكی گوندی عەسكەر بوون ، جەمال بابان خەڵكی سلیمانی بوو زۆری تریش كە ئەتوانین بڵێین لە پێویست زیاتر بوون ، بەڵام ئیرادەیان لەلای خۆیان نەبوو بەوشێوەیەی كە خەڵك لێی دەویستن بەڵكو لەژێر فەرمان و ڕكێفی ئەنگلۆ_عێراقیدا بوون ئەمانە هەموو كاریگەری هەبوو لەسەر هەموو تاكێكی ئەم كۆمەڵگایە،كە ئاسۆی ڕزگاری تێدا نەبوو ،،وەكو ئاماژەمان پێدا هۆكاری دەرەكی و ناوخۆی

كەبووە هۆی لاوازی سیاسی كەشایەنی ئەوە نەبوو ئەنجامێكی كاریگەری بەدیبهێنێ. هێزەنەتەوایەتیەكانیش نەیانتوانی هەموو تواناكانی شەڕكردن چڕبكەنەوە بۆ بەرگری كردن لەمیللەت لەهەر بەشێك لەبەشەكانی كوردستاندا. بەپێچەوانەوە بزوتنەوەكانی عەرەبو تورك‌و فارس رۆژ لەدوای رۆژ لەپەرەسەندندا بوون‌و لەڕووی بزوتنەوە لاوازەكەی كوردا ڕاوەستابوون جگە لەمانەش بەریتانیا و فەرەنساش یارمەتی و پشتگیری‌و بزوتنەوەی نەتەوایەتی عەرەبیان دەكرد لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا هەربۆیەش هێزەكان هاوسەنگ نەبوون بەپێی بەرژەوەندیان سیاسەتی ئەو دوو دەوڵەتە كەسەپاندبویان بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مافی چارەنوسی كورد بەلای ئەوانەوە بەتەواوەتی

ڕەتكرابووەوە.(٥٩)هەڵوێستی یەكێتی سۆڤیەتیش لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا بوو كەدەبوایە، بەپێی بیروباوەڕی نوێی ئەو دەوڵەتە لایەنگری كوردی بكردایە، بەو مانایەی میللەتێكە بۆ ڕزگاری نیشتیمانەكەی خەبات دەكات.بزوتنەوەی نەتەوایەتی كوردیش كەسەری هەڵدا دۆست‌و هاوپەیمانی نەبوو.بۆیە شانسی سەركەوتنی كەم بوو، بەڵام كوردەكان لەبەردەم ئەم حاڵەتەدا چۆكیان دانەدا،هەوڵیان دا پەندو عیبرەتی لێ وەربگن‌و جارێكی تر دەست بەتێكۆشان بكەنەوە. لەگەڵ ئەمانەدا نائیبە كوردەكانی ناو پەرلەمان كە بریتی بوون لەجەمال بابان وحازم شەمدین ئاغا وحەمە بەگی جاف وئیسماعیل ڕەواندوزی،سەیفوڵڵای خەندان وحەمە ساڵح بەگی حەمە عەلی بەگ لەهەوڵدابوون كەبتوانن سەرۆكی وەزیران

ڕازی بکەن کەهەندێك کاربکات بۆ کوردستانو دروستکردنی یەکێتیەکی ئیداری لەنێوان شارە کوردیەکاندا وەك کەرکوکو سلێمانیو هەولێرو میزانیەی پەروەردەی شارە کوردی یەکانیش زیادبکرێ لەگەڵ زیادکردنی پارەی کاروباری گشتی ناوچە کوردی یەکان. هەرچەندە دوای ماوەیەك سەرۆکی وەزیران بۆ زیادکردنی پارەی پەروەردە ڕەزامەندی نیشان دا ئەو زیادکردنەش پەیوەست بوو بەوەی زمانی کوردی زمانی فەرمی نووسین بێت لەو ناوچانە کەوا زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردە پاشان کەلە٢٣/مارت ١٩٣٠دا نوری سەعید وەزارەتەکانی ڕێکخستەوەو جەمال بابانی هێنایە ناو یەکێك لە وەزارەتەکانەوەو ئیتر ئاو کرا بەئاگرداو هەر چەشنە  داواکارییەك لەلایەن ئەو دەستەیەوە کۆتایی هات.(٦٠).دەربارەی لابردنی دەسەڵاتی ئینتیدابو گەڕانەوەی سەربەخۆیی بۆ عێراق بوو ئەو پەیماننامەیە بۆ کوردیش هیچی تیا نەبوو.ئیتر لەکوردستاندا شەپۆلێك لە ناڕەزایی دروست بوو دژی ئەو سیاسەتە دوژمنکارانەیەی لەدژی کورد پیادە دەکرا . ئەو سیاسەتەی کە بەرنامە داڕێژراوی ئینگلیزو شوێن کەوتووە عێراقیەکانیان بوو.لە ڕۆژی ٣٠ی تشرین١٩٣٠شێخ مەحموود و  مەحموود جەودەت بۆ ئەمە بەیاننامەیەکیان ئاڕاستەی کۆمەڵەی گەلان کرد دەربارەی بارودۆخی باشووری کوردستان. تێیدا داوایان کرد ڕێوشوێنی گونجاو بگرێتە بەر دژی ئەوانەی هەستان بە تۆڵەسەندنەوە لەعێراقی یەکان،ئەم بانگەوازو داواکاری یە بەبێ وەڵام مایەوەو ڕاپەڕینیش لەکوردستان مۆرکێکی بەردەوامی وەرگرت. لەساڵی ١٩٣٠ بە دواوە چەندین شەڕ لەنێوان شۆڕشگێڕانی کورد و ئەنگلۆ–عێراقی دا ڕوویداو هێزەکانی شێخ مەحموود لەتوانایاندا نەبوو سەرکەوتن بەدەست بهێنن. لە هەمان کاتیشدا  هێزەکانی سوپای( لیڤی ) کە دروستکراوی ئینگلیزەکان بوون شەڕی بەرهەڵستکارانی عێراقیان پێدەکردن بەبێ جیاوازی نەتەوەکانی عێراق بەڵام ئەم هێزە پڕ چەکە بە ئاشکرا دژایەتی کورد و پرسەکەیان دەکرد هەر ڕۆژەی پەلاماری ناوچەیەکی کوردەکانیان دەدا هیچ دەستیان نەدەپاراست و

جیاوازیان لە نێوان چەکدار و بێچەکدا نەدەکرد تا کار گەیشتە ئەوەی لە شاری کەرکوك دا هێرشیان کردە سەر حەمامێکی ژنان لە یەکێك لە گەڕەکە کورد نشینەکاندا و ئەمەش تەنها بۆ ڕسواکردنی ئافرەتی کورد بوو بۆیە (حاجی عەلی بەستێ) کە کوردێکی دانیشتووی شاری کەرکوك بوو[٧]، کە ئەم کارەساتە ئەبینێت بە تفەنگێکەوە لە نزیك حەمامەکە دەوەستێ و بۆ بەرگری کردن لە چونە ژوورەوەی ئاسووریەکان کە وەکو وتمان لە سوپای لیڤی دا بوون ئیتر شەڕ دروست دەبێت و چەکدارانی لیڤی ناچار دەکات بە ڕاکردن و جێهێشتنی ئەو شوێنە و هەڵوەشاندنەوەی مەرامە گڵاوەکانیان ، کە تا ئێستاش دەماو دەم لە ناو خەڵکی کەرکوکدا بۆ نەوەکان دەیگێڕنەوە . بۆیە خەڵکی کوردستان هەمیشە پارێزگار بوون بۆ شەرەف و کەرامەت و خاکی خۆیان ، هەرچەندە شۆڕشەکەیان بە ڕابەرایەتی شێخ مەحموود لە دوا ڕۆژەکانی کۆتایی دا بوو چونکە لەو ڕۆژانەدا شێخ مەحموود لە ناوچە سنووریەکان خۆی بە دوور گرتبوو لە چاوەڕوانی گۆڕانکاریەکدا بوو کە هیچ نەبێت بە قازانجی کەسێتی خۆی و خێزانەکەی بشکێتەوە کە ماوەیەکی زۆر بوو ماڵ و منداڵ و کەسە نزیکەکانی لە دەربەدەری و ژیانیان لە ڕۆژگارێکی پڕ چەرمە سەریدا بەسەر دەبرد . ئەوەبوولەساڵی ١٩٣١دا چاوپێکەوتنێك ڕوویدا لەنێوان قایمقامی پێنجوێنو شێخ مەحموودو نەقیب(هۆڵت)ی ئینگلیز کە سکرتێری مەندوبی سامی بەڕیتانیا بوو بۆ کاروباری ڕۆژهەڵات .دەرئەنجامیش خۆ

[٧] . مام سمایلی حاجی حەمەساڵح کە خەڵکی گوندی قەڵاچوغەیە بۆی گێڕامەوە کەدەڵێ لە پایزی ساڵی ١٩٥١چوومە کەرکوك وەلەچایخانەی جووت قاوە دانیشتم کاتێکم زانی ووتیان ئەوا حاجی عەلی بەستێ هات هەموو دانیشتوانی چایخانەکە بە پەرۆشەوە لێیان دەڕوانی ئەویش بەسواری ماینێکی (کوێتی) یەوە دەمانچەیەکی (پەڕە بێل)ی بەقەدەوە بووبڕنەوێکی کورتیشی پێبوو دووتانجیش بەدوای ماینەکەیەوە بوو دیاربوو کەلەڕاوشکار گەڕابۆوە ........(نوسەر)

ڕادەستكردنی شێخ مەحموود بوو، بەو مەرجەی گیانی خۆیو خێزانەكەی پارێزراوبێت.لەو

كاتەدا بڵێسەی شۆڕش نەك نەكوژایەوە بگرە جارێكی تر پریشكی شۆڕش لەناوچەی بارزان سەری هەڵدا ، ئەمەش بۆ حكومەتی عێراق و ئینگلیزەكانیش جێگای سەرسوڕمان بوو بۆیە گشت لایەك تووشی شۆك بوون شۆڕشەكەش لەناوچەیەكی ترو بەسەركردایەتی شێخ ئەحمەد بارزانی سەری هەڵدا ،كە پێگەیەكی بەهێزیان هەبوو لەناوچەكەدا. شێخ ئەحمەد بارزانی كوڕی شێخ محەمەد كوڕی شێخ عەبدولسەلامی یەكەم كوڕی شێخ تاجەدین.

كە یەكێك بووە لەخەلیفەكانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی كە شێخی ئیرشاد بوو . جگە لەتەریقەت پیاوێكی زاناو دەركەوتوی ناوچەكە بووە.دوای ئەوەی شێخ تاجەدین تەكیەو خانەقای هەبوو خەڵك لەدەوری كۆدەبوونەوە، بەڵام هێندەی نەبرد كۆچی كردو شێخ عەبدولسەلامی یەكەم كوڕە گەورەی بووە جێنشینیو ئەویش هەمان ڕێبازی باوكی گرتەبەر. پاش كۆچی شێخ عەبدولسەلامی یەكەم شێخ محەمەدی كوڕی بووە جێگرەوەی ئەویش بەهەمان شێوە بووە درێژە پێدەری ڕێبازەكە و پاش شێخ محەمەد شێخ عەبدولسەلامی دووەمی كوڕە گەورەی بووە جێگرەوەی . ئیتر لەسەردەمی شێخ عەبدولسەلامی دووەمدا كێشەی نێوان زێباری یەكانو شێخانی بارزان هەربەردەوام بوو تا كار گەیشتە ئەوەی زێباری یەكان لای بابی عالی شكات لە شێخ عەبدولسەلام بكەن، هەر بۆ ئەم مەبەستە شێخ دەیویست كۆتایی بهێنێ بەم كێشەیە بەڵام ئەمە ڕووی نەداو ناكۆكی نێوان شێخەكانی بارزانو دەوڵەتی عوسمانیش وای كردبوو كەلەچەند لاوە گوشار بهێنن بۆ كوردەكان . شێخ عەبدولسەلام بڕیاری شۆڕشی لەساڵی ١٩٠٧ ی دا وەك سەركردەیەكی ناوچەكە ناوی بڵاوبۆوەو بۆ ماوەی زیاتر لە٧ساڵ دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عوسمانی لەناوچەكەدا هەراسان كردبوو، تا لەڕێگەی كوردێكەوە كەوتە بۆسەی

دوژمنەوە لەساڵی ١٩١٤دا دەستبەسەر کراو لەساڵی ١٩١٥دا لەشاری موسڵ لەلایەن ئیتیحاد و تەرەقیەکانەوە لەسێدارە درا. دوای شێخ عەبدولسلام شێخ ئەحمەد بارزانی بەفەرمی بووە جێگرەوەی[٨].

بارودۆخی کوردستان ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش خراپتر ئەبوو تاساڵی ١٩٣٠ ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٣١ کاتێك کۆتایی بەشۆڕشی ئارارات هاتو شێخ مەحموودیش لە ناوچەی سلێمانی کۆتایی بە شۆڕشەکەی هاتبوو. لەڕۆژهەڵاتی کوردستانیش سمکۆی شکاك بەر لەوە بە ماوەیەکی کورت زۆر بەنامەردانە دەسەڵاتدارانی ئێرانی شەهیدیان کردو بزوتنەوەکەیان خامۆش کرد هۆکاری ئەو هەموو نیگەرانییەش ئەوەبوو شێخ ئەحمەد بارزانی ڕازی نەبوو کەلەناوچەی بارزان ئەو هەموو مەخفەر و ئەو گوشارە زۆرەی کە بۆ باجو خەراج دانرابوو کە هیچ کاتێك جێگای قبوڵ کردن نەبوو. چونکە لە نیازی ئینگلیزەکان گەیشتبوو کە بڕیاریان دابوو بارزانی یەکان لەناوچەکە دەربکەنو ئاسوری یەکان لەجێگایان نیشتەجێ بکەن .

بەناچاری چەند ڕێگەیەکیان تاقیکردەوە هەر سوودی نەبوو نەیانتوانی شێخ ئەحمەد لەناوبەرن یاخود سەری پێ دانەوێنن. ئینجا پەنایان بردە بەر عەشیرەتەکانی

---

[٨] . لەمانگی تشرینی دووەمی ١٩١٩دا کۆلۆنێل (بێل)ی حاکمی موسڵ لەگەڵ کاپتن(سکۆت)ی حاکمی ئاکرێ گەشتێکیان بەناوچەکانی سورچیو زێبارو بارزاندا کردو دەستیان کرد بەهەڕەشەکردن بەسزادانی شێخ ئەحمەدو سەپاندنی سزاو باجی گەورە بەسەر سەرۆك عەشیرەتەکانی ناوچەکە ، کاتێکیش چوونە بارزان شێخ ئەحمەد پێشوازی لێ نەکردن. زێباری یەکان لە لایەكو بارزانی یەکان لە لایەکی تر بۆسەیان بۆ ئەو دوو حاکمەی ئینگلیز نایەوەو هەردوکیان کوشتن. دواتر دەستیان بەسەر شاری ئاکرێ دا گرت.(٦١) هەرچەندە لەسالأنی ١٩٢٠دا ئینگلزەکان هێزێکی زۆری سوپای(لیڤی)یان نارده سەر شێخ ئەحمەد بەڵام دوای کوشتارێکی زۆر تێگەیشتن کە ئەمەش پیلانی ئینگلیزە ،بۆیە شەڕەکەیان ڕاگرت،ئیتر ئینگلیزەکان دەیانویست بەهەر نرخێك بێت شێخ ئەحمەد بەلای خۆیاندا ڕاکێشن. جارێك بەهەڕەشەو جارێك بەپارەو خەڵەتاندن بەڵام شێخ ئەحمەد هەڵوێستی خۆی نەگۆڕیو ئامادە نەبوو مل بدات بەئینگلیزەکان.

دەوروپشتی بارزان و هاندانیان دژ بە بارزانی یەکان بەڵام ئەمەش سەری نەگرت بۆیە حکومەت بڕیاری دا هێز کۆبکاتەوە بۆ سەر ناوچەی بارزان لە٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٣١دا لەشەڕی (بەرقی بەگ)دا بارزانی یەکان توانیان هێرشی حکومەتی عێراق تێك بشکێنن هەرچەندە بارزانیەکان بەژمارە لە٨٠چەکدار زیاتر نەبوون بەڵام حکومەت فەوجێکی سەربازی بەپاڵپشتی فڕۆکەی جەنگی بەریتانی هێرشیان دەست پێکرد بەڵام لەئەنجامی بەرگری کوردەکان ، زۆر لە سەربازەکان کوژران‌و ژمارەیەکیش بەدیل گیران.

جگە لەوەی بارزانی یە شەڕکەرەکان (٥) شەهیدیان بوون ،پاشان جارێکی تر لەنیسانی ١٩٣٢ دا هێزەکانی حکومەتی عێراق هێرشێکی تری دەست پێکردەوە بۆ سەر گوندەکانی بارزان‌و دەوروبەری ئەمجارە زۆر بەدڕندانە تۆپبارانی کردن ،بەڵام ئەم هێرشەش تێك شکاو ئەو داستانەش بەسەرکردایەتی مستەفا بارزانی تۆمارکرا لە(دۆڵا ڤاژی) کە ئەم ناوچەیە دەکەوێتە نێوان مێرگەسورو شێروانەوە و پێك هاتووە لەگوندەکانی (مامیسك و ژاژۆك وڤاژی و بێرسیاڤ وکۆرکێ وبنێ و بییاو بانێ)مستەفا بارزانی شەوی ٣/٤ی نیسان هەموو هێزەکانی کۆکردەوە هێرشێکی توندی کردە سەریان‌و لەو هێرشەدا کوژراوی حکومەت زیاتر لە(٢٥٣)سەربازو ژمارەیەکیش بریندار بوون لەگەڵ ژمارەیەك دیل .لەم شەڕەدا (١٢)شەهید هەبووەو ٣٤کەسیش بریندار بوون(٦٢). پاش شەڕی دۆڵا ڤاژی ئیتر حکومەت توانای هێرشی سەر کوردەکانی نەماو وردە وردە حکومەت پاشەکشەی کرد لەهێرش‌و لەڕێگەی کاپتن (هۆڵت)ەوە کار ئاسانی کرا بۆ ئەوەی حکومەتی عێراقی شەڕ ڕابگرێ‌و لێبوردنی گشتی دەربکات بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە لەڕۆژی ١٩٣٢/٥/٥دا بۆ ماوەی دوو هەفتە شەڕ ڕاگیراو مەرجی حکومەت ئەوە بوو کە شێخ ئەحمەدو هاوڕێکانی خۆیان ڕادەستی حکومەت بکەنەوە لەیەکی حوزەیراندا شێخ ئەحمەد هەموو کەسایەتی یەکانی عەشیرەتی بارزانی بانگ کرد وەك(خەلیل خۆشەوی و ئالۆ بەگ و ئەحمەد نادر و عەبدوڵڵا کرکەمۆیی و حەسەن محەمەد ئەمین) لەوکۆبونەوەیەدا بڕیاریان دا پەنا بەرنە بەر تورکیا بەهەر شێوەیەك بێت

بکشێنەوە بۆ ناو سنووری خاکی تورکیاو بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندیان بەتورکەکانەوە کرد کەکارەکانیان ڕێك بخەن). بەڵام حکومەتی تورکیا لەباتی هاوکاری کردنی کوردەکان بە پێچەوانەوە هاوکاری حکومەتی عێراقیان کرد بۆ لێدانی کوردەکان لەچیای(گۆڤەند). لەپاش شەڕێکی قورس ئەحمەد نادر شەهید بوو عەبدوڵلا کرکەمۆیش بەبرینداری لەناوچەی (ڕێکان) کەوتە دەست هێزەکانی حکومەت پاشان کۆچی دوای کرد بەڵام خەلیل خۆشەوی‌و (٣٠)لەهاوڕێکانی توانیان لەئابلۆقەی سوپای دوژمن خۆیان دەرباز بکەن‌و درێژە بەخەبات بدەن تا شۆڕش دامرکایەوە لە ساڵی ١٩٣٦ ئەوانەی مانەوە دوای ٨مانگ بەرگری ئەوەبوو خەلیل خۆشەوی پەنای بردەلای(کەلحی ڕێکانی)کەهاوکارییان بکات لەناوچەکی خۆیدا ئەوانیشچوونە ئەشکەوتێکەوە( کەلحی )زۆرنامەردانە چووەلای حکومەت وجێگاکەیانی بۆحکومەت دیا ری کرد،و ئەوانیش بەهێزێکەوەهاتنەسەریان دوای‌شەڕێکی مەردانە هەموویان شەهیدکران کەلحیش لەساڵی١٩٦١ دا بەسزا گەیەنرا ، شێخ ئەحمەد بارزانی کەلای تورکەکان پەنابەر بووپاشان تورکیا ڕادەستی عێراقی کردەوە.لەئابی ١٩٣٣دا گەڕانەوە بۆ ناوچەی بارزان . لەو ڕۆژگارەدا بەکر سدقی بەڕەگەزکورد کە سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق بوو لە ئەنجامی داواکاریەکی ئاسووریەکان لە سوپای لیڤی دا کە دەیانزانی شۆڕشی شێخ ئەحمەد شکستی هێناوە داوایان دەکرد کە ناوچەیەکی فراوان لە نێوان کەرکوك و هەولێر و نزیك لە ڕۆژهەلاتی موسڵ وەك هەرێمێکی سەربەخۆ بدرێت بەوان تا دەوڵەتێکی تیا دەبمەزرێنن بەڵام بەکر سدقی بە هێزێکەوە پەلاماری دان و تەفر و تونای کردن . شێخ ئەحمەدیش کە گەڕابۆوە ناوچەی بارزان لە ساڵی پێشوودا، بەڵام حکومەت نەیهێشت دابنیشێت لەساڵی ١٩٣٤دا بۆ جارێکی تر دەستبە سەری کردن وئەوانیش بە ناچاری لەموسڵ مانەوە.(٦٣) هەر لەو سەرو بەندەدا کوردە یەزیدی یەکانی سنجار بەسەرکردایەتی (داودی داود). ڕاپەڕینیان بەڕووی حکومەتی عێراقداکرد کە ئەم ڕاپەڕینە هاوکات بوو لەگەڵ ڕاپەڕینی بارزان. کوردەکان بەچەکی سووك‌و بەژمارەیەکی کەمەوە توانییان قارەمانانە بەرگری لەهێرشی

دوژمن بکەن ئەوەبوو لەکانوونی یەکەمی ساڵی ۱۹۳۵دا لەشەڕێکی دەستەو یەخەدا شکستیان هێناو ۱۰۰کوژراویان لەمەیدانی شەڕدا بەجێ هێشت. حکومەت بۆ چاوترساندنی جەماوەر . شۆڕشگێڕە کوردەکانی دڕندانە شەهید دەکرد هەروەها(٥) کەس لەسەرکردەکانی ڕاپەڕینیشی لەسێدارەدانو ۳۷۸کەسیش لەجەنگاوەرەکوردەکان حوکم دران بەڵام (داودی داود)کە سەرکردەی ڕاپەڕینەکە بوو لەبەندیخانە هەڵهات و خۆی گەیاندە سوریا.(٦٤) لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆمە لێك لەئاسوری یەکانیش فەرمانی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو لەساڵی ۱۹۳٦تا ساڵی ۱۹٤۳هیچ بزوتنەوەیەکی مەودا فراوان سەری هەڵنەدا لەگەڵ ئەو شکستەشدا هەر پێکدادانی بچووك لەهەندێك ناوچە لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت ڕووی ئەدا، بەڵام بەگشتی بارودۆخی ناوچەی کوردستان هەر ئارام بوو(٦٥). بەڵام لێرەدا مامۆستای مێژوونوس حسێن حوزنی موکریانی لەیاداشتەکانی دا ڕاپەڕینی ساڵی ۱۹۳۰-۱۹۳۲بەسەرکردایەتی شێخ ئەحمەدی بارزانی بەم شێوەیە دەیگێڕێتەوە و دەڵێ (کەساڵی ۱۹۳۳ کێشەیەك لەنێوان شێخ ئەحمەدو حکومەتی عێراق ڕووی دا بەڵام هێندەی نەخایاند کەلەڕێگەی حکومەتی تورکەوە حکومەتی عێراق لێبوردنی گشتی دەرکردو شێخ ئەحمەدو کەسو کارەکەی خۆیان ڕادەستی کاربەدەستانی عێراق کرد، ئەوانیش هەموویان بردن بۆ موسڵ و لەوێوە بۆ شارەکانی تری عێراق و دابەشکران .مەلا مستەفاو شێخ ئەحمەد لەسلێمانی بوون تاساڵی ۱۹٤۳ لە کاتێکدا ئەو خێزانانە زۆر برسیو بێ کار بوون، چاوەڕوانی لوتفی حکومەت بوون تابگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان تابەرپابوونی شۆڕشی مایسی ۱۹٤۱بەدوو ساڵ دوای ئەو مێژووە بارزانی لەسلێمانی یەوە هەڵهات) . لێرەدا دەمەوێ تۆزێك درێژە بەباسەکەی مامۆستای ناوبراو بدەم. کەشێخ ئەحمەد بارزانی لەساڵی ۱۹۳۰-۱۹۳۲ناچارکرا بەشۆڕش و بەرگری کردن کاتێك ویستیان پەنا بەرنە بەر تورکەکان خەلیل خۆشەویو عەبدوڵڵا کرکەمۆییو ئەحمەد نادر خۆیان بڕیاریان دا لەگەڵ ۳۰کەس لەهاوڕێکانیان کە بجەنگن تا شەهیدبوون ئەوەبوو لەدوای ساڵی ۱۹۳٦بە۸مانگ دواتر ئەو پۆلە گیان فیدایەی

نیشتیمان بەرگری یان کرد تا هەموویان شەهیدبوون . مامۆستا حسین حوزنی باسی ئەمەی نەکردووەو باسی ئەوەش نەکراوە کە حکومەتی تورك شێخ ئەحمەدو هاوڕێکانی ڕادەست کردۆتەوەو پاشان ئەو لێبوردنە گشتی یە ،کە باس دەکرێ تەنها درۆیەکی شاخداری تورکەکانبووە و هیچی تر، چونکە هەموو بارزانی یەکان کۆمەڵ کۆمەڵ هەر کۆمەڵێك بۆ شارێك دورخراونەوەو باری ژیانیان نەك ئاسایی نەبووە بگرە زۆر خراپ بووە. هەروەها دەرچوونی مستەفا بارزانی لەسلێمانی یەوە بۆ ناوچەی بارزان هەروا کارێکی سەرپێی نەبووە بەڵکو ئەمەش بەهاوکاری حزبی هیواو بەتایبەتی شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمود بوو کە توانی لەسلێمانی یەوە خۆی بگەیەنێتە ناوچەی بارزان . ساڵانی ١٩٣٤–١٩٣٩باشووری کوردستان تاڕادەیەك ئارام بوو لە ساڵی ١٩٣٦ دا بەکر سدقی سەرۆکی ئەرکان هاوڕابوو لەگەڵ مەلیك غازی دژ بە دەسەڵاتی ئینگلیزەکان بۆیە خوازیاربوون بە دۆستایەتی کردنی ئەڵمانەکان بەکر سدقی ڕاسپارد دژ بە پیاوە داردەستەکانی ئینگلیز کودەتایەك بکات و پاکیان بکاتەوە و ئەمەش بە مەبەستی نەهێشتنی دەسەڵاتی ئینگلیزەکان کاتێك ئینگلیزەکان بەم پیلانەیان زانی کەوتنە خۆیان و توانیان هەر لە سەرەتادا کۆتایی بە کارەکە بهێنن بۆیە بەکر سدقیش چووە (حامیە)ی موسڵ خۆی ئامادەکرد لە شەوێکا خۆی بگەیەنێتە تورکیا بەڵام لەناو کافتریای حامیەی موسڵدا نائیب عەریفێکی خەڵکی تەلەعفەر بەناوی( محەمەد عەبدوللا )کە بەڕەگەز تورکمان بوولێی نزیك بووەوە و چەند گوللەیەکی لێدا و کوشتی ئەمەش بە پیلانی ئینگلیزەکان بوو بەدوای ئەوەشدا لە دوو ساڵی داهاتوودا بە شێوەیەکی تر لەڕێگەی ئۆتومبیلەوە مەلیك غازیشیان تیرۆر کرد وکۆتاییان هێنابەو بیرۆکەیە هێنا ئیتر لە کوردستانیشدا جگە لەچەند بزوتنەوەیەکی جوتیاری لەنزیك سنووری نێوان عێراقو ئێران ڕوویداو حکومەتی عێراق زۆر دڕندانە وەڵامی دانەوەو سەرکوتی کردن . سپێدەی جەنگی جیهانی دووەم بەتەوەری هەوڵە فراوانەکان بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی کوردەکان و عەرەبەکان دەژمێردرا، لەکاتێکدا ڕەشید عالی گەیلانی کودەتایەکی

ناسیونالیزمانەی ئەنجام داو بەوهۆیەوە شێخ مەحمودیش توانی لەزیندانی بەغدا هەڵبێت ، پاشان لەساڵی ١٩٤٣دا شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحمودیش ناچارکرا سلێمانی جێبهێڵێ‌و بچێتە ئێران لەوێش پێشوازی لێکرالەلایەن ڕووسەکانەوە . لەو ماوەیەشدا گۆڤارێکی دەرکرد بە ناوی (نیشتیمان ) وە، تورکیاش ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەدامەزراندنەوەی بزووتنەوە ی ڕزگاریخوازی کورد بە مەبەستی بە کارهێنانیان لە پێناوی بەرژەوەنیەکانی خۆیاندا .کەمالی یەکانیش پەیوەست نەبوون بەسەقامگیری بارودۆخی ناوخۆیی عێراقەوە،بەڵام دوای هەڵگیرساندنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەبیستەکان وسییەکاندا، بەخێرایی لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا هاوپەیمانیان بەست بۆئەنجامدانی پرۆسەی هاوبەشی سەربازی دژی کورد،بەڵام هەموویان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە تاکە فاکتەری یەکلاکەرەوە لەدامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکانی کوردی عێراق تەنها هێزی ئاسمانی بەریتانیایە .ئەمەش لەڕۆژنامەی (ئاراتش)ی تاشقان ی لایەنگری ئینگلیز بڵاوکرایەوە(٦٦). ئەو بزووتنەوە کوردی یانە هێندە لەناو خەڵکدا ئومێد بەخش بوون کە هەر کوردێك خوازیاری بەشداری کردن بوو لەو کاتەدا عەرەب ئەو هێزەی نەبوو بتوانێ بزوتنەوەکان تێك بشکێنێ یاخود ناوچە کوردی یەکان داگیربکات ، ئەگەر پاڵپشتی هێزی ئاسمانی بەریتانیا ، یاخود ئەو یارمەتی یە ماددی‌و مەعنەوی یەی ئینگلیز نەبوایە لەگەڵ دروست کردنی دووبەرەکی و ناکۆکی لەناو کوردەکانیشدا وای کردبوو عەرەب ناوچە کوردی یەکان داگیربکەن، لەکاتێکدا کوردەکان زۆر لەوان بەتواناتربوون لە شەڕدا و ناوچەکەش چونکە هی خۆیان بوون شارەزاشبوون لە کاری جەنگیدا جگە لەوەش زۆرلە ئەفسەرەبالاکانی سوپای عێراق کوردبوون ئەوانەش هەمیشە هەستی نەتەوایەتیان بەلای کوردەوە بوو وەك جەعفەر عەسکەری کەوەزیری بەرگری بوو، هەروەها بەکر سدقی سەرۆکی ئەرکانی سوپا بوولەگەڵ چەندان ئەفسەری بالای تری سوپاوچەند وەزیرێك کەشانازییان دەکرد بەکوردبوونیانەوە.

## کودەتای بەکر سدقی

بەکر سدقی بەڕەگەز کورد لەساڵی ١٨٩٢ لەدایك بووە باوکی لە گوندی عەسکەری ناوچەی ئاغجەلەرەوە بەهۆی ئەوەی کەفەرمانبەربووە دەچێتە تورکیا لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا بەکر سدقی لەناو سوپای عوسمانیدا خزمەت دەکات هاوڕێی مستەفا کەمال ئەتاتورك بووە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ پەیوەندی دەکات بە سوپای عێراقەوە . مامۆستا نوری ئاغجەلەری لە یاداشتەکانیدا دەڵێت جەعفەر عەسکەری کە لەبنەچەدا خەڵکی گوندی عەسکەر بووە و لەهەمانکاتیشدا وەزیری بەرگری عێراق بووە جارێك بەسەردان دێتەوە بۆ ناوچەکە و لەسەر بڕیاری ئەو قوتابخانەیەك کرایەوە . ئێمە لەو قوتابخانەیە دەمانخوێند دوای ماوەیەك بەکر سدقیش بەفەوجێك سەربازەوە لەناوچەی ئاغجەلەر چادریان هەڵدا بوو. دەڵێت ڕۆژێك مامۆستاکەمان ئێمەی برد بۆ ئەوێ هەموو بەڕیز وەستاین لە بەردەم بەکر سدقیدا و سروودی( ئەی کوردینە)مان دەوتەوە هەر ئەوڕۆژەش لای ئەو نانمان خوارد، ئەوڕۆژگارەش کە بەکرسدقی لەهەوڵ وتێکۆشاندابوو[٩] بارودۆخی عێراق زۆر هەستیار بوو . لەشوباتی ١٩٣٣دا پەرلەمانی عێراق هەڵبژێردرا زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان پیاوی نوری سەعید بوون ،زۆریشیان لە حزبی برایەتی بوون[١٠] لەماوەی مانگێکدا توانیان ناجی شەوکەت ناچار بکەن دەست لەکار بکێشێتەوە هەر لەو ماوەیەدا ئاسوریەکان داوایەکیان پێشکەش کرد بە کۆمەڵەی گەلان تا ڕەزامەند بن لەسەر دروستکردنی ناوچەیەکی نیمچە سەربەخۆ لە کوردستاندا هەر بۆ ئەم مەبەستە سەرکردەی ئاسووریەکان (مارشەمعون) سەردانی بەغدای کرد بەڵام لەوێ دەستبەسەر

---

[٩] . یاداشتەکانم لەنێوان بینین و بیستندا نوری ئاخجەلەری لا٩٧

[١٠] . مێژووی نوێی عێراق فیبی مارڕ و/ لیوا حەمەشەریف حەمە غەریب و شێرکۆ ئەحمەد حەوێز ل٧٥_٧٦

کرا [11] چونکە نیشتەجێکردنی ئاسوریەکان لە عێراقدا و پاراستنیان لە لایەن بەریتانیەکانەوە و هاوکاریی کردنیان بۆ ئینگلیزەکان ، بووە هۆی بێزاری خەڵکی عێراق لەمانگی ئابی ۱۹۳۳دا شەڕوپێکدادان ڕووی دا لەنێوان سوپای عێراق و ئاسووریەکاندا لەئەنجامدا ۳۰سەربازی عێراقی کوژران و ئاسووریەکانیش زۆربەیان کوژران وئەوەی مایەوە نزیکەی ۵۰۰کەسیان ڕووەو سوریا ڕۆیشتن بەڵام فەرەنسیەکان ڕێگەیان پێنەدان بچنە ناو سوریاوە و سوپای عێراقیش جارێکی تر لەسەر سنور دا پەلاماریان دانەوە . لە۱۱ئابدا لەناوچەی سمێلّ لەنزیك دهۆك ژمارەیەکی تر لە ئاسووریەکان کوژران و فەرماندەی ئەو هێزەی ناوچەی موسڵیش بەکر سدقی بوو.[12]

ئەمەش ناوبانگی بەکر سدقی زیاتر بلأو کردەوە بۆ ئەم سەرکەوتنەش لەبەغدا پلەی بەرزکرا یەوە بووبە سەرۆکی ئەرکانی سوپا . لێرەدادەبێت ئاماژەبەوەبدەین سۆزی کوردایەتیەکەی بەکر سدقی لەوەدا دەردەکەوێت کەکۆمەڵێك ئەفسەری پلەنزمی کوردی گەنجی هێنایە پێشەوە و لەشوێنی هەستیاردا دانان هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەکۆمەڵێك لە ئەفسەرانی عەشایەری ناوچەی فورات لەسوپادا ناحەزی بوون . بەکر سدقیش لەکاتی شەڕوپێکدادانی عەشایەرەکانی ناوەڕاستدا زۆر بەتوندی سەرکوتی کردبوون بۆیە دەیویست کوردەکان پلەو پایەی بالأیان هەبێت لە سوپادا بۆ بەهێزکردنی مەرکەزیەتی خۆی، جگە لەوەش بەکر سدقی کەسێکی نزیك بوو لە حیکمەت سلێمانەوە کە هەمیشە بیری لە کودەتا دەکردەوە دوای پەیداکردنی متمانەی نێوانیان حیکمەت پڕۆژەی کودەتاکەی دەخاتە بەردەم بەکر سدقی تا ڕای خۆی لەسەر بدات ، ئەویش ڕازی بووە بەکر سدقی لەگەڵ خۆیدا فەرماندەی فیرقەی یەکی ڕازی کردبوو جگە

---

[11] . مێژووی عێراق چارلز تریب و/محەمەد حوسێن عەبدولقادر کەلهوڕ ل ۹۹_۱۰۰_۱۰۱

[12] . اضواء على مقتل الفريقين جعفر عسكرى و بكر سدقى تاليف موسى على الطيار ص٥٤

لەبەشێك لە ئەفسەرە باڵاكان كە هاوڕا بوون لەگەڵیا لە ٢٩تشرینی یەكەمی ١٩٣٦دا فڕۆكەكان بڵاو كراوەیەكیان لەسەر شاری بەغدا فڕێدایە خوارەوە،كەتێدا هاتبوو داوای دەستلەكاركێشانەوەی (یاسین هاشمی) دەكەن و لەجێگاكەی دا حیكمەت سلێمان دابنرێت بەكر سدقی بەهێزێكەوە هات بەرەو بەغدا . مەلیك غازی نیگەران بوو لەو هاتنە بەڵام كەتێگەیشت ئەو هێزە بۆ سەر ئەو نیەو بۆ لابردنی یاسین هاشمیە ئیتر ئەویش ڕازی بوو لەوكاتەدا فڕۆكەكان بۆمبیان هەڵدایە خوارەوە ئەمەش بووە هۆی كوشتنی كەسێك و برینداربوونی شەش كەسی تر بەناچاری و لەژێر گوشاردا هاشمی دەستی لەكار كێشایەوەو حیكمەت سلێمان  چووە جێگاكەی و بووبە سەرۆك وەزیران پاشان نوری سەعید و یاسین هاشمی و ڕەشید عالی گەیلانی چونە دەرەوەی عێراق و نوری سەعید بۆ میسرو هاشمی و گەیلانیش چوون بۆ بەیروت لەساڵی ١٩٣٧دا هاشمی بەنۆبەی دڵ كۆچی دوایی كرد و نوری سەعید و گەیلانی گەڕانەوە بۆ عێراق، ململانێ لە ناو دەسەڵاتی عێراق دا بەردەوام بوو بەكر سدقیش دەیویست كە كارێكی وا بكات دڵی عەشایەرەكانی ناوەڕاست ئاشت بكاتەوە كە پێشتر ئاماژەمان بۆ كرد بۆیە دانانی ماجید مستەفای كورد بە پارێزگاری دیوانییە لەو مەبەستەوە سەرچاوەی گرتبوو كە كاری ماجید تەنها دڵنەوایكردنی عەشایەرەكان بوو بەڵام ئەفسەرە عەرەبە نەتەوە پەرستەكان لە بۆسەدا بوون بۆیان جگە لەوەش بەكر سدقی لە هەوڵی بەدەستهێنانی دەستكەوتی تایبەتی خۆیدا بوو ، كە سێ بەرنامەی هەبوو لەبیری خۆیدا، كە بریتین لەم خاڵانە

١-گۆڕینی سیستەمی پاشایەتی بۆ كۆماری .

٢-دروستكردنی دەوڵەتی كوردی بە بەشداری هەرچوار پارچەی كوردستان .

٣-چاكسازی ڕیشەیی بەو جۆرەی كە خۆی دەیویست هەندێك لە دەسەڵاتی مەلیك غازی وئینگلیزەكان كەم بكاتەوە. ئەو سێ خاڵە بەو شێوەیە بووە كە ئەگەر هەوڵی یەكەم سەری نەگرت ئەوا هەوڵی دووەم پاشان

سێهەم بەم جۆرە بیری دەکردەوە لەگەڵ ئەوەشدا ئینگلیزەکان دەیانویست هەیمەنەی خۆیان بسەپێنن .

بۆ نموونە لە ناو سوپای عێراقدا ٤٤ ڕاوێژکاری ئینگلیز لە وەزارەتی بەرگری عێراقدا بوون کە دەبوایە بۆ هەموو کارێك پرسیان پێبکرێت کە ئەمەش ئەفسەرانی بالأیان بێزارکردبوو . لەو کاتەی کە سدقی دەیەوێت سەفەر بکات بۆ تورکیاکەپیلانێکی نهێنیبوو بۆ نزیکبوونەوەلەبەرەی میحوەر لە ڕۆژی ١٩٣٧/٨/١١ لە فڕۆکەخانە لە باخچەی کافتریاکەدا دادەنیشێت لەگەڵ عەقید محەمەد عەلی جەواد فەرماندەی هێزی ئاسمانی .لەو کاتەدا موقدم (موسى علي الطيار) دەڵێت چاوم لێ بووکە دانیشتبوو لەکات ژمێر ٤,٤٥ دەقیقەی پاش نیوەڕۆ سەربازێك هاتوو لێی نزیك بووە وەو تەقەی لێکرد لەوکاتەدا (محەمەد عەلی جەواد)هەستا ڕوەو بکوژەکە هاواری کرد بەسەری دا سەربازەکەگەڕایەوەو ئەویشی کوشت. پاشان دەرکەوت سەربازەکە خەڵکی تەلەعفەر بوو بە ناوی (نائب عريف محەمەد عەبدوڵلا)ی تورکومان بوو، بەمەش کۆتایی هات بە ویستگەی ژیانی یەکێك لەگەورەپیاوانی کورد کە ئاوات و خۆزگەکانی لە دروست بوونی دەوڵەتی کوردیداو بەنەهێشتنی دەسەڵاتی ئینگلیزلەعێراقدا دەبینیەوە .

## (چالاکی ڕۆشنبیری کوردی)

لەسالأنی پێش بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانی دا بەتایبەتی لەساڵی ١٩٣٨وە هەرایەکی زۆر لەسەرتاسەری کوردستاندا بلأوبوە ، خەڵکی دەیانویست دەنگ و باسی بارودۆخی شڵەژاوی دنیا بزانن لەلایەکی تریشەوە چاپەمەنی یە کوردی یەکانی عێراق پەرەیان سەند ،لەسلێمانی (ژین) و لەبەغدا (گەلاوێژ)و (دیاریی لاوان)و لەڕواندز (زاری

کرمانجی)دەردەچوون بێجگە لەوەش باڵوێزخانەی بەریتانیا لەبەغدا بۆ پڕوپاگەندە کردن بۆ جەنگ چەند بڵاوکراوەو ناميلكەيەكيان بەكوردی دەركرد ، هەرئەوەش بۆخۆی بەلگەیە کە باڵوێزخانەی بەریتانیا (دەنگی گێتی تازەی)دەرکرد کە بۆ بڵاوکردنەوەی هەندێ گوتاری کۆمەڵایەتی و وێژەیی و مێژوویی کەڵکی لێ وەردەگیرا، هەر لەو ماوەیەشدا گروپە سیاسیی یەکانی کوردستان ئەوەندەی تر کەوتنە گەڕ ، بێجگە لە گروپە کۆنەکان، چەند گروپێکی تازەش هاتنە گۆڕێ و لەژێر ئاڵاکەیاندا بەشی هەرە زۆری لاوان‌و پێشکەوتوخوازەکانیان کۆکردەوە. بەشێکی سەرانی جوڵانەوەی نیشتیمانی ی کوردستانیش بوونە نوێنەرانی جوتیاران‌و کرێکاران .(٦٧)لەماوەی ساڵانی سییەکاندا چەند ڕێکخراوێکی سیاسیش سەریان هەڵدا هەرچەندە شێخ لەتیفی حەفید لەیاداشتەکانی دا باسی دوو پارتی سیاسی کوردی بەناوی پارتی ئیسلامی کوردی‌و پارتی نەتەوەیی کوردی کردووە. بەڵام جگە لەشێخ لەتیف هیچ سەرچاوەیەکی تر بوونی ئەو دوو پارتەی پشت ڕاست نەکردۆتەوە . بەڵام لەساڵی ١٩٣٧دا دوو ڕێکخراوی نیشتیمان پەروەران هەبوون .

## _کۆمەڵەی برایەتی _

ئەم کۆمەڵەیە دامەزرێنەرەکەی: شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموود بووە و لەسەر هەمان شێوازی کۆمەڵەو یانە کوردی یەکانی ئەستەمبوڵ دامەزرا بەتایبەتی لەڕووی وەرگرتنی ئەندامانی بورژوای بەتەمەن‌و خانەدانە وە وەك محەمەد سدیق شاوەیس و ئیسماعیل حەقی شاوەیس و مەلا ئەسعەدی مەحوی، زۆر جاریش لەکۆبوونەوە نهێنی یەکاندا مەلا مستەفا بارزانی کە ئەو کاتەی دورخرابوەوە بۆ سلێمانی و دەستبە سەر بوو بەشداری کردووە(٦٨).

## _كۆمەڵەی داركەر _

ئەم ڕێكخراوە لەلایەن كۆمەڵێك كەسی ناسراوی شۆڕشگێڕی كوردەوە دامەزرا كەخۆیان بەهاو خەباتی كرێكارو زەحمەتكێش دەزانی .دامەزرێنەرانی ئەم ڕێكخراوە بریتی بوون لەنوری شاوەیس و یونس ڕەوف ی شاعیر (دلّدار)خاوەنی سرودی نەتەوەیی(ئەی ڕەقیب)و عەبدوللّا تۆفیق جەوهەر. ڕێكخراوی (داركەر) تەنها ئەو گەنج و لاوانەی وەردەگرت كە خوێنەواربوون و خاوەنی ئەزموونی سیاسیو ڕۆشنبیری بوون وەك ڕۆستەم جەباری كەلەهەولێر دادەنیشت و مستەفا عوزێری كە فەرمانبەری دەوڵەتو خەڵكی هەولێر بوو پاشان بووبە قازیو پارێزگار.ئەم ڕێكخراوە ڕێكخراوێكی چەپ بوو.پەیڕەوو پڕۆگرامی لەسەر بیروباوەڕێكی دیاریكراوی چەپی بناغەی بۆ دانرابوو.پاشان ئەم ڕێكخراوە كۆمەڵێ چالاكی ئەنجامداو خەڵك بەچاوی ئومێدەوە لێیان دەڕوانیو لەدوایدا پەرەی سەندو لەبازنەی سلێمانی دا فراوان بوو. لەساڵی ١٩٤٠ بە دواوە شانەی ڕێكخستنەكانی لەهەولێرو خانەقین و بەغداو موسڵ دامەزراند، لە دواییشدا ڕەفیق حیلمی پەیوەندی كرد بەڕێكخراوی داركەرەوە(٦٩).

## _ حزبی هیوا _

دوای ئەوەی خەڵكی كوردستان بەهۆی بوونی ئەو چەند ڕێكخراوەوە تا ئاستێكی چاك هۆشیاری نەتەوەیی پەرەی سەند . خەڵكی كوردستانیش لەچاوەڕوانی كاری گەورەتردا بوون .ئەم ئاواتو ئامانجانە هاندەرێكی باش بوون بۆ كۆكردنەوەی ئەو ڕێكخراوانە لەیەك ڕێكخراودا ئەویش كۆمەڵەی(هیوا) بوو ئەم ڕێكخراوە توانی گشت

کەسایەتی یە نەتەوەیی یەکانو چینی ڕۆشنبیرانو خوێندکارانو کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوكو هێڵی شەمەندەفەر و بەشێکی زۆری جوتیاران و ئەو ئەفسەرە کوردانەش بگرێتەوە کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو هەندێکیان لەسوپای عێراقو هەندێکیان بەهۆی سیاسی بوونیانەوە لەکار دوورخرابونەوە.بارەگای سەرەکی ئەم ڕێکخراوە لەشاری بەغدا بوو لەشارەکانی سلێمانیو کەرکوكو هەولێریش لقیان کردەوە. ئەندامانی هیوا زۆربەی بیروبۆچوونە جیاوازەکانیان لەخۆگرتبوو تەنانەت باڵێکی چەپی تێدا بووە و گۆڤارێکیان بەناوی (ئازادی) هەبووە. ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش چالاکی یەکانی، لەنێو کۆمەڵگای کوردستاندا لەزیادبووندا بوو. دامەزراندنی ئەم پارتە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٩کەلەلایەن ئەفسەرە پێشکەوتوخوازەکانی کوردەوە بناغەی بۆ دانراوە. یەکێك لەچالاکیەکانیان هاوکاری کردنی بارزانی بووە. ئەوەبوو لە١٢تەموزی ١٩٤٣ توانیان بارزانی لەدەست بەسەری لەشاری سلێمانی ڕزگاربکەن و ببنە ڕێ نیشاندەری تاوەکو گەیشتەوە ناوچەی بارزان. دوای گەڕانەوە بۆ ناوچەی بارزان بۆ جارێکی تر لەسەر دەستی ناوبراودا جاڕی شۆڕش دژ بەداگیرکەران درا،هەرلەم بۆنەیەدا مام جەلال تاڵەبانی لەکتێبەکەیدا دەنووسێ لە١٦-ئابی ١٩٤٢دا کوردە نیشتیمان پەروەرەکان بەئامادەبوونی رائید میرحاج ئەحمەد ئەندامی حزبی هیوای کوردستانی عێراق کۆبوونەوەیەکیان لەباخچەی حاجی داود لەکەناری شاری مەهاباد بەستو لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانیان دامەزراند کە بە(ژ.ك)ناسرابوو، ڕێکەوتن لەسەر پەیڕەوێك بۆ کۆمەڵەکەو سیاسەتی کارکردنیو سوود وەرگرتن لەئەزموونەکانی حزبی هیوا هەروەها بەیاننامەیەکیان پێشکەش کرد(٧٠). پاشان (ژ.ك)لقێکی لەکوردستانی عێراق کردەوە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سەرۆکایەتی دەکرد،جگە لە ڕێخراوی هیوا چەندین ڕێکخراوی تری نەتەوەیی پێشکەوتوخوازیش لەو کاتەدا لەکوردستان کاریان دەکرد وەك (ڕزگاری)و(شۆڕش)و(یەکێتی و تێکۆشان). بارزانی

داوای لەهەموو هێزە دیموکراتخوازەکانی کوردستان کرد تا پشتگیری لەشۆڕشەکەی بکەن ئەوە بوو حزبی هیوا پاڵپشتی تەواوی خۆی بۆ مەلا مستەفا بارزانی ڕاگەیاند(٧١).

## ( ڕەمزی نافیع ئەندامی حزبی هیوا و کردەوەی مامۆت لەهاوینی ١٩٤٣)

پێش ئەوەی بچینە سەر باسی کردەوەی (مامۆت) ئەبێت بگەڕێینەوە بۆ چۆنێتی سەرهەڵدانی ئەو بیرۆکەیەو ئامانج لەو کارە و بکەرانی ئەو کارە گرنگە کێ بوون ؟. ئەوەی زیاتر مەبەستە لێرەدا ناوی بهێنین کەسایەتییەکی کوردیەو ئەندامێکی چالاکی حزبی هیوایە ،کە ڕەنگە تا ئێشتاش ئەو ناوە نامۆبێت بەلای خەڵکی کوردستانە وە ئەویش (ڕەمزی نافیع)ە ئەم کەسایەتیە لاوێکی خوێن گەرمی شاری هەولێرە و لە بنەماڵەیەکی ناسراو و نیشتیمان پەروەر و دڵسۆز بە ڕێبازی کوردایەتی بووە ڕەمزی نافیع ناسراوبە(ئەڵمان . کوردی)[١٣] لە ناوەڕاستی جەنگی دووەمی جیهانیدا ئەو کاتەی لە شاری ئەستەمبوڵ دەیخوێند بەهۆی بیروباوەڕی پتەوی کوردایەتی و دەست ڕۆیشتوی بنەماڵەکەیان لە کوردستان، دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیا پەیوەندی لەگەڵ دەبەستن ، بەڵێنی پێدەدەن ،کە ئەگەر ئەڵمانیا بێتە عێراق و ناوچەکە و نەوتی کەرکوکیان بکەوێتە بندەست ئەوا دەوڵەتێك بۆ کورد دادەمەزرێنن ، هەر ئەو ئاواتەش بووە کە ڕەمزی نافیع

---

[١٣] . ڕەمزی نافیع لە ساڵی ١٩١٧ لە شاری هەولێر لە دایك بووە خوێندنی سەرەتایی لە هەولێر وناوەندی لە کەرکوك و ئامادەییشی لە بەغدا دەبێت و لە ساڵی ١٩٣٩ دا دەچێتە بەیروت لەزانکۆی ئەمەریکی دەخوێنێت لە ساڵی ١٩٤٢ دا دەچێتە ئەستەمبوڵ بۆ خوێندن و لە کۆلیژی (ڕۆبەرت کۆلیژ) دەبێتە خوێندکار لەوێوە پەیوەندی دەکات بە ئەڵمانەکانەوە بە مەبەستی بەدەست هێنانی هاوکاری ئەڵمانەکان لە دروست کردنی دەوڵەتی کوردیدا لەو پێناوەشدا ئامادەی هەموو قوربانیدانێك بووە. لە کتێبی( ڕەمزی نافیع ڕۆڵەیەکی هەولێری فیداکاری سەربەخۆیی کوردستان) .ئامادەکردنی محەمەد گۆران. نەریمان خۆشناووەرگێراوە.

له ئەڵمانیا نەخشەی کوردستانی بە دەستی خۆی و هـاوڕێ ئەڵمانیـەکانی دەنەخشـێنێ.
لەو کاتـەدا ئەڵمانـەکان لـە ئێـران دا کۆمـەڵێك خانـەی نوسـتوویان چـاندبوو . ئەوانـەش (خۆیان بەلایەنگری ئەڵمان )دەزانی بـەو مەبەسـتەی کـە تورکیـای هاوپـەیمانی هاوکـاری بکات تا زیاتر لە ڕوسیا نزیك بنەوە بـۆ لێـدانی ئەمـەش بیرۆکـەی ئەڵمانـەکان بـوو، بۆیـە بەڵێنیا ندابوو بە ڕەمزی نافیع کەسەرکەوتن دەوڵـەتی کـوردی دروسـت بکـەن و ڕەمـزی نافیع بکەن بە سەرۆکی کوردستان. لەم پێنـاوەدا تیمێکـی چـوار کەسـی کـە سـیانیان ئەڵمانی و ڕەمزی نافیـع بوون بە نیازی هاتنیان بۆ کوردستان بە پـەڕەشووت لە ئاسمـانی شاری موسڵ دا خۆیان فڕێ دایە خوارە وە و پاشان شوێنەکەیان لێ وون دەبێت .[14] تا دواجار لە نزیك هەولێر لە گوندێك دەگیرێن ، هەرچەندە ڕەمزی نەگیراوە لە دواییدا خـۆی ڕادەست دەکات . ئەو کردەوەیە بە (مامۆت) ناسراوە . ڕەمـزی نـافیع زۆر لـە نووسـەرە گەورەکانی کورد هێمای پاڵـەوانێتی بـۆ دەکـەن لەوانـە : مامۆسـتا (مەسـعود محەمـەد و محەمەد گۆران و مارف خەزنەدار و حەسەن جاف و حەمەی مەلا کەریم) . ڕەمـزی نـافیع ئەندامێکی چالاکی حزبی هیوا بووە و لەگەڵ عیزەدین فەیزی کە لێپرسراوی لقی هـەولێر بووە.

## حزبی شیوعی لە کوردستان (شۆڕش)

ئەم پارتە ئەتوانین بڵێین لقێك بوو لە حزبی شیوعی عێراق لە لایەن ڕۆشنبیران و سیاسی یە چەپ ڕەوەکانەوە لە ساڵی ١٩٤٥[15] دا پێکهێنرا یەکگرتنی گەلی کورد و هەوڵدان بۆ بە

[14] . چوار پەڕەشووتەوانەکە بریتیبوون لە (میولەر)وەکو سەرۆکی تیمەکە و (هۆڤمان)و (کۆنێچین)و چوارەمیش (ڕەمزی نافیع )بووە هەمان سەرچاوەی پێشوو.
[15] . القضية الكردية فى سياسة الحكومات العراقية ١٩٣٢_١٩٤٥ د.عمر محمد كريم، ص٢٤٣

دەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لە باشوری کوردستاندا لە ئامانجەکانی ئەم حزبە بوو، ئەمانە لە هەولدابوون بۆ ناساندنی کورد بە جیهانی دەرەوە و پەیوەندیەکانیان لەگەڵ تێکڕای پارتەکوردیەکان بە پێویست دەزانی بەتایبەتی لەگەڵ حزبی شیوعی عێراق و تێکۆشان بۆ دژایەتی کردنی ئیمپریالیزم و نۆکەرانی لە پێناوی سەربەخۆیی عێراق و چاکسازی لە بوارەکانی کۆمەلآیەتی و ئابووری و کەلەپوری و ڕۆشنبیری سیاسی لەکوردستاندا ئەتوانین بلێین زۆر بەی کادیرانی ئەم پارتە خەڵکی هەولێر بوون[16] جگە لە (نوری محەمەد ئەمین ،محەڕەم محەمەد ئەمین ،نوری شاوەیس ،نوری ئەحمەدی تەها ) ڕۆژنامەیەکیشیان دەرئەکرد بەناوی (شۆڕش )کەزمان حاڵی ئەم پارتەبوو لە سلێمانی[17]

## _ دامەزراندنی لقی سلێمانی ڕێکخراوی ژ.ك_

سەبارەت بەدامەزراندنی لقی سلێمانی ئەم ڕێکخراوە کە لە ڕۆژهەلآتی کوردستانەوە نامەیان ناردبوو داوای پەیوەندیان لێکردبوون ،کە ببنە ئەندام لەم ڕێکخراوەدا ئەوانەش هەریەك لە ئیسماعیل حەقی شاوەیس و عوسمان دانش نامەکەی ژ.ك دەدەن بە ئیبراهیم ئەحمەد و تێیدا داوای بوون بە ئەندام و دامەزراندنی لقەکەیان لێکردووە ئەمانیش بەمەبەستی ڕێکخستنی کار و ئەرکەکان بڕیاریاندا کۆبونەوەیەك لەم بارەیەوە ئەنجام بدەن ئەوەبوو (١٥)کەس لەماڵی ئیسماعیل حەقی شاوەیس کۆبوونەوە ، کە بریتی بوون لە سەدیق شاوەیس ، عوسمان دانش ،محەمەد عەلی مەدهۆش ،فایەق بێکەس ،بەهێ مەعروف عەزیزی میرزا ساڵح گورون لەو کۆبونەوەیەدا هەریەك لە فایەق بێکەس و حەمە

[16] . دراسة التاريخية فی دورها الفكری السياسی ١٩٣٩_١٩٥٨،د.اسماعيل شكر رسول ،ص ١٥٦_١٥٨

[17] . عزيز حسن البارزانی م.س،ص ٩٧عبدالرزاق الحسنی

عەلی مەدهۆش ئیسماعیل حەقی شاوەیس و سەدیق شاوەیس و ناهیدەی شێخ سەلام بۆ ئەندامی لقەکە و بەڕێوە بردنی کاروبارەکانی و سەرپەرشتی کردنی چالاکیەکانی دانران و ئیبراهیم ئەحمەدیش وەك بەرپرسی لقەکە هەڵبژێردرا .

هەروەها کۆمەڵێك ئافرەت لەلقی سلێمانیدا بوونە ئەندام لەوانە زەکییە بابان ،لوتفیە مەلا سەدیق ،فەخریە خان ،حەلاوەخانی کچی شێخ مەحمود ،شەفیقە سەعید ،شەفیقەی ژنی جەمال خەفاف ،فاتمەی محەی سالە سوور ، هاوکات لەگەڵ ئەم ڕێکخراوەدا ،چەندرێکخراوێکی تری بچوکیش لە سلێمانیداکاریان دەکرد لەوکاتەدا وەك .

١.کۆمەڵەی ڕێی ڕاست : لەساڵی ١٩٤٥ دروستکراوە دوای حزبی هیوا.

٢. کۆمەڵەی هاوار: ڕێکخراوێکی نهێنی چەپ بووە ساڵی ١٩٤٥ دامەزراوە .

٣.کۆمەڵەی زەردەواڵە : ساڵی ١٩٤٥ تۆفیق قەزاز دایمەزراندووە ، دژایەتی ئەوکەسانەی کردووە کە بوونەتە پیاوی میری .

## _ حزبی ڕزگاری _

لەکۆتایی ساڵی ١٩٤٢ دا تا سەرەتای ساڵی ١٩٤٥هەموو لایەنو ڕێکخراوە کوردی یەکان هاوڕا بوون لەسەر کۆکردنەوەی گشت بیروڕا جیاوازەکان و گروپە سیاسی یە پێشکەوتوخوازەکانی کوردستانی عێراق. لەیەك بەرەی نیشتیمانی دا. ئامانجیش لەدروستکردنی ئەو بەرەیە و یەك وتاری کورد و خەباتکردن دژی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستیو دەرەبەگایەتی بوو، بۆ بە دەستهێنانی مافی چارەی خۆنوسینو ڕزگارکردنی کوردستانو یەکخستنی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی عێراقدا، کە نوێنەرایەتی ئەو گروپو هێزە نیشتیمانیانەیان دەکرد.

حزبی شۆڕش‌و گروپە چەپەکانی تـرو لایەنـە پێشـکەوتوخوازەکانی حزبـی هەڵوەشـاوەی هیواش ئەرکی دامەزراندنی بەرەیان گرتە ئەستۆ . بە دەستپێشخەری ئەم لایەنانە .حزبی بـەرەی نیشـتیمانی یـەکگرتووی کـوردی عێـراق بـەناوی حزبـی ڕزگـاری کـوردی عێـراق دادەمەزرا و سەرکردایەتی ئەم حزبە کۆمیتەیەکی حەوت کەسی بـوون ، کـە نوێنەرایـەتی حزبـی شـۆڕش‌و لایەنـە پێشـکەوتوخوازەکانی تـری تێـدابوو، هـەموو گـروپ‌و حزبـە پێشکەوتوخوازەکانی کوردستانیش بەم بۆنەیەوە ڕاگەیاندراوێکیان بلاْوکـردەوە و داوای یەکگرتن‌و پێکەوەبوونی حزبێکی سیاسی یەکگرتوویان لەکورد کـرد(٧٢). حزبـی ڕزگـاری کورد تا ناوەڕاستی مانگی ئابی ١٩٤٦درێژەی کێشا لەسەرەتای ئابـدا کـۆنگرەی بەسـت‌و بەتێکڕای دەنگ لەکۆنگرەدا بڕیاری خۆهەڵوەشـاندنەوەو پێکـەوەنانی پـارتی دیمـوکراتی کـوردی تێـدا درا.بـوونی (ژ.ك) بـەحزبی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران‌و دامەزرانـدنی ئۆتۆنـۆمی مـەهاباد پاڵپشـتی ئـەم پرسـەبوون ، کەبـە و هۆیـەوە هـەموو حزبـە سیاسـی یەکانی کوردستانی عێراقیش لەکۆنگرەی تایبەت دا خۆیان هەڵوەشـاندەوە تـا بەشـداربن لە دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کورد لەکوردوستانی عێراق) و یەکبگرنەوە لەسەر ئەم بنەمایە . کۆنگرەی حزبی شۆڕش لەسەرەتا ی ئابی ١٩٤٦بڕیاری خۆ هەڵوەشـاندنەوەی دا ئەوانەی دژی ئەم بڕیارە بوون، چوونە ڕیزی پارتی کۆمۆنیستی عێراقەوە(٧٣).

—

## ڕێکخراوی دەستەی کورد_

ڕێکخراوی دەستەی کورد لە عێراق کۆمەڵێ لەڕۆشنبیرانی نیشتیمان پەروەر و فەرمانبەر و کەسایەتی سەربازی لە خۆ گرتبوو، ئەوانە کەلە ئەوروپا خوێندنیان تەواو کردبوو، لەگەڵ ئەو کەسایەتی یە کوردانەی کە خاوەن پلەوپایەی گەورە بوون لە دەزگا کارگێڕی

و سەربازیەکانیشدا لەوانە وەك(محەمەد ئەمین زەکی پاشا و داود پاشا و تۆفیق وەهبی بەگ) هەروەها چەند کەسایەتیەکی خاوەن زانستی ناسراو وچەندین ئەدیبیش هاتنە ناو ریزەکانی ئەم رێکخراوەوە کە رۆڵیان هەبوو لە بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری گەل و ئەو دەرفەتەشیان کردەوە لەبەردەم خەڵکیدا بۆ ئاگادار بوون و شارەزابوون لە کەلتور و رۆشنبیری وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتی ئەوروپا (٩٠).

## ( شۆڕشی ساڵی ١٩٤٣ی بارزان )

هەر لەو سەروبەندەدا بارودۆخی ناوچەکانی باکووری عێراق واتەکوردوستان لەسەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی یەوە زۆر خراپ بوو. هەروەها پێداویستیە گشتییەکانیش بەئاسانی بەدەست نەدەهاتوو دەوڵەتی عێراقیش تەنها توانیبووی برێك ئازوقە لەناو خەڵك دا دابەش بکات. لەو هەل و مەرجەدا حکومەتی عێراق قەیرانێکی تری هێنایە ئاراوە ئەوەش بەدەستگیرکردنی ژمارەیەك سیاسەتمەدارانی کوردەکان ، بۆیە مەلا مستەفاش لەم کاتەدا ئاڵای شۆڕشی هەڵکردو سەرەتا بەهێرش کردنە سەر بنکەکانی پۆلیس دەستی پێکردو چەکیان لەوێوە دەستکەوت ،دوای ئەوەی چەند سەرکەوتنێکیان بەدەست هێنا لە سەرەتا ی هاوینی ١٩٤٣دا چالاکیەکانیان فراوان کردو دەستیان بەسەر ڕوبەرێکی بەر بڵاوی کوردستانی عێراق دا گرت ، ڕاپەڕینی ١٩٤٣لەکوردستانی عێراق هەمان هۆکارە سەرەکیەکانی پێشووی هێنایەوە ئاراوە ،کەڕوبەڕووی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بووە هۆکار. کوردیش بێزاربوو کەوا مافە ڕەواکانی زەوت دەکرێ بەرپەرچدانەوەی حکومەتی عێراقو بەریتانیەکانیش بەرامبەر بەم ڕاپەڕینە، بریتی بوو لەتۆڵەسەندنەوەو دانانی پیلانی سیاسی. چونکە ئەو جۆرە ڕووداوانەی کوردستانی

عێراق لەسالآنی جەنگی دووەمی جیهانیدا بەلای نەك حكومەتی عێراقی و بەریتانیا بگرە بەلای هاوپەیمانەكانیشەوە جێگای قەبوڵ كردن نەبوو(٧٤). لەوانەبوو ببێتە هۆی ئالۆزبوونی بارودۆخی ئێران كە هێشتا دەزگا سیخوڕیە نازی یەكان لەناونەبرابوون . كە مەترسی بوون بۆ سەر ڕێگای هاتوچۆ كەئێران بەكاری دەهێنا وكەلوپەلی پێویستی دەگواستەوە. ئەم ناكۆكیانە دەیانتوانی ئاستەنگی نوێ بخەنە ناو كێشە سیاسی یەكانەوە كە هێشتا ئەو مەترسییە لەپێش چاوی نەتەوە هاوپەیمانەكانەوە بوو لەناوچەكەدا مەبەست بۆ بەستنەوەی ئێران بوو بەهاوپەیمانەكانەوە بۆ كۆتایی هێنان بەباری ئالۆزی توركیا كەبەردەوام بوو لەسەر سیاسەتی خۆپەرستی. بۆیە سەرەتا بەغدا و لەندەن هەوڵیان دا لەقۆناغی یەكەمدا كەمتر كاری سەربازی گەورە دژی كورد ئەنجام بدەن. لەمانگی ئەیلوولی ١٩٤٣ تاكۆتایی ئەو ساڵە بەبەردەوامی هێزیان بەكارهێنا بەلآم سەركەوتوونەبوون و شۆڕشەكەش ناوچەیەكی فراوانی گرتەوە ، ئیتر حكومەتی نوری سەعید چەند ئەفسەرێكی دیاری كرد بۆ پەیوەندی كردن پێیانەوە لەكۆتایی ١٩٤٣دا پەیوەندییان بەمەلا مستەفاوە كرد.ئەویش مەرجی دانووستانی هەبوو بۆ ئاگر بەست .لەوانە دامەزراندنی ئیدارەیەكی تایبەت بەو شوێنانەی كە كوردی تیادا دەژی ، هەروەها كوردەكان نوێنەریان هەبێت لەحكومەتی عێراقدا و زمانی كوردیش وەكو زمانی فەرمی بەكاربهێنرێ ، چاكسازی ئابووریش لەكوردستاندا ئەنجام بدرێ ئەوە یەكەم نەخشەی ڕاستەوخۆبوو بۆ چارەسەركردنی كێشەی كورد لەعێراقدا دوای ئینتیداب(٧٥). لەكانوونی دووەمی ١٩٤٣گفتوگۆ لەنێوان سەركردەی شۆڕشو وەفدی حكومەتی عێراق ئەنجام درا كە (ماجید مستەفا)ی كورد نوێنەرایەتی حكومەتی عێراقی دەكردو سەرۆكی وەفدەكەش بوو ئەمە بووە هۆی ئەوەی لەدواییدا كرایە وەزیری بێ وەزارەت ئیتر گفتوگۆ پێی نایە قۆناغێكی نوێ و لەسەر چەند خاڵێك ڕێككەوتن وەك :

١–ئازادکردنی  گشت زیندانییه سیاسی یەکان.

٢–  کوردەکان تەواوی  ئـەو چـەکانەی لـە شـەڕەکاندا دەسـتیان کـەوتووە چـەکەکانیان بدەنەوە بەحکومەت  .

٣–دابەشکردنی ئازوقە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لە کوردوستان دا  .

٤–کارمەنـدانی کـورد پێویسـتە جێگـای کارمەنـدانی عـەرەب بگرنـەوە لەناوچـە کـوردی یەکاندا.

٥–خوێندن لە ناوچە کوردیەکاندا دەبێت بـەزمانی خۆیـان بێـت لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبێـت قوتابخانەو نەخۆشخانە بکرێتەوە

جگە لەوەش حکومەتی عێراق کە بۆیەکەمجار بوو گفتوگۆ بکات لەگەڵ کوردەکاندا بەڵام دوای ماوەیەك لە زۆربـەی  بـەڵێنو ڕێکەوتنەکـە پەشـیمان بـۆوە و خـۆی ئامـادەکرد بـۆ پـەلاماردانێکی تـری  کوردەکـان ،کـە حکومـەت ئەوانـەی بـە لەیاسـا دەرچـوو دانـابوو. لەهەمان کاتیشدا مەلا مستەفا هیچ باوەڕێکی بەحکومەتی عێراق نەبوو. لـەمانگی ئـازاری ١٩٤٤ دا (عەبدول ئیلا  )لەپەرلەمانی عێراق ڕازی نەبوو بەدانوستان لەگەڵ مەلا مسـتەفا. ئـــەوەبووجارێکیتر بـــارودۆخی کوردســـتان تووشـــی شـــڵەژان بـــۆوە لـــەپێناوی ڕێگـــری لەئاڵۆزبوونی بارودۆخی ناوچەکە نوری سـەعید لەگـەڵ ماجیـد مسـتەفا لـەئازاری ١٩٤٤دا سەردانی باکووری عێراقیان کردو نوری پاشا وا خۆی نیشان دا کـە دەیـەوێ چارەسـەری گرفتـــەکانی دانووســـتان بکـــات. لەهـــەمان کاتیشـــدا بەغـــدا بڕیـــاری دابـــوو هەڵوێســـت وەربگرێ.لەحوزەیرانی ١٩٤٤دا (حەمدی پاچەچی)بووە سەرۆك وەزیرانو چـەند کـارێکی دژی کورد ئەنجام دا. ئەمەش بووە هۆی دەست لەکارکێشانەوەی ماجید مستەفا.پاشـان ژمارەیـەك لەئەفسـەرە کوردەکـان زینـدانی کـرانو ئـەو نەخۆشـخانەو قوتابخانانـەی کـە دروستکرابوون کردیانن بەسەربازگە(٧٦).

بۆ ئەم مەبەستە حزبی هیوا کە ڕەفیق حلمی سەرۆکی بوو لەبەغدا یاداشتنامەیەکی دایە باڵوێزی ئەمەریکا بەڵام هیچ وەڵامێکی ئەو داوایەی نەدرایەوە،هەرچەندە نەیان دەویست شەڕو ئاڵۆزی یەکان بەردەوام بن بۆیە باڵوێزخانەی بەریتانیا لەبەغدا گۆڤارێکی کوردییان بەناوی (دەنگی گێتی تازە) دەرکرد وەك پێشتر ئاماژە مان پێدا (٧٧). بەڵام کورد لەسەر وبەندی شەڕدا زۆر تێنەدەکۆشا هەلی ڕەخساوی ئەو ڕۆژگارە بقۆزێتەوە ئەمەش وای کرد وەکو پێویست سوودمەند نەبێت بۆیە وەفدێکی کورد دوای چەند ساڵێك یاداشتێکیان دایە(تریفکەلی) سکرتێری گشتی ئەو کاتەی نەتەوەیەکگرتووەکان ،کە تێیدا داوای چارەسەری کێشەی کوردیان کردبوو. ئەو یاداشتەش پشتگوێ خرا(٧٨). لەمانگی شوباتی ١٩٤٥مەلا مستەفا لیژنەی ئازادی دامەزراند کە کۆمەڵێك لەئەفسەرانی کوردی دیاری کرد بوو بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان ئەوانیش برێتی بوون لە مستەفا خۆشناوو ،عیزەت عەبدول عەزیز، محەمەد قودسی، بەکر عەبدولکەریم ،عەبدول حەمید باقر و ئەحمەد ئیسماعیلو حیفزوڵلا ئیسماعیل .ئیتر لەهەموو کوردستان لقی کرایەوە ، هەوڵی یەکخستنی هێزی بەرگری کوردی یان دەدا. ڕێکخراوە سیاسی یەکانی ئەو کاتەش لایەنگریو پشتگیری خۆیان نیشان دا وەك(حزبی هیوا و شۆڕش) هەر لەو کاتەدا وەك چالاکی نواندن کۆمەڵێ لەشیوعی یە کوردەکان لەدەوری ڕۆژنامەی ئازادی کۆبوونەوە بەڵام لەسەرەتای ١٩٤٥دا ڕۆژنامەکە بۆ یەکەمجار لەبارەی کوردەوە دەنگوباسی بڵاوکردەوە کەپڕبوو لەڕۆحی دیموکراسیو پێشکەوتن لەگەڵ داخوازی یە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری یەکاندا. نەك هەر بۆ کورد بەڵکو بۆ هەموو گەلانی عێراق(٧٩). لەهەمان کاتیشدا ڕوخاندنی فاشیزم بووە مایەی چەسپاندنی بزوتنەوەی کوردیو ئەکتیف کردنی لەعێراق دا.ئەم بزوتنەوەیە کەلەکۆتایی جەنگدا لەئەوروپا گەیشتە خاڵێکی هەستیار(٨٠). لەعێراقیش خۆئامادەکردن هەر بەردەوام بوو بۆ لێدانی گورزێکی

کاریگەرو ڕزگاربوونیان لەکێشەی کورد کەسەرچاوەی مەترسی یەکی تەواو بوو بۆ لێدانی بەرژەوەندی بەریتانیاو عێراقو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. بەشێوەیەکی گشتی بەغدا و لەندەن خۆیان ئامادەکرد بۆ لێدانی شۆڕشی کورد کە مستەفا بارزانی سەرکردایەتی دەکرد. لەکاتێکدا بارزانی خوازیاری شەڕکردن نەبوو لەپێناوی بەدەستهێنانی مافی گەلەکەی ئەوە بوو چووە بەغدا لەسەر داوای حکومەتی عێراقی عەلادین سجادی لەمێژووی راپەرینی کورد دا ئەڵێ کاتێك مەلا مستەفا بارزانی چووە بەغدا لە ١٩٤٤/٢/٢٢ لەدوای ئازادکردنی شێخ ئەحمەدی بارزانی بووکە بۆ شاری (حیللە) دوورخرابۆوە، کە هێنرایەوە بۆ بەغدا و (فوئاد عارف )کە ئەفسەرێکی بالآبوو گواسترایەوە بۆ پشدەرو مەجید عەلی بۆ ئامێدیو سەید عەزیزی سەید عەبدولا بۆ مێرگەسوورو برادۆست، ئەمین ڕەواندزیش بۆ بارزان. شێخ ئەحمەد بارزانی لە ١٩٤٤/٢/١٢هاتەوە بۆ بارزان ئەمەش هاندەر بوو بۆ ڕۆشتنی بارزانی بۆ بەغدا کە چووە بەغدا لەئوتێل ( شط العرب ) دابەزی کاتێك بارزانیو هاوەڵەکانی بەشەقامەکانی بەغدا دا ڕۆشتبوون ئیتر ڕۆژنامەکانی ئەو دەمە کەوتنە وتار نووسین کەچۆن دەبێت بارزانی لەگەڵ هاوەڵەکانی بەچەکەوە بسوڕێنەوە. پاشان بارزانی بەچاکی زانی بگەڕێتەوە کوردستان. ماجید مستەفاش کە وەزارەتێکی وەرگرتبوو لەحکومەتی نوری سەعیدو جێگرتنەوەی حەمدی پاچەچی لە٣/حوزەیرانی ١٩٤٤دا ماجیدیش بێ وەزارەت مایەوەو حەمدی پاچەچی لەڕێکەوتنو بەڵێنەکانی دانوستاندن پاشگەزبوەوە. ئەمەش لە ئەنجامی کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانییەوە بوو، تورکیاش تا ئەو کاتە لەگەڵ میحوەر بوو بەلآم دوایی لایدایەوە بەلای ئینگلیزدا. ئیتر ئینگلیز ئیشی بەکەس نەما چونکە ئامانجەکەی هاتە دی کەسالآنێك بوو هەوڵی بۆ ئەدا(٨١) .بارزانی کاتێك ئەندامانی حزبی هیوای بینی کە هێندە گورجو گۆڵ ئیشەکان ڕادەپەڕێنن بۆ ئەمەکۆبونەوەیەکیان ئەنجام

دا له ١٩٤٥/٢/١٢لەو كۆبونەوەيەدا ئەم بڕيارانه درا. هەولّدان بـۆ ڕێكخسـتنى عەشـايەرى كوردستانو وەلانانى ناكۆكى نێوانيانو دامەزراندنى هێزێكى چـەكدار و ئاگاداركردنـەوەى باڵوێزخانەكان لەداواكارى يه سياسى يەكان. تاوەكو بـۆ ڕزگـاركردنى كوردسـتانى عێـراق بێ توندو تيژى كاربكەن و يەكخستنى كۆمەڵـەو ڕێكخـراوه كـوردى يـەكان و هەوڵـدان بـۆ پڕوپاگەندەكردنيش بۆ خۆيان بەردەوام بـن هـەر لـەم سەروبەندەشـدا حكومـەتى عێـراق جارێكيتر خۆى ئامادەكردبوو بۆ هێرش كردن لەمانگى مارتى ١٩٤٥حزبـى هيـوا ئاگـادارى بارزانى كردەوه كه فـەوجى ٤ى سـوپاى عێـراق لـە(باڤيسـتيان)ەو لـه ڕۆژانـى داهـاتوودا نيازيان وايه پـەلامارى كـورد بـدەن ئـيتر بـارزانى بـەرەكانى بـەرگريكردنى ديـارى كـردو ئامادەباشــى كــرد. بــەم شــێوەيه بــەرەى ڕۆژهــەلات(شــێتنەو مێرگەســوور و ناوچــەى برادۆست)ى لەژێر فەرماندەى مستەفا خۆشناو داو بەرەى ڕۆژئـاواش(ئامێـدى ، ناوچـەى ڕێكان)لـەژێر فەرمانـدەيى عيـزەت عەبـدول عـەزيزو عەبـدول حەميـد بـاقردا بـوو بـەرەى باشوريش (ناوچەى ئاكرێ)ى لـەژێر فەرمانـدەى شـێخ سـلێماندا بـوو فەرمانـدەى گشـتى بەرەكانيش مەلا مستەفابوو. پاشان بارزانى نامەيەكى بۆ حكومەتى عێراق نووسى تيايدا دەلێ (ئێوه بەناوى مەشقەوه دەتانەوێ پەلامارمان بدەن. ئێمـه ئاگـادارين ئۆبـاڵى ئـەو خوێن ڕشتنه لەئەستۆى ئێوەيه ئەگەر ڕووبدات )بەلام ڕۆژى دواتـر وەلاميـان وەرگرتـەوه كه ئەوانه هيچ نيازێكيان نييه ئينگليزەكان له ٢٥/مارت دا كاپتن(سـتۆكس) بـۆ لاى مـەلا مستەفا دەنێرن بۆ (هاوديان)بۆ چاوپێكەوتنو گفتوگۆ بـەوەى گوايـه سـوپاى عێـراق لـه هيچ جۆره مەشقێك شارەزاييان نيه ئينگليز لەم ناوچەيەدا فێريـان دەكـەن لـەڕۆژى ١٧ى حوزەيرانى ١٩٤٥دا پارێزگارى هەولێر (سەعيد قـەزان)هـەواڵى بـۆ بـارزانى نـەمر نـارد كـه لەگەڵ كاپتن (جاكسن)ى ياريدەدەرى ڕاوێژكارى سياسى كەركوك ئەيانەوێ لەمێرگەسوور چاويان پێ ىبكەوێ و پێكەوه هەندێك ڕاوێژ بكەن بۆ ئـەو مەبەسـته لـە٢٠/حـوزەيران دا

هەموویان لەمێرگەسوور کۆبوونەوە بۆ وتوێژو باسی کێشەکانی باکوورو ئەو ئاستەنگانەی دروست دەکرێن لـەڕێی ئاشـتی دا. بـەڵام بۆچـوونەکانی سـەعیدقەزازو مـەلا مسـتەفا زۆر لەیـەك دوور بـوون هەرچـەندە سـەعید قـەزاز وەکـو نوێنـەری حکومـەتی عێـراق ئـەو چـاوپێکەوتنەی ئەنجامـدابوو لەگـەڵ ئەوەشـدا سـەعیدقەزاز کـوردێکی خـراپ نەبووچونکەمێژووی سەردەم بە باشی باسی دەکات . لەم کۆبوونەوەیەدا نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك(٨٢) . لە ١٩٤٥/٥/٥سەعید قەزاز نامەیەك بۆ بارزانی دەنێرێ و تیایدا دەنوسێ کە پێویستە لەئێستاوە تا سێ ڕۆژی تـر خـۆتو هـەموو سـەرۆك عەشـیرەتەکانی بـارزان خۆیان بدەن بەدەستەوە ئەگەر نا ئۆبـاڵی ئـەو خـوێن ڕشـتنە دەکەوێتـە ئەسـتۆی ئێـوە .هەمان ڕۆژ نامەیـەکی(کۆلۆنێـل میـد)ی یاریـدەدەری ڕاوێـژکاری سیاسـی( موسـڵ )یـش دەگاتە دەستی بارزانی دەڵێت ئەگەر گوێ لەحکومەتی عێراق نەگریت لەهەموو چاودێری یەکی ئێمە بێ بەش دەکرێیت .پاشان نامەیەکی شێخ ئەحمـەد بـارزانی دەگاتـە دەسـتی مەلا مستەفاو نوسیویەتی: شەڕ لەنێوان سوپای بارزانو حکومەتی عێراق دا دەسـتی پـێ کـردووەو بـارزانی یـەکان گـەلێك بنکـەی پۆلیسـیان گرتـووەو مێرگەسـووریش گیراوەو(ئاڵوبەگ)ی خاڵمان کوژراوە.کەواتە زوو بگەڕێرەوە، لـەو ماوەیـەدا بـارزانی چـوو بـۆوە گونـدی (مرەبـا)کەهەنـدێك دوورە لەبارزانـەوە ئـیتر بەبیسـتنی ئـەم هەواڵانـە مـەلا مسـتەفا کەوتـە ڕێو لـە ١٩ی مـانگ گەیشـتەوە بـارزان دوای ئـەوەی بـارزانی هێزەکـانی ئامادەکردو چەند نامەیەکی بۆ سەرۆك وەزیرانو بـاڵوێزی چـین و فەڕەنسـاو ئەمـەریکا و ئینگلیزو سۆڤیەت. نووسی لەنامەکەیدا هـاتووە( ئێمـە کـە شۆڕشـەکەی دوو سـاڵ پـێش ئێسـتامان وەسـتان لەبەرئـەوەی پیشـانی هـەموو دنیـای بـدەین کـە ئێمـە نامانـەوێ ڕووبەڕووی حکومەت بووەستین نوری سەعید بەڵێنی زۆری پێداین و پاشان هیچی نـەکرد کـە حەمـدی پاچەچـی بـووە سـەرۆك وەزیـران ئـەویش پەشـیمان بـۆوە بەپێچـەوانەی

ڕێکەوتنەکەوە هەموو ناوچەکەی کردووە بەسەربازگەو بنکەی پۆلیس بەناوی مناوەرەوە هێزی زۆری بڵاوکردەوە لەناوچەکەدا ئەمەش بۆ بەئەنجام گەیاندنی شەڕەو هیچی تر).
لەناوەڕاستی تەمووزی ١٩٤٥دا سوپا لەباکوری عێراق کۆکرایەوەو ژمارەیان دەگەیشتە ٣٠هەزار سەرباز بێجگە لەپۆلیس کەژمارەیان ١٢هەزار بوون.لەژێر فەرماندەیی جەنەراڵی ئینگلیز (ڕینتۆن)دا بەرامبەر بەو ژمارە زۆرە تەنها ٤هەزار تا٥ هەزار چەکداری کورد ڕاوەستابوون و بەرگری یان دەکرد،بەڵام جەماوەری کوردلەمەدا پشتگیرییان دەکردن ،لە٧ی ئاب دا هێزە حکومیەکە دەستی بەهێرش کردن کرد. لەپێشدا کوردەکان بەرگریەکی ئازایانەو سەرکەوتوویان کرد دەستیان کرد بە دژە هێرش بەرەو موسڵ و هەولێرو کەرکوك ،هەڕەشەیان بۆ چاڵەنەوتەکان دروست کرد. ئەم مەترسی یە وای لە لەندەنو بەغدا کرد هەرچی هێزیان هەیە کۆی بکەنەوە، هێزی ئاسمانییان بەکارهێنا ودەستیان کرد بە بۆردومانی دانیشتوانی گوندەکان، کورد ئەو چەکەی نەبوو دژی هێزە ئاسمانییەکان بەکاریان بهێنێ،بۆیە دانیشتوان زیانێکی زۆریان بەرکەوت ، لەکۆتایی ئەیلولی ١٩٤٥داهێزەکانی حکومەت شۆڕشگێڕانی کوردیان ناچار کرد بەرگری یان پێ نەکرێ ئیتر بارزانی لەگەڵ ١٠هەزار کەس لەژنو منداڵ وئەو چەکدارانەی کە لەگەڵیابوون بەرەو ئێران ڕۆیشتنو بەڕێزەوە پێشوازی کران(٨٣). هەرچەندە چوونەکەیان هیوا بەخش بوو بۆ کوردانی ڕۆژهەڵات چونکە لەو کاتەدا کوردەکان لەهەوڵی دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستاندا بوون لەشاری مەهاباد. لەعێراقدا بزوتنەوەی کوردی تووشی شکستی هاتبوو لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی دا و دوژمنانیش بەتوندی تۆڵەیان لەتێکۆشەرانی کورد دەکردەوە ،کە بۆئازادی تێدەکۆشان هۆکاری سەرنەکەوتنەکەش ئاشکرایە لەوانە هێزی سەربازی دوژمن لەگەڵ هێزی کورددا بەراورد نەدەکرا،جگە لەوەش یەکنەبوونی بزوتنەوەی کوردی عێراق، بووە هۆی ئەوەی کە

حکومەت تـوانی هەنـدێ لـەهۆزە کوردەکـان بکـڕێ و وەکـو جـاش بـەکاریان بهێنـێ دژی شۆڕش . هەروەها نەبوونی پەیوەندی لەنێوان کوردی عێراقو پارچـەکانی تـر.کـە هۆکـار بـوو بـۆ سـەرنەکەوتنیان چـونکە ڕاپەڕینەکـەی بـارزانی لەسـەردەمێکدا ڕوویـدا کـەبیری دیموکراتیو شۆڕشگێڕی بلاو بوو بۆوە لە نـاو کۆمەڵگـەی کـوردی دا(٨٤). دواتـر سـەرۆك وەزیرانی عێراق (تۆفیق سویدی)بۆ کەمکردنەوەی پایەو پێگـەی بزوتنـەوەی کـورد لـەناو کۆبونەوەیـەکی گـەورەی عـەرەبی دا لـە١٩٤٦/٣/٢٥دا بزوتنەوەکـەی بەجولانەوەیـەکی تاکەکەسی لەقەڵەم دا گوایە تەنها لەبەرژەوەنـدی مسـتەفا بـارزانی بـووەو سـەرکردایەتی بزوتنەوەیەکی عەشایەری کردووە نەك نەتەوەیی تایبەت بە کورد(٨٥). دواجـاریش وتـی لەعێراق دا هیچ بزوتنەوەیەکی کـوردی بـوونی نییـە .لـەم ڕوانگەیـەوە سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق دەیویسـت ڕاسـتی یـەکان ئـاوەژوو بکـات و ڕاپـەڕین و بزوتنـەوە کـانی کـورد خەفەبکات ئەمەش بێ ئاگایی ئەوان بـوو، چـونکە بـارزانی پێشـتر زۆر لەباڵوێزخانـەکانی ئاگادار کردبۆوە گشت داواکـاری یـە سیاسـی یـەکانی بـۆ روون کردبونـەوە و هەنـدێکیان بەنامەو هەندێکیان لەڕێی دۆستانی کـوردەوە تـەواو لەکێشـەکانی کـورد ئاگـاداربوون لـە دەرئەنجامی ئەو شەڕانە کە زۆرترین زیـان بـەر گوندنشـینەکان دەکـەوت چـونکە هێـزی هەوایی بەریتانیا زۆر بـێ بەزەییانـە (٥)گونـدیان لەگـەڵ زەویـدا تـەخت کـرد لەناوچـەی بارزانیش زیاتر لە (٥١)گوند وێران کران هەرچەندە لەشەڕی (مەیدان مۆریك)دا هێزەکـانی کورد بەسەرۆکایەتی مەلا مسـتەفا زیـانێکی زۆریـان بـەدوژمن گەیانـد بـەڵام بـەرگری بـێ سوود بوو. دوای ئەوەی مەلا مستەفا ڕووی کردە ئێران لەتەموزی ١٩٤٧دا لێپرسراوانی عێراقی چەندین کەسیان لەلایـەنگران و هـاوڕێ دێرینـەکانی بـارزانی یـان گـرتو پاشـان لەسـێدارەیاندان. هەرچـەندە چـەند هێزێکـی کـەم لەناوچـەکەدا بەسـەرکردایەتی (شـێخ محەمەد خالید) مابوونەوە و ماوەیەکیش درێـژەیان بەشـەڕدا (٨٦). ڕۆشـتنی بـارزانی بـۆ

ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان و هاوکـاری کردنـی لـە دامەزرانـدنی ئـەو کۆمـارەدا. کـە خـەریکی دروست کردنی بوون ئەم چوونە بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە پێشـتر قسـەو باسـی لەسـەر کراوە، واتە لەو کاتەی کە شۆڕشی بارزان لە ساڵانی ١٩٤٣– ١٩٤٤ هەڵگیرسا ، لە هەمان ساڵ و لە هاوینی ١٩٤٤دا کۆمەڵەی هیوا کـە پەیوەنـدی یـەکی پتـەوی لەگـەڵ ڕێکخـراوە نەتەوەیی و نیشتمانی یە کوردیەکانی وەك (ژ.ك) و (خۆیبوون) هەبوو دوا جار کۆمەڵـەی هیوا لە دوا کۆبوونەوەی دا لە کـەرکوك بڕیـاری دا کـە نوێنـەری هیـوا سـەردانی مـەهاباد بکـات لەگـەڵ (ژ.ك) و (خۆیبـوون) لـە عێـراق و ئێـران و تورکیـا کـە ئامـادەبوون . بـۆ وتووێـژکردن لـە بـارەی ئۆتۆنـۆمی یـەوە. لـە ئـابی ١٩٤٤یشـدا لـە چـیای (دالانپـەڕ) لـە سێگۆشەی سنوری ئێران و عێـراق– تورکیـا کۆبوونـەوە قاسـم قـادری بـە نـاوی کـوردی ئێرانەوە لەگەڵ شێخ عوبێد لە عێراق و قازی مەلا وەهاب لە تورکیا چاویان بەیەك کـەوت و پەیمانێکیان بەناوی پەیمانی (سێ سنور) واژۆ کرد بەپێی ئەو پەیمانە، یارمەتی یەکتر بدەن بە چەك و هەموو پێداویستییەکانی تر. بۆ ڕزگاری کوردستانی گەورە، کە ئەمـەش لەو کاتەدا هیوایەکی مژدەبەخش بوو بۆ هەموو خـەڵکی کوردسـتان و کاریگـەری تـەواوی هەبوو بۆ دامەزراندنی کۆماری مەهاباد لـە سـاڵی ١٩٤٦دا. بـەم جـۆرە ئـەم هـەنگاوە بـۆ ڕێکخراوێکی نەتەوەیی سیاسی گشتی لەسەر ئاستی هەموو کورد بوو بە پڕوپاگەندە بـۆ سەربەخۆیی کوردسـتانی گەورەتێدەکۆشـا کـە سـنوورەکەی لـە دەریـای سـپی یـەوە تـا کەنـداوی فارسـی دەڕۆیشـت . ئـەو پڕوپاگەندانـە لەلایـەن بەدرخانیەکانـەوە دەسـتی پێکرد.چونکە بنکەی خۆیبوون لەوێ بوو . ئەگەرچی بـارزانی لـە دوا ڕووبەڕووبوونـەوەی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق و بە هاوکاری ستافی جەنگی ئینگلیز و فڕۆکەکانی کە ڕۆڵی، کاریگەری هەبوو لە پەکخستنی هێزی بەرگریکاری کورد لە ناوچەکەدا،بەڵام دەرئـەنجامی شۆڕشەکە هەرچی بوو بێ ، کورد هەر ئومێدی بە سەرکردایەتییەکەی هـەبوو، کـە ڕۆژێـك

دەتوانێ بە ئامانجەکانی بگات . مامۆستای خوالێخۆش بوو موحەرەم محەمەد ئەمین لەسەر ئەم پرسە دەڵێ: لەو کاتەدا ئەنجامێکی باش و گەش دەرئەکەوێ لە سروشتی شۆڕشەکانی کورد دا بە جۆرێکی گشتی ئەو شۆڕشانەی هۆزەکانی بارزان پێی هەستاون بەسەرکردایەتی بنەماڵەی بارزانی بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدەهەمەوە هەرچەندە ئەو شۆڕشانە لەپێناوی ڕزگاری کوردستاندا هەڵگیرساوە، بەڵام هیچیان لە فراوانیدا ناگاتە شۆڕشی ١٠ ئابی ١٩٤٥ چونکە ئەم شۆڕشە ئامانجی هەموو گەلی کوردی گرتبۆوە.

بۆیەکەمجار لە سنووری داخوازی یەکی تەسکی هۆزی چووە دەرێ بۆ سنووری داخوازییەکانی زۆربەی گەل، لە سەربەستی و یەکگرتنێکی دیموکراتیانە لەگەڵ گەلی عەرەبدا لە سەر بناغەیەکی برایەتی، ئەمە لەگەڵ ئەوەش دا کە باری کۆمەلایەتی شۆڕشگێڕەکان لە دواکەوتوییدا هیچی ئەوتۆی جیاواز نەبوو لەگەڵ کۆمەڵێکی هۆزی دا، ئەمە یەکەمین ئەنجامی شۆڕشەکەیە، کە زۆر گرنگە لە ڕووی کۆمەلایەتی و سیاسییەوە ،بە پێشکەوتنێکی شۆڕشی مێژوویی ئەژمێردرێ لەڕووی شۆڕشی گەلی یەوە، لەبەر ئەم هۆیە شۆڕشی ١٠ی ئابی ١٩٤٥ لەناو بزوتنەوەی ڕزگاریدا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و خوارووڕدا جێگای سەرو داگیر ئەکا بەپێی ئەو سەردەمە. بەلام لەکاتێکدا بارزانی بێ ئومێد بوو لە بەڵێنەکانی عێراق وەفدێکی نارد بۆ ئێران و دوو بەرپرسی ڕووس هاتنە لای بارزانی، پاش گەڕانەوەیان بۆ ماوەیەك بارزانی چوو بۆ سنوور و لە ماڵی فەتاح ئاغای هەرکی مایەوە جەنەڕاڵ (سیامەندۆڤ) هاتە لای بارزانی و دوای گفتوگۆ ڕێکەوتن و بارزانی بە ئاگاداری ڕووسیا دەچێتە ئێران کە چووە ئێرانیش لە گوندی (ئێرگێ) چاوی بە جەنەڕاڵێکی ڕووسی کەوت. حزبی دیموکرات و خەڵکی کوردستان بە هەژار و ئاغا و شێخ و مەلایانەوە پێشوازی بارزانی یان کرد و هیچ درێغیان نەکرد لە هاوکاریکردنی . ئەمەش ڕاستیەکەو وەك وەفادارییەك دەبێت باس بکرێ ، کە بارزانی چووە کوردستانی

ئێران ، هێزی ئەمریکا و بەریتانیاو ڕووسیا هەر سێ لایەن لەوێ بـوون بـەریتانیا و عێـراق داوایان لە ڕووسیا کـرد ئـەو یـاخی بووانـەی ئێمـە هاتوونـە لای ئێـوە دەبـێ ڕادەسـتمان بکەنەوە. ڕوسیا وەڵامی دانەوە کە بارزانی چۆتە ناو کوردەکان و ئێمە ئاگامان لێی نیـە، پاشان بارزانی بە ئاگاداری ڕوسیا بۆ ماوەیەك چووە ناوچەی سەردەشت لەناو مـەنگوڕان دا مایـەوە، پاشـان چـووە شـنۆ. لەدوایـدا بـارزانی یـەکان دابـەش کـران بەسـەر ئـەم گوندانەدا: تەرگەوەڕ، مەرگەوەڕ، سندوس، لاجان، شارویران، بۆکان.کـە ئـەوەش ڕەنگـە بارێکی قورس بووبێ بەسەر دانیشتوانی ئەو ناوچانەوە، چونکە بارزانی زیاتر لە ١٠ هەزار لـە چـەکدارو ژن و منـاڵ و پـیری لەگەڵدا بـوو، مەبەسـتی دووەمـیش ئـەنجامی گـەورەی شۆڕشەکە ئەوەیە کە هێزی شۆڕشەکە بە دەورێکی مێژوویی هەستا، کە توانی مەسـەلەی یەك نەتەوەی دابەشکراو بە یەکەوە ببەستێتەوە سێهەمین ئەنجامی شۆڕشەکە ئەوە بوو سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕی بەرزی بۆ دروست بوو لەگـەڵ هێزێکـی جـەنگاوەری نەبـەز ، ئەنجامی چـوارەم لـەدایکبوونی ئـامرازێکی سیاسـی لـە کوردسـتاندا کـە ئـەویش (پـارتی دیمـوکراتی کـوردی عێـراق) بـوو، لـە پاشـا گـۆڕا بـۆ( پـارتی دیمـوکراتی یـەکگرتووی کوردستانی عێراق) ئەو پارتییەی سەرکردایەتی خەباتی گەلی کـورد ئـەکا لـە عێراقـدا لـە پێناوی ئازادی و دیموکراتی و ئاشتیدا و لەسەردەمی پاشایەتیشدا شان بە شـانی هـەموو پارتە نیشتمانی و دیمـوکراتی یـەکانی عێـراق و نەبەزانـە خـەباتی ئـەکرد بـۆ لـەناوبردنی ڕژێمی پاشایەتی و کۆنەپەرستی. ئەم ئەنجامانە بە تێکڕایی لەگەڵ ئەنجامی شۆڕشەکانی تری گەلی عێراق کاریگەری گەورەیان هەبوو، لـە خۆشـکردنی ئـاگری شۆڕشـی چـواردەی تەموز کە کۆتایی هێنا بەو ڕژێمە و لەگۆڕنانی خەونی ئیمپریالزم، بۆ بـەدیهێنانی پێکـەوە ژیانێکی ئازادانە لـەنێوان گـەلی کـورد و عـەرەب دا ، ئەمـەش دەرئـەنجام بـە پێچـەوانەی خەونی چەند ساڵەی کوردەوە شکایەوە.چونکە

بارودۆخی کۆمـەڵگای کـوردی لـە دوای جـەنگی دووەمـی جیهـانی یەوەلـەبار نـەبوو ، بـۆ بـەرپابوونی بزووتنەوەیـەکی کـوردی نەتەوایـەتی ڕێـك و پێـك لـە کوردسـتاندا، هـەر لـە سەرەتای قۆناغی دوای شەڕەکەوە لاواز و پارچە پارچە بوو. باڵی ڕاسـتڕەوەکانی بزاڤـی کوردیش پێکهاتبوو لە کۆمەڵێك سەرۆك خێڵ و دەرەبەگ و پیـاوانی ئـاینی، ئەوانـەی کـە هەوڵیان ئـەدا پارێزگـاری لـە دەسـەڵات و نفوسـی خۆیـان بکـەن لـەنێو گەلـدا. هـەروەها پشتیوانی کردنیان لە خواستی نەتەوایەتی و دژایەتی یان بـۆ حکومـەت لـەناو کۆمـەڵگای کوردیدا بە تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆیان نـەبوو. کۆمـەڵی لـە پیـاوە ناسـراو و دیارەکـانی کـوردیش لـە ئێـران دا بـە تایبـەتی دا لـە ناوچـەکانی بـاکوری ڕۆژئـاوا ، هەوڵیانـدا بـۆ دامەزراندنی کوتلەی خێڵەکانی ڕۆژئاوا لە خولی چوارەمی ئەنجوومەن ، ئەمەش لە ڕێگـای پێکهێنانی (پارتی نیشتمانی) ئەمانەش لە دەوری گۆڤاری (کۆهسـتان) کۆبوونـەوە ، کـە لە ئێران دەرئەکرا ، هەروەها لە تورکیاش کوردەکان لەو کاتەدا سـەرکردەیەکی نـاوداری کورد بوونی نەبوو. لە عێراقیشدا جگە لە چـەند ڕێکخراوێکـی نەتـەوەیی سیاسـی کـە لـە هەوڵی ڕۆشنبیرکردنی خەڵکی کوردستاندا بوون ، لە شـێوەی گـروپ و دەسـتەدا خۆیـان دەناساند و هەریەکەیان بە شێوەیەك لە شێوەکان خزمەتیان بە گەل دەکرد.

## (دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق)

پاش لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیەکی قووڵی باری ناوچـەکە لـەوبار دۆخـەدا بـارزانی لەگـەڵ هـاوڕێ ئەفسـەرە نیشـتمانپەروەرەکانی ئەنـدامانی لیژنـەی ئـازادی دا بڕیاریانـدا بـە دامەزرانـدنی پارتێـك، کـە بتـوانێ بـەپێی گۆڕانکارییـە تازەکـان ئـەرکی ئـەم قۆناغـە

هەڵبگرێت و ئامانجەکانی لەگەڵ ئاواتی خەڵکی کوردستان دا بگونجێنێ ، لە کۆتایی مانگی شوباتی ١٩٤٦ دا ئەم بیرۆکەیە گەڵاڵە کرا.

بارزانی لەگەڵ تێکۆشەران، پارێزەر (هەمزە عەبدوڵڵا، میر حاج ئەحمەد، عەقید ڕوکن، عیزەت عەبدول عەزیز، نەقیب مستەفا خۆشناو، نەقیب خەیروڵڵا عەبدولکەریم، مولازم محەمەد مەحمود قودسی و مولازم نوری ئەحمەد تەها)دا کۆبوووەوە و یەکەمین بەردی بناغەی پارتی دیموکراتی کوردیان دانا و خەریکی چەسپاندنی پەیڕەوپرۆگرامی ناوخۆکەی بوون و پاشان کە تەواویان کرد ناردیانەوە بۆ هەمزە عەبدوڵڵا و هاوکارەکانیان ئەوانیش هەستان بە بەستنی کۆنگرەی یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق.

لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ لە شاری بەغدا بێ ئامادەبوونی بارزانی کۆنگرەکە بەسترا پاشان ناوەکەشی کرا بە (پارتی دیموکراتی کوردی عێراق) کۆمیتەی ناوەندیش هەڵبژێرا کە ئەمانە بوون:

١- مستەفا بارزانیسەرۆکی حزب

٢- شێخ لەتیف شێخ مەحمود جێگری یەکەمی سەرۆك

٣- کاکە حەمە زیاد جێگری دووەمی سەرۆك

٤- هەمزە عەبدوڵڵا

٥- میر حاج ئەحمەد

٦- دکتور جەعفەر کەریم

٧- عەلی عەبدوڵڵا

٨- ساڵح یوسفی

٩- عەبدولکەریم تۆفیق

١٠- ڕەشید عەبدولقادر

١١- ڕەشید باجەلاّن

١٢- مەلا سەید حەکیم خانەقینی

١٣- عەونی یوسف

١٤- تەها محێدین مەعروف

١٥- عەبدولسەمەد محەمەدیەدەکی یەکەم

پاشان کۆمیتەی ناوەندی یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی گرت و بەم پێیەی خوارەوە سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران

١- هەمزە عەبدوڵلاّسکرتێری گشتی

٢- جەعفەر محەمەد کەریم

٣- عەلی عەبدوڵلاّ

٤- عەبدولکەریم تۆفیق

٥- ڕەشید عەبدولقادر

ئەمانە بوون بە مەکتەبی سیاسی و ئەرکی تێکۆشانیان خستە سەر شانی خۆیان و سەرکەوتن و تێکشکاندنی گەلی کوردی پێوەبەستراوەوو چارەنووسی گەلیان لەئەستۆ گرت.

## (گەڕانەوەی شێخ ئەحمەدی بارزانی بۆ عێراق)

دوای ڕۆشتنی شێخ ئەحمەد بارزانی بۆ مەهاباد و چاوپێکەوتنی بارزانی بە نوێنەری ڕوسەکان (سیامەندۆڤ) ئیتر ئەو خێزان و پیرو منالّ و ئافرەت لە ژیانێکی دەردیسەریدا

بوون ، که له پێشتردا باسمان کرد. دوای ڕوخانی کۆماری مەهاباد و چوونی مەلا مستەفا لەگـەڵ هاوڕێکـانی بـۆ سـۆڤیەت لـە ١٥ی نیسـانی ١٩٤٧دا کـە لەسـەرەتای چـوونەکەیان (٥٦٠) لە چەکدارەکانی ئامادەیی خۆیان نیشاندا بەڵام لەو شەڕ و شۆڕانەی سەر ڕێگایان هەندێکیان شەهید بوون و هەندێکیان بە بریندـاری لـە گونـدە کوردنشـینەکاندا مانـەوە و پاشان گەڕانەوە، ئـەو ژمارەیـەی کـە لـە ئـاوی ئـاراس پەڕینـەوە ژمارەیـان تـەنیا (٥٠١) پێشمەرگە بوون. کاتێک شـێخ ئەحمـەد لەگـەڵ پاشمـاوەی خێزانـە بـارزانی یەکانـدا کـە زۆربەیان بەهۆی نەخۆشی یەوە گیانیان لەدەست دا کە ژمارەیان لـە سـەرەتای ڕۆشـتندا زیاتر لە ١٠ هەزار کەس دەبوون بەڵام نزیکەی ٤٥٠٠ کەسیان گەڕانەوە بۆ عێـراق، لەگـەڵ چوار ئەفسەرەکە کە ئەوانیش عەقید عزت عەبدولعەزیز و ڕائید مستەفا خۆشناو و نەقیب خەیروڵڵا عەبدولکەریم و مولازم محەمەد قودسی  ئەمانە خۆیان تەسلیم بە عێراق کردەوە لـە ڕۆژی ١٠/ ٤ / ١٩٤٧ هـەموو گەڕانـەوە بـەڵام بـەکر عەبدولکـەریم حـەوێزی و نـوری ئەحمـەدی تـەها و جـەلالی ئـەمین بـەگ و محەمـەد سـاڵح بـە نهێنـی گەڕانـەوەو خۆیـان ڕادەستی حکومەت نەکرد.

که گەیشتنە چەمی (گادەر) لەسەر سنوور بەڕێوەبـەری گشـتی پـۆلیس علـی حیجـازیی لەوبەری چەمی (گادەر)ەوە ڕاوەستابوو چاوەڕوانی ئەو خێزانانەو شـێخ ئەحمـەد و مـەلا مستەفا بوون کاتێك شێخ ئەحمەد گەیشتە سەر سنوور هەرچی دیلی ئێرانی هەبوو لایـان لەگەڵ  خۆیان تا سنوور هێنابوویانن تا نەگەڕێنەوە و هەواڵ بە حکومەتی ئێران بـدەن و ئینجا هەموویان بەرەڵا کران و ئازاد بوون، ئەمەش بۆ ڕێونکردنی دوژمـن بـوو ، لـەگ.ەڵ ئەوەشدا دوو تۆپی ٧٥ ملم یان هەبوو هەردووکیان تێك شکاندن و ئینجا پەڕینەوە خاکی عێـراق و خۆیـان ڕادەسـت کـرد پاشـان حکومـەت لـە بەڵێنـەکانی پەشـیمان بـۆوە لـە دادگایەکی سەربازی دا حوکمی

لەسێدارەیان بۆ دەرکـردن.  لـە ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٩ دا بڕیـاری لەسـێدارەدانیان جێبـەجێ کراو ئەو ڕۆژەش لە کوردستان دا کرا بە ڕۆژی (شەهید) کە لە پێشتردا بە درێژی باسمان کرد. لەو ڕووەوە

مەعروف جیاوك دەنووسێ:

پاش شەهید بوونی چوار ئەفسەرەکە بـارزانی یـەکان دوور خرانـەوە بـۆ خـوارووی وڵات، چاوم کەوت بە میستەر (دیجبرون) ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێـراق لێـی پرسـیم ڕات چۆنە بەرامبەر بـە خنکانـدنی ئـەو چـوار ئەفسـەرە؟ وتم: بۆچـی دەپرسـی، ئـەوە ئـەوان ڕۆشتن و خەڵك زۆر بەداخەوەن بۆ لاوێتییان، ئیتر ئەویش بێ دەنـگ بـوو ، پاشـان گـوتم وەزارەتەکەی ساڵح جەبر بە خنکانـدنی ئـەو چـوار ئەفسـەرە دوو هەڵـەی گـەورەی کـرد. یەکـەم پەنابـەرو پەشـیمان بـوو بـە شـەرع و قـانون نابـێ بکـوژرێن لەبەرئـەوەی خۆیـان بەدەستەوەداوە، دووەم ئەو کوشـتنە ڕق و توڕەبـوونێکی ئـەوتۆی لـەناخ و دڵـی هـەموو کوردێکدا چاند، کـە لـە یادەوەریـدا دەمێنێتـەوە، ئینجـا لێـی پرسـیم: دەزانـی (وەسـی) بۆچی هێنـدە لـە مـەلا مسـتەفا بـەداخ بـوو؟ وتم: نـا، وتـی: چـونکە جلـی جەنەڕاڵـەکانی ڕووسی لەبەر کرد بوو. وتم: پێم وابێ ئینگلیز لە (وەسی) زیاتر لە بارزانی بەداخن. بـەڵام پێم ناڵێی چی بکا؟ لە وڵاتی خۆی دەرکـراوە، ئێـران ڕاوی دەنـێ، تورکیـا وەری نـاگرێ، ئاخۆ بەم حاڵەوە دەتوانێ دیاری ستالین ڕەتبکاتـەوە؟ پاشـان کـە ڕەتیکـردەوە ڕوو لـە کوێ بکا، نە باڵی هەیە بە ئاسماندا بفڕێ، نە ماسی یە بچێتە ژێر ئاو، پاشان وتم: بـاوەڕ بکە منیش دڵنیام سەرەڕای ئەوەی ڕوویدا حکومەت لێبگەڕایەو لێبـووردنی بۆدەربکردایـە دەهاتەوەو پێی خۆشتر بوو جلی سەربازی ئێرە لەبەر بکات. ڕاوێژکار وتـی (ئـەو پیـاوە یەکێکە لەو قارەمانانەی کە مێژوو بە قەڵەمی زێڕین لە کتێبی گەورە پیاواندا ناوی تۆمـار دەکا).

## (بارودۆخی سیاسی دوای ڕۆشتنی بارزانی)

دوای جەنگی دووەمی جیهانی و ڕۆشتنی مەلا مستەفا بۆ سۆڤیەت. لە کوردستانی عێراق دا دوو ڕێچکەی سیاسی هەبوو یـان دەبووایـە لای پـارتی بوایـە یـان لای حزبـی شـیوعی عێراقی. هەرچەندە ئەو کاتە حزبی شیوعی ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ لـە بـرەودا بـوو، خـەڵکی بـە پەرۆشەوە لە دەوری کۆدەبوونەوە. بەتایبەتی دوای ئەوەی کە سۆڤیەت ڕۆڵـی ڕوکەشـی باشی بینی لـە دامەزرانـدنی کۆمـاری مـەهاباد دا بـەڵام لـە دواییـدا سـتالین پشـتی کـردە کۆماری کوردستان و بە گورگان خواردووی دا ئیتر شیوعیەکان لە کوردستانی عێراقدا بـە جۆرێـك دەیانویسـت پەردەپۆشـی بکـەن. کـە خـەڵکی کوردسـتان ئۆبـاڵی ئـەو شکسـتە نەخەنە سەر سۆڤیەت. ئەمەش ئەو پڕوپاگەندانە بوو کە حزبی شیوعی بڵاوی دەکـردەوە گوایە ستالین هیچ چارەیەکی بـۆ نەماوەتـەوە ، ئەگـەر پشـتی کۆمـاری مـەهابادی زیـاتر بگرتایە ، ئەوا گومانی تیا نەئەما کە جەنگی سێهەمی جیهانی دروست ئەبوو ، ئۆباڵی ئەو جەنگەش دەکەوتـە ئەسـتۆی کـورد. بـەم شـێوەیە شـیوعیەکان بـۆ سـۆڤیەت پاسـاویان دەهێنایەوە. لەگەڵ ئەوانەشدا هێشتا هەر بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان لـە خـەیاڵی ئـەو بەهەشـتەدا دەژیـان ،کـە حزبـی شـیوعی گفتـی پـێ دابـوون. لـەو سـەردەمەش دا دەرهێنانی نەوتی کەرکوك و بردنی بۆ خۆیان ،کارێکی وای کرد کە کرێکارانی (گاوورباخی )مانگرتنیـان دژی سـەرمایەداری ڕۆژئـاوا ڕاگەیانـد. هەڵسـوڕێنەری ئـەو مانگرتنـەش ڕاستەوخۆ دەستی کۆمۆنیستەکانی لە پشتەوە بوو، کە بە دڕندانـەترین شـێوە سـەرکوت کران و چەندین کرێکاریش گیانیان لەدەست دا. وەکو سەرەتایەکیش

حزبی شیوعی عێراقـی سـاڵی ١٩٣٤ لەلایـەن یوسـف سـەلمان یوسـف ناسـراو بـە هـاوڕێ (فەهد) دامەزرا هەر لە سەرەتاوە کوردیان بە کەمە نەتەوە دەزانی ، نەك بە نەتەوەیەکی

پارچـه پارچـه كـراو لەسـەر دەسـتی ولآتـە زلهێزەكانـدا. هەرچـەندە ئـەو كاتـە پـارتی دیموكرات و حزبی شیوعی، دوو ڕێكخراوی نهێنی بوون و كارەكانیان بە ئاشكرا نەدەكرد، بەڵام لـەكاتی ڕاپەڕینـە جەماوەریەكـەی ١٩٤٨/١/٢٧ كـە دژی پـەیمانی ( پۆرتسـموپ)ی ١٩٤٨/١/١٥ی نێوان عێراق و ئینگلیز بوو، كە كابینەی (ساڵح جـەبر) تیایـدا ڕووخـا ، لـە دوای ئەم ڕاپەڕینە ئیتر زیاتر بواری خۆڕێكخستن هەبوو بۆ پارتی و شیوعی.

## (پەیمانی پۆرتسمۆث ١٩٤٨)

ئـەم پەیمانـە لـەنێوان عێـراق و بـەریتانیا لـە سـاڵی ١٩٤٨ مـۆركرا ئـەو كاتـەی سـەرۆكی وەزیران (ساڵح جەبر) بوو ناوەڕۆكی پەیمانەكەش هەرچەندە بۆ بەریتانیەكان گـرنگ بـوو بەڵام بەلای عێراقـی یەكانـەوە دەردیسـەری و مـاڵوێرانی بـەدواوە بـوو، چـونكە پـەیمانی ساڵی ١٩٣٠ نێوان ئینگلیز و عێراق، ئەگەر بە ناچاریش لەسەری ڕێكەوتبوون، بەڵام دوای كۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی بـارودۆخی دنیـا گۆڕانكارییـەكی گرنگـی بـەخۆوە بینی. هاتنە كایەی نەتـەوە یـەكگرتووەكان و بـەرگری كـردن، لـە مافـەكانی گـەلانی ژێـر دەستە قسەو باسی لێوە دەكرا و هۆشیاری گەلان لە برەودا بوو، بۆیە خەڵكی عێـراق بـە گشت چین و توێژەكانی یەوە دژایەتی خۆیان ڕاگەیاند. چونكە لە یەكێك لـە بەندەكانیـدا هاتووە هەرچی خەرجی سوپای بەریتانیایە دەكەوێتە ئەستۆی عێراق ، بـە واتایـەكی تـر خەرجی سەربازی ئینگلیز لە عێراق دا پێویستە حكومەتی عێراق لـە ئەسـتۆی بگـرێ. لـە هەمانكاتدا لەبەنـدێكی تـری پەیمانەكـەدا هـاتووە ئینگلیزەكـان دەتـوانن سـوپای عێـراق بەكاربهێنن ،بۆ هـەر شـوێنێك لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت دا بـە نـاوی بـەرگری هاوبـەش و یارمەتیـدانی سـوپای بـەریتانیا لـە هـەر شـوێنێك پێویسـتی بـوو. بۆیـە خـەڵكی عێـراق

بەتایبەتی شاری بەغدا ڕژانە سەر شەقامەکان و ناڕەزایی یان دەربڕی و داوای کشانەوەی عێراقیان کرد لەو پەیمانە، پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقی و حزبی (الشعب)(گەل) کۆمیتەیەکی سێ قۆڵیان پێك هێناو سەرپەرشتی و ڕێکخستنی خەباتی گەل و دیاری کردنی دروشمەکانی خەباتی ئەو قۆناغەی لەئەستۆ گرت، لە هەڵوەشاندنەوەی پەیمانەکەو ڕووخاندنی وەزارەتەکەی (ساڵح جەبر) جگە لەوەش دروشمەکانی تر پەیوەست بوون ڕاستەوخۆ بە مافە نەتەوەیی یەکانی گەلی کوردەوە. بۆیە لە شاری کەرکوك، کۆمەڵێك لە نیشتمان پەروەران هەڵیان کوتایە سەر کونسوڵخانەی بەریتانیا و لە شاری سلێمانیش جەماوەر پەلاماری مەڵبەندی ڕۆشنبیری ئینگلیزیان دا و دروشمیان بەرزدەکردەوە و هوتافیان دەکێشا دژی ئیستیعمار و لەگەڵ ئەوەشدا کە حکومەت فشاری زۆری بۆ سەرخەڵك دروست کردبوو، بەڵام نوێنەری شارەکانی کۆیەو هەولێر لە مانگی شوباتدا چوونە بەغدا و لەگەڵ جەماوەری ڕاپەڕیودا ڕژانە سەر شەقامەکان دوا بە دوای ئەوە خۆپیشاندان لە بەغدا بەردەوامی هەبوو نوێنەرانی شاری ڕانیەو سلێمانیش گەیشتنە بەغداو ئەمانیش بەشداری یان لەو خۆپیشاندانە جەماوەری یە گەورەیەدا کرد بە ناوی خەڵکی کوردستانەوە. ڕۆشنبیران و دڵسۆزانی کورد لە شاری سلیمانی بەناوی دانیشتوانی شارەوە پێشنیارێیکیان ئامادەکردبوو و ناردیان بۆ ساڵح جەبر کە داواکاری خەڵکی کوردستانی لەخۆگرتبوو، کەبریتی بوولەم داواکاریانە:

١- دابین کردنی مافە دیموکراسیەکانی گەل.

٢- مۆڵەتی پارت و ڕێکخراوە کوردی یەکان بدەن و ڕێگەدان بە ئازادانە بەشداری سیاسیان هەبێ لە ڕێگەی پارت و ڕێکخراوەکانەوە.

3- ئازادکردنی زیندانە سیاسیەکانی عێراق بە گشتی.

٤- هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٠ کە بە هیچ شێوەیەك باسی کوردی تیادا نەکرابوو.

٥- مۆڵەت دان بە سەندیکا کرێکاریەکان و دابین کردنی مافە سەرەتاییەکان.

پاشان حکومەتی عێراقی بە پەلە کەوتە خۆی بەڵام کار لە کارترازا و حکومەتەکەی ساڵح جەبر فریای هیچ نەکەوت و لەکاریان خست و هەندێك لە وەزیرەکان، وەزارەتەکانیان جێهێشت و وازیان هێنا. فشارەکان هۆکارێك بوون بۆ هەڵوەشانەوەی پەیمانی (پۆرتسمۆث) هەندێك گۆڕانکاری دەستی پێکرد لەوانە (محەمەد سەدر) بووبەسەرۆکوەزیران و هەندێك چاکسازی کرد و کوردستانیش تۆزێك بەخۆیدا هاتەوە. ئەمەش بە دەستکەوتێك دەهاتە ئەژمار کردن، کە لەو ماوەیەدا ڕێگە درا بە دەرچوونی گۆڤارێکی سیاسی بە زمانی کوردی، کە ئەویش گۆڤاری (نزار) بوو سەرنووسەرەکەی مامۆستای خوالێخۆش بوو عەلادین سەجادی بوو هەر لەو ماوەیەدا کوردەکان توانیان لە ٢١ ئازاری ١٩٤٨دا بە فەرمی ئاگری نەورۆز بکەنەوە، کە ئەمە بۆ جاری یەکەم بوو کە کورد بە ئاشکرا و بێ هیچ سانسۆرێك ئاگری نەورۆز بکاتەوەو ئەو جەژنە کوردی یە بە سەربەستی پیرۆز بکات. لەلایەکی ترەوە لەدوای پێکهێنانی حکومەت لەلایەن نوری سەعیدەوە لە ساڵی ١٩٤٧ دا بۆ جارێکی تر سەرتاسەری عێراق ڕووبەڕووی شاڵاوێکی داپڵۆسین و زەبر و زەنگ بۆوە لەنێو ئەو پرۆسەیەی حکومەت دا (پارتی) لێی بێبەش نەبوو و پریشکی بەرکەوت، ئەوە بوو ژمارەیەك لە ئەندامانی سەرکردایەتی ئەم پارتە دەستبەسەر کران وەکو بەرپرسی لیژنەی سلێمانی ئیبراهیم ئەحمەد بوو. لە ئاکامی ئەم ڕەوشەدا بۆ جارێکی تر سلێمانی کرایەوە بە ناوەندێکی گرنگی سەرکردایەتی (پ.د.ك) و گشت کەلوپەلەکانی سەرکردایەتی، تەنانەت زمانحاڵی حزبەکەش ڕۆژنامەی (ڕزگاری) بوو گواسترایەوە بۆ سلێمانی و بارەگایەکیش بۆ سکرتێری پارتەکە ڕێکخراو، لەوێوە

کاروباری سەرکردایەتی ڕادەپەڕێنرا، لەو ماوەیەشدا (ڕزگاری) ڕۆڵێکی بەهێزی بینی بۆ پارتی لە گۆڕەپان و مەیدانی سیاسی عێراق دا بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی لەگەڵ بەردەوامی فشارەکاندا و ئابلۆقەدانی چالاکیەکانی سەر پارتی و گرتنی سکرتێرەکەی (هەمزە عەبدوڵڵا) لە ساڵی ١٩٥٠ دا ، ئیتر ئاستی چالاکی و جموجوڵەکانی (پ.د.ك) بە تەواوەتی ئیفلیج بوو، تەنانەت ڕۆژنامەکەشیان لەکار وەستا، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری خراپی هەبوو بۆ چالاکی یەکانی پارتی، هەرچەندە دواتر هەوڵدرا لە ڕێگەی کۆنفرانس و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێ وە ئەو بارودۆخەی حزب ڕاگرن بەڵام بێ سوود بوو لەگەڵ چاکسازی و هەوڵدانی ئەندامانی کۆنفرانس، ئەمەش دەرئەنجامێکی باشی لێ نەکەوتەوە بەتایبەتی بڵاوبوونەوەی سەوداکاری لەگەڵ بەریتانیەکان ئەوتۆمەتانەش درایە پاڵ هەمزە عەبدوڵڵا ،هەر لەبەرئەوەش بووئەندامێتیان هەڵپسارد دەرئەجامیش کاریگەری خراپی کردە سەر زۆربەی ڕێکخستەکان لەناو لقەکانی پارتی دا لەوانە لقی سلێمانی لە پێشەنگی ناڕەزایەتیەکاندا بوو دژی ئەو بڕیارە، ئەم ناکۆکی یە پەرەی سەند بە جۆرێك باڵی (هەمزەیی) کە بە لایەنگرانی هەمزە عەبدوڵڵا دەوترا وەك حاڵەتێکی نائاسایی لە دەرەنجامی ئەو بارگرژیەیان هێنایە کایەوە. بۆیە بەستنی کۆنگرەی دووەم لە بارودۆخێکی ئاوادا پێویستیەك بووە ، لە ڕاستی دا هەرچەندە کۆنگرە لە ساڵی (١٩٥١)دا بەسترا بەڵام نەتوانرا ناکۆکی یەکان چارەسەر بکرێ یاخود لانی کەم ئەو بارگرژی یە کەم بکرێتەوە. هەنگاوەکان بەرەو دوو کەرت بوون دەچوو. ئەوە بوو هەمزە عەبدوڵڵا ملی نەدا بۆ بڕیارەکانی کۆنگرەو بە ناشەرعی لە قەڵەمی دا .لەم سەروبەندەدا بڕیاری پێکهێنانی (بەرەی پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کورد–عێراق)ی دا و ڕۆژنامەیەکیان بەناوی (ڕزگاری)یەوە بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرکرد.بارەگای سەرەکی ئەم بەرەیە شاری سلێمانی بوو زۆربەی ئەندامەکانیشیان خەڵکی سلێمانی

بوون، كه بريتى بوون له: محەڕەم محەمەد ئەمين، شەهاب شێخ نورى، محەمەد كەريم فەتحوڵڵا، بابا تاهير شێخ جەلال، عەلى شريف، جەلال عەزيز، قادرى حاجى سەعيد، قادرى حاجى حسين و سەلامى دەلاك. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك هەوادارييان هەبوو لە ناوچەى بادينان ئيتر بەم شێوەيە دوو حزبى نهێنى كوردى لە عێراق دا هەبوو. مامۆستا ئيبراهيم ئەحمەد ئەم ناكۆكى يە دەگێڕێتەوە بۆ دوو خاڵ: خاڵى يەكەم بێ توانايى هەمزە عەبدوڵڵا لەناو پارتى داو گلەيى و گازندەى ئەندامان. خاڵى دووەميش جياوازى فكرى كە ئيبراهيم ئەحمەد پێى وابووە هەمزە عەبدوڵڵا و باڵەكەى مەيليان زياتر بەلاى چەپدا هەبووە واش دەرئەكەوێ كە ڕاى دووەم كاريگەرى خۆى هەبوو بێ. هەرچەندە باڵەكەى تريش چەپڕەوى تێدا بووە، بەڵام تەنها خاڵى لاوازى ناكۆكى كاركردن بووە. جگە لەوەش ئەو ناكۆكيانە دواى بڵاوبوونەوەى هەندێك بەڵگەنامە لەلايەن حكومەتى عێراقى يەوە بڵاوكرايەوە بە ناوى (الموسوعه السريه) كە هەمووى دانپيانانى كوردێك بوو كە گيرابوو لاى حكومەت و ناوى گشت خەباتگێڕەكانى كوردى هێنابوو . ئيتر حكومەت يەك بەدواى يەكدا هەموويانى قۆڵبەست كرد ، ئيبراهيم ئەحمەد و هەمزە عەبدوڵڵا زياتر لە چەند جارێك ناويان هاتبوو ،ئەم كتێبە فەرمانگەى ئاسايشى عێراقى هەستابوو بە ئامادەكردن و بڵاوكردنەوەى لە خوارووى كتێبەكەشدا نووسراوە (خادم عرش الوطن) لەو سەرو بەندەدا ئيبراهيم ئەحمەد و جەليل وشيار و مامۆستايەكى ئافرەت كە جولەكەبوو گيران لەگەڵ هەندێ كەسى تر دواى ئەشكەنجەو ئازاردانێكى زۆر ئيبراهيم ئەحمەد لە دادگادا بەدوو ساڵ حوكمى زيندانى بەسەردا درا لە بەنديخانەى مەركەزى لە شارى بەغدا (١٠٦) لەو كاتەدا شيوعيەكان توانيبوويان خەڵكى كوردستان وا لێبكەن كە پەيوەستييان بكەن بە خۆيانەوە و لە ڕيزەكانى حيزبى شيوعى دا كارى سياسى بكەن ، هەرچەندە لەو ساڵانەدا تەنها دوو پارت كارى سياسيان دەكرد بە نهێنى

له کوردستاندا ئەوانیش( پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق ) هەروەکو لەوەوبەر باسمانکرد لەگەڵ ئەوەشدا نێوانی هەردوو حیزب تاڕادەیەك دۆستانە بوو بەلاّم شیوعیە کوردەکان زۆر توند ڕەوانە مامەڵەیان لەگەڵ ئەندامانی پارتی دا دەکرد . ئەو جۆرە ڕەفتارانە دوور بوو لە بەرنامەی حزبی شیوعیەوە بە پێچەوانەوە پەیوەندی هەمزە عەبدوڵلاّ و ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ سەرانی شیوعیە عەرەبەکان زۆر باش بوو . بە تایبەتی لەگەڵ سەلام عادل و نەزیهە دلێمی ، و عزیز شەریف و ڕەحیم شەریف (١٠٧) لەگەڵ ئەو هەموو فشارەی کە خرابووە سەر سەرانی پارتی بە ئەستەم توانییان شەوێك بدەن بەسەر ماڵی هەمزە عەبدوڵلاّ دا و لە ئەنجامدا دەستگیریان کرد. بۆ بەیانی ڕۆژنامەکانی سەر بە حکومەت بە گرنگەوە ئەم هەواڵەیان بە مانشێتی گەورە و لەسەر ڕووی لاپەڕەی یەکەمدا بلاّوکردەوە کە نووسرابوو (قوات الامن الباسلة في السليمانية تلقي القبض على المجرم همزه عبدالله) دوای گرتنی هەمزە عەبدوڵلاّ ئیتر لەو ماوەیەدا ئیبراهیم ئەحمەد دوو ساڵی زیندانی تەواو ئەکات و ئازاد دەکرێ و حکومەت مەرجی هەبوو لە دوای ئازاد بونیشی نابێت لە سلێمانیدا دانیشێت. بۆیە دواجار ماڵەکەی بار دەکات و دەچێتە کەرکوك و بۆ جارێکی تر بە گڕوتینێکی ترەوە کارە حیزبیەکانیشی ڕادەپەڕاند و ماڵەکەشی کردبووە نیمچە بارەگایەك و بوبووە جێی داڵدەدانی کوردانی پارچەکانی تری کوردستان، لەوانەی کە خۆیان حەشاردابوو لە ماڵەکەیدا (دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ و هەژاری شاعیر) بوون لەو ساڵانەدا پارتی دیموکراتی کوردستان شپرزەیی پێوە دیار بوو لەو کاتەدا حیزبی شیوعی ڕۆژ بە ڕۆژ لە برەودا بوو زۆر بەهێز تر بوو لە پارتی لە شێوەی ڕێکخستندا ، چونکە لەو کاتانەدا هەردوو باڵی هەمزەیی و برایم ئەحمەد لە ململانێی ناشەرعیدا بوون. مامۆستا جەمال نەبەز لە (کوردستان و شۆڕشەکەیدا) لە لاپەڕە ١٢٣ دا دەڵێت: دوای ماندوو بونێکی زۆر ساڵی ١٩٥٤ توانیم کۆبونەوەیەك لە

بەغدا بۆ هەردوو لایان ساز بکەم . واتە باڵی هەمزەیی و باڵی ئیبراهیم ئەحمەد و حیلمی عەلی شەریف کە نوێنەری باڵی هەمزەیی بوو و ئەندامی لیژنەی مەرکەزی پارتیش بوو لەگەڵ عەبدولڕەحمان زەبیحی و جەلال تاڵەبانی کە ئەمانیش باڵی هەمزەیی بوون دوای کۆبونەوەکە بۆم دەرکەوت کێشەکەیان و تێکچوونیان تەنها شتی شەخسییە ئیتر زۆر هەوڵدرا تا لە کۆنگرەی سێهەمی پارتیدا یەکیان گرتەوە . هەر لەو چەند ساڵەی پێشوو تردا ساڵی ١٩٥٢ حزبی شیوعی عێراق و سکرتێرە کوردەکەی کە بەهادین نوری ناوە نهێنیەکەی (باسم) بوو لە سەردەمی ئەودا پڕۆگرامێکی نوێی دانا کە بە پڕۆگرامی (باسم ) ناسراوە، هەڵوێستی ناوبراو زۆر گرنگ بوو بۆ کورد کە حزبی شیوعیی بە هەڵە دەزانی بەرامبەر بە پەرەگرافی دەیەمی هاوڕێ فەهد کە کوردی بە کەمە نەتەوە لە قەڵەم دابوو ، هەروەها ئێزیدیەکانیشی بە کەمە نەتەوە دەستنیشان کردبوو بەلاّم پڕۆگرامەکەی باسم دانبەوەدا دەنێت کە کورد نەتەوەیەکن و ئێزیدیەکانیش بەشێکن لە نەتەوەی کورد ، نەك کەمە نەتەوەیەکی جیاوازبن. لەساڵی ١٩٥٦دا پاش چەندین هەوڵ و کۆشش بۆ یەکگرتنەوە، بەرەی پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کورد خۆی هەڵوەشاندەوەو چوونەوە ناو ڕیزەکانی (پ.د.ك) هاوکات لەگەڵ یەکگرتنەوەی هەردوو بەرەکەی پارتی دوای ئەوە چەند کەسایەتی یەکی چەپڕەوی وەك نەژاد ئەحمەد عەزیز و خەسرەو تۆفیق هاتنە ناو ڕیزەکانی (پ.د.ك) لە دەرەئەنجامی ئەم یەکگرتنەوەیەدا گۆڕان هات بەسەر ناوی پارتی داو بووە (پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان) ئیتر ئەمەش بووە هۆی بڕینی قۆناغێکی باش لە کوردستاندا، لەگەڵ ئەوەشدا لیژنەیەکی نوێ پێکهێنراو جێگای ئاماژەیە لەناو ئەم لیژنەیەدا لە کۆی (١٠) ئەندام جگە لە ئیبراهیم ئەحمەد وەك سکرتێر سێ ئەندام کە (نوری ئەحمەدی تەها و نەژاد ئەحمەد عەزیز و خەسرەو تۆفیق) خەڵکی سلێمانی بوون بۆ سەرکردایەتی هەڵبژێردران، پاشان لە ساڵی ١٩٥٧دا جارێکی دیکە

وتووێژ و گفتوگۆ کردن دەستی پێکردەوە بۆ هاتنە ناوەوەی ژمارەیەك لە ئەندامانی لقی کوردی حزبی شیوعی عێراق، لە کۆبوونەوەکەدا نوێنەرانی پارتی بریتی بوون لە نوری ئەحمەدی تەها و شەهاب شێخ نوری و قادری حاجی تایەر، ئەمەش دوا بە دوای خستنە ڕووی بیرۆکەی یەکخستنی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی کوردستان، پاشان ساڵح حەیدەری و حەمید عوسمان و کەمال فوئادی بەرپرسی لیژنەی ناوچەی سلێمانی حزبی شیوعی عێراق ،هاتنە ناو پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان . کە ئەمەش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو بۆ فراوان بوونی کاروچالاکیەکانی پارتی لە کوردستاندا ،ئەم گڕوتینەی کە جوڵانەوەی کوردی بەخۆیەوە بینی ، بووە هۆی ئەوەی کە پارتی جارێکی تر سەرکردایەتی هەڵبژێرێتەوە کە ئەم سەرکردایەتی یە تازەیە پێك هات لە ئەندامە نوێیەکان لەناو سەرکردایەتی پارتی دا بەم شێوەیە (ئیبراهیم ئەحمەد–سکرتێر، نوری شاوەیس، محەمەد کەریم فەتحوڵڵا، نەژاد ئەحمەد عەزیز، خەسرەو تۆفیق و کەمال فوئاد) لیژنەی نوێی سلێمانیش پێك هات لە (حەمەی حاجی تایەر، قادری حاجی تایەر، لەتیفی نانەوا، قادری میرزا کەریم و حیلمی عەلی شەریف و شەهابی شێخ نوری) هاوکات هەریەك لە (هەمزە عەبدوڵڵا و نوری ئەحمەد تەها و جەلال تاڵەبانی) سلێمانی یان کردە جێکاری خۆیان دکتۆر نووری تاڵەبانی لە بیرەوەریەکانیدا دەڵێ:لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٢دا ساڵح جەبر حزبێکی نوێی بە ناوی حزبی ئوممەی ئیشتیراکی پێکدەهێنێت ، تۆفیق وەهبی و چەند کەسایەتیەکی کوردی تر هاوکاری لەگەڵ دەکەن ، تۆفیق وەهبی بەگ دەکرێتە ئەندامی سەرکردایەتی و دواتر دەبێتە جێگری سەرۆکی ئەو حزبە. سەیر لەوەدابوو وەهبی بەگ ناوی ئەو حزبەی بە حزبی ئوممییە نائیشتراکیەکان ناو دەبرد! و دەیگوت : وەك چێشتی مجێور ، هەموو جۆرە کەسانێکی تێدابوو! ڕەخنەی لە خۆی دەگرت و دەیگوت: شوێنی کڵاوی بابردوو کەوتوین ! لە پایزی ساڵی ١٩٥٢ دا ساڵح

جەبر لەگەڵ چەندین کەسایەتی عەرەب و کورد ، کە تۆفیق وەهبی و شێخ بابا عەلی شێخ مەحموودیان لەگەڵ بوون، دێنە کەرکوك ، ڕۆژی پاشتر دەچنە سلێمانی، کاتێ کاروانی ئۆتۆمبیلەکانی ساڵ جەبر و هاوڕێکانی نزیك سلێمانی دەبنەوە، شێخ مەحموود بە سواری لەگەڵ زیاتر لە بیست کەسی تر لە (داری کەلی)یەوە دەچنە ملەی تاسڵوجە بۆ بەپیرەوە چوونیان ڕۆژی دواتر وێنەیان پێکەوە لەسەر لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی (الامه)دا بلاو دەکرێتەوە .

## کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق

لەبارودۆخێکی ئاڵۆزو شپرزەیی و دروستبونی دەستە دەستەیی لە ناو پارتی دا لە لایەن هەمزە عەبدوڵلاوە کە هەڵگرانی ئەو بیرو بۆچوونە بە باڵی (هەمزەیی )ناسرابوون باڵەکەی تریش بە باڵی ئیبراهیم ئەحمەد ناسرابوون. بۆیە لەڕۆژی ٢٦/١/ ١٩٥٣ دا بە ئامادەبوونی چل ئەندام کە نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکانی پارتی بوون لە شاری کەرکوك ، کۆنگرەی سێیەمیان بەست ئەم کۆنگرەیە گرنگی یەکی مێژوویی خۆی هەبوو لەهەمانکاتدا وەرچەرخانێکی گرنگ بوو بۆ چارەسەریی کێشەکانی ناوخۆ و بنیاد نانی ئایندە و هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتی نوێ ، لەکۆنگرەدا ئەم ئەندامانە هەڵبژێردران

١. مستەفا بارزانی سەرۆك
٢. ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری گشتی
٣.نوری سدیق شاوەیس
٤. جەعفەر محەمەد کەریم

٥.میر حاج ئەحمەد

٦.عەلی عەبدولا

٧.نوری ئەحمەد تەها

٨.جەلال تاڵەبانی

٩.ڕەشید عەبدولقادر

١٠.عەلی حەمدی

١١.جەلیل وشیار

١٢.ئەحمەد ئەمین مەعروف

گرنگی ئەم کۆنگرەیە لەم خالآنە دا دەبینرێت :

١. ناوی پارتی لە پارتی دیموکراتی کوردەوە گۆڕدرا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان .

٢. ناوی ڕۆژنامەی زمانحاڵی پارتی لەڕۆژنامەی ڕزگارییەوە بووبە ڕۆژنامەی خەبات .

٣. بۆیەکەم جار لە مێژوویی پارتیدا ڕێکخراوی جەماوەرییە دیموکراتیەکان یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بڕیاریی دامەزراندنیان درا .

٤. هەمزە عەبدولا بەیەکجاری بەبڕیاری کۆنگرە لە حزب دەرکرا .

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمزە عەبدولاو لایەنگرانی کۆڵیان نەداو بەرەیەکیان دروستکرد بەناوی بەرەی پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەمانیش درێژەیان بەخەبات دا تاکو ساڵی ١٩٥٦ لەگەڵ باڵی ئیبراهیم ئەحمەد یەکیان گرتەوە .

## ( پەیمانی بەغدا)

توركیا یەكێك بوو لەو دەوڵەتانەی ڕۆژهەلات، كەپەیوەندی یەكی بەتینی هەبوو لەگەڵ بەریتانیا و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا. لەسەرەتای كانوونی ساڵی ١٩٥٥ دا سەرۆكی حكومەتی توركیا (عەدنان مەندەریس) سەردانی بەغدای كرد،لە وێ گفتوگۆی لەگەڵ نوری سەعیدی سەرۆك وەزیرانی عێراقدا كرد، لە١٢ ی كانونی دووەمدا لەبەغدا بەیاننامەیەكی هاوبەش دەركرا، تێدا هاتبوو كە هەردوولا بڕیاریاندا پەیماننامەیەك سەبارەت بەئاسایشی هاوبەش مۆربكەن، لە٢٤ی شوباتی ساڵی(١٩٥٥)دا پەیماننامەیەكی تایبەت بەهاوكاریی ئاڵوگۆڕكراوی نێوان عێراق و توركیا مۆركرا[١٨] كە بەناوی پەیمانی بەغدا ناونرا، بەپێی ماددەی( ١)ی ئەو پەیمانە چاوخشێنرایەوە بەئەگەری مۆركردنی چەند ڕێكەوتنامە و پرۆتۆكۆلێك لەبواری بەرەنگاربوونەوەی بزوتنەوەی دیموكراتی،لەوانەش خەباتی گەلی كورد لەپێناوی بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەكانیدا ، ڕۆژنامەی (تەلەگراف)ی لوبنانی لە مانگی ئازاری ١٩٥٥دا نووسیویەتی كە پرۆتۆكۆلی نهێنی نێوان عێراقو توركیا خرایە سەر پەیمانی بەغدا، كە ڕێگە بەبەكارهێنانی فڕۆكەخانەكانی هەردوولا درا لەگەڵ مافی هاتنە ژوورەوەی هێزەكانیان بۆ ناو خاكەكانیان، هەروەها بەپێی پرۆتۆكۆلەكە توركیا بەڵێنی دا یارمەتی عێراق بدات بەمەشق پێكردنی سوپای عێراقو پێدانی چەكی تازە لەسەر حسابی ئەو كۆمەكانەی

---

[١٨] Puris، R.mouriesm le Kurdistan ov lamort..

.شۆڕشەكانی كورد لەسەردەمی نوێ دا وەرگێڕانی بۆ عەرەبی د.عەبدی حاجی و/كوردی بەهادین جەلال مستەفا نوسینی نوسەران جەلیل جەلیل .م.س لازاریف ،م .أ. حەسرەیتان شاكرۆ محۆیان .ئۆلگا جیگالینا. لاپەڕە ٣٥٠-٣٥١.

لەئەمەریکا وە بۆ تورکیا دێن. بەندێکی ئەو پڕۆتۆکۆلە ناوەڕۆکەکە ی ئاماژە دەکات بەهەماهەنگی لەنێوان هەردوولا لەبەرەنگاربوونەوەی (کەسانی ئاژاوەگێڕ کەدژ بەسیاسەتی تورکیاو عێراق کاردەکەن)[19] دژایەتی کردنی پەیمانی بەغدا مۆرکێکی جەماوەری لە خۆگرت لەبەغداو کوردەکانیش چالاکانە بەشدارییان تێداکرد.

ئەوەبوو دانیشتوانی کوردستانی باشوور هەستان بەخۆپیشاندانو مانگرتنو بەستنی چەندین کۆبوونەوە، کەداوایان کرد عێراق لەپەیمانی بەغدا بێتە دەرەوە، هەروەها دەست لەکارکێشانەوەی حکومەتەکەی نوری سەعیدیش. شۆڕشی جوتیارەکانیش دەستی پێکرد لەفوراتی ناوەڕاستو هەولێرو سلێمانی. هەروەها کوردەکان نوێنەرێکیان ناردە بەغدا ،کەلەگەڵ خۆیدا سکاڵا نامەیەکی پێبوو، کەواژۆی (١٠) هەزار کەسی لەسەربوو، کە داواکاری یەکانی وەك ئازادیو گەڕانەوەی زەویو زار بۆ جوتیاران و دەست لەکارکێشانەوەی حکومەتەکەی نوری سەعیدو دەرچوونی عێراق لەپەیمانی بەغدا هەموو ئەوانەی لە خۆگرتبوو کرێکارەکانی کەرکوکیش بۆری یەکانی نەوت و بینای قونسولگەری بەریتانیایان تەقاندەوە.لەموسڵیش قوتابیان ناڕەزاییان دەربڕی بەرامبەر بەهێرشو پەلامارەکەی سەر میسرو هەروەها هاتنەوەی تەرمی شێخ مەحموود لە بەغداوە بۆ سلێمانی ئیتر ڕێوڕەسمی ناشتنی شێخ مەحمود گۆڕا بۆ خۆپیشاندانی جەماوەری لەژێر دروشمی(بڕوخێ نوری سەعید ،بڕوخێ پەیمانی بەغدا)[20] شتێکی ڕوون بوو لای کوردەکان کە ئامانجێکی پەیمانەکە لەناوبردنی بزافی ڕزگاریخوازی کوردی بوو، ئەوەتا ئیبراهیم ئەحمەد لەچاوپێکەوتنێکی دا لەگەڵ ڕۆژنامەی (ساندەی تەلەگراف)بەڕاشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوەو دەڵێ:(کورد دژی پەیماننامەی

---

[19] . P. Kurdistan et Question kurde،vanly

[20] . مێژووی کوردستان نوسینی لازاریف وەرگێڕانی وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی لاپەڕە ٤٤٢–٤٤٣.

بەغدا بوو نەك لەبەرئەوەی شیوعی بوون،بەڵكو لەبەرئەوەی حكومەتەكانی بەشداربوو لەپەیماننامەكەدا دژی دۆزی كوردنو یەكیان گرتووە لەسەر چەوساندنەوەی چالاكی كوردەكان بەوەی چالاكی یەكی تێكدەرانەیە) باشترین نموونەش لەم ڕووەوە كە نیشانی دەدات پەیمانەكە دژایەتی مافو ئاواتەكانی كورد دەكات. ڕێكەوتنی ئێران و عێراق هۆكار بوو بۆ لێدانی جوانڕۆیی یەكان. بۆیە زۆربەی كەسایەتی یە سیاسی یەكانو كەسانی ڕۆشنبیری كورد نامەیان بۆ دەستەی نەتەوە یەككگرتووەكان ناردووە و ئاماژەیان بەترسناكی ئەو پەیمانە كردووە دەرهەق بەنەتەوەی كورد .عیسمەت شەریف وانلی لەوتارێكدا دەنووسێ:(دەتوانم بۆتان ڕوون بكەمەوە، كە بوونی كورد هۆی سەرەكی بەستنی پەیمانی بەغدا بووە لەنێوان توركیاو ئێرانو شانشینی عێراقی نوری سەعیدا، كە هەموویان ڕێكەوتن بۆ سەركوتكردنی بزوتنەوەی كورد هەروەها ئینگلیز دژایەتی بزوتنەوەی نەتەوەی كورد دەكات چونكە حەز بەگۆڕانكاری سیاسیو كۆمەڵایەتی تازە لە ڕۆژهەڵاتی نزیكدا ناكاو هەوڵ ئەدات بۆ پاراستنی سیستەمی سەركەوتوانەی كێڵگەكانی نەوت و قوربانی ئەم نێوەندەش لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنها گەلی كورد بووە).

## (خەباتی نەتەوایەتی كورد لەدیدی حیزبی شیوعی عێراقەوە)

ئەتوانین بڵێین لە ناو حزبە نیشتیمانی یەكانی عێراق دا(حزب الشعب)واتە (حزبی شیوعی) بایەخێكی وای دا بەمەسەلەی كورد كە دیدێكی عێراقیانەی نوێی هێنایە ئاراوە، داوای ڕەفتاری پۆزەتیڤانەی دەكرد بۆ چارەسەركردنی پرسی كورد،لەو بڕوایەدا بوو كە گەشەكردنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی كورد هیچ زیانێكی بۆ پرسی عەرەب نابێ.

ئەو ڕاوبۆچوونانە لە دیدی حزبی شیوعی عێراقیو بالّی چەپی جولاّنەوەی عێراقو ڕێبازی عێراقی یەکی ڕوخسار نویٚ

بوو.کە لە ٣١/ئازاری١٩٣٤دا بەناوی(لجنة مكافحة الأستعمار وَ الأستثمار) دامەزرێنراو سکرتێرەکەی (عاصم فليح)بوو ساڵی ١٩٣٤-١٩٣٥بەنهێنی کەوتە خەبات،هەڵوێستی لەچارەسەری کێشەی کورددا هەبوو لەمانگی تەمووزی ١٩٣٥دا ناوی بوو بە حزبی شیوعی عێراق،لە خەباتی دژ بەئیستیعمارو ڕژێمی پاشایەتیی و دامەزراندنی حکومەتێکی نیشتیمانی عێراقیدا ناسرا،لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەست بوو بە دروشمەکانی یەوە ،کە چارەسەرکردنی کێشەی کوردبوو.بۆیە لەکۆنفرانسی ساڵی ١٩٥٦دا هەڵوێستی کۆنکرێتییو زانستییانەی وەرگرت بەم شێوەیە ( کورد نەتەوەیەکی خاوەنی خاك و زمانی سەربەخۆی خۆیانن و هەموو سیفەتێکی نەتەوەیی تێدا هەیەو کۆمەڵە خەڵکێکی مێژووکردن ، کە خاکی هاوبەشیان هەیەو خاوەنی بناغەیەکی ئابووری بە هێزی هاوبەشن، خوو ڕەوشتو نەریتی هاوبەشیان هەیە).(١٠٨)

ئەمەش لێرەدا مەبەستمانە کە بڵێین حزبی شیوعی هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە بڕوای بەچارەسەری ڕاستەوخۆی کێشەی کورد هەبووە.بەلاّم لێرەدا دەرئەکەوێت ئەم حزبە لەو ساڵانەدابووەکە ڕژێمی پادشایەتی فەرمانڕەوایەتی ولاّتی کردووە . ڕەنگە زیاتریش هەر بۆ پێگەی سیاسی خۆیان بووبێت لەناو کورد دا ، چونکە دواتر لەدوای کودەتای تەمووزی ١٩٥٨و هاتنی عەبدولکەریم قاسم ئیتر وردە وردە کەوتنە دژایەتی کردنی نەتەوەی کورد.هەرچەندە زۆر لەسەرکردە چالاك و دیارەکانی ئەم حزبە لەسەرەتادا لەڕۆڵەکانی کوردبوون وەك عەزیز محەمەد و بەهادین نوری و کەمال فوئادو نەژاد ئەحمەد عەزیزو کەریم ئەحمەد. کە دواتربەهۆی ئالۆزی بیروباوەڕی حزبەکەوە لەساڵانی ١٩٥٧دا کەمال فوئادو نەژادئەحمەد عەزیز هاتنە ناو ڕیزەکانی پارتی

دیمـوکراتی کوردسـتان. ڕەفتارەکـانی حزبـی شـیوعی بەرامبـەر بـەکوردو شۆڕشـەکەی لەساڵانی ١٩٦١بە دواوە تا کۆتایی ساڵانی ١٩٧٥دەمانخاتە سـەر ئـەو بـاوەڕە کـە حزبـی شیوعی دژ بەمافەکانی کورد هەڵوێستی نەرێنی هەبووە مێژوونوسی گەورە دکتۆر کـەمال مەزهـەر لەنووسـینەکانیدا لـە( الطبقـة العاملـة العراقیـة)دا دەڵـێ: ئەوانـەی سەرچـاوەی خوڵقاندنی جۆرە جیاوازی یەکی زۆر ئاشکرابوون لەبیرو هەستو نەسـتو دیـدو بۆچـونو دروشـمو ئامـانج دا ئـەو لەیـەك دووریو پچـراوی و جیـاوازی یانـە کاریـان کـردە سـەر داڕێژەرانی دروشمو داخوازی و ئامانجەکان، بۆیە هەر زوو دروشمەکـەی سـاڵانی (١٩٣٤- ١٩٣٥) لە ساڵی ١٩٥٦ داپێچرایەوە. حزبەکە کەوتە بەر پاڵەپەستۆی گوشـاری بـورژوای عێراقیو لەدواییشدا بورژوای عەرەبی.ئەمـەش لـەجێگای خۆیـەوە شـاڵاوی پاڵەپەسـتۆی خـۆی ئاڕاسـتەی کـورد کـردو فشـاری خـۆی وا خسـتە سـەر جوڵانـەوەی نەتەوایـەتیو نیشتیمانی کوردستان، کە هیچ حزبو کۆمەڵێکی کوردیو کوردسـتانی نـەما تـیری خـۆی لەو سەرچاوەو مەڵبەندەوە ئاڕاستە نەکات.(١٠٩)هاوکـاری کردنـی دەوڵـەتی شـورەوی بـۆ عەرەبـــە نەتەوەییـــەکان وهوشـــیارکردنەوەی عێراقـــی یـــەکان و بـــرەو پـــێ دانیان،کۆمونیستەکان هەر لەدێر زەمانەوە هەوڵیان دەدا کـورد تـێ بگەیـەنن کـە هـەموو تێکۆشانێکی نەتەوەییانە،کوردایەتی بێت یاعروبە،هەوڵـدانێکی ئیمپریالیزمانەیـە ولەگـەڵ کۆمۆنیزمدا یەك ناگرنەوە،کە خەڵکی سـادەی کوردسـتان بینیـان وا شـورەویی بەگـەرمی پشـتگیری بزوتنـەوەی نەتـەوە خوازانـەی (ناسـر)دەکـات لەگـەڵ ئـەو هـەموو هەڵوێسـتە نادۆستانەیە ی دا بەرامبەر شیوعی یەکانی میسر ،ئیتر باوەڕیان بەشـیوعییە تـی خۆمـان کزبـوو. بۆیـە لـەو ڕووەوە لقـی کوردسـتانیان گۆڕانکـاری وای بەسـەردا هـات کـە زۆر ئەندامیان بەتەواوی بڕوایان دوای ١٧یئابی ١٩٥٧ لەق بوو.

کەمال فوئادوصالّح حەیدەریو حەمیدعوسمان و نەژاد ئەحمەد عەزیزو هەندێکی تر لەئەندامانی بالآیان لەحزبی شیوعی عێراق لەکوردستاندا ڕوونکردنەوەیەکیان— بڵاوکردەوە بە و پێ یە لقی کوردستانیان هەڵوەشاندەوە و بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پەیوەست بوون .ئەمەش گورزێکی گەورە بوو بۆ حزبی شیوعی(١١٠)

لەبەرامبەردا حزبی شیوعی لەناملیکەیەکدا هەڵوێستی کەمال فوئادو هاوڕێکانی بەهەڵوێستێکی بورژوایانەی کەم بایەخ تاوانبار کرد و دابڕانیشیان بەڕاسپاردەی ئیمپریالیزم دەستنیشان دەکەن.ئیتر پارتی دیموکراتی کوردستان

گڕوتینێکی پەیدا کرد. بزوتنەوەی نەتە وەخوازی (ناسری)لەمیسردا تادەهات بەگڕوتین دەبوو لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ جەماوەری زیاتری لێ کۆدەبۆوە،جگە لە ناوخۆ پاڵپشتی زۆرینە ی عەرەبیشی لەدەرەوەی سنووری میسر بۆ خۆی مسۆگەرکرد،بۆیە واپێویستی دەکرد کە مەسەلە ی کوردی پێ ئاشنا بکرێ و سەرنجی بەلایدا ڕابکێشرێ ئەمەش کاری کەسایەتی یە ڕۆشنبیرە نەتەوایەتی یەکانی کورد بوو کە هەستن بەو کارە، چونکە لەناو کوردیشدا کەسانێکی وا هەبوون کە نەتەوەخوازیوسەربەخۆیی ئامانجی خەباتیان بێت و لەو ڕێگەیەوە پێیان وابوو دەتوانن ئامانجە نەتەوەیی یەکان بپێکن بۆ ئەو مەبەستە (جەمال نەبەز)یەکەم هەنگاوی نا لەڕێگەی نووسینێکەوە بەزمانی عەرەبی بەناوی (کفاح الاکراد) کەگرنگیو بایەخی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردی بۆ خەباتی ئازادیخوازانەی عەرەب ڕوونکردەوە،پاش ئەوەی وەفدێکی هاوبەشی کوردو عەرەب لەساڵی ١٩٥٧دا چوونە قاهیرەو سەردانی(ناسر)یان کرد، ناسریش بڕیاری دا بەرنامەیەکی کوردی لەئیزگەی قاهیرە پەخش بکات. بەڵام مامۆستا جەلال تاڵەبانی لەنووسینەکانیدا دەنوسێ: لەکاتی توندبوونی خەباتی نەتەوەیی عەرەبی دژی داگیرکەرو پەیمانەکانو دەرکەوتنی قاهیرەی پایتەختی کۆماری میسر دژ بەداگیرکاری بووە قەڵایەك

بۆ خەباتی عەرەبی لەدژی هەر جۆرە داگیرکارییەك– نەتەوەی کورد هەرزوو دەستی کرد بەپتە وکردنی خەباتی هاوبەش لەگەڵ گەلی عەرەبداو پێشرەوە پێشکەوتوخوازەکەشی کە پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان بوو هەر لەساڵی ١٩٥٦دا دەستی بەکاری جددی کرد ، بۆ نزیکردنە وە لەنێوان هەردوو بزوتنەوەی نەتەوەیی عەرەبیو کوردی لەپێناو یەکخستن و پێکەوە پەیوەست کردنی خەباتی شۆڕشگێڕیدا ،لەساڵی ١٩٥٦دا بزوتنەوەی عەرەبی ئازاد کە میسری ناسری کردە بنکە و پێگە ی خۆی ،دەستی کرد بەچوونە ناو جەنگێکی ئاشکراوە لە دژی داگیرکەرو پەیمانی بەغدای داگیرکاری یەوە(١١١).

دوای هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر میسر لەساڵی ١٩٥٦دا خۆپیشاندانی پشتیوانی کردن لەمیسر دژی ئەو هێرشە ڕوویداو قوتابیانی کوردستان بەشدارییان تێدا کرد، نیشتیمان پەروەرەکانی کورد لەپێشیانە وە سەرکردە و ئەندامانی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان پشتیوانیان لە خەباتی گەلی میسرکرد.بە و هۆیە وە توشی گرتنو چەوساندنەوە هاتنو لەساڵی ١٩٥٦دا مامۆستا إبراهیم ئەحمەدو عومەر مستەفا(عومەر دەبابە)و مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل (مەلا ماتۆڕ)درانە دادگای عورفیو بەتۆمەتی کارکردن بۆ پشتیوانی لەگەلی میسرو خەباتەکەی لەدوایدا حوکم درانو خرانە ژێر چاودێری پۆلیسەوەو(مەلا عەبدوڵڵا)بەکەفالەتی نەقدی لەبەرامبەردا ئازادکرا(١١٢).

هەر لەساڵی ١٩٥٧دا بوو کە پارتی هەوڵەکانی خۆی خستە گەڕ بۆ پەیوەندی کردن،بە بزوتنەوەی عەرەبی ئازادەوە، کەلە میسرو سوریا گەشە ی کردبوو. لەهەمان ساڵیشدا وەفدێکی لاوانی کورد بەشدارییان لەفیستیڤاڵی لاوانو قوتابیانی مۆسکۆدا کرد. لەسوریاش وەفدێکی پارتی کە پێك هاتبوون لەجەلال تاڵەبانیو عەبدولڕەحمان

زەبیحیو کەمال فوئاد چەند دانوستانێکیان لەگەڵ سەرکردە سوریەکان ئـەنجام دا وەك( ئەکرەم ئەلحورانی) کەسەرۆکی پەرلەمانی سوری بوو هەروەها موقەدەم عەبـدول حەمیـد سەراج ،کەکەسایەتی یەکی سەربازی ناسـراوی ئەوکاتـە بـووە، لـەو رۆژگـارەدا ئـەتوانین بڵێین کوردو شۆڕشەکەی بەرچـاو ڕوونییـەکیان هـەبوو. ئەمـەش کاریگـەری شۆڕشـەکانی عەرەبی زیاتر بەسـەرەوە بـوو. لەگـەڵ ئەوەشـدا خـەباتی چـینایەتی لـەزۆر وڵات سـەری هەڵدابوو بەهۆی ئەو تەوژمە سۆسیالیستەوە کەلەڕۆژهەڵاتەوە

هەڵی کردبوو. ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ ترسو دڵەڕاوکێی وڵاتە ئیمپریالیزمە جیهانیـەکان بۆ بیرکردنەوەی ئیمپریالیزم لەدروست کردنی بەربەستێك بـۆ ئـەو تەوژمـە کـە پێویسـتی یەکی ژیاری بوو،چونکە بەرژەوەندی یەکانیان کەوتبووە مەترسی یەوە. بۆ ئەو مەبەستە بوو لەدوایدا ڕژێمە شمولیەکانیان دروست کرد وپشتگیرییان دەکردن.چاویان لـەڕەفتارە دژ بەمرۆیی یەکانیان دەپۆشی. بەداخڵ بوونی عێراقو بوون بەئەندامی کۆمەڵەی گـەلان، پەرەسـەندنی مەسـەلەی کـورد کەوتـە نـاو قۆنـاغێکی نوێـوە سـەبارەت بـەوەی کـە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کـورد لەعێراقـدا کەوتـە بـەردەم پەرەسـەندنو لـەبارودۆخی دەوڵەتی سەربەخۆو خاوەن قەوارەیەکی نێودەوڵـەتیو بڕواپێکراوهاتـەڕوو. ئـەو کاتـەش پەرەسەندنی پرسی کورد لەسەر ڕێبازی سەربەخۆ لە مەسەلە ی عێراقدا بەگشتی کۆتایی هات.ئەو واقیعە تازەیەش،بوونی کورد لەگەڵ عەرەب لەناوچوارچێوەی یـەك دەوڵەتـدا،و داننـان بـەو واقیعـە لـەڕوی نێودەوڵـەتییو یاسـاییەوە. بابـەتێکی گرنگـی هێنایـە کایەوە،لەسەر بزووتنەوەی نیشتیمانی کوردی عێـراق ،کـە پێویسـتی کـرد ئـەوە بخرێتـە بەرچـاو لەنەخشەکێشـانی ئەرکـە سـەرکیەکانیداو دەبـێ سیاسـەتە گشـتیەکەی لەسـەر ئیعتیراف کردن بەو واقیعە دابڕێژێ. (١١٣)

## (کۆچی دوایی شێخ مەحموودی نەمر)

شێخ مەحموودی شێخ سەعید دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشیدا بەناچاری بردیانە بەغدا بۆ چارەسەر لەنەخۆشخانە ی (حەیدەرییە)لەشەوی ٩/١٠/١٩٥٦کۆچی دوایی کرد . ئیزگەی بەغدا وەکو بەیانێکی نیمچە فەرمی ئەم هەواڵە ماتەمەی بڵاوکردەوە. زۆربەی ئەو کوردانەی دانیشتووی بەغداو خەڵکانێکی زۆری عەرەب لەنەخۆشخانە کۆبوونەوەو لەکاتژمێر ٩,٣٠بەیانی تەرمەکەی بەرێ کرا بەرەو سلێمانی مامۆستا عەلادین سەجادی یەکێك بووە لەبەشداربووانی ئەو ڕێو ڕەسمە پرشکۆیە ، دەڵێ: وردە وردە لەوڵاتی کوردەواری یەوە خەڵك بۆ پێشوازی تەرمی پیرۆزی شێخ مەحمود دەرکەوتن،ئەو ناوچە کوردی یانەی لەرێگادا بوون هەموو بەگەورە و بچووکەوە هاتنە سەر ڕێگاکە.لەخورماتوو قائیمقامی ئەو شارۆچکەیە(بورهان جاف) خۆی لەپێشوازی دا بوو. کاتێك تەرمەکە گەیشتە شاری کەرکوك ئیتر خەڵکی کەرکوك ڕژانە سەر شەقامەکانو پارێزگاری کەرکوك لەپێشوازی تەرمەکەدا بوو لەگەڵیان هات تا قەرەهەنجیر پاشان گەیشتە وە شاری سلێمانی. کە خەڵکانی ناوچەکانی دەرەوەی سلێمانیش هاتبوون بۆ پێشوازی کردن لە تەرمی شێخ مەحموود. لەو ڕۆژەدا پارێزگاری سلێمانی (عومەر عەلی)لەسلێمانی نەبوو جێگرەکەی (فەوزی سائیب)و زۆربەی بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی حکومەت لەگەڵ جێگری پارێزگار ئامادەی ڕێوڕەسمەکە بوون. پاشان بەرەو مزگەوتی گەورە ڕۆیشتن. لەوکاتانەدا شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحموود لەبەندیخانەدا بەندکرابوو حەماسی خەڵکەکە هێندە زۆربوو تەرمەکەیان برد بۆ بەردەم بەندیخانەی گەورەی سلێمانی تاکو شێخ لەتیف چاوی بەتەرمەکە بکەوێت.ئیتر لەو سەردەمەدا خەڵکی کوردستان هێندە داخ لەدڵ بوون دژ بەحکومەتو ڕەفتارەکانی پیاوانی حکومەت.ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە

خەڵك لەگەڵ پیاوانی حکومەت تێکهەڵپڕژان دروست بکەن و بە هوتـاف کێشـانو دروشمـی (بڕوخێ نـوری سـەعید)بڕوخـێ(پـەیمانی بەغـدا)یـان دەوتـە وە ئـیتر تەقـە دروسـت بـوو لەسەرای سلێمانی یەوە تەقە لەخەڵك کراو (٤٠)کەس بریندار بوون ،(٢)کەسـیش شـەهید کران یەکێکیان فەقێ یەك بووئەوی تریان(ئەختەر) ژنی ڕەشۆلی هونەرمەند بوو.هـەر ئـەو شەوە بۆ ئەوەی کارەساتی گەورەتر نەقەومێ بەپەلـە لـەناو مزگـەوتی گـەورەو لای کـاك ئەحمەدی شێخ بە خاك سپێردرا .عومـەر عـەلی پارێزگـاری سـلێمانی لەبەغـداوە بەپـەلـە گەڕایـــەوە بـــۆ ســـلێمانی و شـــەوەکە ی بـــەلاغێکی بڵاوکـــردەوە. هاتوچـــۆی قەدەغەکرد،سـەربازو پـۆلیس بەشـاردا بڵاوبوونـەوە. بـۆ بـەیانی کەوتنـە خـەڵك گـرتنو (٥٢)کەسـیان گرت،ڕۆژنامـەی (ژیـن)هـەواڵی کۆچـی دوایـی شـێخ مـەحموودی بڵاوکـرد بـۆەوە(١١٤). عومـــەر عـــەلی لەســـەر ئەوەکارمەنـــدانی ڕۆژنامەکـــەی گرتـــوو نەیهێشـــت ڕۆژنامەکەش بڵاوبکرێتەوەو دەستیان گرت بەسەریا تا ئێوارە ئیتر پیاوانی ناسراوی شـار چوونو ئازادیان کردن. ئەو ڕەفتارە نابەجێ یانـەی حکومـەت کـارێکی وای کردبـوو ،کـە هەمیشە خەڵك ئامادەییان تێدابێت بۆ شۆڕش دژ بە پاشایەتی. شـێخ مـەحموود لەسـاڵی ١٨٨٢لەشاری سـلێمانی گـەڕەکی کـانی ئاسـکان لـەدایك بـووە. لەمێـژووی دوورو نزیکـی نەتەوەی کـورددا یـەکێك بـووە لـەو سـەرکردانەی کـە هـیچ کاتێـك سازشـی نـەکردوە بـۆ دوژمنەکانی و هەتا هێزی لە دەور بوو.بەربەرەکانی کرد بەڵام مخـابن ئـەو پیـاوە هێنـدە دوژمن فشـاریان خسـتبووە سـەری،کە نەیـدەزانی لـەچ لایەکـەوە بەربـەرەکانیان بکـات، جارێـــك تورکـــەکانو پیاوەکـــانی، کـــە بـــەجل خوارەکـــان ناســـرابوون وهـــەر ڕۆژەی پڕوپاگەندەیەکیان بۆ بڵاودەکـردەوە. جـارێکیتر ئینگلیزەکـان کاریـان لەسـەری دەکـردو بیانوی جۆراوجۆریان بۆ دەهێنایەوە . ئەمە جگە لە ڕژێمی پاشایەتی کـە ئـە وانـیش کـە متریان پێ نەکرد لەوانی تر.بەڵام شێخ مەحموود توانی بە دوژمنانی بسە لمێنێ کە کورد

هەرگیزچۆك بۆ دوژمنـەكانی دانـاداو هـەر دەبێـت ئـازادبن.لـە بـواری ڕۆشـنبیری دا شـێخ مـەحموود رۆڵێكـی باشـی بینـی ،كـە زۆر لەئـەدیب و نووسـەرانو شـاعیرانی ئـەو كاتـە لەدەوری بوون.هەر لەسـەردەمی ئەویشـدا بـوو كـە رۆژنامـەكانی ڕۆژی كوردسـتان١٩٢٢و بـانگی كوردسـتان ١٩٢٢وبـانگی حـەق١٩٢٣و ئومێـدی ئیسـتیقلال ١٩٢٤ی دەردەكـردن. كاتێكیش هێزەكـە ی كشـانەوە بـۆ ناوچـە ی سـورداش و ئەشـكەوتی جاسـەنە ی كـردە بنكەو مەڵبەندی سەركردایەتی خۆی.ئەوەی لەیادنەكرد كەچاپخانەی(بەلەدییـە)ی بـەجێ نەهێشت(١١٥). ئەمانە هەموو سەروەری بـوون ،كـە نـەوە لـەدوای نـەوە بەشـانازی یـەوە لەخەباتو ماندووبوونی شێخ مەحموودی شێخ سەعید بڕوانیٚ.

## (چالاكی یەكانی قوتابیانی كوردستان)

لەساڵی ١٩٥٦دا كۆنگرەی قوتابیانو لاوانی جیهان لە (وارشۆ) گیرا، زۆرینـەی ئەنـدامانی حزب و قوتابیان بڕیاریاندا(مام جەلال)وەك نوێنەری قوتابیانی كوردستان دیاری بكـەن و بینێرن بـۆ بەشـداری كـردن و بـەڵكو هـەوڵ بـدات لەیـەكێتی قوتابیـانی جیهـان بەئەنـدام وەربگیرێن.لەوچوونەدا هەندێ ڕاگۆڕینەوەش هەبوو لەگەڵ كۆمەڵـەی خوێنـدكارانی كـورد لەئەوروپا تابتوانن خوێندكارانی كورد،سەربەخۆ لەژێر دروشمی (نەتەوایەتیمانا)بەشـداری بكەن،بەڵام یـەكێتی قوتابیـانی عێـراق كەسـەربە حزبـی شـیوعی بـوو دژ بـەم بەرنامەیـە وەستایەوە و بەكارێكی جیاخوازی دانا. ڕازی نـەبوون دوو ڕێكخـراوی قوتابیـانی عێراقـی ببنــە ئەنـدام . تالەدواییـدا نوێنـەری عێراقیـان ناچـاركرد لەگـەڵیانا دانیشـێ و بەچـڕی گفتوگۆبكەن. لەكۆتاییدا لەسەر هەندێ خاڵ ڕێكەوتن كە بریتی بوو لە:

١-يــەكێتی قوتابیــانی كوردســـتان،نوێنەری خوێنـــدكارانی لیــوا كــوردی یــەكان بــن‌و ڕێكخراوەكەش ببێتە ئەندامی یەكێتی قوتابیانی عێراق.

٢-سكرتاریەتی یەكێتی لەنوێنەرانی هـەردوو ڕێكخـراوە كۆنەكـە پێكبهێـنن ولەسـەرەتادا لیژنەی هاوبەش بۆ یەكگرتنەوە پێكبهێنرێ.

٣-خوێندكارە كوردەكانی كۆلێژەكانی بەغدا،ببنە ئەندامی یەكێتی قوتابیانی جیهانی.

لـەكۆتایی سـاڵی ١٩٥٧و سـەرەتای ١٩٥٨ئاگـاداری سـكرتاریەتی هـەردوو یـەكێتی كـرا، ئەوانیش بـۆ مەبەسـتی جـێ بـەجێ كردنـی بڕیارەكە،مامۆسـتایان شەمسـەدین مـوفتی ، فازیل سەعید ئاغا. مەحمود عوسمان ،یەكێتی قوتابیانی كوردستان‌و یـەكێتی قوتابیـانی عێراق لەهەولێر حەیدەر هەمزە نوێنەری یەكێتی قوتابیانی كوردستانیش لە سلێمانی حـە مە چاوشین و نوێنەری یەكێتی قوتابیانی عێـراقیش عەبـدوڵڵا عـەزیز ،،نوێنـەری یـەكێتی قوتابیانی كوردستان لەكەركوك كاكە مەم فـەخری بۆتـانی‌و نوێنـەری یـەكێتی قوتابیـانی عێراقیش لەكەركوك فەتحوڵلا عیزەت و لەدوای ئەو عیزەت عوسمان بوون . كۆبوونـەوە ی یەكەمیش لەماڵی(تاهیر مستەفا)بوو.(١١٦)

## (شۆڕشی ١٤ای تەمووزی ١٩٥٨بە سەركردایەتی عەبدولكەریم قاسم)

ڕژێمی پاشایەتی هەر لەسەرەتای دامەزراندنی حكومەتی عێراقەوە هەمیشە ئامێرێك بووە بەدەسـتی بەریتانیاوە،بـە هــە ر جۆرێـك مـەیلی بووبـێ و لەبەرژەوەنـدی بوایە،كـەس نەیتوانیوە لەبەرامبەریدا بوەستێتە وە. یـاخود نـاڕەزایی دەربـڕێ، ئەگـەر كـارێكی لـەو چەشنەش كرابێ ئەوا كەوتۆتە بەر لێپرسینەوە و دوورخستنەوە.

گەلی عێراق بەگشت پێکهاتەکانیەوە زۆریان چەشت بەدەست ئەو ڕژێمەوە تا کارگەیشتە خۆپیشاندانو ناڕەزایی . گەلی کورد لەکوردستان دا زۆر زیاتریان پێ کرا. لەکاتێکدا ئەگەر حکومەتی عێراقی بەرەنگاری شۆڕشی کوردی پێنەکرایە،ئەوا فرۆکە جەنگیەکانی بەریتانیا کارەکانی بۆ جێ بەجێ دەکردن. وەکو بینیمان لەساڵی ١٩٤٦لە ناوچەی ئامێدی و بارزان(٥٠)گوندیان تەخت کردو( ٥)گوندی بارزان بەدانیشتوانەکەیەوە سەرگەردان کران.بۆیە ڕقو تۆڵە سەندنەوە لەناخی گشت خەڵکی عێراقدا بوونی هەبوو بەتایبەتی خەڵکی کوردستان لەخۆپیشاندانەکانی شەوانی شاری سلێمانی دا دروشمەکانو هوتافەکان گڕوتینێکی دابوو بەخەڵك هەر لەرۆژی ١٤تەمووزی ١٩٥٨دا کە شۆڕشەکە بەسەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسم توانیی ڕژێمی پاشایەتی لەناوبەرێ و دەست بگرێ بەسەر گشت دامو دەزگاکانی دەوڵەتدا. پاش کودەتاکە کوردستانی عێراق چەند ڕۆژێك بێ ڕژێم مایەوە. ئێوارەی ١٧تەمووزی ١٩٥٨کۆبونەوەیەکی سیاسیانە لە سلێمانی کرا.تا جێگەی کورد لەکۆماری تازەدا دیاری بکەن.(١١٧)بەشداربوانی کۆبوونەوەکە بریتی بوون لەهەمزە عەبدوڵڵا و حیلمی علی شەریف لە پارتی و ئەحمەد غەفوور وەك نوێنەری حزبی شیوعی عێراقو جەمال نەبەز وەك نوێنەری دەستە ی سێ هەم[٢١] و هەندێك پارێزەرو کاسبکاریش بەشداربوون ئەحمەد غەفوور پێ ی وابوو، کە دەبێت کورد لایەنگری لەکۆماری تازە دروست بوو بکات و گیراوەکان ئازادبکرێن کە زۆربەیان سەربەحزبی شیوعی بوون و داوای دروست کردنی (مقاومەی شەعبی)دەکرد.جەمال نەبەزیش ڕای وا بوو کە پێویستە کورد (کۆمیتەیەکی نەتەوایەتی )ڕێك بخات لەچوارچێوەی سنوورەکانیدا مام جەلال لەنوسینەکانی دا دەڵێت مامۆستا

[٢١] . دەستەی سێ هەم کەسانێك بوون نە سەر بە پارتی بوونو نەسەر بە حزبی شیوعی.

ئیـبراهیم ئەحمـەد سـکرتێری گشـتی ناوەنـدی حـزب نووسـیویەتی و دەڵـێ : دوای ڕاگەیاندنی شۆڕش بە کە متر لەکاتژمێرێك سەرکردەکانی حزب لەکەرکوك بروسـکەیەکیان نارد بۆ سەرکردایەتی هێزە چەکدارە نیشتیمانیەکان و پشتیوانی ئەو شۆڕشە پیرۆزەیـان کردو خوازیاربوون ببێتە سەرەتای سەردەمێکی نوێی پەیوەنـدی عـەرەبی–کـوردی ،بـەو شێوەیەی کە خێرو باشەو پێشکەوتنی بەدواوە بێت،بۆیە هەردوو گەل ئـەو ئامادەییـەیان تیابوو لە١٦تەمووزی ١٩٥٨دا حزب بەیاننامەیەکی دەرکرد کە لیژنەی ناوەندی کۆ دەنـگ بوون لەسەری لەو کۆبونەوەیەدا کەلە هەمان ڕۆژدا بەسترا تێدا هاتبوو بەم شێوەیە:

## ( بەیاننامەیەك بۆ گەلی کورد)

حزبی دیموکراتی کوردستان پێشڕەوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی ،ئەرکی مێـژوویی خـۆی بـە هەنـد وەردەگرێـت و لـەپێناوی بـەدیهێنانی ئامانجـەکانی نەتـەوەیی کـورددا بەڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنێت. گەورەبوونی هێزی بزوتنەوەی گـەلی ڕزگـاریخوازی عـەرەبیو سەرکەوتنیو ڕزگاربوونی عێراق لە حوکمی پاشـایەتی گەنـدەڵ و دوژمنـی سەرسـەخت و دامەزراندنی سیستەمێکی کۆماری ئازادو کشـانەوەی عێـراق لەپەیماننامـە ی بەغـدا کـەوا تیرەکانی ئاراستەکراون بۆ دڵی نەتـەوەی کـورد، هـەموو ئـەوە پتـە وتـرین بنـە مـا سـاز دەکات بۆ بنیادنانی کۆشکی ژیانێکی پڕلە خۆشی و ئازادیو یەکسـانی بـۆ هـەردوو گـەلی عەرەبی و کوردی، بۆیە حزب بڕیـاری دا بەهـەموو هێـزو تواناکانیـە وە خـەبات بکـات،بۆ بەرگری کردن لەکۆماری عێراق و چەسپاندن و بوژاندنەوەی . بۆجـێ بـەجێ کردنـی ئـەم مەبەسـتەش هـەموو توانـاو هێزەکـانی خـۆی دەخاتـە ژێـر بـەڕێوەبردنی ئـەم شۆڕشـە

شکۆدارەوە. هەروەها هەموو ئەندامو لایەنگرانی دەکاتە سەرباز وەك گیان بەخشینێك بۆ کۆماری عێـراق و بـەرگریی لێکردنـی دژبـە داگیرکـەرو پیلانـەکانی.....)پاشـان مامۆسـتا ئبراهیم ئەحمە د چەند دیدارێکی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسـم دا سـازداو دواجـار لەبـەردەم لیژنەی ناوەندی حـزب هـەمووی خسـتەڕوو.(١١٨)هەرچـەندە ئەمـە تێڕوانینێکـی ڕاسـت و دروستی خەڵکی کوردستان بـوو بەرامبـەر بـە حـوکمی تـازەی کۆمـاری بەسـەرکردایەتی عەبدولکەریم و دارو دەستەکەی . بەڵام جەمال نەبەز دەڵێ هەڵوێستی قاسم بەرامبـەر بـە کورد هەر لەسەرەتاوە ڕوون بوو. چەند ڕۆژێك دوای کودەتاکە من(جەمال نەبەز)و هەشت مامۆستای ناوەنـدیو سـەرەتایی یاداشـتێکمان بـۆ قاسـم و وەزیـری رۆشـنبیری(د.جـابر عومەر)ناردو داوای مافە ڕۆشنبیری یەکانی گەلی کوردمان کرد. دەسـت بـەجێ ڕۆژنامـەی (البلد) کە ئەو یاداشـتەی بڵاوکردبـۆوە لەلایـەن(عەبدولسـەلام عـارف)ی جێگـری سـەرۆك وەزیرانو وەزیری ناوخۆوە قەدەغەکرا،هەرچەندە چاودێریش ڕێگەی یاداشتەکەی دابوو. پاشان لە١٧ی تـەمووزدا وەفـدێکی کـوردی کـە ئیـبراهیم ئەحمـەد بـوو لەگـە ڵ قاسـم دا کۆبوەوە، لەوەزارەتی بـەرگری لەبەغـدا. ئیـبراهیم ئەحمـەد ئـەو کاتـە سـکرتێری گشـتی پارتی بوو،بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد هیچ داواکاری یەکی ئەوتۆی پێش چاو نەخست، بـەڵکو تەنها باسێکی سەرپێی گەلی کوردو خاکی کوردستانی کردبـوو. قاسـم لەوەڵامـدا وتبـووی برا کوردەکانی (شیمال)لە پڕوپاگەنـدە ی ئیمپریـالیزم بـە ئاگـا دێنێتـە وە. بۆیـە جمـال نەبەزیش هە مان ڕۆژ بەئیبراهیم ئەحمەد دەڵێ: پێم وایە قاسم نەدۆسـتی کـورد دەبێـتو نە بە هیچ جۆرێکیش باوەڕی بەدیموکراسی دەبێت، ئـەوێك لـەم کاتـە ناسـکەدا نەیـەوێت هیچ دەربارەی کورد بڵێ ئاخۆ کە ڕۆژێك گوڕو هێزی پەیدا کرد و جێ پێ ی قایم بوو چی دەکا؟

کاك مەسعود بارزانی لەکتێبەکەیدا دەنوسێ: بەرەبەیانی ١٤تەمووزی ١٩٥٨تیشکی ئازادی عێراقی گرتەوە، ڕادیۆی بەغدا مژدەی ڕابوونی کۆماری عێراقو نەمانی ڕژێمی پادشایەتی ڕاگەیاند. ئەم ڕۆژە لەعێراقدا ڕۆژێکی نەمرە.

تا ئەو کاتە بۆ گەلی عێراق ڕێك نەکەوتبوو ڕۆژێکی ئەوەندە خۆشو بەختەوەر بەخۆیەوە ببینێ،لەکوردستانیشدا تەواوی جەماوەر ڕاپەڕین بۆ جاڕدانی پشتگیری و شادبوونیان بەشۆڕش، ئەو شۆڕشە هیوای ئەوانی بوژاندەوەو دانی نابە هاوبەشییان لەگەڵ جەماوەری عەرەبدا لە عێراق، کە ئەمە باشترینو لەبارترین بناغەیە بۆ برایەتی کوردو عەرەب. عێراقی یەکان بەشادییەوە مژدەی ڕابوونی شۆڕشیان وەرگرت، چونکە هەموو ئاوات و پاشەڕۆژی پڕ لەبەختەوەری خۆیانیان تێدا بەدی دەکرد کێ لەو ڕۆژەدا دەیزانی ئەم هەموو بەختەوەری یە کە چاوەڕوانی بوون هاتە دی ،زۆری نەخایاند ئەوەی لەژێر سێبەری کۆماری دا چاوەڕوانییانە لەزۆرداری ملهوڕی و خنکاندنو تۆقاندنەکانی سەردەمی پاشایەتی زۆر تاڵترو دژوارترە.(١١٩)هەروەها ئەم ڕاوبۆچوونانە تەنها ڕاوبۆچوونی ڕۆشنبیرانو سیاسەتمەدارانی کورد نەبووبەڵکو زۆرێك لەڕۆشنبیرانی عەرەبو تورکمان و کەمە نەتەوەکانی تری عێراقیش بوو هەریەکەیان بەجۆرێك خوێندنەوەیان بۆ دەکرد بەڵام ئەوەی کە زیاتر خۆیان وابەستە کرد بەو خەونەوە کە چەندەها ساڵ بوو لەچاوەڕوانی دا بوون تەنها ڕۆشنبیرانو سیاسیەکانی کورد بوون ،کە زیاتر تامەزرۆی ئەو ڕۆژە بوون کە ڕژێمی پاشایەتی لەگۆڕ نرێو ئاسەواری نەمێنێ. چونکە هێندە دەردی سەری چەشتبوو کە هەموو دەرگاکانی ژیانی بەڕوودا داخرابوون. ئەوەتا مامۆستا محەڕەم محەمەد ئەمین کە ئە ویش جگە لەسیاسی بوونەکەی کەسایەتیەکی ڕۆشنبیریشە کە تێڕوانینێکی گەشی بۆ شۆڕشی ١٤ی تەمووز هەبوو کە دەڵێ:کۆماری ڕزگاربووی عێراق ئەو تیشکە گەشەیە کەلە ڕۆژی ١٤ی تەمووز لە ساڵی

١٩٥٨دا ئەم ناوچەیە ی ڕووناك كردەوە گەرچی ئیمپریالیستەكان و كۆنەپەرستەكانی ناوخۆ چۆن لەسەرەتاوە لەچالاكی دا بوون لەماوەی ساڵی ڕابردوودا هەر بەو پێیە، بگرە زیاترو بەچەشنێكی تر چالاكییان دەست پێكردووە ، بۆ نانەوەی ناكۆكیو دوو دڵی لەنێوان گەلو حكومەتە نیشتیمانیەكەی و لەنێوان نەتەوەی كوردو عەرەبدا. ئەم دوو نەتەوەیە كۆڵەكەی بەهێزی كۆمارە خۆشەویستەكەمانن. بەڵام شارەزایی گەل لەدەسیسەو پیلانی ئیمپریالیستەكان و بەرزی هۆشی هەردوو نەتەوەی كوردو عەرەب.پتەوی و بەهێزی یەكێتی یەكەیان بوو بەهۆی سەرنەكەوتنی نیازە چەپەڵەكانی ئیمپریالیزم داردەستەكانی . وەلە ساڵی ڕابردوودا بەكوردو عەرەبەوە، بەهەموو چینە كۆمەڵایەتیەكانو پارتە نیشتیمانیەكانیەوە ،چاوەڕێی برانەوەی ماوەی گواستنەوە بوون،وە هەڵگرتنی حوكمی عورفی و یاسا نائاساییەكان و دانانی یاسای هەڵبژاردن و هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانی و نەتەوەی كوردمان چاوەڕێ بوو لەساڵی ڕابردوودا بەندی سێهە می دەستورە كاتیەكەمان بەتەواوی بەكاربهێنرێ و گەلەكەمان بەهەموو مافەكانی شادبێت بۆ ئەوەی هیچ درزو دەلاقەیەك نەمێنێتەوە دوژمن لێوەی بێتە ژورەوەو زەفەرمان پێ بەرێ .بەڵام چ لەبارەی خواستە گشتی یەكانی گەلی عێراقو چ لەبارەی مافە تایبەتیەكانی گەلی كورد لەكوردستانی عێراق لەساڵی رابردوودا زۆربەیان نەهاتونەتە دی. كەهیوادارین ئەوەندەی پێ نەچێ هەمووی بێتە دی بۆ ئەوەی بە ئێجگاری قوڕ بدرێ بەدەمی دوژمندا)(١٢٠).

لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەینە زۆرێك لەكەسایەتیو سیاسییەكانو ڕۆشنبیرانی كورد هەمان بۆچوونیان هەبووە دەربارەی شۆڕشی تەمووزو سەركردەكەی ئەمەش ئەتوانین بڵێین سروشتی خەڵكی كورد وەهایەو دڵ سافەو لەدڵو دەرونی خۆیەوە بۆ گشت مەسەلەكان دەڕوانێ،ئەوەتا مامۆستا موحەڕەم لەكۆتایی نووسینەكەیدا بێ هیوایی پێوە دیارە و

بەئاشكرا دەری ئەبڕێت كە بۆ كورد هیچ نەكراوەو ئەوەی كە كورد بەتەمای بووەو هیوای لەسەر هەڵچنیوە وردە وردە بوونەتە بلّقی سەر ئاو. لەگەڵ ئەوەشدا بەرواری ئەو نووسینەی مامۆستا موحەڕەم ساڵی ١٩٥٩یە چونكە دەڵێ ساڵی ڕابردوو واتە ساڵی ١٩٥٨كە كودەتاكەی تیاكراوە. تەنانەت مامۆستا جەمال نەبەزیش لەسەرەتای كودەتاكەی قاسم دا دەڵێ:(دوای ماوەیەكی كورت كە یاداشتەكەمیان داوە بەوەزارەتی ڕۆشنبیری كە داوای مافە ڕۆشنبیری یەكانمان بۆ كورد كرد.

بەڵام بڵاوكردنەوەكەشی قەدەغەكرا) بۆیە كورد هەق نیە خۆی بەبرایەتی عەرەبەوە ماندوو بكات،چونكە تێكڕای بیركردنەوەی عەرەب بەرامبەر بەكێشە ڕەواكانی نەتەوەی كورد وەك یەكەو هیچ مافێك بەكورد بەڕەوا نازانن هەمیشە وەك پاشكۆیەك سەیری كورد دەكەن ئەگەر لەدوورەوە دەنگێكی لاواز ببیسترێ ئەوا جگە لەسەبوری یەكی كاتی بۆ كورد هیچ سوودێكی تری نیەو ئەوەش ڕەنگە جۆرێك بێت لەمەرامی كاتی سیاسی.

لەگەڵ ئەوەشدا گەلی كورد هیچ كاتێك هەڵوێستی مەردانەی هەندێك لەبرا عەرەبە ڕۆشنبیرەكانی لەبیرناچێت وەك (محەمەد مەهدی جەواهیری‌و دكتۆر شاكر خەسباك‌و مامۆستا عەزیز شەریف‌و هادی عەلەوی‌و حەسەن عەلەوی برای‌و مامۆستا عەبدولڕەحمان بەزازو موعەممەر قەزاز‌و جەمال عەبدولناسر )و زۆری تر. بەڵام سەرباری ئەو بێ هیواییەش پارتی بەردەوام بوو هەر چۆنێك بێت پشتگیری كۆمارە تازەكە بكات دەیویست‌و بەهەر نرخێك بێت پارتی دیموكراتی كوردستان بارەگایەك لەبەغدا بكاتەوەو ئەو ڕۆژنامەیەی كە مۆڵەتی پێدراوە بەناوی (خەبات )بەردەوام بێت بۆ یە ئیبراهیم ئەحمەد كەماڵیان لەكەركوك بوو بەخێزانەوە خۆی گەیاندە بەغدا تاخانوویەك ئەدۆزنەوە بۆ خێزانەكە وچووبونە ئوتێل (تروكادیرۆ)كە خاوەنەكەی كابرایەكی گاور بوو هاوڕێی دێرینی هەمزە عەبدوڵلا بووە.

پاشان لەگەڕەکی وەزیرییە خانوویەکیان بەکرێ گرت کە خاوەنەکەی (منیر القاضی) بوو لەو ماوەیەدا ئیبراهیم ئەحمەد ڕۆڵێکی زۆری بینی بۆ بەردەوامی ڕۆژنامەی خەبات و پەیوەندی یەکانی نێوان لایەنە دۆستەکانی ئەو کاتە.پاش ماوەیەك مەلا مستەفا کە هێشتا نەگەڕابۆوە بۆ عێراق وێنەیەکی خۆی بەچاکەتو پانتۆڵەوەو دەستێکی لەباخەڵیابوو ناردبوو بۆ ئیبراهیم ئەحمەد. وێنەکە هێندە خۆشی دابوو بەئیبراهیم ئەحمەد ویستیان بیکەن بەپۆستەرو بڵاوی بکە نەوە،هەرچەندە پارەیان پێ نەبوو بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد چوو بوو ئاڵتونەکانی گەلاوێژی خێزانی هێنابوو و ناردبووی بۆ (بانکی الرهون)تا پارەیان بەقەرز وەرگرتو کارەکەیان جێ بەجێ کرد.(١٢١)

## (گەڕانەوەی بارزانی بۆ وڵات)

دوای ئەوەی شێخ ئەحمەد بارزانی دوانزە ساڵی لەبەندیخانەدا تەواو کرد لەڕۆژی ١٩٥٨/٧/٢١دا ئازاد کرا لەو ماوە دوورودرێژەدا ئامادە نەبوو مل کەچ بکات بۆ ڕژێمی پاشایەتی. ئەو ڕۆژە عەبدولکەریم قاسم لەوەزارەتی بەرگری دا پێشوازی گەرمی لێ کرد،ئەویش پاڵپشتی بۆ کۆماری تازە ڕاگەیاند.پاشان بەهاوکاری قاسم گەڕایەوە بۆ کوردستانو لەلایەن دانیشتوانی کەرکوكو هەولێرەوە پێشوازی یەکی گەرمی لێ کرا. مستەفا بارزانیش لەو ماوەیەدا لەمۆسکۆوە سەفەری کرد بۆ ڕۆمانیا بە هاوڕێ یەتی میر حاج ئەحمەدو ئەسعەد خۆشەوی لەوێوە بروسکەیەکی پیرۆزبایی‌و پشتگیری بۆ عەبدلکەریم قاسم ناردو داوای کرد کە ڕێگەی پێ بدەن بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمان. لەبەغداش ئیبراهیم ئەحمەد لەڕێگەی کەریم قەرەنی یەوە توانییان (پاسپۆرت)بۆ مەلا مستەفا ئامادە بکەنو بلیتی فڕۆکە ببڕن بۆ چیکۆسلۆڤاکیا (پراگ)و لەگەڵ نوری

ئەحمەدی تەهاو شێخ سدیق بارزانیو عوبەیدوڵڵای کوڕی مەلا مستەفا چوون بۆ(پـراگ). پاشان کە هەموو گەڕانەوە لەپێشدا چوونە میسر بۆ لای سەرۆك جـەمال عەبدولناسـر زۆر بەخۆشیو شادی یەوە پێشوازی کرابوون(١٢٢).

لەڕۆژی ١٩٥٨/١٠/٦ گەڕانەوە بـۆ بەغـدا بەهـەزاران کـەس لەڕۆڵـەکانی عێـراق بـە کـوردو عەرەبـەوە لەپێشـوازی دا بـوون . بـارزانی لـەئوتێلی (سـەمیر ئـامیس)دابـەزی و لەلایـەن حکومەتە وە میوانداری کرا لە ١٩٥٨/١٠/٧بـارزانی سـەردانی عەبدولکـەریمی کـرد. وەکـو سـەربازێکی دڵسـۆز بـەخاكو نیشـتیمان خـۆی ناسـاند بەقاسـم هـەر لەشـاری بەغـدا خانووەکەی (سەباحی نوری سەعید)یان بۆ ئامادە کردو چـووە نـاوی.لەهـەمان خـانوودا ژورێك تەرخان کرا بۆ هـەمزە عەبـدوڵڵاو ئـەو دەمـە هـەر لـەلای بـارزانی ماوەتـەوە.ئـیتر دەستە دەستە لەکوردستانەوە خەڵکی دڵسۆزو نیشتیمان پەروەر دەچوونە لای بـارزانیو بــۆ بەخێرهاتنــەوەی.یــەکێتی ئافرەتــانی کوردســتانیش وەك ڕێکخراوێکــی حزبــی لەکوردستانەوە هاتنە بەغدا بـۆ لای سـەرۆکی حـزبو شـادی وخۆشەویسـتی خۆیـان بـۆ بـارزانی دەرئـەبڕی. هاتنـەوەی بـارزانی تـەنها خۆشـیو شـادی نـەبوو بـۆ کـورد بـەڵکو ڕۆشنبیرانی عەرەبیش بەهەمان شێوە خۆشحاڵ بـوون ، هـەر بـۆ ئـەو مەبەسـتە کۆمـەڵێ لـەپارێزەرانی عێراقــی بەبروســکەیەك پشــتگیری ئــەو بڕیاریــان کــرد کەڕێگــەیان داوە بەگەڕانەوەی بارزانی بۆ وڵات، ئـەو پارێزەرانـەش ژمارەیـان(٥٢)پـارێزەربوون بـە تۆفیـق مونیرو کامل قازانچی دەست پێ دەکاتو بەوریا علی کانیمارانی و نوری تاڵەبانی کۆتایی دێت. ئەم پشتگیریو خرۆشانەی خەڵکی عێراق بەهاتنەوەی بـارزانی زۆرێـك لـە نـەیارانی شۆڕشی تەنگە تـاو کـردو تەنانـەت بـاڵوێزی بـەریتانیا لەبەغـدا ڕاپۆرتێـك بـۆ ووڵاتەکـەی دەنێـرێ کەئەمـەش بڕگەیەکـە لەراپۆرتەکـەی لـە ١٩٥٨/١٠/١٦بـەژمارە ١٠١٣/١٨٠/٥٨. دەنووسێ: مەلا مستەفا هاتۆتـەوە بەغدا ،لەشـوێنی دانیشـتنی خـۆی لەیـەکێ لەئوتێلـە

گەورەکانـدا (سـەمیر ئـامیس)زۆر بانگـەواز دەکـا بـۆ کـورد، ئەمـە قورەکـە خەسـتر دەکاتەوە،هەرچەندە لەم کاتـەدا کـورد مەترسـیی یـەکی ڕاسـتەوخۆنین، بـەڵام یارمـەتی دەری ئەو مەترسیەن، کە لە شیوعی یەکانەوە دێ. حکومەتیش بۆ لابردنی عارف پشـتی پـێ بەسـتن.پاشـەڕۆژ ڕوون نـی یـە و حـەزیش ناکـەم پێشـبینی بکـەم پاشـەرۆژ چـۆن دەبێ(١٢٣).

عەبدلکـەریم قاسـم هـەر لەسـەرەتاوە کـە گەیشـتە دەسـەڵات برایـەتی کـوردو عـەرەبی لەشـۆڕش‌و لـەکۆماری تـازەدا ڕاگەیانـد لـە٢٧ تەمووزیشـدا دەسـتوری کـاتی بـووە ئەلتەرناتیڤی دەستوری ساڵی ١٩٢٤ و بەندی یەکەمی مادەی(٣) دەستوری ڕاگەیاند کـە کۆمەڵگای عێراق لەسەر بنەمای هاوکـاری بەکۆمـەڵی تـەواوی هاونیشـتیمانان و ڕێزگـرتن لـەماف‌و ئـازادی یـەکان‌و یـەکێتی کـوردو عـەرەب‌و دەسـتورو مافـە نەتەوەییـەکانیان لەچوارچێوەی وڵاتدا دابین دەکا.

لە دەوڵەتە تازەکە دا ژمارەیەکی زۆر لەکوردەکان بەشداریان کرد وەك (بابە عـەلی کـوڕی شێخ مەحمود)و کەسایەتی ناسراوی شاری سلێمانی کرا بـە وەزیـری ڕێگاوبـان و (خالیـد نەقشبەندی)لەهۆزی شێخەکانی دهۆك بـووە ئەنـدامی ئەنجومـەنی شـۆڕش(١٢٤). بـارزانی پاش یانزە ساڵ لە دەربەدەری وەکو قارەمانێکی نیمچە ئەفسانەیی کە لەگـەڵ ئینگلیـزو دوو ڕژێمی پاشایەتی عێراق‌و ئێران دا جەنگیوە ،دەگەڕێتـەوە بـۆ عێـراق.بـارزانی وێـرای مانەوەی دورودرێژی لەیەکێتی سۆڤیەت هەر وەکو جاران بەهەمان بیروبۆچـون گەڕایـەوە کە ئەو ماوەیە لەوڵاتیکی سۆسیالیستی‌و سەرچاوەی گۆڕانکـاری یـەکانی زۆر لـە وڵاتـانی جیهان بە بیری چەپ دائەنرا بەڵام هیچ کاریگەری بیروبـاوەڕیی لەسـەر بـارزانی نـەبووە. دوا ماوەیەك بارزانی بۆ دیتنی شێخ ئەحمەدی برای دەگەڕێتەوە کوردستان. کە ئـەوەش یەکەمین دیداریان بوو دوای یـانزە سـاڵ.لـە ڕوخـانی کۆمـاری مـەهاباد.کـریس کۆچـێرای

نووسەری فەڕەنسی دەنووسێ: مەلا مستەفاو شێخ ئەحمەد کەیەکیان بینی دوای یانزە ساڵ یەکتریان لەئامێزگرت پاش(٢٠)دەقیقە بێ دەنگی شێخ ئەحمەد بەبارزانی وت لەسۆڤیەت بەراز ڕاو دەکەن؟.هەروەها کۆچێرا دەنووسێ لەئاستی سیاسیدا زەحمەتە بزانرێ بارزانی لەکوێ بووە.ئەو کەسانەشی کە چووبونە (پراگ)بۆ لای بارزانی (لێرەدا مەبەستی لە ئیبراهیم ئەحمەدو نوری ئەحمەدی تەهاو هاوڕێکانی بووە)کەبارزانیان دیبوو ماتو سەرسام بوون دیاربووە کە بارزانی لەسۆڤیەت مارکسیزمی خوێندووەو کەسێکی پێشکەوتوخواز بووە لەکاتی قسەکردندا لەگەڵ دۆستەکانیا ووشە و زاراوەی بێگانەو مارکسیزمی بەکارهێناوە بەڵام دیارنەبوو کە توانیبێتی ئەو وانانەی کە لەدوا ساڵانی مانەوەی لەسۆڤیەتدا خوێندبووی هەزمی کردبن. کاتێك نوری ئەحمەدی تەها بە گاڵتەو خۆشی یەوە دەیگوت بارزانی مارکسیزم بەڕووسی باش دەزانێ،بەڵام نازانێ کەچۆن بەکوردی یان بەعەرەبی بەکاریبهێنێ(١٢٥).

ئەمەش ئەو ڕاستییە دەرئەخات کەبارزانی دوای گەڕانەوەشی زیاتر هەر لەبیری نەتەوەیی دا بووە بۆیە چەند جارێکیش داوای بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کردووە. لەسەرتاسەری کوردستاندا لەمانگی ١٩٥٨/١١دا بە ئامادەبوونی ئەندامانی باڵای حزب کە ئەوانیش ئیبراهیم ئەحمەد و هەمزە عەبدوڵڵاو نوێنەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بارزانی پێشنیاری دامەزراندنی یەك حزبی سەرتاسەری دەکات لەکوردستاندا چونکە بارزانی دەڵێ(بەلای منەوە سنور لەنێواندا نی یە)پاشان کە دەبینن شیوعی یەکان و کوردەکانی ئێران رازی نین ئیتر بارزانیش ناچاردەبێت واز لەو بیرۆکەیە بهێنێ. هەرچەندە مەلا مستەفا کەسایەتییەکی نەتەوەیی بوو. بەڵام لەناو پارتیدا بیروبۆچوونی مارکسی خەریك بوو دەچووە گشت بەشەکانی ڕێکخستنەوە ، بەتایبەتی کاریگەری هەندێ لەو ئەندامانەی باڵای پارتی وەك هەمزە عەبدوڵڵاو دارا تۆفیق و خەسرەو تۆفیقو

سالّح حەیدەری ،کە بیروڕای چەپیان هەبوو.بۆیە مامۆستا کامیل ژیر دەڵێ: پارتی تائێستاش ئاستی هۆشیاری نەتەوایەتی وەکو پێویست نییە،کەدەبوایە زۆر لەوە زیاتر بوایە.نەبوونی هۆشیاری نەتەوایەتی بەئاستی پێویست دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار لەوانە تۆوی دووبەرەکی کەبەدرێژای ٢٧٠٠ساڵەی داگیرکردنی کوردستان لەلایەن بێگانەوە لەکوردستاندا نراوەتەوە. ئەو ڕێبازو ئایدۆلۆژیا غەریبانەی کەکەوتونەتە ناو نەتەوەی کوردو دەماری نەتەوایەتییان سڕکردووە.بۆ نموونە ئایدۆلۆژیای ئیسلام کە ڕێبازێکی ئەنتەرناسیۆنالیستە بەئوسلوبی خۆی بەرەو نانەتەوەییت دەبا، چونکە ئەو ئایدۆلۆژیایە وات لێ دەکا زیاتر گوێ بەئایینو ئاخیرەت بدەی کەمتر بیر لەدنیا بکەیتەوە. بۆیە ساڵی ١٩٥٩دەستێك لەناو سەرکردایەتی پارتی دا بەهۆی ئەو کۆمەڵە کادرە پێشکەوتوەوە کەباسمان کرد دەیانویست بەئاسانی بیری چەپی تیا بچێنن جگە لەوەش دکتۆر مرادێك هەبوو کە کوردی سۆڤیەت بوو، یان بەکرێگیراوی سۆڤیەت بوو لەوێوە ناردیانو کەوتە ناو مەکتەبی سیاسی پارتی یەوەو بوو بەئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی،ئەو مارکسیەکی تەواو بوو خەریك بوو پارتی بەتەواوەتی لەو تۆزە نەتەوایەتیەش بشواتەوە. ساڵی ١٩٥٩دەیانویست ڕێکخراوی لاوانو قوتابیانی پارتی ، هەڵبوەشێننەوە تالەوێوە گەیشتە تینمانو ئومێدمان بەپارتی نەما. بیرمان لەوە کردەوە،کەکاتی ئەوە هاتووە ئێمە خۆمان ڕێکخستنێکی نەتەوەیی دابمەزرێنین ، لەو کەسانەی کەئاڕاستەو ڕەوتی نەتەوایەتییان هەبوو.ئەو بیرۆکەیە سەرەتا لەکامیل ژیرو د.جەمال نەبەزەوە لە دوکانەکەی بەشیر موشیردا دەستی پێکرد لەساڵی ١٩٥٩ئەو واقیعە تاڵە دەبینرا لەناو پارتی دا، لەلایەکی تریشەوە ڕۆژنامەی (الثورة)ی عێراقی کە سەرنووسەرەکەی( یونس طائی) بوو لەو کاتەدا کۆمەڵێ وتاری نووسی کە هەمووی بۆنی توانەوەی کوردی لێ دەهات، لەڕاستیدا ئەوانە کەوتنە دژایەتی کردنی کورد.چونکە بینیمان ڕێبازە قەومی یە

عەرەبی یەکە دژی کوردە. هەروەها ڕێبازە چەپی یەکەش هەر دژی کوردە. لێرەدا تاکە ئومێد تەنها پارتی بووچونکە شیوعی یەکان بەو جۆرەی کەباسمان کرد دەستیان خستبووە ناو ڕێکخستنەکانی پارتی بۆیە لەشاری بەغدا لەساڵی ١٩٥٩دا بڕیارمان دا حزبێکی نەتەوەیی دابمەزرێنین. ئەم بیرۆکەیەش هی من بوو کە خستمە بەردەستی جەمال نەبەز ئەویش بەدڵی بوو خێرا ڕەزامەندی دەربڕی .(١٢٦)

## (دامەزراندنی کاژیك لە ١٩٥٩/٤/١٤)

لەوساڵانەدازۆرلەخەڵکی کوردوستان بیروباوەڕییان بەلای حزبی شیوعی یەوەبووئەوانیش پرسە نەتەوەیی یەکانیانوەلاوە نابوو هیچیان بۆکورد پێ نەبوو بۆیە دروستکردنی پارتێکی نەتەوەیی پێویست بووبۆئەم مەبەستە جەمال نەبەز کامیل ژیر ڕادەسپێرێ کە بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی چونکە لەوێ هەندێك کەسایەتی نەتەوەیی هەبوو کە ئەگەر پەیوەندی یان پێوە بکەن بەشدار دەبن، بۆ ئەو مەبەستە کامیل ژیر دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی لەسەر ڕاسپاردەی جەمال نەبەز پەیوەندی دەکات بە(ئەحمەد هەردیو عەبدوڵڵا جەوهەرو ئیحسان فوئادو فایەق عارف و فەرەیدون عەلی ئەمین)وە . کامیل ژیر دەڵێ:ئەوانیش پێیان باش بوو. وتیان کۆمەڵێ خەڵکی تریش هەن ناوەکانیان پێ دام. بەڵام من پەسەندم نەکردن چونکە هەڵوێستی خراپیان هەبوو پێشتر لەبەرئەوە لەو پێنج کەسە زیاترم پەسەند نەکرد. دواتر لەگەڵ ئەو پێنج کەسە کەوتینە گفتوگۆو هەمان ڕەوتی ئێمەیان هەبوو. پێك هاتین کە حزبێکی نەتەوەیی دابمەزرێنین لەدواکۆبوونەوەماندا ڕۆژی ١٩٥٩/٤/١٤ لەماڵی ئەحمەد هەردی لەسلێمانی بڕیاری حزبێکی نەتەوەیمان دا.بۆ ناوی حزبەکەش کۆمەڵێ ناومان پێشنیازکرد لەوانە (حزبی

نەتەوەی کورد، حزبی ڕزگاری، حزبی سەربەخۆیی) بەڵام هیچ ناوێکمان هەڵنەبژارد چونکە دەبوایە کۆبوونەوەی فراوانتر بکەین ئیتر من گەڕامەوە بۆ بەغداو ئەو ئەنجامانەم گەیاندەوە بە جەمال نەبەز.دواترلە پشوی هاویندا لەگەڵ جەمال نەبەزدا گەڕاینەوە بۆ سلێمانیو کەوتینە بەستنی کۆبوونەوەی فراوان کە(٧) کەس بوین، لەو کۆبونەوەدا کۆمەڵێ شتمان دیاری کرد. بەڕاستی ئەو پشوی هاوینەی ساڵی ١٩٥٩ ماوەیەکی باشبوو بۆ کارەکەمان چونکە یەکەم ناوی حزبەکەمان ناونا(کاژیك)بەمانای (کۆمەڵەی ئازاد ژیانەوەی یەکێتی کورد )لەسەر پێشنیاری من ئەو ناوە هەڵبژێرا. ئەوانیش کە بۆم شیکردنەوە هەموو ڕازی بوون دواتر نامیلکەی (کاژیك نامە)مان نووسی. کاژیك نامە بەیانو بانگی یەکەمی حزب بوو (کاژیك نامە)زۆر بەنرخ و بەهایە دوای ئەمەش پەیڕەو و پڕۆگرامی ناوخۆمان دانا. شێوەی ڕێکخستنمان دانا.هەندێ لیژنەمان دروست کردو لقی سلێمانی مان دامەزراند.(١٢٧)لێرەدا دەتوانین بڵێین دامەزراندنی (کاژیك)وەرچەرخانێکی مێژووی گرنگ بوو لەو کاتەدا کە کورد بتوانێ هاوشێوەی نەتەوەکانی تر تۆزێك لەو بارە دەرەوونی یە خۆی ڕزگاربکات کە تێیکەوتبوو. چونکە پارتی دوای دامەزراندنی لەساڵی ١٩٤٦وە زیاتر ئەو ڕێکخراوانە ی لەخۆگرتبوو کەخۆیان هەڵوەشاندەوەو چوونە ناو ڕیزەکانی پارتی کۆمەڵێ بیروڕای جیا جیاو نەبوونی سەرکردایەتی یەکی تۆکمەش کە بتوانێ دیسپلینی حزبی بسەپێنێ لەگەڵ ئەوەشدا ئەتوانین ئاماژە بەلاوازی بیری نەتەوەیش بد ەین کەبەو شێوەیە نەبوو کە نەتوانرێ سنورێك بۆ کارتێکردن یاخود کاریگەری دەوروبەری لەسەر نەبێ.جگە لەوەش هەر لەسەرەتای ساڵانی ١٩٥٠وە لەناو پارتی دا ناکۆکی فیکری سەریهەڵدا .بەتایبەتی لەنێوان مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو هەمزە عەبدوڵلا . تا کارگەیشتە ئەوەی لەکۆنگرەی سێهەمی حزبدا کە هەمزە عەبدوڵلا لەحزب دوربخرێتەوە. ئەویش دەستە وەستان نەبوو. خۆیو باڵەکەی بەشێکیان لەپارتی

جیاکردەوە بەناوی (بەرەی پێشکەوتووی پارتی دیموکرات)وەك لەپێشوتردا بەدرێژی باسمان کردو ئاماژەمان بەدەرئەنجامەکانی کرد. بۆیە دروستبوونی (کاژیك) پاڵپشتێك بوو بۆ پارتیو هاتنەوەی بارزانیش کاریگەری هەبوو. دواجار ئەویش کەوتە خۆیو باری لاری پارتی ڕاستکردەوە.چونکە بارزانی کە لەئاوارەی گەڕایەوە بۆ کورد هیوایەکی ئومێد بەخش بوو. دەستە دەستە خەڵکی لەشارە کوردی یەکانەوە دەچونە لای بارزانی لەبەغداو لەدەوری کۆدەبوونەوە ئەمەش ڕاستەوخۆ متمانەی خەڵکی بوو بەسەرکردایەتی کردنی بارزانی بۆیە جەماوەریش پشتگیریان کردو هاوکاری بوون. هەروەها گەڕانەوەی هاوڕێکانی بارزانی لەسۆڤیەتەوە بۆ عێراق بەسواری پاپۆڕی(گرۆزیا) کەئامادە کرابوو بۆ بارزانی یەکانو لەسەرەتای نیسانی ١٩٥٩کەوتەڕێ کە ٧٨٤کەسی لەسەر بوو بەژنو منالەوە. پێشتر بارزانی میر حاج ئەحمەدو ئەسعەد خۆشەی ناردەوە بۆ سۆڤیەت بۆ هاوڕێیەتی کردنی بارزانی یە گەڕاوەکان لە١٦ی نیسانی ١٩٥٩گەیشتنە بەندەری بەسرەو لەلایەن دانیشتوانی شاری بەسرەوە پێشوازی یەکی گەرم کرانو لەوێشەوە بەشەمەندەفەر گواسترانەوە بۆ بەغدا پاشان بۆ هەولێر لەگەڵ گەیشتنیان بۆ هەر شارێك لەلایەن دانیشتوانەکەوە پێشوازی دەکران . کەگەیشتنە هەولێر شێخ ئەحمەد بارزانی چوو بەپیریانەوە . حکومەتی عێراق کاری باشی بۆ کردنو هەمویان لەسەر کار دانرانو ئەوانەشی توانای کاریان نەبوو بژێویان کەوتە ئەستۆی حکومەتو ڕیزێکی گەورەیان بۆ دانان. گەرانەوەی بارزانی یەکان پاڵپشتی یەکی باش بوو بۆ مەلا مستەفاو گروتینێکی دایە بارزانی کە ئەو ڕۆژگارە پێویستی دەکرد هەندێك گۆڕانکاری بکات لەناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا. کاژیکیش لەپاڵ پارتی دا کاریگەری زیاتری هەبوو بارزانیش هاوکاری دەکردن.

## (هاتنی بارزانی بۆ سلێمانی)

بارزانی بەپێویستی زانی سەردانی شاری سلێمانی بکاتو لە ٢٠تشرینی دووەمی١٩٥٨دا بەڕەزامەندی عەبدولکەریم قاسم بارزانی بەفرۆکە هاتە کەرکوك ئەو کاتە عومەر دەبابە بەرپرسی پارتی بوو لەشاری کەرکوكو چەند جارێك ئاگاداری نازم تەبەقچەلی کردکە قائیدی فیرقە ی دوو بوو لەکەرکوك .بەڵام هیچ گرنگی بە هاتنەکە نەدا چونکە تەبەقچەلی کەسێکی شۆڤینی داخ لەدڵ بوو. ئیتر پارتی یەکانی کەرکوك خۆیان چەکدار کردو بوونە پاسەوانی بارزانی تاسەلامەتی بپارێزن هەرچەندە(هیدایەت ئەرسەلان)ئامیر ئینزاباتی کەرکوك بوو.خۆی کرد بەنەخۆش و نەهات بۆ پێشوازی و بەئەرکی خۆی هەڵنە سا. بەڵام کەرکوکیەکان هەتا قەرەهەنجیر پاسەوانیان کرد، ئیتر لەوێوە هیچ ترسێك نەما.جەماوەری شارۆچکەکانی سەر ڕێگاش بەگەرمی پێشوازیان لەبارزانی کرد لەڕۆژی ١٩٥٨/١٠/٢٠دا گەیشتە شاری سلێمانی ۆ لەلایەن جەماوەری شارەوە پێشوازی یەکی گەرمی لێکرا. زۆربەی فەرمانگەکانی شار کارەکانیان ڕاگرت و قوتابیانو کاسبکارو مامۆستا هە موو لەپێشوازی دا بوونو شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحمود یش هاوڕێیەتی بارزانی کردو چوونە زیارەتی کاك ئەحمەدی شێخو زیارەتی گۆڕی شێخ مەحموودی کرد دوای چوونە گردی سەیوان بۆ سەرگۆڕی هەردوو ئەفسەرە شەهیدەکە ئەوانیش مستەفا خۆشناو ومحەمەد قودسی بوون. ئەو چەند ڕۆژە لەماڵی شێخ لەتیف مایەوەو لەسەر ئوتێلی نوری عەلی یەوە وتارێکی بۆ دانیشتوانی سلێمانی خوێندەوەو پاشان لە٢٥/ تشرین دا گەڕایەوە بۆ کەرکوكو جارێکی تر شاری کەرکوك شڵەژاو جەماوەری کورد ڕژانە سەر شەقامەکان تابارزانی گەیەنرایە فرۆکە خانە ئیتر بارزانی بەڕێکرا ، ئەو ڕۆژە بوو بەخۆپیشاندان تا درەنگانێکی شەو درێژەی هەبوو(١٢٨).

ئەو خرۆشانەی خەڵکی کەرکوك دەرئەنجامی دۆزینەوەی بۆمبێك بوو کە عە ریفێکی کورد دۆزییەوەو پوچەڵی کردەوە، گوایە ئەوە بەمەبەست بووەو دانراوە بەفڕۆکەکەی بارزانی دا بتەقێتە وە، مام سمایلی حاجی سالح کە خەڵکی قەلاچوغەی نزیك چەمچەماڵە ئەو بۆی گێڕامەوەکەخۆی لەوێ بەشداریکردووە لەوخۆنیشاندانەدا و عەریفەکەی باشدەناسی دەیگوت ناوی حسین جافە وکوڕی مستەفا ڕۆستە مە و خەڵکی گوندی (گەڕاوە) بۆیە دوای ئاشکرابوونی بۆمبەکە ئامیر ئینزاباتی کەرکوك(هیدایەت ئەرسەلان)وەك ئەوەی بەئەرکی خۆی هەڵنە ساوە یان لەترسابوو گیانی سپاردو مرد(١٢٩).

مامۆستا نوری ئاغجەلەری لەبیرەوەری یەکانیدا دەیگێڕێتەوە دەڵێ: دوای ئەوەی بارزانی هاتە سلێمانی ئێمە چەند مامۆستایەکی ناوەندی سلێمانی بووین و ئارەزووی دیدەنی بارزانی مان دەکرد خوالێ خۆشبوو نوری ئەحمەدی تەها دیدارەکەی بۆ سازداین ، لەماڵی شێخ لەتیف. چەندەها پیاو ماقووڵو گەورە پێشوازی میوانەکانیان دەکرد رەحمەتی مامۆستا مەحموود ئەحمەد نزیك بەتەلەفونەکە دانیشتبوو.شەش تا هەشت ئەفسەری پلە بەرزیش لەدەوری بارزانی بوون. پاش بەخێرهاتنەوەیو دەست گوشینو ماچ کردن. بارزانی پرسیاری سەبارەت بەخوێندنو قوتابیانو دواناوەندی کردو تاچ ڕادەیەك پێویستیەکانیان دابین کراوە. دوای چەند ڕۆژێك ئیتر بارزانی گەڕایەوە بۆ کەرکوكو لەوێ وە بۆ بەغدا(١٣٠).

کاتێك بارزانی گەڕایەوە بۆ بەغدا بارودۆخی سەرکردایەتی پارتی هێندە نەخوازراوبوو کەدەبوایە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ بدۆزێتەوە.بەتایبەتی باڵەکەی هەمزە عەبدوڵلا کەبەئاشکرا لایەنگری یان لەحزبی شیوعی عێراقی دەکردو هێندە کاریگەری لەسەر پارتی دانابوو کە پرسە نەتەوەیی یەکە ی وەلا خستبوو.بەتایبەتی لەو کاتەدا کەحزبە عێراقی

یەکان لە ١٩٥٨/١١/١٩دا کۆبوونەوەیەکیان سازداو لەو کۆبوونـەوەدا عێراقیـان بەبەشـێك لەنیشتیمانی عەرەب ناساند بوو .

بەشداری کردنی پارتی لەو کۆبونەوەیەدا هیچ زەروریـەتێکی تیانـەبوو. جگـە لەپـەلکێش کردنــی پــارتی نــەبێ لەلایــەن هــەمزەیی یەکانــەوە بەناچــاریش پــارتی واژۆی لەســەر کــرد(١٣١).بــارزانی کەســەیری کــرد هــەمزە عەبــدوڵڵا لەهــەوڵی هەڵوەشــاندنەوەی ڕێکخراوەکـانی قوتابیـانو ئافرەتـانو لاوانو مامۆسـتایاندایە. ئـیتر گومانـەکان هیچـی نەهێشـتە وە بـۆ ئـەوەی کـەبارزانی لـە١٩٥٩/١٠/٦دا خـۆی و پاسـەوانەکانی بچـنە نـاو بارەگای پارتی یەوە لەشەقامی (بەتاوین)لەبەغدا.

هەموو لایەنگرانی هەمزە عەبدوڵڵایان دەرکردو بۆ ڕۆژی دواتر کۆنگرەیەکی نائاسایی یـان بەست. لەڕۆژی ٤تا١٩٥٩/١٠/٧لەشاری بەغدا لەماڵی کاکە زیادی کۆیە. ئەمەش یەکەمجار بوو بـارزانی بەشـداری کـۆنگرە بکـات. دوای کۆتـایی هـاتنی کـۆنگرە. ئەنجامـەکان بـەم شێوەیە بڕیاری لەسەردرا

١-مستەفا بارزانی بەتێکڕای دەنگ بەسەرۆك هەڵبژێردرا.

٢-ئیبراهیم ئەحمەد........................................ سکرتێر.

٣-نوری سدیق شاوەیس.

٤-عەلی عەبدوڵڵا

٥-نوری ئەحمەد تەها.

٦-دکتۆر موراد کوردێکی سۆڤیەتی بوو.

٧-عەونی یوسف

٨-جەلال عەبدولڕەحمان

٩-سەید عەزیز شەمزینی

١٠–ئەحمەد عەبدوڵلای ئامێدی

١١–مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل (مەلا ماتۆڕ)

هەر لەو ماوەیەدا جەلال تاڵەبانی لە خزمە تی سەربازی دا بوو بۆیـە نـاوی ئاشـکرا نـەکرا هەروەها دەستەی چاودێریو پشکنین هەڵبژێردرا کە بریتی بوون لە:

١–شەمسەدین موفتی

٢–زەکیە ئیسماعیل حەقی.

٣–حەبیب محەمەد کەریم

٤–یەدوڵڵا کەریم.

٥–عەلی عەسکەری.

لـەم کۆنگرەیـەدا کۆمـەڵێك بڕیـار درا لەوانـە گـۆڕینی نـاوی پـارتی لـەپارتی دیمـوکراتی یـەکگرتوویی کوردسـتانەوە بـۆ پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لـەعێراق.هەنـدێك لەسەرکردەکانی پارتی کە بەباڵی چـەپو لایـەنگری حزبـی شـیوعی دەناسـران بـەبڕیاری کۆنگرە دوورخرانەوە لەوانە. هەمزە عەبدوڵڵا، ساڵح حەیدەری،حەمە کەریم فـەتحو لـلاّ ، حەمید عوسمان، ساڵح ڕوشدی،نەژاد ئەحمەد عەزیز، خەسرەو تۆفیق.

**(بزوتنەوە ی شە واف)**

عەقیـد ڕوکـن عەبـدولوەهاب شــەواف یەکێکـە لەئەفسـەرە ئازادەکـان، کـە بـیرورای دیموکراتیانە ی هەبووە، لەبنەماڵەیەکی ناسـراوبوو. پـێش شۆڕشـی ١٤ی تـەمووز لەگـەڵ عەبدولسەلام عارف دا نـاکۆك بـوون . لـەکاتی سـەرهەڵدانی شـۆڕش دا فـەرمان دەرچـوو بـەدانانی شـەواف وەکـو حـاکمی گشـتی سـوپا،بەلام بـەهۆی کاریگـەری ونـاڕازیبوونی عەبدولسـەلام عارفـەوە ئـەو فەرمانـە لـە ١٩٥٨/٧/١٥دا هەڵوەشـایەوەو شـەواف کـرا

بەفەرماندەی سوپاکەی مووسڵ ئەمەش بەمەبەستی دورخستنەوەی لەبەغدا(١٣٢). لەو سەردەمەدا حزبی شیوعی توانیبووی دەست بەسەر هەموو ڕێکخراوە پیشەیی‌و جەماوەری یەکانی عێراق دا بگرێت جگە لەچەند ڕێکخراوێك لەڕومادی بۆ ئەوەی وای دەربخەن بۆ دانیشتوانی موسڵ کە لەعێراق دا هەر خۆیانن دوو تاسێ هەزار کەسیان لەشارەکانی ترەوە بردە ئەوێ بۆ ڕێپێوان‌و هوتاف کێشان. ڕۆژنامەی (اتحاد الشعب)ی زمانحاڵی (حزبی شیوعی)یش ڕۆژانە خەڵکی هان ئەدا ڕووبکەنە موسڵ.

لەکاردانەوەی ئەو کردەوانەدا عەبدولوەهاب شەوافی نەتەوەپەرستی عەرەب لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی فرۆکەوانیدا ڕێکەوتبوون کەڕاپەڕینێك بکەن بەپشتگیری عەبدولحەمید سەراج وەزیری ناوخۆی سوریا تا شاری موسڵ‌و بەغدا بگرن رۆژی ١٩٥٩/٣/٨لەڕادیۆوە بڵاویان کردەوە، کە شۆڕش دژی بەکرێگیراوان دەستی پێکردووە، واتە دژی عبدولکەریم قاسم و فازیل مەهداوی و حزبی شیوعی، گوایە سەر بەیەکێتی سۆڤیەتن . لەشاری مووسڵ لە ئیزگەکەیانەوە بەردەوام بڵاویان دەکردەوە کە سەربازگەی(غەزلانی)و شاری موسڵیشیان داگیرکردووە. فرۆکەکانیش ،یەکبینە لەوەزارەتی بەرگری‌و بارەگای عەبدولکەریم قاسمیان دەدا لەبەغدا(١٣٣).

قاسم لە ١٩٥٩/٣/٨دا کودەتاکەی شەوافی بەتوندی سەرکوت کرد. شیوعیەکان بەهۆی ئەو پەیوەندیو لێك نزیکیەوە لەگەڵ قاسم دا لەوڵاتدا هێزێکی باشیان پێکەوە نابوو. ئەو کاتە هیچ پەیوەندی یەك نەبوو لەنێوانی کوردەکان‌و بەعسیەکان چونکە هەڵوێستیان زۆر دوژمنکارانە بوو بەرامبەر بەکورد. شیوعیەکانیش لەسەرتاپا ی عێراق دا دەسەڵاتداربوون (قاسم)یان بەسەرکردەی (تاقانە) یان بەباوکی دیموکراسی و هەژارانیان ناودەبرد(١٣٤).

دوای کوژرانی شەواف، شاری موسڵ کەوتە دەست (بەرگری میللی)[٢٢]کەسەر بەحزبی شیوعی عێراقی بوون. کردەوەی تۆڵە سێنیان دژی خەڵکی موسڵ پیادە کرد. لقی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لەناو شاری موسڵ دا هاوکاریان کردن و چەکدارەکانی ڕژانە ناو شارەوە. بەشێکی زۆری خەڵکی موسڵ بەتایبەتی ئەوانەی دژی کوردن ، ئۆباڵی ئەو کوشتارە دەخەنە ملی پارتیو بارزانی. بەوەی دەزانن کە ئەو ٤٨کاتژمێرەی کە شاری موسڵ کەوتە دەست پارتی .ئەو کوشتارەی ئەنجام دابێ. کاك مەسعود بارزانی لەکتێبەکەیدا دەڵێ: پیاوەکانی شەوافیش کە لەکوشتن و بڕین سڵیان نەدەکردوە ئەگەر بەرهەڵستی ئەوانی بکردایە.ئەفسەرو سەربازە کوردەکانی لیوای پێنج یان زۆر ئازار دابوو. لەگەڵ ئەوەشدا زانراوە کە پارتیو بارزانی و گەلی کورد هەموو لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم دابوون. بێگومان لەو ڕۆژەدا نەمانی عەبدولکەریم قاسم لەبەرژەوەندی کورددا نەبوو ئەو کارەش ڕاست بوو. ئەفسەرو سەربازە کوردەکان دە ورێکی باشیان بینی لەدامرکاندنەوەی بزوتنەوەکەی شەوافدا(١٣٥).

نازم تەبەقچەلی و ڕەفعەت حاجی سرِی کە هەردوکیان لەسەرەتادا لەگەڵ شەوافدا بوون پاشان کەزانیان شکست دەهێنێ هیچ هاوکاریان نەکرد بەڵام دوای ئەوەی کە بزوتنەوەکەی شەواف سەرکوت کرا. ئیترحکومەت کەوتە گرتنی ئەوکەسانە ی کە گومانی هاوکاری کردنی شەوافیان لێ دەکرد. دوای ئەوەی (١٧)ئەفسەر بەو هۆیەوە گیران. ئیعترافیان لەسەر (نازم تەبەقچلی و رەفعت حاجی سرِی )کرد، نازم لەو کاتەدا فەرماندەی فیرقەی دوو بوو لەکەرکوك و(رەفعەت حاجی سرِی)یش بەڕێوەبەری

[٢٢] . بەرگری میللی: بەپێی فەرمانی سوپایی ٩٨٩ی رۆژی ٢٢تەمووزی ١٩٥٨دامەزرا ،عەقید تەها بامەڕنی کرا بەفەرماندەو بەسەر سێ سەرکردایەتی دا دابەش کرا باکور، ناوەڕاست،باشور لەهەردوو ناوچەکاندا باڵادەست بوون.سڵیان لەهیچ نەدەکردەوە. دەست درێژییان دەکردە سەر خەڵك لەهەراکەی کەرکوك لە تەمووزی ١٩٥٩دا ئیتر عبدالکەریم قاسم ناچاربوو هەڵیوەشاندەوە ئەم رێکخراوە سەر بەحزبی شیوعی عێراق بوون

هەوالگری سەربازی عێراق بوو. پاشان دەست بەسەر کران و لەدادگای شۆڕشدا،فازیل مەهداوی ئامۆزای عبدالکەریم قاسم بەدادگای کردنیان هەستاو دادگاش فەرمانی دەرکرد بەکوشتنی هەردوکیان. کاتێك بران بۆ گوللە باران کردنیان تەسلیم کران بە عەمید(عەبدولکەریم جدە)ئامر ئینزباتی عەسکەری و ئامری قواتی بەغداش بوو.لەهەمان کاتدا فەرمانەکەش لەساحە ی(ام طبول)دا جێ بەجێ کرا .

دوای ئەوەی دەستیان دەبەستنەوە نازم تەبەقچەلی بە سەربازەکە[23] دەڵێ دوای مردنمان تەرمەکەمان دەدەنەوە بەکەسوکارمان ئەویش دەڵێ گەورەم نازانم پاشان تەبەقچەلی بەسەربازەکە دەڵێ دەبڕۆ ئەفسەرێك بانگ بکە. کاتێك ئەفسەرەکە دێت هەمان پرسیارلەویش دەکات ئەویش دەڵێ گەورەم دوای کوشتنتان تەرمەکانتان لەدوای بینینی پزیشك تەسلیم بەکەس و کارتان دەکرێتەوە. دوای ئەوەی کە فەرمانەکە جێ بەجێ کرا.هەر لەو ڕۆژەشدا (سەعید قەزازو خەلیل کەندە) کەبەڕێوبەری ئەمنی عام بوو لەسێدارەدران.ئیتر لەئە عزەمیەوە خۆپیشاندان کرا دژی جێ بەجێ کردنی فەرمانەکە،حکومەت بەتوندی بەرپەرچی دانەوەو ٧٠-٨٠کەس لەخۆپیشاندەران کوژراو وبریندار بوون.

## (شێخ ڕەشیدی لۆلان لەدووڕیانێکی بێ ئەنجام دا)

کاتێك حکومەتی عێراق ڕێبازی خۆی گۆڕی بەرامبەر بەکوردو دەستی خستە ناو یەکێتی کوردەکانەوە پەیوەندییان کرد بەعەشیرەتەکانی نەیاری مەلا مستەفاو پارتی یەوە وەکو

---

[23]. ئەو سەربازە ناسراوەوناوی تەواوی تایەری حاجی عەلی تەنەکە چییە و خەڵکی شاری سلیمانی یە ئەم زانیاریەش چەند جارێك بە وردیش بۆی گێڕاومەتەوە (نوسەر).

شێخ ڕەشید لۆلان‌و هەرکی‌و زێباری‌و سورچی.هەر لەو کاتەدا بوو(سدیق میران)کوژرا. ئە مەشیان خستە ئەستۆی پارتی. حکومەتیش لە ڕۆژنامەدا بڵاوی کردەوەکە پارتی هەستاوە بەو کارە. حزبی شیوعیش هەڵوێستی تەنها خۆش کردنی ئاگرەکە بوو بە بەردەوامیش دووبارەیان دەکردەوە ،کە عبدولکەریم دژی ئیستیعمارەو دەبێت پشتگیری لێ بکەین.جگە لەوەش شۆڕشی ١٤ی تەمووز کارێکی وای کردبوو کە جوتیارەکانی جوڵاندبوو دژبە شێخ و ئاغاو خاوەن زەوی یەکان.شێخ ڕەشیدی لۆلان هەندێك زیانی بەرکەوتبوو لەو کاتانەدا لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شێخێکی تەریقەت بوو مریدی زۆری هەبوو لەئێران‌و تورکیا. وەك باس دەکرا کە شێخ ڕەشید چەك‌و تەقەمەنی‌و هاوکاری لەئێران‌و تورکیا وەرگرتووە. دژ بەحکومەتی عەبدولکەریم قاسم.هەرچەندە شێخ رەشید زۆر رقی لەبارزانی یەکان بوو.ئەوەبوو لەمانگی ١٩٥٩/٥دا چەکدارەکانی لەپەلامارێکدا سیدەکانیان گرت‌و چەکدارەکانیش، سەر بەبەرگری میللی بوون ئیتر بارزانی لەڕواندزەوە هێزێکی هێنا لەماوەی ٤٨کاتژمێردا هەموویانی تەفروتونا کردو شێخ رەشیدیش چوو بۆ ئێران پاشان عەبدولکەریم قاسم بڕیاری لێبوردنی بۆ دەرکردو گەڕایەوە جێگای خۆی بارزانیش بۆ دڵنەوایی کردنی نوێنەرێکی خۆی نارده لای بۆ بەخێرهێنانەوەی .

## (هەرای کەرکوك ١٩٥٩)

کەرکوك یەکێکە لەشارە زیندوەکانی کوردستان‌و هەمیشە خەڵکی شارەکانی ترو پارچەکانی تری کوردستان بەشانازی یەوە لەکەرکوکیان ڕوانیوە. کەرکوك لە١٠٠کم ی باشووری رۆژئاوای شاری سلێمانی یە و ٩٠کم ی خواروی شاری هەولێرە و دانیشتوانەکەشی زۆربەی کوردەو هەندێك کەمە نەتەوەی وەك عەرەب‌و تورکمان‌و

ئاسوری‌و کلدان‌و ئەرمەنی تێدا نیشتەجێن، شارۆچکەکانی چەمچەماڵ‌و خورماتوو کفری و قادرکەرەم و پردێ ی سەر بەمەرکەزی شاری کەرکوکن بەڵام لەدوای دروست بوونی دەوڵەتی عێراقەوە لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوودا هەموو حکومەتەکانی عێراق یەك بەدوای یەکدا لەهەوڵی بەعەرەب کردنی ئەم شارەدا بوون . ئەتوانین بڵێین بۆیان چۆتە سەرو لەکۆتایی دەسەڵاتی ڕژێمی ڕوخاوی بەعس دا لەساڵی ٢٠٠٣ئەو شارەیان لەکورد چۆڵ کردو ئەوەشی کەلەکەرکوك دا مایەوە وەکو کورد ئەوا لەرەگەزی کوردی دایان ماڵین‌و بەپێناسی کەسێتی کران بەعەرەب.

بۆیە مێژووی بەعەرەب کردنی شاری کەرکوك مێژوویەکی کۆنە. ئەو کەمە نەتەوانەی لە کەرکوك دا دەژین بەهاندانی دەرەکی کاری نابەجێ یان پێدەکەن.دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر شۆڕشی ١٤ی تەمووزدا بۆ بەرز ڕاگرتن و پیرۆزی ئەو شۆڕشەی کە خەڵکی عێراقی لەو هەموو ملهوڕی‌و نادادپەروەری یەی کەلەسایە ی رژێمی پاشایەتی دا تووشی هاتبوون لەگشت شارەکان عێراق دا یادەکە بەرز ڕاگیراو پیرۆز کرا.بەڵام لەشاری کەرکوك دا بەجۆرێکی تر شکایەوە. ئەو لایەنانەی کە خۆیان بەخاوەنی یادەکە دەزانی هەریەکە بەجۆرێك خۆی دەرئەخست.(بەرگری میللی)کەسەر بەحزبی شیوعی عێراق بوون زۆر دەست کراوە بوون شۆڤینیە عەرەبەکان بەپاڵپشتی (داود جەنابی)فەرماندەی فیرقە ی دووبووکە دەیانویست کارەکە بەلارێدابەرن و کورد بخەنە تەڵەکەوە. هەروەها لقی (٣)ی پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەئەرکی خۆیان هەڵنەسان .تۆرانیەکانیش بێ پەردە دژایەتی خۆیان بەرامبەر بە کوردەکان ڕادەگەیاند. پیاوەکانی کۆمپانیای نەوتیش(I،P،C)ڕۆڵێکی خراپیان گێڕا .هەربۆیە هەموو تاوانەکانی ئەو کارەساتەی

کەرکوك خرایە ملی حزبی شیوعی عێراقیو لە١٦ی تەممووزی ١٩٥٩عەبدولکەریم قاسم لەبەغدا لەکلێسای (مار یوسف)لەگوتەیەکدا هێرشی توندی کردە سەر حزبی شیوعیو داوای دەکرد کەبدرێنە دادگاو سزای ڕاستەقینەی خۆیان وەربگرنو ووتی (أراد الشیوعیون ان یسرقوا الثورة، ولَکِن الثورة لهم بالمرصاد)بە واتا ی (شیوعیەکان ویستیان شۆڕش بدزن بەڵام شۆڕش ئەوانی خستە ژێر چاودێری یەوە)ئەمەش دەرئەنجامی ئەوەی کە کۆمەڵێك دژایەتی کۆماریان دەکرد، دڵسۆزانی کۆماریش٧٠-٨٠کەسیان لێ گرتنو دوای کوشتنیان بەشەقامەکانی کەرکوکدا ڕایان کێشان،دوای ئەم کارەساتە لەبەغداوە لیژنەیەك لەئەفسەرە پلە بەرزەکان پێك هێنرا بۆ دەستگیرکردنی تاوانبارانو لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکە. هەر بەگەیشتنی لیژنەکە بۆ شاری کەرکوك (٤٠)ئەندامی گەورەی حزبی شیوعی یان گرت. لەهەندێك جێگای تردا بەتاوانی جۆراوجۆر ئەندامی تریان لێ دەستگیرکردن . پاشان عەبدولکەریم قاسم دادگایەکی پێك هێنا بەسەرۆکایەتی عەقید شەمسەدین بۆ دادگایی کردنی شیوعیو چەپڕەوەکان سزاکانیش سێدارەو هەندێکیشیان بەزیندانی درێژخایەن.وای لێهات گلۆڵەی شیوعی یەکان کەوتە لێژیو ئەستێرەی بەختی نەتەوەییو بەعسی یەکان بەرەو درەوشانەوە دەچوو. تا کارگەیشتە ئەوەی کە شیوعی یەکان نەیان دەتوانی لەزۆر شوێندا ناسنامەی شیوعی بوونی خۆیان دەرخەن . پاش کارەساتی کەرکوك بەماوەیەکی کورت یاسای پێك هێنانی حزبەکان ڕاگەیەنراو پارتی بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفاو حزبی ئیسلامیش بەسەرۆکایەتی (نعمان عبدالرزاق سامرائی)داوای فەرمیان پێشکەش کرد بە وەزارەتی ناوخۆو پارتی مۆڵەتی پێ دراو حزبی ئیسلامیش بێ وەڵام بوون لەداواکەیان ومۆڵەتی حزبی شیوعیش درا بە (داود

الصائغ)كه حكومەت پشتگیری دەكرد ئیتر وردە وردە نێوانی حكومەتی عێراقیو پارتی دیموكراتی كوردستان بەرەو بێ متمانەیی دەڕۆیشت لەو ماوەیەدا توركمانی كەركوك بەیارمەتی بەعسیەكان، كەوتنە كوشتنی ئەو كوردانەی كەسەر بەپارتی دیموكراتی كوردستان و حزبی شیوعی بوون، هەندێك جاریش كەسانی كوردی بێ تاوان دەبوونە ئامانج لەلایەن ئەو دەستەو تاقمە توركمانانەوە. لەو ڕۆژگارەدا زۆربەی كوردەكان یان ، لایەنگر، یان خۆیان بە شیوعی دەزانی ،تاوای لێ هاتبوو ئەگەر كوردێك بەبازاڕدا بڕۆشتایە یان بەشوێنێكی گشتی دا ئەوا لەلایەن توركمانەكانەوە تێزابیان پیا دەكرا یان تانەیان لێ دەدان. هەر لەو ڕۆژانە دابووكە لە ڕادیۆوە بلأوكرایە وە سزای لە سێدارەدان سە پێندرا بەسەرئە وگیراوە كوردانە ی ڕووداوەكە ی شاری كە ركوك ئەوانەش كە( شێخ مارفی بە رزنجی وشێخ حسێن بە رزنجی و جە بار محەمەد پیرۆزخان و مەلانووری عەبدوڵلا)بوون . دوای چەند ساڵێك فەرمانەكە جێ بەجێ كرا. لەشاری (موسڵ)یش بەهەمان شێوە كوردەكان لەمەترسی دابوون لەبەرئەوە زۆر لەكوردەكان ماڵو حاڵیان بەجێهێشتو ڕوویان لەشارەكانی هەولێرو سلێمانی كرد. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك لەشیوعیە عەرەبەكانیش بەرەو شارەكانی كوردستان هەڵهاتن. حكومەت كەوتە زوڵمو زۆرو هەوڵی دا دەست بگرێ بەسەر گشت ڕێكخراوە پیشەییەكاندا بەتایبەتی ڕێكخراوی مامۆستایان.بەڵام ڕێكخراوی مامۆستایان ملیان بەداوای حكومەت نەدا بۆیە(ئەحمەد صالح ئەلعەبدی)كەئەو كاتە حاكمی عەسكەری گشتی بوو ئەو ڕێكخراوەی داخست(١٣٧). عەبدولكەریم قاسم بەئاشكرا دژایەتی بۆ شیوعیو پارتەكانی تر دەربڕی. چونكە هەندێك جار لەڕاگەیاندنەكانەوە وتاری دەداو دەیووت( أنني أنا قمتُ بالثورة وبعض الأحزاب

يريدون ان يسرقوا ثورتي) بەواتای (ئەوە من هەستام بەشۆڕش بەڵام هەندێك لەپارتــەكان دەیانــەوێ شۆڕشــەكەم بـدزن).دەســتەو تــاقمی ڕەگــەز پەرسـتانەی عــەرەب بەتایبــەتی ئەفســەرە شــۆڤینیەكانی عــەرەب وەك(عەبدولســەلام عــارفو عەبــدولهادی ئــەلڕاوی)و چــەندانی تــر كەبوونــە هــۆی چـاندنی تــۆوی نـاكۆكی لــەنێوان ســەركردایەتی پــارتیو پێشەواعەبدولكەریم قاسم دا حكومــەت لــەو بــەڵێنو دۆسـتایەتی یــە پاشەكشــەی دەكـرد بەتایبــەتی چارەســەركردنی كێشــەی كـورد كــە ڕابردوویــەكی دوورودرێــژی هــەبوو.هــەروا بەهەڵپە سێوراوی مابۆەوە . داخستنی بارەگای حزبی شـیوعیو دروسـت كردنــی گومــان لەنێوان گشت پارتەكانداو گرتنی ئەندامانی پارتی یاخود ئەوكەسـانەی كەهاوسـۆز بــوون لەگەڵ كێشەی كورد لەژێر ڕۆشنایی بەندی (٣)ی دەسـتوری كـاتی كــەباس لەهاوخــەباتی كــوردو عــەرەبی لەعێراقــدا دەكــرد.جگــە لەوانــەش هــەر بەهاتنــە ســەركاری دەســەڵات عبدولكەریم قاسم رووبەڕووی كێشەی جوتیاران بووەوە.چونكە ڕژێمی پاشایەتی كـارێكی وای كردبوو كە جوتیارەكان نەتوانن بژێوی خێزان مسۆگەربكەن.بەهاتنی عەبدولكەریم وا چـاوەڕوان دەكـرا كــە چارەســەری یاســای چـاككردنی كشـتوكاڵ بكـاتو هــەموو چـاویان لەبڕیاری حكومەت بـوو.كەئەمــەش چــینێكی زۆر لەدانیشـتوانی عێراقــی بەخۆیــەوە گـرێ دەدا.ئــەوە بــۆ قاســم دژی كــورد بـاجی كشـتوكاڵی١٠٠٪ ی زیـادكرد. ئەمــەش هەسـتی ناڕەزایی جوتیارانو

خاوەن موڵكەكانی كوردستانی بزواند.قاسم پێشبینی دەكرد كەئەم بارودۆخە بــەقازانجی خــۆی بگێڕێتــەوە.پاشــان(فــەتاح شــاڵی)ئەنــدامی دادگــای گــەلی ، نــاردە كوردســتانو پڕوپاگەندەی بڵاودەكردەوە،كە ئەگــەر بچــینە بەغـداو پشـتگیری قاسـم بكــەن ئــەوا ئــەو

باجەیان لەسەر نـاهێڵن. لـەڕۆژی٧/ئۆکتۆبـەری ١٩٥٩دا لەشـەقامی ڕەشـید عەبدولکـەریم کەوتە بۆسەی کۆمەڵێك چەکدارو بریندار کرا. ئەم کارەش لەلایەن بەعسیەکانەوە ئـەنجام درا هەرچەند شوعیەکان کردیان بە خۆپیشاندان دژی هەر هەوڵێك بـۆ کوشـتنی جەنـەراڵ عبدالکـەریم قاسـم بـەڵام ئەمــەش سـوودی نـەبوو بـۆ شـوعیەکان. بـارودۆخی عێـراق شڵەژانێکی پێوە دیاربوو.لەلایەك هەوڵی کوشـتنی قاسـم و لەلایـەکی تـر دژایـەتی کردنـی بەعسـیەکان بەرامبـەر بـەکوردو حزبـی شـیوعی. دوژمنایـەتی قاسـم بـۆ گشـت حزبـەکان بــارودۆخی سیاســی ئاڵۆزانــدبوو هــیچ هاوڵاتیــەك دڵنیانــەبوو لەســەرو ســامانی خۆی.لەکوردستانەوە کۆمەڵێك لەدەرەبەگو مامۆسـتاو جوتیـارو بازرگـان دەچـنە بەغـدا کەلەنێوانیاندا مامۆستای ئاینیو ئافرەتانیشی تیابوو.بەمەبەستی سەردانی  عەبدولکەریم قاسم بۆ چارەسەری کێشەکانیان بەڵام لەو کاتەدا نوێنەرانی کاژیك لەبەغدا هەوڵ ئـەدەن کـە نوێنـەرەکان ئاگـاداربن لەمەبەسـتی حکومـەتو مـەرامی حکومـەت تـەنها فریودانـەو دەیانەوێ کەلێن دروست بکەن لەنێوان خەڵکی کوردستاندا. و پێیان ڕاگەیانـدن کـە هـیچ کاتێـك حکومـەت نەیویسـتووە چارەسـەری کێشـەی زەویو زارو کێشـەی نەتەوایـەتی کوردبکـات ئاگاداریـان کـردن کـە.مەبەسـتی حکومـەت ئەوەیـە ئێـوە دژی بـارزانیو شۆڕشەکەی بەکارتان بهێنێ لەلایەکی تـرەوە بـارزانی هـەر لەشـاری بەغدا بـەدزی یـەوە پەیوەنــدی کردبــوو بەبەشــێك لەنوێنــەرانی کــوردەوەو ئــەو پرســانە ی بــۆ ڕوون کردنەوە(١٣٨).قاسم بۆ سەرخستنی پیلانەکە لەشوباتی ١٩٦١دا کـۆنگرەی مامۆسـتایانی لەشەقلاوە قەدەغەکردو هەفتەنامەی (دەنگی کـورد)یشـی داخسـت تەنانـەت بەمەشـەوە نەوەسـتا ڕژێـم کەوتــە شـێواندنی وشــەی(کــورد)ئــەو نازنــاوەی دەگەڕانـدەوە بـۆ

(فارسـەکان)گوایـە لەسـەردەمی داگیرکردنـی ولآتانـدا لەلایـەن ئیسـلامەوە بـۆ شـەڕکەرە ئازاکان بەکارهاتووە.هەروەها فەرمانی گرتنی بۆ ئیبراهیم ئەحمەد. دەرکرد کەئـەو کاتـە سـکرتێری پـارتی بـوو. لەڕێکـەوتنی ١٩٦١/٣/٣بەتۆمـەتی کوشـتنی (سـدیق مـیران)ی سەرۆکی عەشیرەتی خۆشناو ڕۆژنامەی(خەبات)یش بەوتارێك بەرپەرچی ئـەو تۆمەتانـەی دایەوە.ئەمەش ڕژێمی توڕە کردو بڕیاری داخستنی ڕۆژنامـەی (خـەبات)ی دا کەمامۆسـتا ئیبراهیم ئەحمـەد سەرنووسـەری بـوو.دوا بـەدوای ئـەوەش ڕۆژنامـەی (کوردسـتان)یشـی داخست کـە مـام جـەلال سەرنوسـەری بـوو.هـەر لـەو سـەردەمەدا ڕۆژنامـەی(الثـورة) کـە زمانحـالّی حکومـەتی قاسـم بـوو لەوتارێکدا داوای تواندنـەوەی گـەلی کـوردی کـردو ئـەو وتارەش ناڕەیەزاییەکی زۆری لەناو گـەلی کـوردا نایـەوە. هـەر لەسـۆنگەی ئـەم نـاکۆکیو ململانێیــــەدا ڕۆژنامــــەی(خــــەبات)یــــش بــــۆ بەرپەرچــــدانەوەی ئــــەم وتــــارەو وەك ناڕەزاییەك،لـەڕۆژی ١٩ی تشـرینی یەکـەمی سـالّی ١٩٦٠دا وتـارێکی لـەژێر سـەردێری (نەتەوەی کوردو بەندی دووی دەستوری کـاتی عێـراق)کـە دەلّـێ( الأمـة الكرديـة والمـادة الثانيـة مـن الدسـتور العـراق المؤقـت) بلآوکـردەوە بـەپێی مـادەی(٢)ی ئـەم دەسـتورە کاتیە(عێراق بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب) مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد نوسـیبوی (عـەرەبی عێراق بە شێکە لەنەتەوەی عەرەبو کوردی عێراقیش بەشێکە لەنەتـەوەی کـورد)لەسـەر ئــەم وتــارەی ڕۆژنامــەی خــەبات. مامۆســتا ئیــبراهیم ئەحمــەد.درا بــەدادگای عــورفی لەکۆتایشــدا بەکەفالــەت ئــازادکرا پــاش ئــەو ڕووداوانــەش (خــەبات )لەدەرچــوون وەستێنرا.سەرکردایەتی ئەو کاتەی پارتیش هەولّو تەقەلایەکی بێوچانی دا تاسەر لەنوێ ڕۆژنامەکە بکەوێتەوە کار بەلآم ڕژێمی قاسم مەرجی ئەوەبوو کە دەبێت سەرنوسەرەکەی

بگۆڕن. پاشان كۆمیتەی سەركردایەتی پارتی(مام جەلال)ی وەك سەرنوسەری ڕۆژنامەكـە دەستنیشان كـرد.بـەڵام ڕژێمـی قاسـم بەمـەش ڕازی نـەبوو دواتـر پـارتی نـاوی (ئـەنوەر دزەیی)وەك سەرنووسـەری ڕۆژنامەكـە خسـتەڕوو ئـیتر (خـەبات) وەسـتێنرا تـا شۆڕشـی ئەیلول. یەكەم ژمارە(٤٦٥)بەنهێنی لەشاخ بەچاپ گەیشت. بەمـەش ڕۆژنامـەی( خـەبات) پێـی نایـە قۆنـاغێكی نـوێی، لەخـەباتی ڕۆژنامەگـەری سیاسـیو حزبیـەوە(١٣٩). تێكـڕای خەڵكی كوردستان لەم ڕەفتارانە ی عەبدولكەریمو داروەدەستەكەی ئاگاداربوون هۆكـاریش بـوو بـۆ خرۆشـانی جـەماوەرو پـەیتا پـەیتا سـەركردایەتی پـارتی خـەڵكیان هێـور دەكـردەوە(١٤٠). لـەو كاتـەدا وا ڕێكـەوت كـەبارزانی بەفـەرمی لەلایـەن حزبـی شـیوعی سـۆڤیەتییەوە داوەت كـرا لــە ١٩٥٩/١١/٦بەفڕۆكەیـەكی تایبـەتی سـۆڤیەتی چـووبۆ مۆسكۆ(١٤١).چاوی كەوت بەبەرپرسانی باڵای سۆڤیەت . كـەبارزانی گەڕایـەوە نـاوەڕۆكی كۆبوونەوەكانی بـاس نـەكرد، لەلایـەكی تـرەوە عەبدولكـەریم بـەپارەو بەچـەك هاوكـاری سەرۆك هۆزە كوردەكانی دەكرد دژی بـارزانی. لەبەغـداش خـانوو وئۆتومبیـلو مووچـەی حكومیان لەبارزانی بڕی. هێندە بارودۆخەكـە ئـاڵۆزا بـوو كـە چارەسـەری زەحمـەت بـوو هەربۆیە كاژێك دوو بەیاننامەی بڵاوكردەوە كە داوا دەكات خەباتی چەكداریو لەشێوە ی پارتیزانی دا دەست پێبكات. بـەڵام حزبـی شـیوعی لەگـەڵ ئـەو ڕایـەدا نـەبوو. تادەهـات كەلێنی نێوان كـوردو حكومـەتی عێراقـی فـراوان دەبـوو. تالـەڕۆژی ١١ی ئـەیلوولی سـاڵی ١٩٦١ تەقەو لێكدان لەنێوان كـوردو ڕژێمـی قاسـم دەسـتی پێكـرد.هەرچـەندە حكومـەت داوایـان لـەبارزانی كـرد ئـەو بزوتنەوەیـە ڕاگرێـت.بـەڵام بـارزانی ملـی نـەداو ڕازی نـەبوو بەتەسلیم بوون. ئیتر قاسم زۆر دڕندانـە بەفڕۆكـە گونـدەكانی ناوچـەكانی بـارزانی وێـران

کرد. هەندێك لە حزبە عێراقی یەکان هەڵوێستیان دژی کورد بوو لەوانە پارتی نیشتیمانی دیموکراتی کەبزوتنەوەی کوردی بەبزوتنەوەیەکی گوماناوی و دەستکردی ئیمپریالیزمیان لەقەڵەم ئەدا.(١٤٢)ئەمەش بەشێك بوو لەو جۆرە گفتوگۆیانەی سەردەم کەئەتوانین بڵێین کە هەرچی بەکوردو سەرکردایەتیەکەی کرا لەپێناوی بەرقەراری ئاشتی و مافی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان دا کردیان.بەڵام حکومەتی عێراق هیچ نیەتێکی لەدانوسان و گفتوگۆدانەبوو تەنها ڕازی بوونی ڕژێمی عێراق لەخۆبەدەستەوەدانەوە سەرچاوەی گرتبوو.ئەوەش نەیتوانی گەلی کورد لەداواکردنی مافە کانی خۆی پاشگەزکاتەوە.

کۆتایی –



**پەراوێزەکان:**


١–مێژووی کوردستان، ن.لازاریف، وەرگێڕانی وشیار عبدالله سەنگاوی لاپەڕە (٣٧٠)

٢–سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شکاك و بزوتنـەوەی نەتەوایـەتی کورد،محمـد رەسـوڵ هـاوار، چـاپی دووەم ،لاپەڕە ,٦٧٨

٣–کوردستانو کورد،د.کەمال مەزهەر لاپەڕە ٣١٨–٣١٩چاپی دووەم ،چاپخانەی گرین گلۆری لوبنان.

٤–گفتوگۆیەکی تایبەت لەگەڵ بەڕێز بەهزاد سمکۆ کراوە، ڕۆژی ٢٠١٣/٨/٦هەولێر.

٥–کوردستانو شۆڕشەکەی، د.جەمال نەبەز لاپەڕە ٨٨–٨٩ چاپی سێ هەم.

٦–جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان، د. عزیز شەمزینی لاپەڕە ٢٩٧چاپی چوارەم.

٧–کوردستانو شۆڕشەکەی، د.جەمال نەبەز لاپەڕە٩١ چاپی سێ هەم.

٨–کورد لەئەرشیفی ڕوسیاو سۆڤیەت دا، د. افراسیاو هەورامی لاپەڕە (٤٠٧–٤٠٨)چاپی یەکەم ,٢٠٠٦

٩–ڕێبەری مێژووی نوێ ی هاوچەرخ ،/م/جمال مجید فرج.

١٠–شۆڕشی کورد لەسەردەمی نوێ دا،م . س لازاریف ،م . حسرتیان . شاکرۆمحویان .ئۆلیگاجیگالینا و/ بۆ عەرەبی د.عبدی حاجی . و/ بۆکوردی بەهادین جەلال مستەفا لاپەڕە ٣٢٤–٣٢٥ چاپی یەکەم ٢٠١٣

١١–بارزانیو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، مسعود بارزانی ل,١٩١

١٢–مێژوی راپەڕینی کورد، علاالدین سەجادی لاپەڕە ١٩٤–١٩٥چاپی دووەم.

١٣–سـەرۆك کۆمـاری کوردسـتان لەبـەردەم دادگـای ئێـران دا، ئامـادەکردنی بـەدرەدین صالح،٢٠٠٠،لاپەڕە(٦–٧).

١٤–سەرۆك کۆماری ئێران لەبەردەم دادگای ئێران دا، لاپەڕە٤١–٤٢چاپی یەکەم ,٢٠٠١

١٥–ڕێبەری مێژووی هاوچەرخ، م/ جمال مجید فرج. لاپەڕە ,١٠٣

١٦–کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستەم دا، کریس کۆچێرا/ وەرگێڕانی حمە کەریم عارف ل٢٣٠–٢٣١,

١٧–محمود خانی دزڵی،شۆڕشگێڕی رۆژهەڵات ، عومەر مەعروف بەرزنجی. لاپەڕە١٦٨

١٨–کورد لەئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، لاپەڕە (١٧٢) وەرگێڕانی حمە کەریم عارف چاپی یەکەم ,٢٠١٠

١٩–مێژووی کوردستان، ن.لازاریف ، لاپەڕە ٤١٦وەرگێڕانی وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی .

٢٠-جولأنەوەی ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان، د.عەزیز شەمزینی وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەرد.لاپەڕە ٢٥٣-,٢٥٤

٢١-جەنگی ئازەربایجان ، نوسینی رابرت رسوله میدل ئیست جورنالْ.

٢٢- بزافی کۆمۆنستی لە ئێران دا، نوسینی جۆرج لنس زوفسکی ١/,١٩٤٧

٢٣-کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستەم دا، کریس کۆچێرا وەرگێڕانی حمه کەریم عارف.

٢٤-صفحة مجهولة من كِفاح الشعب الكردى ضد مَجلسين والايام الآخيرة لجمهورية كردستان مجلة هزارميرد ڤ مهاباد/بقلم حسن عبدالكريم، وەرگێڕانی بۆ کوردی دکتۆر هۆگر بەرزنجی.

٢٥ - دۆزی کورد، پڕۆفیسۆر دکتۆر جویس بلۆ وەرگێڕانی کارزان محمد ل٦٨-٦٩,

٢٦-کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستەم دا، کریس کۆچێرا حمه کەریم عارف.

٢٧-هەندێك دادوەری بەناوبانگ، جمال بابان ل,١٩٤

٢٨-کوردستانو بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، جەلال تاڵەبانی ل,٢٥٣

٢٩-ماددەکانی کۆنگرەی سێ هەمی حزبی دیموکراتی کوردستان لەئێران ستۆکهۆڵم١٩٧٤، لاپەڕە١٠

٣٠-هەمان سەرچاوەی پێشوو

٣١-بارزانیو بزوتنـەوەی رزگـاریخوازی کـورد، مسـعود بـارزانی بـەرگی یەکـەم ١٩٣١-١٩٥٨،ل ٢٣٥-٢٣٦,

٣٢-دۆزی کورد، پڕۆفیسۆر د.جویس بلو لاپەڕە ٧٢وەرگێڕانی کارزان محمد.

٣٣-کوردەکان ، حەسەن ئەرفەع لاپەڕە,١٦٣

٣٤-کوردستانو کورد، د.عبدالرحمان قاسملو ل٩٧ وەرگێڕانی عبدالله حسن زادە.

٣٥-دۆزی کورد، پڕۆفیسۆر د.جویس بلو ل٧٣ وەرگێڕانی کارزان محمد.

٣٦-مێژووی کوردستان، ن.لازاریف لا٤٠٤ وەرگێڕانی وشیار عبدوڵلا سەنگاوی .

٣٧-کوردستانو کورد، د.عبدالرحمان قاسملو .ل٩٦ وەرگێڕانی وشیار عەبدوڵلا سەنگاوی.

٣٨-ڕۆژنامەی تاشنات (ئاراتش)، ١/٢٧/,١٩٣١

٣٩-گۆڤاری القبس عەرەبی، رۆژی ٨/١٩/ ١٩٣٤لەکتێبی کوردو هەقی ڕامبو/ل,٣٤

٤٠-گۆڤاری پەیامنێری Temps، لەئەنکەرە ٨/١٨/,١٩٣٧

٤١-Dustur (1936)17،cilt (1947)28 Ankra

٤٢- Dersim . kurdestan. Tarhin de dersim.p

٤٣-هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ,٢٧٢

٤٤-نامەیەکی دەستنوسی سەید رەزا لەژێر ناوی (دەرسیم کوردستان بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیای ناردووە.١٩٣٧,/٧/٣١

٤٥- Dursim ,Kurdistan. Tarhind dersim,p

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی د.عەبدی حاجی وەرگێڕانی بۆ کوردی بەهادین جەلال مستەفا.

٤٦-مێژووی کوردستان ، ن.لازاریف وەرگێڕانی وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی لاپەڕە (٣٨٣).

٤٧-کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستەم دا، کریس کۆچێرا وەرگێڕانی حمە کەریم عارف لاپەڕە ,١٦٣

٤٨-دەرسیم لەمێژووی کوردستاندا، بەزمانی تورکی لەحەلەب ساڵی ١٩٥٢بڵاوکراوەتەوە لاپەڕە (٢٩٠).

٤٩-هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ,٢٩٩

٥٠-کۆمەڵکوژیەکەی دەرسیم، حسین یلدرم، وەرگێڕانی لەسویدیەوە کاوە ئەمین لاپەڕە ١٣-١٤,

٥١-ئەمە لەدەرسیم ڕوویدا، مونزور چەم، وەرگێڕانی لەتورکیەوە ئەحمەد محەمەد اسماعیل لاپەڕە,٢٦

٥٢-م.أ حەسرەتیان لاپەڕە (١٩٨)رابو ،لوسیان، کوردو هەق ،ل,٣٩

٥٣-کوردستانو کورد، د.قاسملو .لاپەڕە,٦٠

٥٤-(کورد) عارف ئیتش، لاپەڕە ٣-٤٧,

٥٥-گۆڤاری (ئۆرنێن) مودیرنۆ ٨ئابی ١٩٣٨، لاپەڕە ٤٢٣ .

٥٦-کێشەی کورد م.س. لازاریف، وەرگێڕانی ئەحمەد محمد اسماعیل لاپەڕە (٣٠٨) چاپی یەکەم.

٥٧-قەتڵو عامی کورد لەتورکیا، د.نەجاتی عەبدوڵڵا لەفەرەنسی یەوە وەریگێڕاوە لاپەڕە(٤٢-٤٣).

٥٨-کورد لەئینسکلۆپیدیای ئیسلام دا، وەرگێڕانی حمە کەریم عارف لاپەڕە ١٦٧-١٦٨,

٥٩-کێشەی کورد، م.س.لازاریف، وەرگێڕانی ئەحمەد محەمەد اسماعیل لاپەڕە (٢٧٦).

٦٠-مێژووی راپەڕینی کورد، عەلادین سەجادی لاپەڕە ٧٨چاپی دووەم.

٦١-ڕێبەری نوێ ی هاوچەرخ ،م/ جمال مجید فرج .

٦٢-بارزانیو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، مسعود بارزانی لاپەڕە ,٣٨

٦٣–مێژووی کوردستان، ن.لازاریف، و/وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی لاپەڕە (٣٨١).

٦٤–هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦٥–شۆڕشەکانی کورد لەسەردەمی نوێ دا، جەلیلی جەلیل وەرگێڕانی بۆ عەرەبی د.عەبدی حاجی م/أ حەسرەتیان وەرگێڕانی بەهادین جەلال . شاکرۆ محۆیان ، ئۆلگاجیگالینا.، لاپەڕە ٢٨٩

٦٦–رۆژنامەی ئاراتش ، ١٩٣٢,/٧/٧

٦٧–جولانەوەی رزگاری نیشتیمانی کوردستان..... د.عەزیز شەمزینی وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەد لاپەڕە ٢٦٠–٢٦١,

٦٨–ڕۆژنامەی لومۆند، ١٩٥٨,/٧/١٥

٦٩–کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستەم دا، کریس کۆچێرا ، وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف لاپەڕە ١٧١,

٧٠–کوردستانو بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، جەلال تاڵەبانی لاپەڕە ٢٤٢,

٧١–مێژووی کوردستان ، ن.لازاریف، وەرگێڕانی وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی ،لاپەڕە (٣٩٨

٧٢–کێشەی کورد لەعێراق، شاکرۆ محۆیان لاپەڕە ٧٦,

٧٣– کوردوهەق، لوسیان رامبۆ لاپەڕە ٧٢، ٧٣,

٧٤–کێشەی کورد، م.س. لازاریف، وەرگێڕانی ئەحمەد محەمەد اسماعیل لاپەڕە (٣٩٠).

٧٥–کوردستانو شۆڕشەکەی ، د.جەمال نەبەز لاپەڕە (١١٥).

٧٦–تأريخ الوزارات العراقيه، عبدالرزاق الحسنى صيدا ,١٩٧٥

٧٧–کۆماری کورد،١٩٤٦رامبۆ لوسیان لاپەڕە (٥١–٥٢).

٧٨–کێشەی کورد، م.س.لازاریف، وەرگێڕانی ئەحمەد محەمەد اسماعیل لاپەڕە ٣٩١,

٧٩–مێژووی راپەڕینی کورد، عەلادین سەجادی لاپەڕە ١٢١,

٨٠–هەمان سەرچاوەی پێشوو

٨١–کۆبەرهەم لوسیان رامبۆ ، لاپەڕە,٨١

٨٢–کێشەی کورد، م.س .لازاریف، وەرگێڕانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لاپەڕە ٣٩١,

٨٣–دبلۆماتکاریك لەرۆژهەڵاتەوە س.هوربونزك، لاپەڕە ٢٣٨,

٨٤–جولانەوەی رزگاری نیشتیمانی کوردستان، د.عەزیز شەمزینی وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەد لاپەڕە (٢٧٠).

٨٥–هەمان سەرچاوەی پێشوو

٨٦–دۆزی کورد، پرۆفیسۆر د.جویس بلو، وەرگێڕانی کارزان محەمەد لاپەڕە(٨٤).

٨٧–کۆماری کورد ١٩٤٥، ئینگلتون ر.دبیلو ل٢٥–٢٦,

٨٨–کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستەم دا ، کریس کۆچێرا، وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف لاپەڕە ١٩٦,

٨٩–کۆ بەرهەمی ئەدەبی و سیاسی و فەلسەفیەکانی محەرەم محەمەد ئەمین، لاپەڕە ٢٣٠،چاپی یەکەم ٢٠٠٨,

٩٠–مێژووی کوردستان، ن.لازاریف، وەرگێڕانی وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی لاپەڕە ٤٢١–٤٢٢,

٩١–ڕووداوە دڵتەزێنەکەی بارزانی زوڵم لێکراو، مەعروف جیاوك لاپەڕە(٢٠٠).

٩٢–رۆژنامەی خەبات ئۆرگانی پ.د.ك ژمارە ٣١٥ بەغدا ١٨دیسەمبەر ١٩٦٠

٩٣–حول مشكلة الكردية من منشورات اللجنة المركزية للحزب الشيوعي العراقي بداية اوكتوبر ١٩٦٨ ص٣,

٩٤–کوردستانو شۆڕشەکەی، جەمال نەبەز لاپەڕە١١١,

٩٥–شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان محەمەد رەسوڵ هاوار بەرگی دووەم لاپەڕە ٧٩٠–٧٩١,

٩٦–هەمان سەرچاوەی پێشوو

٩٧–تأريخ الوزارات ، عبدالرزاق الحسنی ج٨ ص٥٩–٦١,

٩٨–کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستەم دا، و/حەمە کەریم عارف چاپی چوارەم هەولێر ٢٠٠٧،لاپەڕە(٢٤٨)

٩٩–هەمزەیی ..مام جەلال .لاپەڕە ٨–٩ وەرگیراوە لەسلێمانی لەنێوان سالأنی ١٩٤٥–١٩٥٨،توانا رەشید کەریم.

١٠٠–شێرکۆ فتح الله عمر،ص١١٥ ، حبیب محەمەد کەریم تأريخ الحزب ص٤٨,

١٠١–چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق مەعروف (ئەحەی دادی)، لە ٢٠٠٩/١٢/٣سلێمانی.

سلێمانی لەنێوان سالأنی ١٩٤٥–١٩٥٨توانا رەشید کەریم لاپەڕە (٩٥)

١٠٢–التيارات السياسيه، صلاح الخرسان، ص٥٧,

١٠٣–چاوپێکەوتن لەگەڵ بابا تاهیر شێخ جەلال، لەڕێکەوتی ٢٠١١/٢/١١سلێمانی

سلێمانی لەنێوان ساڵانی ١٩٤٥–١٩٥٨توانا رەشید کەریم لاپەڕە (٩٥)

١٠٤–صفحات من نضال الشعب الكردى تأريخ مؤتمرات الحزب، ص٥٦–٥٧.

عبد الفتاح على البوتانى م.س ص١٢٥

١٠٥–م.س.ص٢٦٨ عبدالستار طاهر شريف،

١٠٦– بیرەوەریە هەرگیز لەبیرنەکراوەکانی من، گەلاوێژ لاپەڕە (١٠٨–١٠٩).

١٠٧–هەمان سەرچاوەی پێشوو

١٠٨–بازنەی ململانێ‌و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی کورد.مەحمود مەلا عززەت چاپی یەکەم ١٩٩٨ لاپەڕە (٣٨).

١٠٩–هەمان سەرچاوەی پێشوو.لاپەڕە ٣٩

١١٠–ترد على أفكار تصفوية برجوازية.من منشورات الحزب الشيوعي العراقى ١٩٥٧.

ك.ك. جةمال نةبةز ،لا,١٢٥

١١١–کوردستان‌و بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردجەلال تاڵەبانی لاپەڕە ,١٥٤

١١٢–هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە١٥٥

١١٣–المسألة الكردية في العراق الى ١٩٦١ ، د.ماجد عبد الرضا بغدادص٧٢–٧٣

١١٤–مێژووی راپەڕینی کورد، عەلادین سەجادی لاپەڕە ٩٦–,٩٧

١١٥–نوربەخشی ، عومەر مەعروف بەرزنجی لاپەڕە١١–١٢ کۆنگرەی چوارەم ١٩٥٩,/١٠/٦

١١٦–کاکە مەم بۆتانی(کاکە مەم)یکی تر، لاپەڕە ١٠٦–١٠٧بەرگی یەکەم ساڵی ,٢٠٠٥

١١٧–کوردستان‌و شۆڕشەکەی، جەمال نەبەز لاپەڕە,١٢٦

١١٨–کوردستان‌و بزوتنەوەی نەتەوەی کورد، جەلال تاڵەبانی لاپەڕە ,٢٦٦

١١٩–بارزانی‌و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، مەسعود بارزانی لاپەڕە ٢٦ بەرگی دووەم.

١٢٠–کۆ بەرهەمی ئەدەبی‌و سیاسیەکانی محەرەم محەمەد ئەمین، لاپەڕە,٤٤٠

١٢١–بیرەوەریە هەرگیز لەبیرنەکراوەکانی من ، گەلاوێژ لاپەڕە ,١٦٣

١٢٢–هەمان سەرچاوەی پێشوو

١٢٣–شۆڕشی ١٤ی تەمووز. بەڵگەکانی بەریتانیا، د. ولید أعزمی و/مەسعود بارزانی.

١٢٤–دۆزی کورد، پرۆفیسۆر دجویس بلو، وەرگێرانی کارزان محەمەد لاپەڕە ,٨٦

١٢٥–كورد لەسەدەی نۆزدەو بیستەم د.، ا.كریس كۆچێرا، وەرگێڕانی حمە كەریم عارف لاپەڕە (٢٦٢).

١٢٦–كوردایەتی بیرو بزاڤە، كامیل ژیر لاپەڕە٢٢،ساڵی,٢٠٠٦

١٢٧–هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە,٢١

١٢٨–كاكە مەم بۆتانی (كاكەمە مێكی تر)، بیرەوەری لاپەڕە (١٥٨–١٥٩).

١٢٩–هەمان سەرچاوەی پێشوو

١٣٠–بیرەوەریەكانم لەنێوان بینینو بیستن دا ...مەلا نوری ئاغجەلەری لاپەڕە ١١٤ ئامادەكردنی سدیق ساڵح.

١٣١–كوردستانو شۆڕشەكەی، جەمال نەبەز لاپەڕە ١٣٢ئەرشیف.

١٣٢–بارزانیو بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد، مەسعود بارزانی لاپەڕە٩٧بەرگی دووەم ١٩٥٨–١٩٦١,

١٣٣–بیرەوەریەكانم لەنێوان بیستنو بینین دا، مەلا نوری ئاغجەلەری لاپەڕە(١١٥).

١٣٤–كوردستانو شۆڕشەكەی، جەمال نەبەز لاپەڕە,١٣٠

١٣٥–بارزانیو بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد، مەسعود بارزانی لاپەڕە(٩٩).

١٣٦–بیرەوەریەكانم لەنێوان بینینو بیستن دا ، مەلا نوری ئاغجەلەری لاپەڕە (١٢٣).

١٣٧.هەمان سەرچاوەی پێشوو،

١٣٨–كوردستانو شۆڕشەكەی، جەمال نەبەز لاپەڕە,١٣٥

١٣٩–ئیبراهیم ئەحمەد لەسێ بەڵگەنامەی مێژووی دا وەرگێڕانی لەعەرەبی یەوە جەمال عمر ئەرشیفو ساغكردنەوەی شازین هێرش. چاپی یەكەم ساڵی ,٢٠١٠

١٤٠–رۆژنامەی خەبات ئۆرگانی باڵی مەكتەبی سیاسی ژمارە ٤٨٢ مانگی ١١ی ١٩٦٧–جەمال نەبەز كوردستانو شۆڕشەكەی .

١٤١–هەمان سەرچاوە

١٤٢–زۆربەی رۆژنامەكانی عێراق رۆژی ١٩٦١/١١/٢٤.

## سەرچاوەکان


١–مێژووی کوردستان، ن.لازاریف و / وشیار عەبدوڵلا سەنگاوی

٢–سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شکاك و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد، محمد رەسوڵ هاوار، چاپی دووەم

٣–کوردستانو کورد، د.کەمال مەزهەر چاپی دووەم ،چاپخانەی گرین گلۆری لوبنان.

٤–گفتوگۆیەکی تایبەت لەگەڵ بەڕێز، بەهزاد سمکۆ کراوە ڕۆژی ٢٠١٣/٨/٦هەولێر.

٥–کوردستانو شۆڕشەکەی، د.جەمال نەبەز چاپی سێ هەم.

٦–جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان، د. عزیز شەمزینی چاپی چوارەم.

٧– کورد لەئەرشیفی ڕوسیاو سۆڤیەت دا ، د. افراسیاو هەورامی چاپی یەکەم ٢٠٠٦

٨– ڕێبەری مێژووی نوێ ی هاوچەرخ ، م/جمال مجید فرج.

٩– شۆڕشی کورد لەسەردەمی نوێ دا م س لازاریف ،م حسـرتیان شـاکرۆمحویان .ئۆلیگاجیگالینـا و/ بەهادین جەلال

١٠–بارزانیو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، مسعود بارزانی1931_1951

١١–مێژوی راپەڕینی کورد، علاالدین سەجادی چاپی دووەم.

١٢–سەرۆك کۆماری کوردستان لەبەردەم دادگای ئێران دا ئامادەکردنی، بەدرەدین صالح،٢٠٠٠،

١٣–ڕەمزی نافیع ڕۆڵەیەکی هەولێری فیداکاری سەربەخۆیی کـوردس.ز، ئـا/محەمـەد گـۆران . نـەریمان خۆشناو

١٤–کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستەم دا ، کریس کۆچێرا/ وەرگێڕانی حمە کەریم عارف

١٥–محمود خانی دزڵی،شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات، عومەر مەعروف بەرزنجی

١٦–کورد لەئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، وەرگێڕانی حمە کەریم عارف چاپی یەکەم ,٢٠١٠

١٧–جەنگی ئازەربایجان ، رابرت رسولە میدل ئیست جورناڵ.

١٨– بزافی کۆمۆنستی لە ئێران دا ، جۆرج لنس زوفسکی ١٩٤٧,/١

١٩–صفحة مجهولة من كِفاح الشعب الكردى ضد مَجلسين والايام الآخيرة لجمهورية كردستان مجلة هزارميرد فى مهاباد/بقلم حسن عبدالكريم، وەرگێڕانی بۆ کوردی دکتۆر هۆگر بەرزنجی.

٢٠–هەندێك دادوەری بەناوبانگ ، جمال بابان.

٢١–کوردستانو بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، جەلال تاڵەبانی.

٢٢–ماددەکانی کۆنگرەی سێ هەمی حزبی دیموکراتی کوردستان لەئێران ، ستۆکهۆڵم ,١٩٧٤

٢٣–بارزانیو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، مسعود بارزانی بەرگی یەکەم 1958_1961

٢٤–کوردەکان، حەسەن ئەرفەع.

٢٥–کوردستانو کورد د.عبدالرحمان قاسملو، وەرگێڕانی عبدالله حسن زادە.

٢٦–رۆژنامەی تاشنات (ئاراتش )، ی ٢٧ /١/,١٩٣١

٢٧–گۆڤاری القبس عەرەبی ، رۆژی ١٩/٨/ ١٩٣٤

٢٨–گۆڤاری پەیامنێر Temps ، ئەنکەرە ١٨/٨/,١٩٣٧

٢٩– سعيد قزاز ودورة في سياسة العراق، عبدلرحمن ادريس صالح البياتي

٣٠– خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقی، ڕێکخستنەوەی جەلال تەقی

٣١– یاداشتەکانم، عەبدوڵلا ئەحمەد ڕەسوڵ

٣٢–نامەیەکی دەستنوسی سەید رەزا لەژێر ناوی (دەرسیم کوردستان بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیای ناردووە.٣١/٧/,١٩٣٧

٣٣–دەرسیم لەمێژووی کوردستاندا ، بەزمانی تورکی لەحەلەب ساڵی ١٩٥٢بڵاوکراوەتەوە

٣٤–کۆمەڵکوژیەکەی دەرسیم، حسێن یلّدرم و / لەسویدیەوە کاوە ئەمین.

٣٥–ئەمە لەدەرسیم ڕوویدا، مونزر چەم و/ ئەحمەد محەمەد اسماعیل

٣٦–گۆڤاری (ئۆرنێن) مودیرنۆ، ٨ئابی ١٩٣٨،

٣٧–کێشەی کورد، م.س. لازاریف و/ ئەحمەد محمد اسماعیل .

٣٨–قەتڵو عامی کورد لەتورکیا، د.نەجاتی عەبدوڵلا لەفەڕەنسی یەوە وەریگێڕاوە

٣٩– چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی عێراق، چارلز تریب و/محەمەد حوسێن. عەبدولقادر کەڵهوڕ

٤٠–ڕۆژنامەی لومۆند. ١٥/٧/,١٩٥٨

٤١–دبلۆماتکاریك لەرۆژهەڵاتەوە، س.هوربونزك

٤٢– الوصی عبداللالة بن علی یبحث عن عرش، سليمان التكريتي

٤٣–ڕووداوە دڵتەزێنەکەی بارزانی زوڵم لێکراو، مەعروف جیاوك

٤٤–ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پ.د.ك ژمارە ٣١٥ بەغدا ١٨دیسەمبەر ,١٩٦٠

٤٥–حول مشكلة الكردية من منشورات اللجنة المركزية للحزب الشيوعي العراقى بداية ، اوكتوبر ١٩٦٨

٤٦–شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، محەمەد ڕەسوڵ هاوار بەرگی دووەم

٤٧–هەمزەیی، مام جەلال، سلێمانی لەنێوان ساڵانی ١٩٤٥–١٩٥٨،توانا ڕەشید کەریم.

٤٨–التيارات السياسية، صلاح الخرسان

٤٩_ سلێمانی لەنێوان ساڵانی ١٩٤٥–١٩٥٨، توانا ڕەشید کەریم

٥٠–صفحات من نضال الشعب الكردى تأريخ مؤتمرات الحزب عبد الفتاح على البوتانى م.س

٥١– بیرەوەریە هەرگیز لەبیرنەکراوەکانی من گەلاوێژ

٥٢–بازنەی ململانێو ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی کورد، مەحمود مەلا عززەت چاپی یەکەم ١٩٩٨

٥٣–ترد على أفكار تصفوية برجوازية، من منشورات الحزب الشيوعي العراقى ,١٩٥٧

٥٤–المسألة الكردية في العراق الى ١٩٦١، د.ماجد عبد الرضا بغداد

٥٥–نوربەخشی ، عومەر مەعروف بەرزنجی کۆنگرەی چوارەم ١٩٥٩,/١٠/٦

٥٦–کاکە مەم بۆتانی(کاکە مەم)یکی تر ، بەرگی یەکەم ساڵی ,٢٠٠٥

٥٧–کوردایەتی بیرو بزاڤە، کامیل ژیر ،ساڵی,٢٠٠٦

٥٨–بارزانیو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، مەسعود بارزانی بەرگی دووەم ١٩٥٨–,١٩٦١

٥٩–بیرەوەریەکانم لەنێوان بیستنو بینین دا ، مەلا نوری ئاغجەلەری.

٦٠–ئیبراهیم ئەحمەد لەسێ بەڵگەنامەی مێژوو و/ جەمال عمر ئەرشیفو ساغکردنەوەی شازین هێرش. ,٢٠١٠

٦١–ڕۆژنامەی خەبات ، ئۆرگانی باڵی مەکتەبی سیاسی ژمارە ٤٨٢ مانگی ١١ی ١٩٦٧–

٦٢– مێژووی نوێی عێراق،فیبی مار و/ حەمە ڕەشید حەمە غەریب/شێرکۆ ئەحمەد حەوێز

# ئەلبوومی وێنەکان



مۆرەکەی سمکۆ



تەرمی سمکۆ



تەرمی سمکۆ



سمکۆ لەگەڵ کۆمەڵێک لەچەکدارەکانیا



**سمكۆ و مارشەمعون و نە كەتینی نووسەری روسی**




**هەڵواسینی جەعفر ئاغای شكاك و هاوڕێكانی**



کوڕەکانی سمکۆ



کوڕەکانی سمکۆ



سمكۆ لەگەڵ كۆمەڵێك لەچەكدارەكانیا




جەعفر ئاغاو هەندێك لەگەورە پیاوانی شكاك



كوڕی سمكۆ



سەید ڕەزای دەرسیم



کۆمەڵکوژی کوردەکانی دەرسیم



سەید ڕەزا



کۆمەڵکوژی کوردەکانی دەرسیم



کۆمەڵکوژی کوردەکانی دەرسیم



کۆمەڵکوژی کوردەکانی دەرسیم



کۆمەڵکوژی کوردەکانی دەرسیم



شاری سلێمانی



شاری سلێمانی



شێخ مەحمود



شێخ مەحمود



شێخ مەحمود



بەغدا



قازی محەمەد



هێمن و قازی و هەژار



شێخ عەبدولسەلام لەگەڵ نوێنەری قەیسەر لە شاری تفلیسدا ١٩١٣



نوسەر ئەحمەد خواجە




ئیحسان نوری پاشا و خێزانا وی یەشار خانم



**تایەر خان و منداڵەکانی**



**تایەر خان**



بارزانی



إبراهيم_هنانو




ئیبراهیم ئەحمەد



حەمە ڕەشید خان بانەی



فازل ئەلمەهداوی
وێنەی خۆی
پێشکەش بە
گەلاوێژ کردووە
١٩٥٩/٥/٧



ڕەمزی نافیع و نورەدین زازا



گەلاوێژ لەگەڵ وەفدی ئافرەتانی کوردستان بۆلای عەبدولکەریم قاسم



مامۆستا برایم ئەحمەد ، مام جەلال، لەگەڵ پۆلێك لە هەڤاڵەکانیدا/ ۱۹٦۳



في حديقة منزل( حكمت سليمان) 14/ تموز/ 1956
الملك فيصل الثاني والأمير عبدالأله والسيد حكمت سليمان



مەلا مستەفا بارزانی، مامۆستا برایم ئەحمەد،
فرۆکەخانەی بەغدا، لەکاتی گەڕانەوەیان لە مۆسکۆ



بەکر سدقی گەشمردە شەیدای وشەی ئازادی
هەستە زیندووبەرەوە و هەڵبێنە چاوی شادی
وا کەرکوکی بریندار بەرگەگرتووی باری قورس
کە لە ناو گەلی کورددا ناوی دڵە یان قودس
ئەمڕۆ  بە هێزی بازووی نەوە ڕەسەنەکانی
کوردایەتی خۆی سەلماند بۆ دۆست و دوژمنانی
گەورەم ، ئاواتە خوازم لە کەرکوکی خۆرەتاو
پەیکەرت بۆ بتاشن ئەی تێکۆشەری گومناو!

(ئەحمەد حسێن)



**بەکر سدقی**



هاتنی بارزانی بۆ سلێمانی




شێخ ئەحمەد بارزانی  ومەلا مستەفا بارزانی



مام جەلال و ساڵح یوسفی



ئامادەکردنی خواردن بۆ پێشمەرگە



حەمزە عەبدوڵلاّ (خالّی گەلاوێژ)/ ١٩٦٢



نوری سەعید




مستەفا بارزانی جەمال عبدولناسر  نوری ئەحمەد
تەها میر حاج ئەحمەد




مام جەلال







**عەبدولکەریم قاسم**




عەبدولکەریم قاسم




جعفر عسکری



مەلیك غازی



ڕەمزی فەتاح



جەمال عەبدول ناسر



خێزانی ئیحسان نوری پاشا



مام جەلال و نەوشیروان مستەفا



گەلاوێژ خان و هیرۆی کچی





گەلاوێژ، وەفدی ئافرەتانی مەغریب، سینەم بەدرخان



تاکە کەسی یەکەم لە پێشەوە : عیزەت مەدفەعی .

ڕیزی پێشەوە ل.ڕ : ١- شێخ بابا عەلی شێخ مەحمودی حەفید . ٢- أمیر رەبیعە عەشیرەتی رەبیعە لەشاری کوت ، هەروەها خەزوری عەبدولئیلای خاڵی مەلیك فەیصەلی ٣- شێخ رەئوف شێخ مەحمودی حەفید. ٤- ؟ (برای ئەمیر رەبیعە).

ڕیزی پشتەوە ل.ڕ : ١- ؟ ٢- شێخ رەئوف شێخ صالح . ٣- ؟ کۆیلەی أمیر رەبیعە.

مێژوو : مانگی حوزەیرانی ١٩٤٥ .

شوێن : ماڵی شێخ رەئوفی شێخ صالح – سلێمانی .

بۆنە : سەردانی أمیر رەبیعە بۆ لای ناسیاوانی لە سلێمانی .



ڕاوەستاوان ل.ڕ : ١- ؟ پاسەوانی مەلا مستەفای بارزان . ٢- فەرهاد فوئاد عارف
٣- حەمە ئەمین فەرەج حافظ (ناسراو بە رەئیس حەمە ئەمین). ٤- شێخ حسێنی بۆسکێ
٥- مەلا مستەفای بارزان. ٦- فوئاد عارف (ئەفسەر — نێردراوی وەفدی عێراقی بۆلای مە
مستەفای بارزان). ٧- عەباس (هەباس) مەمەند ئاغا. ٨- ؟ (چەكداری هەباس مەمەند ئاغا ).
دانیشتووەكە : شۆفێری (فوئاد عارف).

لە وێنەكەدا كورسی و قۆری چاو قابلەمەیەك دەبینرێت كە ئامادە كراون بۆ بەكارهێنیان لەكا
هاتنی وەفدەكەدا . ئەو كاتانە مفاوەزات لەنێوان سەركردایەتی كورد و حكومەتی عێراقی
لەئارادا بوو .

مێژوو : ساڵی ١٩٦٣ .

شوێن: گوندی (دێرە)نزیك سەركەپكان بە دوری ١٢ كم لەباكوری ڕۆژئاوای شارۆچكەی ڕانیە .

بۆنە : چونی وەفدی مفاوەزاتی عێراقی بۆلای سەركردایەتی كورد .



چەند کەسایەتیەکی کورد و عەرەب .

ل.چ : ١- عەلی صەبری (نائیب رەئیس وزەرای میصر) . ٢- مام جەلال تالەبانی(*)
٣- جەمال عەبدولناصر (سەرۆك کۆماری میصر). ٤- فوئاد عارف(ئەفسەری سوپای عێراق و
ئەندامی وەفدی موفاوەزاتی نێوان شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراق). ٥- عەلی شافعی (ڕاوێژکاری
سەرۆك کۆماری میصر).

مێژوو : ساڵی ١٩٦٣ .

شوێن : بینای کۆشکی سەرۆکایەتی جەمال عەبدولناصر لە قاهیرە .

---

* مام جەلال تاڵەبانی: ساڵی ١٩٣٣ لە گوندی(کەلکان)ی پارێزگای هەولێر هاتۆتە دنیاوە . ساڵی ...
قۆناغی سانەوی لەشاری کەرکوك تەواو کردووە، بەدوای ئەوەدا دەبێتە خوێندکار لە کۆلێژی حقوقی بەغدا



كۆمەڵێك پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول لەكاتی مەشقی پیادە(مشاة)دا، كە وەك سیستمێكی سەربازی مەشقەكە دەكەن لەلایەن چەند كەسانێكی شارەزاوە وەك لەلای ڕاستی وێنەكە تاكە كەسێك دیارە كە مەشقەكەیان پێ دەكات و لەلای چەپی وێنەكەش كەسێكی تر دەوری نائیب عەریف دەبینێ لە مەشقەكەدا. تەنانەت بۆ ڕێ ڕۆیشتنەكانیان ڕیزە بەرد دانراوە وەك هێڵێكی جیاكەرەوە تا ڕۆیشتنەكەیانی تیا ئەنجام بدەن، لێرەدا پێشمەرگەكان جگە لە تفەنگ(بڕنەو)ەكەی دەستیان خۆشیان پڕ چەك كردووە كە ئەم خۆ پڕ چەك كردنە لە سیستمی مەشقی سەربازیدا نیە. زۆربەی چەكی ئەو كاتانە بڕنەو و غەدارە بووە ، دواتر پێشمەرگە لە شەڕەكاندا لەدژی سوپای عێراق كلاَنشینكۆفیان بەدەست خست .

مێژوو : ساڵی ١٩٦٣ .

شوێن : دەوروبەری حاجی ئۆمەران .

بابەت : مەشقی پیادەی پێشمەرگە .



ژمارەیەك وەزیری حكومەتی پاشایەتی لە عێراقدا .

ڕیزی یەکەم ل.ڕ : ۱- ماجد مستەفا.  ۲- الأمیر زید (مامی مەلیك حسێن كوڕی مـەلیك عەبدوڵڵای پاشای ئوردون).  ۳- نوری سەعید (سەرەك وەزیران)ی عێراق .

ڕیزی دووەم تەنها کەسی یەکەمی لای چەپ ناسراوەتەوە بەناوی : عەبدولوەهاب مەرجان .

ڕیزی سێیەم ل.ڕ : ۱- خەلیل كنە(وەزیری مەعاریفی بەغدا).  ۲- حسام الدین جمعە.

دوو کەسی ڕیزی چوارەم (دوا ڕیز) ل.ڕ : ۱- ئەحمەد موختار بابان.  ۲- ؟

مێژوو : ساڵی ۱۹۵۲ .

شوێن : بەردەم مەجلیسی وەزیران(مجلس الوزراء )- ساحة میدان — بەغدا .

بۆنـە : تەشكیل كردنـی وەزارەتـی نـوێ بـە سـەرۆكایەتی نـوری سـەعید كـەپێیان دەوت وەزارەتی سەعیدی.



لەڕاستەوە : ١ـ حیلمی عەلی شەریف (کادری سیاسی پ.د.ك) .
٢ـ شێخ نوری شێخ ڕەشیدی عەبابەیلێ (ئەفسەر)
٣ـ فەرەیدون عەلی ئەمین (نوێنەری حزبی شیوعی) .
لەپشتەوە ئاپۆرەی جەماوەر دیارەکە هاتوون بۆ دیتنی یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز *.

مێژوو: ١٩٥٩/٣/٢١

شوێن: تووی مەلیك - سلێمانی .

بۆنە: یادی ئاهەنگی جەژنی نەورۆز ، کەبۆ چەند ساڵێك دەچوو قەدەغە کرابوو ، لەلایەن کاربەدەستانی حوکمڕانی پاشایەتی لەعێراقدا لەبەر مەترسی خۆپیشاندانی جەماوەری کورد لەو ڕۆژەدا .

★ ئەم وێنەیە لە لاپەڕە (٢٨٠)ی کتێبی (وێنەکان لەخۆیان دەدوێن ، بەرگی ١-٢) ساڵی (٢٠٠٧) دا بڵاوکراوەتەوە، کە کەسی یەکەم و سێیەم نەناسرابوونەوە.

---

* جل و بەرگی ئەو سیانە لەو دەمەدا ئەوەی گەیاندووە کە کوردو سوپاو عەرەب تەواوکەری یەکترن لە پێکهاتەی حکومەتدا .



سەردانی وەفدێكی حكومەتی عێراق بۆ لای سەركردایەتی شۆڕشی كورد .
ڕیزی پێشەوە ل.ڕ : ١- فوئاد عارف (ئەفسەری سوپای عێراق و نوێنەری وەفدی نێوان سەركردایەتی شۆڕشی كورد و حكومەتی عێراق). ٢- صدام حسێن (جێگری سەرۆك كۆماری عێراق — سەرۆكی وەفدی مفاوەزاتی حكومەتی عێراقی) . ٣- حەردان تكریتی(ئەفسەری سوپا
٤- مەلا مستەفای بارزان (سەرۆكی پ.د.ك) . ٥- نوری شاوەیس (ئەندامی مەكتەبی سیاسی پ.د.ك) . ٦- صاڵح یوسفی(ئەندامی سەركردایەتی پ.د.ك - تەنها لایەكی دەركەوتووە) .
دوو كەسی ڕیزی دووە ل.ڕ : ١- مەسعود مەلا مستەفا بارزانی . ٢- عەلی عەبدوڵڵا (ئەندامی مەكتەبی سیاسی پ.د.ك) .
ڕیزی سێیەم ل.ڕ : كەسی یەكەم و دووەم و سێیەم زێرەڤانی مەلا مستەفای بارزانی .
٤- عەبدولخالق سامەرائی (ئەندامی سەركردایەتی حیزبی بەعس) . ٥- ؟ .
ڕیزی دوای دواوە ل.ڕ : ١- ؟ ٢- ئیسماعیل فوئاد عارف . ٣- ؟ (كەسێكی عەرەب [illegible]
٤- دارا تۆفیق(سەرنووسەری ڕۆژنامەی التآخي) . ٥- سەعدون غەیدان(وەزیری ناوخۆی حكومەتی عێراق — چاویلكە لەچاوەكە) . ٦- ؟ ٧- ئەفسەرێكی سوپای عێراق .

مێژوو : مانگی ئازاری ١٩٧٠ .
شوێن : حاجی ئۆمەران .
بۆنە : سەردانی صدام حسێن بۆ لای بارەگای مەلا مستەفای بارزانی بە بۆنەی ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بە چەند ڕۆژێك .



سەردانی وەفدێکی حکومەتی عێراق بۆ شاری سلێمانی .
یێشی پێشەوە : عەبدولرەحمان عارف (سەرەك کۆماری عێراق) .
ریزی پشتەوە ل.ڕ : ١- ؟ فەرمانبەرێکی بە رەگەز عەرەب . ٢- ئەحمەد کەمال قادر (وەزیری شؤون الشمال). ٣- بایز ئاغای دزەیی(موتەصەریفی سلێمانی) . ٤- ؟ ئەفسەرێکی پۆلیس .
ئەوانیتر پاسەوانی سەرۆك کۆماری عێراقن .

مێژوو : سالّی ١٩٦٧ .
شوێن: حەوشەی بینای موتەصەرفیەتی سلێمانی (لەئێستادا بینای سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانیە).
بۆنە : سەردانی عەبدولرەحمان عارف بۆ سلێمانی بە مەبەستی مفاوەزات لەگەلّ سەرکردایەتی کورد لە سەروبەندی شۆرشی ئەیلولدا .



ڕاوەستاوان ل.ڕ : ١- ؟ ٢- نوری مەلا حەکیم (ئەفسەر بە جلی مەدەنیەوە) .

دانیشتوان ل.ڕ : ١- شـێخ لـەتیف شـێخ مـەحمودی حەفیـد .   دووەم و سـێیەم دوو ئەفـسەرن نەناسـراونەتەوە ، منداڵەکـەی نێـوان ئـەو دوو ئەفـسەرە؛ کـاوە شـێخ لـەتیف شـێخ مـەحمود. ٤- مەلا مستەفای بارزان .

مێژوو : ساڵی ١٩٥٩ .

شوێن : نادی عەسکەری – سلێمانی .

بۆنە : سەردانی مەلا مستەفای بارزان بۆ سلێمانی  .



چەند گروپێك لە (المقاومة الشعبية) لە سلێمانی .

لەدوای کودەتاکەی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ ، بەچەند مانگێك سەرۆکی دەوڵەتی ئەو کاتەی عێر
(عەبدولکەریم قاسم) بەهاندانی حزبی سیوعی عێراق کە ئەو کاتانە لە دەسەڵاتەکەی سەرۆ
عێراق زۆر نزیك بوون بڕیارێکی دەرکرد کە موقاوەمە ئەلشەعبیە لە ژنان و پیاوان پێکبهێنرێ
بۆ بەرگری کردن لە دوژمنانی عێراق. بەوەی ئەو کاتە دراوسێکانی عێراق لەدژی ئەو کودەتای
بوون و وڵاتانی زلهێزی ڕۆژئاوا بەتایبەتی (بەریتانیاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا )ها
دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق و لایەنگرانی خۆیان لە ناوەوەی عێراق دەدا لەدژی ئەو دەوڵەتە نوێ
بوەستنەوەو بەهۆی ئەوەی لەو کاتەدا سەرانی حکومەتە نوێیەکەی عێراق لە یەکێتی سۆفیە
نزیك ببونەوە. ئەوەی ناسراوەتەوە تەنها کەسی یەکەمە لە ڕیزی پێشەوە لای ڕاست
١- پەری مستەفا خۆشناو(کچی شەهید مستەفا خۆشناو). کەسی پێشی پێشەوەو لای تەنیشت د
ئەفسەرن مەشقیان پێ دەکەن(*) .

مێژوو : ساڵی ١٩٥٩ .

شوێن : حامیەی سلێمانی .

بۆنە : مەشق پێکردنی مقاوەمە شەعبیەکان .

---

* تەها بامڕنی ، قائیدی مقاوەمەی شەعبی بوو لەعێراق ، لێپرسراوی ناوچەی شیمالی عێراقیش
بەرپرسێکی حزبی شیوعی بوو بەناوی (مەهدی حەمید)،بەرپرسی ناوچەی سلێمانی مقاوەمە شەعبی
ئەفسەرێکی خەڵکی شارەکە بوو کە پێیان دەوت( رەئیس لەتیف ).